بزووتنەوە و سەرهەڵدانی

# عەلەوییەکانی زاگرۆس

بەرگی دووەم

زنجیرەی لێکۆڵینەوەکانی یارسان

لە ژێر چاودێریی

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

ژمارە ١٠

بزووتنەوە و سەرهەڵدانی

# عەلەوییەکانی زاگرۆس

لە: هەمەدان، کرماشان، کوردستان، خووزستان و ئازەربایجان

**یا**

## مێژووی ڕاڤەییی ئالی حەق (یارسان)

**بەرگی دووەم**

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. محەمەد عەلی سوڵتانی
بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس – بەرگی دووەم
وەرگێڕانی: عەدنان بەرزنجی
بەیارمەتی: بێهزاد بەنەفشی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٨
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧١٦ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری. شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

# ئاماژە

بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس کە برێتی بوو لە ڕابردووی مێژوویی، جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی و بیرو باوەڕی یارانی ـ ئالی حەق ـ هەر لە کۆنەوە هەتا سەردەمی سەفەوی، لەلایەن مامۆستایان خوێنەران و ئۆگرانی ئەم بوارەوە پێشوازیی لێ کراو لە ڕێگایی نامە و بەتەلەفۆن دەستخۆشییان لە نووسەر کرد. سپاسی خوای مەزن دەکەم، کە توێژی لاوی یارانی ـ ئالی حەق ـ ، بە تایبەت خوێندکاران و پسپۆڕانی زانکۆ و توێژەکانی تینووی زانین و کتێبخوێن وێڕای دەربڕینی ڕێز و سپاسی خۆیان بەشێوەی جیاجیا پسپۆڕایەتی بەردەوام خوازیاری دووبارە بڵاوبوونەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون، و دەبێ شوکرانەبژێر بم کە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە بە رای زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایان و بیرمەندان و ناودارانی بواری لێکۆڵینەوە و بەتایبەت کەسایەتییەکانی ئەهلی حەق، گەردوتۆزی لەسەر ئاوێنەی کەڤنارای ئەم بزووتنەوە و سەرهەڵدانە لابردووە ئەگەر وەڵامی یەک بە یەکی نامەکانم نەداوەتەوە، داوای لێبووردن دەکەم تا بەڵکو وام بە باش زانی بە نووسینی ئەم بەرگە و چاپکردنی، ئەرکی سەرشانی خۆم بە جێ بێنم و، وڵامدەری ڕێز و سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە بم.

لەم بەرگەدا کە بەشی دووەمی بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆسە هەر لە سەرەتای سەردەمی سەفەوییە هەتا ئێستا، ڕەوتی گۆڕانکاریی و سەرهەڵدانەکانی عەلەوییە توندڕۆکان، لە سەرەتای سەردەمی سەفەوییە هەتا ئەم سەردەمە لە سەر بنەمای سەرچاوەکان و بەڵگە جێ باوەڕەکان خراوەتە بەر دەست و برێتییە لە: ئاستی چۆنیەتی پێوەندی مەعنەویی سەفەوییە و ئەهلی حەق (بنەماڵەی ئاتەش بەگی)، پێوەندی و لێکپچڕانی بنەماڵەکانی ـ ئالی حەق ـ لەگەڵ سەفەوییە، هەڵویستی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە بەرانبەر شۆڕشگێرانی (شاوەیس قولی و شا محەمەد بەگ و...) لە وڵاتە ئیسلامییەکانی میسر و

عەرەبستان و تورکیا و لە ژێر ناوی بانگەشە بۆ سەفەوییە و پڕوپاگەندەکردن بۆ تەشەییوعی عەلەوی، جووڵانەوەکانی لقە دابڕاوەکان لە ـ ئالی حەق ـ : وەکو نوقتەوەییەو... ، دەوری کاریگەری سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەویی بەرزنجی (بابا یادگار) لە بەڵگە مێژووییەکانی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی سەردەمی سەفەوی و پێگەی ئاینی ناوبراو لە شیعر و بەرهەمی ناودارانی سەر بەئاینزا جیاجیاکانی ئاینی ئیسلام، بەراوردکردنی بەڵگە مێژووییەکان لە ژیاننامەی پیاوانی مەزن و ڕاستکردنەوە و بەراوردکردنیان لەگەڵ سەرچاوە بەڵگەمەندەکان، تیشک خستنەسەر سەردەمی سەرهەڵدانی دوو بنەماڵەی سیاسی و ئاینیی ئەردەڵان و مەردۆخ لە ناوچەرگەی عەلەوییەکانی نەوەدونۆ پیرە و گۆران و ڕاستکردنەوەی چەواشەکارییەکانی مێژووی کوردستان، بە دەستخستنی سەرچاوەی جێ باوەڕ و بەڵگەمەند لە سەردەمی سەفەوی کە هەورامان وەکو بەشێک لە لوڕستان و سنووری ئەتابەکان دەهاتە ئەژمار و هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی جوگرافیایی لە پەرتووکەکانی سەرچاوە زارەکییەکانی ناودارانی یارسان کە لەبەرچی نیشتمان و سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری ناوداران و پیاوانی مەزنیان بە لوڕستان زانیوە؟ لێکدانەوە و تاوتوێکردنی ڕووداوی داگیرکردنی قەڵای پاڵنگان لە ناوەندە گرینکەکانی یارسان و پاشەکشێی یاران بۆ داوێنی چیای دالاهۆ، هەروەها تیشک لە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەهلی حەق لە سەردەمی ئەفشارییە و زەندییە، خستنەڕووی ڕاپۆرتێکی بەڵگەمەند سەبارەت بە سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێبەرانی ئەهلی حەق لە سەردەمی سەفەوییە هەتا ئەم سەردەمە لە ئێران، عێراق، تورکیا بەپێی ساڵی سەرهەڵدانەکان، بە پالاوتن و وێڕای لابردنی هەڵە و پەڵەی ناو دەقەکان لە درۆهەڵبەستن و تۆمەت و چەواشەکاری و تاوان، خراوەتە بەرچاو کە هیوادارم ببێتە جێگای ڕەزامەندیی ئێوەی بەڕێز، بەو هیوایە...

محەمەد عەلی سوڵتانی

تاران، بانەمەڕی ١٣٧٧ هەتاوی

له سەردەمی سەفەوییە هەتا ئێستا بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس لە چوار جووڵانەوەی هاوشانی یەکتردا دەکرێت تاوتوێ بکرێت:

١- جووڵانەوەی پارێزەر و ڕاگری سیستەمی سیاسی، مەزهەبیی سەردەمی سەفەوییە کە لە دژی هەر جۆرە گەڕانەوە و ئاماژەکرنێکی دەسەڵاتدارانی سەفەوی بوون بۆ بارودۆخی ئاینیی سەردەمی عەباسی و سەلجووقی و غەزنەوی و... دژایەتییان دەکرد و دژکردەوەیان نیشان دەدا، هەر وەکو: گۆرانەکان و شۆڕشگێڕانی سەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم و پاش ئەوەی کە لە قەڵای داوێنی شاخەکان و دوندەکانی زاگرۆس جێگیر بوون.

٢- جووڵانەوەی پێڕەوانی شامیوان، کە زۆرجار و هاوهەنگاو و شانبەشانی سەفەوییە دەجووڵان و لە ناو دڵی سەفەوییەوە بە پشتبەستن بە بزووتنەوەکانی ڕابردوو وەکو؛ نووربەخشی و موشەعشەعی کە بە ناوەندی ئاڵقەی بزووتنەوەکان واتە ئاینی پەردیوەری ـ ئالی حەق ـ پێوەندییان هەبوو و لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لەگەڵ سیستەمی ئاینی سەفەوییەکان هاودەنگ بوون و بە دوور لە دەسەڵاتخوازی و بە پاراستنی ڕێوڕەسمە مەعنەوییەکانی حەقیقەت لە هاوپەیمانییەکی چەند لایەنەدا بە ڕێزگرتن لە ڕێنوێنییەکانی مامۆستایانی پایەبەرزی ئاینی و بە پاراستنی کردەوە و وتەی خۆیان ئاڵقەیەکی پتەویان لە ئاینی ـ ئالی حەق ـ لە ڕێگای بزووتنەوەی عەلەوییەکان و لە پاڵ سەفەوییەکان بەدی هێنا، وەکو؛ بنەماڵەی شامیوانی و ئاتەشبەگی کە سنوورێکی جوگرافیای بەرینشوێنکەوتووی دەگرتەوە.

٣- جووڵانەوەی نوێی دەرکەوتنی دیدەدارانی ـ ئالی حەق ـ کە وردە وردە لە سەردەمی سەفەوییەوە دەستی پێ کرد و لە سەردەمی قاجاردا گەیشتە لووتکەی خۆی و دژکردەوەی کۆمەڵایەتی و هەندێ سەرهەڵدانیشی لە تورکیا و عێراق لە سەردەمی ڕووخانی قاجاریە و ئاڵوگۆڕەکانی پاش ئەو بە دواوە بوو.

هەر وەکو؛ بە دەسەڵات گەیشتنی تەیموور لە ئێرانی سەردەمی قاجاریە، سەرهەڵدانی سەیدڕەزای کوردی عەلەوی لە تورکیا، و دەسپێکردنی بزووتنەوەی حەقە لە عێراق بە ڕێبەرایەتیی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، کە گەڕانەوەیەک بوو بۆ بنەما و ئاڵوگۆڕێکی بناغەیی لە بیروباوەڕی نەقشبەندیە بۆ یاساکانی ئەهلی حەق.

٤- جووڵانەوە هاوتەریب و جیابووەوەکانی سەرچاوەگرتوو لە حورووفییە و بزووتنەوە هاوبەرەکانیان کە دانەرەکانیان هێڵێکی هزری وەرگیراو و تاکەکەسییان درێژە پێ داوە و لە ئاکامدا بوو بە هۆی لێکترازان و پارچە پارچە بوونەوەکان و هەندێ دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی ـ ئالی حەق ـ هەر وەکو؛ نوقتەوییان و نموونەکانی لەو چەشنە.

هاوکات لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی شا ئیسماعیلی سەفەوی (٩٠٧-٩٣٠ کۆچی) ڕێکخستنە سیاسی و ئاینییە شاراوەکانی عەلەوییەکانی زاگرۆس بەتەواوەتی ئاشکرا بوون و ڕێبەرانی سەفەوییە هەتا دڵنیابوون لە سەربەخۆییی ڕاستەقینە و پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیان، بەردەوام پشتیوانیی عەلەوییە توندڕۆکان بوون، بە شێوەیەک کە بە یارمەتیی ئەوان لە جیهانی ئیسلام؛ ڕۆم و میسر و هیند و... دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە و گەلاڵەداڕشتن بە مەبەستی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتانەی کە عەلەوی نەبوون و هەوڵی سەرکوتکردنی دوژمنە دێرینەکانی خۆیانیان دا کە ئاماژە بە یەکە یەکەیان دەکەین، سەفەوییەکان هەر کە گەیشتنە ئامانجەکەی خۆیان دەستیان کرد بەلاوازکردنی پێگە و دەسەڵاتی ڕێبەران و شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەکە؛ گیانفیداکانی ـ ئالی حەق ـ بەتایبەت (حەوتەوانە) جارێکی تر سەر لە نوێ چالاکییە نهێنییەکانی خۆیانی دەست پێ کردنەوە و شارەزوور و مووسڵ بوو بە ناوەندێکی تری خەبات و پاشماوەکانی بزووتنەوەی «موشەعشەعی»، «نوور بەخشی.» کە لەگەڵ بنەماڵەی شامیهمان «ئاتەش بەگی»، ـ ئالی حەق ـ، هاوپەیمانییەکی ئاینی و مەعنەوییان پێک هێنا و لە بە دەسەڵات گەیشتنی سەفەوییە، دەورێکی کاریگەریان هەبوو و بە تاجبەخش دەهاتنە ئەژمار و بە پێی بەڵگە مێژووییەکان، شا ئیسماعیلی سەفەوی (خەتایی) بە مورید و شوێنکەوتووی ئەم بنەماڵەیە دەهاتە ئەژمار، توانییان ڕۆڵێکی ئاشکرا بگێڕن.

له سـەرەتای ئەم بەندەدا چاوێک دەخـشـێـنـین بە سـەر پێگەی شـا ئیـسـمـاعـیلی یەکـەم (٩٠٧ـ٩٣٠ ک.هـ) لە ڕوانگەی عـەلەوییـەکـانی زاگـرۆسـەوە و چێـروکی بە دەسەڵات گەیشتنەکەی بەپێی ئەو لە سەرچاوە زارەکی و مێژوویی و ئاینییەکانی ـ ئالی حـەق ـ دەخـەینە بەرچاو هەروا کـە دەزانین ـ ئالی حەق ـ شـا ئیـسـمـاعـیل بە (دون)ی حەزرەتی سەید ئەحمەدی عەلەوی (بابا یادگار) دەزانن.

حاجی نێعمەتوڵای جەیحوون ئاوایی لە شانامەی حەقیقەتدا نووسیوویە:

چو آن یادگـاری بظلم شـدید
دویم باره از دست قـوم پلیـد

شـهید گشت، زان پس شـد لامکان
ورا کـرد سلطان دور جـهـان

کـه بودی سـمـاعیل شـد نام آن
نمودی مـسـخـر سراسـر جـهـان

چو بگذشت زان دور دیگر اسـاس
شـدی ظاهر از جـام شـاه عـباس

ز جـام سـمـاعـیل، عـبـاس شـاه
شـده ظاهـر اندر زمـانه بگاه

کـه بودند هـر دوز نسل صـفی
نشـسـتند بر تخت شـاهنشـهی

[شاهنامه حقیقت، ل٥٢٧]

## عەلەوییەکانی زاگرۆس، شا ئیسماعیل سەفەوی و یەزیدییەکان؟

کوردستان و ئازەربایجان و خووزستان و مێزۆپۆتامیا ناوەندی ئاینە سەرەتاییەکان و پارێزەری داو و نەریتە مێژووییەکانی ئێرانن. عەلەوییەکانی زاگرۆس، شا ئیسماعیلی سەفەوی و یەزیدییەکانی لە بەرانبەردا دەستیان کرد بە خەبات و ڕێبەرایەتیی پاشماوەکانی ئاینی مێهری کە لەگەڵ عەلەوییە تونڕۆکان ـ ئالی حەق ـ پاشماوەی خورەم دینەکان، دراوسێ بوون و بیروڕایان گۆڕیوەتەوەو لە ڕووی گۆڕینەوەیان هەبووە و کاریگەرییان لە لایەنەکانی هزری و فەلسەفی و... کەوتوونەتە بن کاریگەریی یەکتر هەروەها بوونی سنووری جوگرافیایی لە کاتی ژیانی نهێنی و ئاشکرادا بووەتە هۆی لێککەیشتن و هەندێ کاتیش دژایەتی و ناکۆکی لە بزووتنەوە سیاسی و ئاینییەکانی ئەوانی لێ کەوتووەتەوە، هاوکات لەگەڵ هاتنی سەید بابا عەلی هەمەدانی (٦٨٦ک. ه) بۆ کوردستان کە عەلەوییە تونڕۆکان ـ ئالی حەق ـ لەگەڵدا پەیمانیان بەست، یەزیدییەکان لە بەرانبەردا دەستیان کرد بە خەبات و ڕێبەرایەتیی پاشماوەکانی شێخ عودەی کوڕی موسافیری هەکاری (کۆچی دوایی ٥٥٧ ک. هـ) یان قەبووڵ کرد، چونکە هاوکات لەگەڵ هاتنی سەید بابا عەلی هەمەدانی بۆ کوردستان و پەیمان بەستن و پێشوازیکردنی عەلەوییە تونڕۆکان لە ناوبراو، یەزیدییەکانی بنەماڵەی شێخ ئیسحاقی سەفیەدینی کوردی سنجاریی ئەردەبێلی واتە باپیری سەفەوییەکان کە بە هاوپەیمانی عەلەوییەکان دەهاتنە ئەژمار، لە سەرەتای هاتنی شێخ عودەی کوڕی موسافیری هەکاری لە سنجار دەرکردبوو و ئەم دوو بەرووبوونە و مامەڵەکردنە بووەتە هۆی دژایەتی و دوژمنایەتی یەزیدییەکان و سەفەوییەکان و هەروا کە لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کردەوە لە کاتی هێرشی تەیموریش؛ شێخ عەلائەدین عەلی ئەوی بە مەبەستی سەرکوتکردنی یەزیدییەکان هان دا، و لە کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی شا ئیسماعیلی سەفەوی، یەزیدییەکان کە خاوەن پێشینەیەکی مێژووییان لە باری دوژمنایەتیکردن لەگەڵ بنەماڵەی ئەو و

هاوپەیمانەکانیان بەناوبانگبوون، دا وەکو یەکەم دەستەی دژی سەربەخۆیی و زاڵبوونی سەفەوییەکان ڕاپەڕین، و شێر سارمی کورد ڕێبەری یەزیدییە شۆڕشگێڕەکان بەرەنگاری سوپای قزڵباشی عەلەوی بووەوە، بەلام زۆری پێ نەچوو و بە هۆی خۆڕاگریی عەلەوییە توندڕۆکانەوە بەرگری و بەرپەرچدانەوەی یەزیدییەکان لە سەرەتاوە شکستی هێنا (٩١٣ ک ھ = ١٥٠٦ زاینی).

بابەتەکانی پێوەندیدار بە بیر و باوەڕ و بەراوردکردنیان ئەوان لە ناو یەزیدییەکان لەم توێژینەوەیەدا کە لە سەر ڕاستییە مێژووییەکان بناغەکەیمان دارشتووە، بۆ ماوە و دەرفەتێکی تر هەڵدەگرین و بۆ ڕوونتربوونەوەی زەینی خوێنەرەکان دەست دەکەین بە تاوتوێکردنی سەرچاوەی قسەکانمان و شیکردنەوەیان و ناساندنی کورتەیەکی بەسوود لەڕەوتی مێژوویی سیاسی و کۆمەلایەتیی یەزیدییەکان، تا خاڵی جیاوازیی ئەوان لەگەڵ ـ ئالی حەق ـ ڕوون بکرێتەوە.

خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی؛ لە توێژینەوە پڕ بایەخەکەی خۆیدا، سەبارەت بە یەزیدییەکان و شەیتانپەرستەکان دەنووسێ (یەزیدییەکان هیچ کاتێک هەوڵی ئەوەیان نەداوە، ئەم ڕاستییە کە پێگەی خواوەندییان بە شێخ عودەی داوە، بشارنەوە، لە ڕاستیدا ئەوان لە مەش زیاتر پێیان هەڵبڕیوەو و یەزید کوڕی موعاوییەیان بە خوا زانیوە و دەستیان کردووە بە پەرستنی، وا دیارە بۆ یەزید لەو سەردەمەدا کە بارودۆخی دەستەی عودەوی لە لایەن ئەلید بابا ئیز [ئەم شێوە دەربڕینە لاتینە ڕاست وەک خۆی لە لایەن وەرگێڕەوە هێنراوە و مەبەست سەید بابا عەلی هەمەدانییە] هەڕەشەی لێ دەکرا، پێگەی خواوەندی [بۆ یەزید] وەک سیمبۆلی بەرخۆدان بووە. ئەلید [عەلی] خەڵکی خوراسان بووە و هاوڕێ لەگەڵ دە هەزار دەروێش لە مەغۆلستان [؟!] هەلاتووە و پەنای بۆ سنجار و ناوچە کوێستانییەکانی تری عێراق بردبوو.

ئەودەم شێخ عودەی دژی هەڵبژاردنی یەزید بوو و لە ڕاستیدا بەخشینی پلەی خوداوەندی بە ناحەزترین کەسایەتیی سەرانسەری مێژووی ئیسلام، زۆر ئاکامی نالەباری بۆ یەزیدییەکان بە دواوە بوو، چونکە لە ئاکامی ئەم بڕیارەدا، دەستەی ناوبراو لە جیهانی ئیسلام وەدەرنران و ئەو تۆمەتانەی کە دواتر درایە پاڵ ئەوان،

بایەخێکی زۆرتری بە دەست هێنا کە لەوانە و بەتایبەت تۆمەتی شەیتانپەرستی بوو. [تاوتوێکردنێکی کورت سەبارەت بە مێژووی ئاینە کوردییەکان، تۆفیق وەهبی، وەرگێڕانی سەید جەماڵەدینی حسێنی، ل ٩٢]

(ئەلید بابا) کەسێک نییە بێجگە لە سەید بابا عەلیی هەمەدانی باپیری سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی بەرزنجی کە لە چیرۆکەکانی ـ ئالی حەق ـ بە (بابا عەلی دەروێش) ناوبانگی دەرکردووە، (بۆ زانیاریی زیاتر سەیری بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە بکەن)، دوور نییە، سەید باباعەلی بە پێی ئەو بەڵگە و سەرچاوانەی کەوتوونەتە بەردەست تۆفیق وەهبی کە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەتی، هاتووە و هەروەها ئەوەی کە لە بەرگی یەکەمی سەرهەڵدان و بزووتنەوە و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس (هەر ئەم کتێبە) هاتووە لە خوراسانەوە هاوڕێ لەگەڵ سەید محەمەد زاهید پیرخزری شاهۆیی بۆ ناوچەی زاگرۆس کۆچیان کردبێت و ناوبانگ دەرکردنی ئەو بە (هەمەدانی) پاش نیشتەجێ بوونیان لە شوێنی ناوبراو ڕووی داوە، هەر بەو شێوەیە کە ناوبانگی (پیرخزری شاهۆی)ی پاش کۆچکردنی پیرخزر لە سەر ناوبراو دانراوە.

سەبارەت بە هاتن لە وڵاتی مەغۆلیستان مەنگولیا وادیارە وەرگێڕ تووشی هەڵە بووبێ، دەبێ دەقی بابەتەکە (هاوڕێ لەگەڵ دە هەزار دەروێش لە ترسی مەغۆلەکان هەڵاتووە) ڕاست بێت، چونکە یەکەم؛ نەختێک ئاشنایی لەگەڵ بارودۆخی بیروباوەڕ و کۆمەڵگای مەغۆلستان، ئەوە ئاشکرا دەکات کە مەغۆلەکان موراد و دەروێش و بابا ئەلیدیان نەبووە. دووەم؛ مەغۆل لە دەست مەغۆلەوە هەڵنایێت، بێتە چیاکانی کوردستان، سێیەم؛ لە مەغۆڵستان هاوڕێ لەگەڵ دە هەزار دەروێش پەنابردنە بەر کوردستان ناچێتەوە سەریەک، چوارەم؛ بۆ مەغۆلی بیابانگەردی ناموسڵمان، یەزیدی و غەیری یەزیدی هاوسانە، بە ئەگەری زۆر ڕاستییەکەش هەر ئەوەیە کە لە سەرەتای باسەکەدا ڕوونمان کردەوە. بەشێوەیەک کە لە جێگایەکی تردا لە شرۆڤەکردنی چوار کات لە ئاینی یەزیدی کە لە سەربنەمای دەقی کتێبی (جێلو) یەکێک لە دوو کتێبی پیرۆزی یەزیدییەکانە؛ تۆفیق وەهبی نووسیویە؛ (مەبەست لە چوار کات کە لێرەدا بەکار هاتووە، هەمان چوار وەرزە؛ لە میترائیسم؛ ئەوان هەرکامەیان بە سێ نیشانە لە بورجەکان داڕێژابوون و لە ڕێگای هەمان نیشانە و سیمبۆلەوە دەپەرستران، وا دیارە، بناغەدانەری ئاینی یەزیدی پەرستنی سیمبۆلی

دوازده بورجـــەکــە بـە هۆی قــبـــووڵ نـەکــردنی مـــەکــتـــەبی دوازده ئـیــمـــامی «ئەسناعەشەری» و هەروەها مەکتەبی عەلەوی کە دوازده ئیمامین ڕەت کردبێتەوە و تەنیا ئەرکی پەرستنی بەرتەسک دەکردەوە بۆ چوار وەرز. سەرەڕای ئەوەی کە هەرکامەیان بە سێ شێوە دادەڕێژران) [تاوتوێکردنێکی کورتی مێژووی ئاینە کوردییەکان، تۆفیق وەهبی، وەرگێڕانی سەید جەماڵەدینی حوسەینی، ل ٦٥ـ٦٣].

چونکە ئەمەش بۆ خۆی یەکێکی تر، لە دژایەتییەکان و ناکۆکییە سەرەکییەکانی یەزیدییەکان لەگەڵ عەلەوییە میانەڕۆکاندا و هیچ شک و گومانێک لە دوژمنایەتیی نێوان ـ ئالی حەق ـ و یەزیدییەکان هەر لە سەرەتای جووڵانەوەکەوە و هەروەها، مەیل و سۆزی ئەو سەرنجدانی ئەوان بەرەو لای یەکەمین بانگەشەکەران (سەید بابا عەلی هەمەدانی ـ شێخ عودەی هەکاری) ناهێڵێتەوە.

لەو سۆنگەیەوە کە لەم ڕاڤینەدا، بنەمامان لەسەر ڕاستیی مێژوویی و ئەندێشە و توێژینەوە و نووسین بەشێوەی بێ لایانە داناوە؛ سەبارەت بە شەیتانپەرستی و چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان یەزیدییەکان لەگەڵ ئومەوییەکاندا دەبێ بزانرێ کە؛ لە سەدەی شەشەم بەم لاوە وشەی (یەزیدی) لە کتێبەکاندا دەبینرێت و پێش لەوە بەوان داسنی، بەڵام پێشتر پێیان گوتراوە شەیتان پەرست و کافر کە ئێستاش زۆربەی کوردە موسڵمانەکان بە «داسنی» ناویان دەبەن.

زەرتوشتییەکان بەو کەسانەی هێزە سروشتییەکانیان دەپەرست دەوت دئیوە یەسنا (دیوبەندە)؛ و لە کتێبی زەند ئاڤێستادا وشەی ناوبراو بوونی هەیە کە بەرابەرە لەگەڵ وشەی دێوە لە زمانی ئێرانی و وشەی شەیدا لە ئارامی و سامی و واتای شەیدا دات لە زەند ئەڤێستا بەخولقێنراوی ئەهریمەن یان خولقێنراوی شەیداکان واتا دەبەخشێت و چونکە لە ئەڤێستا وشەی شەیدا لەگەڵ «ان» کۆ کراوەتەوە بە تێپەڕینی کات بە ناو خەڵکدا ناوێک وەکو «شەیدا بەندگان» یان «شەیدا پەرستان» پەیدا بووە بەمانای پەرستنی هێزە سروشتییەکان و لە ئاکامدا شەیدابەندگان بە شەیتانپەرستەکان ناوبانگیان دەرکردووە. مەزدیسنەکان، بە پێی پەروەردەی زەرتوشت لە ڕۆحە گڵاوەکان نەدەترسان و بەرەنگاریان دەبوونەوەو و باوەڕی پتەویان بە سەرکەوتنی خۆیان هەبوو، بەڵام (شەیدا پەرستەکان)یان وەک ئێستاکە پێیان دەوترێ. (شەیتان پەرستەکان) دوو هێزی ئاکار چاک و

بەدكاريان دەپەرستی و چونكە لە هێزە بەدكارەكان دەترسان، لە جیاتی ئەوەی كە لەگەڵیان بەشەڕ بێن، قوربانییان پێشكێش دەكردن و ئەم كارەشیان بە سێ مەبەست دەكرد:

١– خۆيان لە بەدكاری و كردەوەی خراپی ئەوان دەپاراست.

٢– لە بەرانبەر دوژمندا پشتیان پێ دەبەستن.

٣– ئازايانە پەلاماری خەڵكيان دەدا، چونكە لە هێزە سروشتییەكان پێڕەوييان دەكرد و لە كاری خۆيان سوودمەند دەبوون و بەم جۆرە هێزی ئەوان بەردەوام دەبوو.

ئەوان لە هەمان كاتدا خوايەكی مەزنتر و ئاكار چاكتر بوون كە هەر چاكە كاريشيان دەپەرست «دياوسی باوك» كە ئێستا «داسنييەكان»، «يەزيديیەكان» دەپەرستن و بە ناوی «مەلەك تاوس» يان باوكی تاوس = عەب تاوس ناويان دەبەن. ڕەنگە وشەی يەزيدی: لە يەزد يان يەزدان لە وشەی «يەز» كە چاوگێكی ئەڤێستاييیە و بە واتای پەرستن و ستايشكردنە و لە زمانی سانسكريتی گۆڕاوە بۆ بە شێوەی يەچ = يەژ yaj و لەوەوە وشەی yazataی ئاڤێستايی پێناسەيی بە دياركەوتووە كە هەمان خولقێنەر يان خوای شايانی پەرستنە، لە زمانی پەهلەويی ناوی «يەزتە» يەكەمجار بووتە يەزەت yazat وپاشان «تاء»كەی بووتە «دال» و فۆرمی يەزەد yazadی وەرگرتووە. و كۆيەكەی دەبێتە يەزدان yazadan (يەزتان) و پاشتر لە سەردەمی ئيسلاميدا نەختێك تر كورت كراوەتەوە و بۆ يەزدان yazdan گۆڕدراوە و چونكە عەرەبەكان واتای يەزدانيان نەدەزانی، ئەويان بە يەزيد ناو دەبرد، بەم جۆرە داسنييەكانيان بە شوێنكەوتووی يەزيدی كوڕی موعاويە زانيوە و ناوبانگی (يەزيدی)يان داوەتە پاڵيان [مێژووی سۆفيگەری لە كوردستان، لاپەڕەی ٢].

گەرچی سەبارەت بە هۆی ناونانی يەزيدی بە سەرنجدان بەوەی كە تێپەڕی ڕاست بابەتەكە خرايە ڕوو؛ بەڵام سەبارەت بە پێوەند لەگەڵ يەزيد كوڕی موعاويە (٦٠ـ ٦٤ ك.م) خودی يەزيديیەكان لە سەر ئەو باوەڕەن كە يەزيد دامەزرێنەر و ئافرێنەری ئەو ئاينە نييە بەڵكو ئەو ياسا و شەريعەتی يەزيديیەكانی بەهێز كردەوە و پەرەی پێ داوە و بەڵكو دامەزرێنەرە سەرەكييەكەی شاهێد كوڕی جەڕاح (؟!)

کوڕی تاقانەی ئادەم (؟!) بووە، یەزید کوڕی موعاویە دەستی لە ئاینی ئیسلام بەردا و ڕووی لە ئاینی یەزیدی کرد، لەم ڕووەوە یەزید بە نۆمادی دووەمین مەلەک لە مەلەکەکانی حەوتەوانەی خۆیان دادەنا و یەزید لە سەر بنەمای یاسای بەدیارکەوتنی ڕۆح لە «شێخ عودەی کوڕی موسافیر» شێخی مەزنی هۆزیش بە دیار کەوتووە [تاوتوێکردنێکی کورتی مێژووی ئاینە کوردییەکان؛ لاپەڕەی ٦ـ٥]

لە کتێبی (ملل و نحل)ی شەهرەستانی [سەیری، بەرگی یەکەم بکەن، ل ١٧٤] سەبارەت بە یەزیدییەکانی پێوەندیدار بە یەزید کوڕی ئەبی ئەنیسەدا ئاماژە بە هەندێ بابەت لەم بارەیەوە کراوە. کە پێوەندیدارە بە یەزیدییەکانی شام و پێوەندییەکی لەگەڵ مەبەستی ئێمەوە نییە ئەوەی کە زۆرتر پەرەی بەم پێوەندیدار بوونە داوە و پروپاگەندی بۆ ئەم ڕاستییە کردووە و دەکات ئەوەیە کە لە هەشت پلە مەزهەبییەکەی یەزیدییەکاندا کە بریتییە لە: ئەمیر، بابا شێخ، شێخ، پیر، فەقیر، قەواڵی بچووک، مورید، پلە و پێگەی شێخ هیی سێ بنەماڵەی ئادانیە، شەمسانیە و قابانییەیە، کە بە زانایانی یەزیدی دێنە ئەژمار و باوەڕیان وایە کە ئەم سێ بنەماڵەیە لە نەوەی یەزید کوڕی موعاویەن و بۆ پاراستنی بارودۆخی خۆیان و ئاکامەکانی، دەستیان داوەتە ئەم تێکەڵکردنی سەرەکی و ناسەرەکییە.

ناوداران و گۆڕە پیرۆزەکانی یەزیدییەکان، بە پێچەوانەی ناوداران و گۆڕە پیرۆزەکانی ـ ئالی حەق ـ کە لە کەسانی نەیار پارێزراون و بەردەوام جێگای ڕێزی دەستە جۆربەجۆرەکان بوون بەشێوەیەک کە بۆ نموونە لە باسی سەید ئەحمەدی عەلەوی لە بەڵگەکان و ئاسەوارەکان و شیعرەکان ئاماژە بەم باوەڕ و ڕێزگرتنە دەکەین، گومبەز و بارەگا پیرۆزەکانی یەزیدییەکان تووشی زۆر و بێڕێزی بوون لەوانە؛ شێخ حەسەن پێشەوای یەزیدییەکان لە مووسڵ ڕێکەوتی ٦٤٤ی ک. م، لە لایەن نەیارانەوە خنکێندرا و لە ٦٥٢ی ک. م فەرمانڕەوای بەکرێگیراوی مووسڵ، پێشەوای یەزیدییەکانی لەدار دا و سەد کەسی لێ لە ناو بردن و دواتر گۆڕی شێخ عودەی موسافیری هەڵدایەوە و ئێسقانەکانی ئاگر تێ بەردا، لە سەدەی نۆیەم و لە ساڵی ٨١٧ی کۆچی مانگی بە هاندانی جەلالەدین محەمەد کوڕی عیزەدین یووسفی حەلوانی کە لە زانا پایەبەرزەکانی شافیعیی ئێران بوو، فەرمانڕەوای جزیرەی ئیبنی عومەر و ئەو کوردانەی کە یەزیدی نەبوون دەستیان دایە کوشتن و تالانکردنی یەزیدییەکان، لە سەرەتاکانی سەدەی دوازدەم و لە ساڵی ١١٢٧ی

کۆچی مانگی، هێزەکانی مەلیک موزەفەر بە پشتگیریی مەلا حەیدەرەی کورد هێرشیان کردە سەر یەزیدییەکان، ژن و منداڵی ئەوانیان بە دیل گرت و دەستیان کردە تاڵانکردنی سەروەت و سامانەکەیان، ژنەکانیان بە دیلی فرۆشت و خزمەتکاران و کچەکانیان ئەوانیان بۆ خۆیان دانا. لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەم و لە ساڵی ١٢٤٧ کۆچی مانگی (= ١٨٣١ی زاینی محەمەد پاشا ناسراو بە میری کۆرەی ڕەواندز، هێرشی کردە سەر مەڵبەندی یەزیدییەکان و پتر لە سێ لە سەر چواری ئەوانی لەناو برد و لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەم لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی مانگی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناچارکردنی یەزیدییەکان بە خزمەتی سەربازی فەرمانی دا بە عومەر وەهبی سەرکوتیان بکات و بیانهێنێتە ژێر فەرمانی خۆی، ناوبراو بەشێک لە یەزیدییەکانی شێخانی ناچار کرد تا ئاینی ئیسلام قەبووڵ بکەن و کورەکەی عاسم بەگ دەستووری کوشتن و تاڵانکردنی یەزیدییەکانی وەرگرت، ناوبراو پەیکەرە پیرۆزەکانی یەزیدییەکانی دزی و گومبەزی گۆڕی پێشەواکانی یەزیدییەکانی ڕووخان و لە بارەگای شێخ عودەی دەستی دایە هەندێ کردەوەی ناحەز و نامرۆڤانە کە شیاوی گێڕانەوە نین، سەرلەنوێ لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچی مانگی بە هۆی سەرپێچیکردن لە ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی، دەسەڵاتی پادشایی عێراق، یەزیدییەکانی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ مەسیحییەکان و چالاکی بە پێوەندیی لەگەڵ فەرانسەوییەکانی دانیشتووی سووریا تاوانبار کرد و دەستی دایە سەرکوتکردنی ئەوان و لە ئاکامدا دەیان کەسیان لێ کوژران و هەندێکیشیان زیندانی کران و دوور خرانەوە و چەند کەسێکیش بە لەداردان سزا دران.

دواین پێشەوای یەزیدییەکان تەحسین بەگ بوو، کە پاش کۆچی دوایی باوکی لە کۆتاییەکانی مانگی تەمووزی ١٩٤٤ی زاینی گەیشتە پلەی دەسەڵات. ناوبراو مەلا مستەفا بارزانی، و لە ساڵی ١٩٧٥ی زاینی کە شۆڕشی بارزانییەکان شکستی هێنا، لەگەڵ ناوبراودا ئێران پەنای برد و بۆ ماوەیەک لە شاری مەهاباد ژیانی بردە سەر و پاشان چوو بۆ ئەورووپا.

ناوەندی نیشتەجێبوونی یەزیدییەکان لە شارەکانی شێخان، دهۆک و سنجار لە پارێزگای مووسڵ واتە؛ نەینەوا لە وڵاتی عێراقی ئێستا هەڵکەوتووە، دانیشتوانی یەزیدی کوردستانی تورکیا بە هۆی دەستدرێژی و زەبر و زەنگی دەوڵەتی

ناوەندییەوە ژمارەیان کەمی کردووە، بەڵام لە کوردستانی سووریا بە هۆی ژمارەی زۆری لایەنگرانی ئومەوییەوە بەکەڵکوەرگرتن لە پێوەندی بنەماڵەییان لەگەڵ ئومەوییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە یەزیدییەکان ژیان دەبەنە سەر، لە ناوچە کوردنشینەکانی رووسیاشدا یەزیدییەکان دەژین و لەگەڵ عەلەوییە بانگخواز (مبلغ) کە زۆربەیان برێتین لە عەلەوییە توندرۆکانی ئەهلی حەق پێوەندییەکی باشیان نییە، و لە چەند بەشێکی تریش لە رووسیادا دەژین و لە قەفقاز و تفلیس پرژو بڵاون، جەکسۆن لە سەفەرێکدا کە لە ساڵی ١٩٠٣ زاینی بۆ ئاسیای ناوەراستی کرد، ژمارەی داسنییەکان (یەزیدییەکان)ی لە رووسیا بە دوازدە هەزار کەس نووسیوە. [شەرەفنامە/ تاریخ عراق الحدیث/ یەزیدییەکان و شەیتان پەرستەکان/ ئاینی مێژوویی کوردەکان/ سەفەرنامەی ئیبراهیم بەگ/ سەفەرنامەی ڤێلیامز جەکسۆن]، [تاریخ تصوف در کردستان، محەمەد رەئوف تەوەکولی، لاپەرەکانی ٢٠ـ١١].

بەم جۆرە دوو ئاینی میهری و خورەم دین کە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە کولتوور و ئاینی کۆنی باپیرانی خۆیان، یەکێکیان کەوتە بن کاریگەریی کولتووری ئاریستوکراتی و گەرانەوە بۆ سەردەمی نەزانیی ناودارانی ئومەوی جێگایان گرت و خۆبەستنەوە بەوانی کردە ئامانجی خۆی تا بەڵکو رابردووی خۆی بژێنێتەوە، سەرەرای ئەوە کە کارێکی بە رواڵەتی بوو، لە لایەن دەسەڵاتی زۆردارەوە چەواشە کرا و زۆر ئەشکەنجە و ئازاریشی دی، بەڵام لە ناوەخۆی وڵاتە موسڵمانەکانی تورک و عەرەبدا پێگە سەرەکییەکانی داو و نەریتی خۆی پاراست و نەفەوتا مایەوە، ئەگەرچی بەزۆر تۆمەتی جۆربەجۆرەوە کە باسیان کرا، بە تاوانبار زانراو و بە هۆی توندبوونی دەمارگرژییەوە دانی بەوانەدا نا.

لە بەرانبەر، عەلەوییە توندرۆکان ـ ئالی حەق ـ کە وەکو خاڵی بەرانبەری یەزیدییەکان دەهاتنە ئەژمار و کەوتنە بەر تۆمەتی پروپاگەندە بۆ ناودارانی عەلەوی و ئاشکرابوونی زاتەکان. ئەگەرچی بەدرێژاییی مێژووی چەندان هەزار ساڵەی خۆیان، پێش و پاش ئیسلام بەتایبەت لە سەرانسەری بەدیارکەوتنی موبارەکشای عەلەوی (شاخوەشین)دا بۆ ساتێکیش ئارامیان نەگرت، بەڵام بە سەرانسەری وڵاتە ئیسلامیەکاندا کە نموونەیەکیان باس دەکەین دەهێنینەوە؛ بە پاراستنی کولتووری ئێرانی وەکو بانگخوازانی ماندوو نەناس و (گیان فیدای)

عەلەوییەکان دەهاتنە ئەژمار و لە پاراستنی نهێنییەکاندا وەها ڕۆڵێکیان گێڕا کە هەموو ئاینەکان و مەزهەبەکان ڕێزێکی ئێجگار زۆریان بۆ ناوداران و کەسایەتییە پیرۆزەکانی ئەوان دادەنا و چەندان سەدەیە ژیانێکی پڕ لە ئاشتی. بۆ زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە هەڵسوکەوتی شا ئیسماعیل لەگەڵ سەرهەڵدانی یەزیدییەکان سەیری [عالم آرای صفوی ص ١٢٦/ تاريخ كامل ايران، عەبدوڵلا ڕازی، بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ٤١٣/ ئاین و مەزهەب لە سەردەمی سەفەوی، دوکتۆر مریەم یار ئەحمەدی، لاپەڕەی ٨٤].

لە تاوتوێکردنی ڕووداوەکانی سەرەوە بۆ توێژینەران ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە:

١- بەپێچەوانەی ئەوەی کە باس دەکرێ نە یەزیدییەکان و نە عەلەوییە توندڕۆکانی ـ ئالی حەق ـ شەیتانپەرست نەبوون و نین، و چیرۆکی «دیاوسی باوک» = مەلیک تاوس = ئەب تاوس = عەب تاوس و دئیوە یەسنا (دێو بەند) و شەیدادات= شەیدا بەندگان= شەیدا پەرستان (باوەڕداران بەهێزە سروشتییەکان) کە لە ناو خەڵکی ئاساییدا بەرەبەرە سوادە و لە سۆنگەی دەمار گرژییەوە، وردەوردە بەناوی لایەنگیرانی مەلیک تاوس و شەیتان پەرست لە ناو خەڵکدا ناوبانگییان دەرکردووە، ئەمەش بنەمایەکی زانستی و هزریی نییە و جگە لە تۆمەتێک هیچ شتێکی تر نییە، بەڵام لایەنێکی تری ڕێزگرتن لە شەیتان لە ناو پایەبەرزانی عیرفانیشدا ڕیشەیەکی لەمێژینەی هەیە هەروەک ئیبن ئەبی ئەلحەدیدی موعتەزیلی لە دەقی نەهجولبەلاغە؛ ئەبولفەتح ئەحمەد کوڕی محەمەدی غەزاڵی برای حوجەتولئیسلام ئیمام محەمەدی غەزاڵیی تووسی (د.خ) کە ئەحمەدی غەزاڵی مامۆستای عەینەلقوزاتی هەمەدانی بوو، ڕۆژێک لە بەغدا لە سەر مەنبەر وتی: ئەگەر کەسێک تەنیایی خوا لە شەیتانەوە فێر نەبێت، زەندیقە، چونکە ئەو ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرا کە سوجدە بۆ غەیری خوای مەزن ببات، بەڵام قبووڵی نەکرد [وتەی ئیبنی ئەبی ئەلحەدید، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٣٥] و ئەوەش کە (بەگتەر) بە پایەبەرزانی یارسان لە شەتەحاتی خۆیدا خۆی بە شەیتان دەزانی باسێکی تر و بە هەرچۆنێک بێ ڕێزگرتن و پەرستن دوو بابەتی جیاوازن و لە سەر بنەمای دەمارگرژی و دەستێوەردان لە هیچ باسێک شێوازی کەسانی لێکۆڵەر نییە.

٢- بەدەر لە قسەی ناو خەڵکی ئاسایی، ـ ئالی حەق ـ لەگەڵ یەزیدییەکان هیچ پێوەندییەکیان نییە و نەشیان بووە بەڵکو دوو ئاینی جیاواز و جودان و لە شێوەی بیر و باوەڕدا دژی یەکترن. بەداخەوە ئەم ناوبانگە هەڵەیە لە سەردەمی ئەفشارییەوە کەوتووەتە ناو نووسینە مێژووییەکانی ئێمە و مێژوونووسانی سەردەمی نادری لە هەر شوێنێکدا کە ناوی عەلەوییە توندەڕەوەکان= ئەهلی حەق کراوە، لەوان وەکو یەزیدی ناوی بردوە کە دروست نییە و هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەوان نییە، (محەمەد کازم مەروی، عالەم ئارای نادری، لاپەڕەی ٢٥٢ـ٢٥٥) [محەمەد عەلی سوڵتانی، ایلات طوایف و تایفەکانی کرماشانهان، بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٨٩٠ بە دواوە].

٣- ئومەوییەکان کولتووری دواکەوتووانە و ئاریستوکراتیکی خۆیان لە چوارچێوەی بیروباوەڕی یەزیدییەکاندا پاراست و مێهرپەرست ئیزەدییەکانیش بە پشتگیریی ئومەوییە یەزیدییەکان داو و نەریت و ئاینی کۆنی خۆیانی پاراست.

٤- سەرەڕای دوژمنایەتی و دژایەتی قووڵی یەزیدییەکان لەگەڵ عەلەوییە توندڕۆکان بەتایبەت بنەماڵەی سەفەوی. یەزیدییەکان لە ژێر کاریگەریی هاندانی ئومەوییەکانی شام و وڵاتەکانی میسر و دەسەڵاتدارانی عوسمانی دژی عەلەوییەکان چالاکییان دەنواند.

## سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی ـ ئەهلی هەق ـ لە وڵاتی میسر

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی یەزیدییەکان بە ڕێبەرایەتی و فەرماندەیی شێرسارم کورد دژی حکوومەتی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی شا ئیسماعیلی سەفەوی (٩٠٧ـ٩٣٠ ک.م) کە لە ساڵی (٩١٣ی ک.م) دەستی پێ کرد و سەرکوت کرا، لە هەمان ساڵدا عەلەوییە توندڕۆکان کە لە ناوچە شاخاوییەکانی وڵاتی میسردا دەژیان، بە لایەنگری لە بزووتنەوە و سەربەخۆیی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە دژی وڵاتەکانی میسر، دەستیان دایە سەرهەڵدان و خەباتی چەکداری و بەپشتبەستن بە سەفەوییەکان بزووتنەوەکەیان دەست پێ کرد، سەرهەڵدانەکە بە کوژرانی ڕێبەرەکانی بە تاوانی زەندەقە و ناتەواو بوونی قورئان (؟!!) کۆتاییی هات.

[سەیری مێژووی ئەبی تۆڵۆن، لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی ڕیچارد هارتمان، بەرلین ١٩٣٦، لاپەڕەی ٦١] (تەشەییوع و تەسەوف، لاپەڕەی ٣٨٧] بەڵام ئەم سەرکوتکردنە بوو بە ئاگری ژێر خۆڵەمێش و شا ئیسماعیل هەتا دوا ساتەکانی ژیانی خۆی بۆ پەرەپێدانی ئاینی عەلەوی لە وڵاتە ئیسلامییەکان ماندوونەناسانە هەوڵی دا و عەلەوییە توندڕۆکان کە لە وڵاتە ئیسلامییەکان ژیانێکی نیوە ئاشکرا و ڕێکخستنی شاراوەیان هەبوو، گیانفیدا و بەڕێوەبەرانی لە خۆ بوردووی ئەم بزووتنەوەیە بوون، دوا جار لە ساڵی ٩٣٠ کۆچی مانگیدا (ساڵی مردنی شائیسماعیل) ـ شۆڕشێکی تر لە میسر سەری هەڵدا کە ڕێبەرەکەی ئەحمەد پاشا لە غوڵامانی سوڵتان سەلیم بوو، ناوبراو وەکو لایەنگری شا ئیسماعیل ناوبانگی دەرکرد و بە پڕوپاگەندە بۆ مەزهەبی [عەلەوی] دوازدە ئیمامی دەناسرا. [الکواکب السائرە، ١٥٩/١]. لە ئاکامدا بزووتنەوەی ناوبراو لە کۆتایی هەمان ساڵدا (٩٣٠ کۆچی هەتاوی) بە کوژرانی ئەحمەد پاشا فەرماندەری شۆڕشگێڕەکان (لە فەرماندەکانی عوسمانی کە بە پێی داو و نەریتی ئەوکات لە ناو غوڵامە زەرخەریدەکان (= مەمالیک)دا هەڵبژێردرابوو، کۆتاییی هات. [تشیع و تصوف، ص ٣٨٧] سەرەڕای هەموو دەمارگرژی و بیرتەسکبوونی فاتیمییەکان لە

وڵاتی میسر، عەلەوییە توندڕۆکان= (ئەهلی حەق) بە پێڕەوەکانی ئاتەشبەگی کە بە وتەی مینۆرسکی لە جوولانەوەیەک بە مەبەستی پڕوپاگەندەکردن لە میسرەوە چوونە عەرەبستان و پاشان بۆ ئێران گەڕاونەتەوە، دوور لە ڕاستییە کە پێکهێنەرانی ئەم بزووتنەوانە بوبێتن، بەشێوەیەک کە لە مەسەلەی عەلەوییەکان لە سنوورەکانی دەسەڵاتی عوسمانی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو و سەرهەڵدانی شاقولی (شاوەیس قولی) لە ئانادۆڵ و دیاربەکر بە یارمەتیی پێشەنگەکانی ئەم بنەماڵەیە بوو، ئەگەرچی سەرچاوە زارەکییەکانی ئەهلی حەق لەمەڕ شاوەیس قولی هەر پشت بەو سەرچاوانە دەبەست، بەڵام بە لە بەرچاو گرتنی چەواشەکارییە قووڵەکان لە پێوەندی لەگەڵ مێژووی پیاوانی ـ ئالی حەق ـ و هەڵە بەردەوامەکان هەتا سەردەمی ئێستا لە درێژەی ئەم باسانە دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەی کەسایەتی و پێوەندیی نێوان «شاوەیس قولی» لەگەڵ زنجیرە دەسەڵاتی سەفەوییەکان بە پێی سەرچاوەگەلی شوێنکەوتووانی.

## شا ئیسماعیلی سەفەوی و موشەعشەعییەکانی خووزستان

لە بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕۆکان لە ناوەخۆی وڵات کە بوو بەهۆی ترسی زۆری شا ئیسماعیلی سەفەوی، موشەعشەعییەکانی خووزستان بوون کە هەر لەم ڕێگایەدا واتە لە کاتی چوون بۆ بەغدا و سەرکوتکردنی یەزیدییەکان و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی میسر (٩١٤ – ٩١٣ کۆچی مانگی) شا ئیسماعیل ویستی سنووری دەسەڵاتی موشەعشەعییەکان داگیر بکات، ئەگەر چی بیروڕای جیاوازی مێژوونووسان سەبارەت بە هۆکاری هێرشی شا ئیسماعیل بۆ سەر سنووری دەسەڵاتی موشەعشەعییەکان لە زمانی ئەحمەدی کەسرەوی دێنینەوە، بەڵام هاوکاتبوونی سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی میسر گومانێکی وا دروست دەکات کە سەرەڕای نووسراوە جۆربەجۆرەکان سەبارەت بە هەوڵی شا ئیسماعیل لە بەرانبەر موشەعشەعییەکاندا، نابێت خاڵی هاونەتەوەیی لە نێوان وڵاتەکانی میسر لەگەڵ موشەعشەعییەکان لە بەرچاو نەگرین کە بە هەموو پێوەندییە ئاینی و هزری و بیروباوەڕی موشەعشەعییەکان لەگەڵ سەفەوییەکان، ئەو خاڵە هاوبەشە نەتەوەییە دەیتوانی ببێتە بیانوویەک بۆ پێوەندی گرتنی قازانج خوازانەی وڵاتەکانی میسر و موشەعشەعییەکان و بابەتێکی تر ئەوە کە، ڕێبەرانی موشەعشەعی بەپێچەوانەی عەلەوییە توندڕەوکانی تر، ویلایەتەکەی خۆیان کردە میرنشین، هەرئەمەش بوو بە جێگای شک و گومانی شا ئیسماعیل، چونکە سەرەڕای لێکۆڵینەوەکانی کەسرەوی کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین، شا ئیسماعیلی سەفەوی بانگەشە بۆ بیروڕای ئاینی و توندڕەویدا کەوتبووە ژێرکاریگەریی موشەعشەعییەکانی ـ ئالی حەق ـ کە هەڤاڵەکانی هەتا ئاستی پەرستن زێدەڕۆییان دەکرد [النواقص، لاپەڕەی ٩٨] و سوجدەیان بۆ دەبرد؛ تەنانەت باسی ئەوەیان کردووە؛ کە شێخ عەلی عەبدولعال کەرەکی ناسراو بە (محقق ثانی) (کۆچی دوایی ٩٤٠ی کۆچی مانگی) سەبارەت بە هاوڕێیەتی لەگەڵ توندڕۆکانی پێڕەوانی شا ئیسماعیل، نامیلکەیەکی نووسی لە ڕەوابوونی

سوجدەبردن بۆ مرۆڤ. لەوانە بیروباوەڕی هاوبەشی موشەعشەعییەکان لەگەڵ شا ئیسماعیل و ئەوەی کە خوێنی کەسانی غەیری شیعەی بەحەڵاڵ دەزانی [تەشەییوع و تەسەوف، لاپەڕەی ٣٩٠] ئەمە لەلایەکەوە و بەڵام ئەحمەدی کەسرەوی لە ڕوانگەی مێژوونووسانی سەردەمی سەفەوییەوە بەم شێوەیە هێرشی شا ئیسماعیلی بۆ سەر موشەعشەعییەکان تاوتوێ کردووە و سەرەڕای تێڕوانینێکی کورت لە سەر دەسپێکردنی بزووتنەوەکە ئاوای باس کردووە؛ (بەدوای سەید محەمەدی موشەعشەعدا نۆرەی فەرمانڕەوایی گەیشتە سەید موحسینی کوڕی کە بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی سەید محەمەد و مەولا عەلی بۆ ماوەی چل و چەند ساڵ بە ئاسوودەیی فەرمانڕەوایی کرد.

لەم سەردەمەدا لە ئێران و عێراق هەندێ سەرهەڵدان هاتبوونە ئاراوە. جەهانشا لەگەڵ کوڕەکەی خۆی پیر بوداغ، کێشە و ناکۆکیی هەبوو و لە ئاکامدا لە ساڵی ٨٦٩ ک. جەهانشا لەشکرێکی بردە سەر بوداغ، لە بەغدا و بۆ ماوەی ساڵێک گەمارۆی ئەو شارەی دا و چونکە باسی وتووێژی ئاشتی کرا، پیر بوداغ دەروازەکانی شاری بەڕووی لەشکرەکانی دەرەوەی شار کردەوە، جەهانشا کە زۆر بە دەستی کوڕەکەی خۆیەوە تووڕە بوو، کوڕێکی تری خۆی بە ناوی محەمەدی بۆ ناو شار نارد و پیربوداغ بە دەستی ئەو لە ناوبرا (ساڵی ٨٧٠ ک.م) پاشان لە (ساڵی ٨٧٢ ک.م) جەهانشا بەدەستی حەسەن بەگی بایندەری (ئاق قۆیوونلوو) لەناوبرا و زنجیرەی فەرمانڕەوایی ئێران کەوتە دەست بایندرییەکان. سەردەمی ئەویش یەکسەر کێشە و ناکۆکی و لەشکرکێشان بوو کە لە ماوەی سی و شەش ساڵدا نۆ پادشا یەک لە دوای یەک هاتن و چوون و هەمیشە کوورەی شەڕ و پێکدادان گەرم بوو. بەکورتی ئەم شۆڕشانە یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ ئەوەی سەید موحسینی موشەعشەع بتوانێ بۆ، چل و چەند ساڵ بە ئاسوودەیی دەسەڵاتدار بێ. چونکە دوژمنێکی بەهێز نەبوو کە هەڕەشە لە دەسەڵاتەکەی بکا بۆیە هێز و مەزنایەتیی موشەعشەعییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادتر دەبوو. لە سەردەمی ناوبراودا سەرانسەری دوڕگەکان و خووزستان و بەسرە و ئەو ناوچانە تا دەرەوەی بەغدا و بێهبەهان و کوهگیلوویە و بەندەرەکانی و بەختیاری و لورستان و پشتکۆ و هەروەها بە پێی نووسینی سەید عەلی، ناوچەکانی کرماشانیش بەشێک بوون لە سنووری موشەعشەعییەکان. بە دوای سەید

موحسیندا کوڕەی سەید عەلی بوو بە جێنشینی قازی نوورولّلا و کەسانی تر ناوی ئەویان لەگەڵ ناوی براکەی ئەیووب پێکەوە هێناوە بەڵام ناکرێ دوو کەس لە یەک جێگادا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووبێت، دەکرێ بوترێ؛ کە ئەیووب ڕەنگە وەزیر یان بەردەست و ڕاوێژکار بووبێ.

لەم سەردەمەدا شا ئیسماعیلی تازە بە دەسەڵات گەیشتبوو... یەکێک لە کارەکانی ناوبراو کوشتنی عەلی و ئەیووب و تێکدانی سەربەخۆیی موشەعشەعییەکانە. بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕووداوەکە زۆر بابەتی جیاواز نووسراوە. قازی نوورولّلا دەڵێت: هەندێک کەسی نەیار و دوژمن وایان لە شا ئیسماعیل گەیاندبوو کە عەلی و ئەیووب ڕێگای مامی خۆیانیان گرتووەتە بەر و چونکە ئەو بانگەشەی نابەجێ دەکات، ئەوە بوو کە لە کاتی هێرش بۆ بەغدا هاندانی میرحاجی محەمەد و شێخ محەمەدی ڕەعناشی کە مامۆستای کوڕەکانی سەید محەمەد بوون لەوێوە بە ئامانجی چوون بۆ حوەیزە کەوتە ڕێ. سەیدعەلی بە شیعەگەرێتی ناوبراو ئازایانە ڕۆیشت بۆ لای و ڕێزی خۆی دەربڕی، بەڵام چونکە باوەڕی بەو قسەی ناحەزانیان کردبوو متمانەی پێ نەکردن و فەرمانی کوشتنی دوو براکە و ڕێبەرانی تری موشەعشەعییەکانی دەرکرد.

نووسەری (تكملة الاخبار)یش هەمان واتا بەدەستەوە دەدات، سەید عەلی دەنووسێت: کاتێک شا ئیسماعیل لەشکری بۆ خووزستان بەڕێ کرد، عەلی و ئەیووب نامەیان بۆ نووسی کە ئێمە شیعەین و ئەوەی کە نەیاران سەبارەت بە ئێمە دەیڵێن، درۆی ڕووتە، شا ئیسماعیل ئەم قسەیەی لەوان وەرگرت و گەڕایەوە و خەڵاتی زۆری بۆیان نارد، بەڵام پاشان عەلی و ئەیووب لە شاری شووش کە سەید موحسین نۆژەنی کردبووەوە و بە دەوریدا دیواری کێشابوو، نیشتەجێ بوون، فەرمانڕەوای شووشتەر کە لە ئێرانییەکان بوو، ئەوانی لە ژێر ناوی هاتن بۆ میوانی و چوون بۆ ڕاو، بردە دەرەوە و بە دیلیانی گرت و فەرمانی کوشتنیانی دا.

هەروەها لە ژیاننامەی شووشتەردا دەڵێت، سەید عەلی و ئەیووب لە ژێر ناوی سەروەری و هاو ئاینی لە هێرش بۆ سەر بەغدا لایەنی شا ئیسماعیلیان گرت و ئەویش لە وەڵامدا ئەوانی کوشت. پاشان چونکە لەشکری کردە سەر هۆوەیزە، سەید فەیاز کوڕێکی تری سەید موحسین، بە ئامانجی شەڕکردن هاتە دەرەوە و

لەگەڵ هەموو سوپاکەیدا تێدا چوون.

بەڵام هـەمـوو ئەمـانە نـاڕاستن. ئەوەی کـە ڕاست و جـێی باوەڕە نووسـراوەی دانەری (حـبـیب الـسـیـر)ە کـە خـودی ئەو لە سـەردەمی شـا ئیـسـمـاعـیل ژیاوە و کـارەکـانـی ئەوی بە دوورودرێژی نووسـیـوە. بە وتەی ئەم نووسـەرە لە سـاڵی ٩١٤ کۆچی مـانگی شـا ئیسمـاعیل لەشکری بۆ عێراقی عـەرەب بردووە، بەغدای داگیـر کردووە، پاشان چونکە بیستبووی کە موشەعشەعییەکان و سەید فەیاز وەکو خودا دەیپەرستن، ڕووی لـە هۆوەیزە کرد کە ئەوان لـە ناو ببات، سەید فـەیاز لەم ڕووداوە ئاگادار دەبێت و دەست دەکات بە کۆکردنەوەی سـوپا و دوو لەشکرەکە لە دەرەوەی هۆوەیزە بەرەو ڕووی یەک دەبنەوە و شەڕێکی زۆر سەخت دێتە ئاراوە،

بە وتەی ئێسکەندەر بەگی تورکمان:

ز خـون مشـعـشـع در آن سـاده دشت
تو گـفـتـی زمین و زمـان لاله گـشت

ز بس خون در آن سرزمین کله بست
فلک تـا کـمـرگـاه در خـون نشـست

ز بس کـشـتـه بروی هـم اوفـتـاد
در آن بـادیه بسـتـه شـد راه بـاد

(میرخواند) دەڵێت: موشەعشەعییەکان ئازایەتیی لە ڕادەبەدەریان نواند، هەر لە کـاتی هـەڵاتنی خـۆر هـەتا ئـاوابوونی، ئـاگـری شـەڕ و پێکدادان هەڵایسـابوو، خـۆڕاگرییـان کـرد. بەڵام کـاتی ئاوابـوونی خـۆر لەشکرەکـانی شـا، هەمـوویان بە جـارێک هێرشـیـان کـردە سـەریان و لەو هێرشـە خـافڵگیرانـەیەدا بوو کە فـەیاز و زۆرێک لە ڕێبـەرانی مـوشـەعشـەع لـە ناوبران و پاش مـاوەیەکی کـورت عـەرەبەکان توانای بەرخۆدان و خۆڕاگرییان نەما و پرژوبڵاو بوون.

بـە دوای ئەم سـەرکـەوتنە شـا ڕووی لە هۆوەیزە کـرد و پاشـمـاوەی مـوشـەعشـەعییـەکانی لەناو برد و یەکێک لە ڕێبـەرانی قـزڵبـاشی لەو شـوێنە کردە دەسـەڵاتدار و خۆی لەگەڵ سوپاکەی بەرەو دزفوول ڕۆیشت.

[بەڵام هەروەک لـە سـەرەتای ئەم باسـەشـدا وەبیـرمـان هێنـایەوە، ئەم

وتانە هەندێ جوانکارین کە مێژوونووسـان بۆ پاساوی هێرشەکەی شا ئیـمسـاعیل بـۆسـەر مـوشـەعـشـەعـیـیـەکـانـی خـووزسـتـان هێناویانە ئاگـاداریی ئـەوتۆیان لە سـەرهەڵدانە هاوکـات پیـلانە نهـێنییـەکـانی مـەمالکیی عـەرەبی میـسر و مـوشـەعشـەعییـەکان نەبووە یان خـۆیان لە نەزانی داوە و بەدەســەڵاتگەیشــتنی ئـەمـیــری قـزڵبــاش لە هـۆوەیزە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە].

قـازی نووروڵڵا شـووشـتـەری دەنووسـێت: کـە سـەید مـوحسـین و کـوڕەکـانی بە دەست باپیـرانی ناوبراو میـرنووروڵڵا مـەرعـەشی کە فـەقـیـیـەکی بـەناوبانگ بووە لە شـووشـتـەر لـە [توندڕۆییی خـۆی گەڕاوەتەوە]... بەڵام کـەسـانی تر بەپێچـەوانەی ئەوەیان نووسیوە. هەروا کە وتمان؛ زانایانی شیعە لە بەر شیعەبوونیان چاویان لە ئاست (ڕوانگەکانی) مـوشـەعشـەعییـەکان نووقـاندووە و هـەوڵیـان داوە لێیـان نزیک بنەوە، مـوشـەعشـەعـییـەکانیش ڕێزی ئەوانیـان دەگـرت و داخـوازییەکانی ئەوانیـان جـێـبـەجـێ دەکـرد و ڕەنگە هەندێک لـە ڕوانگەکـانی خـۆیان لەوان شـاردبێـتـەوە و ئەمەیە کە میر نووروڵڵا و کەسانی تر تۆبەکردن و گەڕانەوەی ئەو گرووپەیان بە ناو خەڵکدا بڵاو کردووەتەوە.

هـەروەها لـە جـێگایەکی تردا کـەسـرەوی سـەرەڕای دانپـێـدانان بڵاوکـردنەوەی نەمـرۆیی لە ناو مـوشـەعـشـەعـیـیـەکـانی خـووزسـتـان لە ژێر ناوی لابردنی سـەید موبارەک سەبارەت بە ئاینی موشەعشەعییەکان دەنووسێت:...

هەروا کە سـەید عـەلی خـان کوڕی دواتری نووسـیویە، یەکـەم کـەسـێک کە لەم توندڕۆیانە دوور کـەوتـەوە، باپیـری، سـەید مـوتەلیب بوو کـە هەر لـە سـەرەتای لاوەتییـەوە وازی لە ڕێبـازی بـاب و باپیـران و براکـانی خـۆی هێنا؛ بـەڵام لە ترسی براکـان و کـوڕانی مـامی خـۆی، نەیدەوێرا هـیچ قـسـەیـەک بکات و ئـەم لادانەی دەشـاردەوە، هەتا کـاتێک کە کوڕەکـەی بـە ناوی مـوبارەک گـەیشـتـە دەسـەڵات و بە یارمـەتیی ئەو توندڕۆکـانی لەناو برد. مـەولا مـوتەلیب پیـاوێکی زانا و زانسـتپـەروەر بوو، بەشـێوەیەک کە؛ مەولانا کـەماڵەددین مـحەمـەد کوڕی حەسـەن ئەستـۆرئابادی، شرۆڤەی (فـصـول) خاجە نەسـیری بە ناوی ئەوەوە نووسـیوە. کەوابـوو جێگای سـەر سووڕمـان نییە لە توندڕۆکانی بنەماڵەکەی خۆی دوور کەوتبێتەوە و مـوبارەکی بە

مەبەستی ڕووخاندنی هان دابێت.

هەروەک لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ کراوە، مەوبارەک، زۆر لە زانایانی شیعەی کە یەکێک لەوان شێخ عەبدوللەتیفی جامیعی بوو بۆ هۆوەیزە بانگهێشت کرد و بە هاوکاریی ئەوان [توندڕۆیی]ی ڕیشەکێش کرد، و لە جێگایدا ئاینی سادەی شیعەی میانەڕەوی لە ناو موشەعشەعییەکان دامەزراند. (٩٩٩ـ١٠٢٥ کۆچی مانگی) [مێژووی پانسەد ساڵەی خووزستان، لاپەڕەکانی ٤٠ ـ ٤٥ ـ ٦٢]

هەر لەم ساڵەدا، واتە ١٠٢٥ی کۆچی مانگی هاوپەیمانیەتیی موشەعشەعییەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەلەوی ـ ئالی حەق ـ دەبەستریێ و یەکیەتیی (موشەعشەعی نوور بەخشی، سەفەوی، ئەهلی حەق) لەم سەردەمەدا بەسەرهەڵدانی ئاتەش بەگ (خانی ئاتەش) و پڕوپاگەندەی بانگەشەچییانی ناوبراو لە کوردستانی باکور و ئازەربایجان و لوڕستان و کرماشان و... دێتە ئاراوە و موشەعشەعییەکانی پێداگر لە سەر ئاینی پێشوو هەر وەکو قەرەقۆیوونلووەکان و... پێڕەوییان لەم بنەماڵەیە دەکرد و بزووتنەوەی موشەعشەعییەکان لە لایەنی نەتەوەیییەوە ڕواڵەتی عەرەبی خۆی لە دەست داوە و سیمای ڕاستەقینەی ئاینی پەردیوەری کوردی لە ڕێگای ئەم بزووتنەوەیە بە دەست هێنا و بە پاراستنی هەموو بیروباوەڕ و ئەو ڕوانگانەی کە سەبارەت بە یەکەم ڕێبەرانی بزووتنەوەکە هەبوویان، ڕەوتی مێژوویی و بیروباوەڕی خۆی لە خووزستان بۆ لوڕستان و کوردستان و ئازەربایجان گواستەوە و لەم سنووورە جوگرافیاییە درێژەیدا، پێش خەریکبوونی بە دیاریکردنی بنچینەکانی پێوەندیی نێوان بنەماڵەی ئاتەشبەگ لەگەڵ شائێسماعیل و سەفەوییەکان، بە تاوتوێکردنی پێوەندی نێوان نەقشبەندییەکان لەگەڵ بزووتنەوەی شا ئیسماعیلی سەفەوی و هاوکارییەکانی ئەم دوو بەرەیە کە بە درێژایی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان بە شێوەی جیاوازی وەکو ڕێکەوتن و ناکۆکی و هەڤاڵەتی و کاریگەری وەرگرتن و کاریگەریدانانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تا سەردەمی ئێستا لە ناوچەی خوراسان و کوردستان خەریک دەبن.

دەستەی سۆفییەکانی نەقشبەندییە لە دەستەکانی سۆفییە دێنە ئەژمار کە ڕۆڵێکی بەرچاویان بەدرێژاییی مێژووی تەسەوفی ئیسلامی هەبووە، پێش سەرهەڵدانی خاجە بەهائەدین نەقشبەندیی بوخارایی بە زنجیرەی خاجەکان ناوبانگیان دەرکردبوو و پاشان بە نەقشبەندییەکان ناسران، ڕێبەرانی ئەم زنجیرەیە وەکو، خاجە عوبەیدوڵڵا ئەحرار و... لە سەردەمی تەیموورییەکان لە لووتکەی دەسەلاتدا بوون، بەشێوەیەک کە پاشاکانی تەیمووری بۆ مەشایخی نەقشبەندییە ئەسپیان ڕادەگرت و شانبەشانیان بەپێیان دەڕۆیشتن و زۆربەی شێخەکانی ئەم زنجیرەیە کە لە یاسا کردەکییەکاندا پێڕەوییان لە مەزهەبی ئەبوحەنیفە دەکرد، بە بەدینی و پاکی و ڕەوشتی بەرز پابەندی شەریعەت ناسرابوون تەریقەتی نەقشبەندییە زیاتر لە هەر دەستەیەکی تر داوونەریتە ڕەسەنەکانی ڕەوشت و ئاکاری ئێرانی بە لە بەرچاو گرتنی ژینگە و شوێنی هەڵدان و گەشەکردنی تەریقەتی نەقشبەندییە کە ناوچەی خوراسانی گەورە و بوخارا و هەرات و... بووە، زنجیرەی خاجەکانی نەقشبەندییە دەگاتەوە ئیمام جەعفەری سادق (د.خ) کە یاد و ئاکار و ڕەوشت و ناوی پیرۆزی ڕازێنەر و سەردێری تەزکرەتولئەولیای شێخ عەتاری نەیشابوورییە و لە ڕێگای حەزرەتی سادق (د.خ) زنجیرەی بنەماڵەی خۆیان هەم دەبەنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر و حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (د.خ) و هەم لە لایەن باپیری دایکی حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق کە قاسم کوڕی محەمەد کوڕی ئەبی بەکر (د.خ) بێت ئەم زنجیرەیە دەبەنەوە سەر یارانی پێغەمبەر و پێوەندیی نێوان نەقشبەندییە و تەشەییوع لەم بنەمایەوە دەست پێ دەکات، ڕێبەران و پێڕەوانی ئەم زنجیرەیە سەرەڕای ئەم هەموو خاڵە هاوبەشەکان و پێوەندییەکانی ئاینی، نەتەوەیی و بیروباوەڕیانەی کە لەگەڵ دەسەلاتدارانی (ماوراء النهر)دا هەیانبوون، لە کاتی هێرشی شا ئیسماعیل بۆ سەر ئەو ناوچەیە بەستێنەکەیان بۆ سەرکەوتن و زاڵبوونی قزڵباشەکان ئامادە کرد، بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی

سەفەوییە لە هەرات لە لایەن نەقشبەندییەکان و هاوڕێیەتیی موفتی و شێخی نەقشبەندییەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ شا ئیسماعیل هاتە ئاراوە، لە عالەم ئارای سەفەویدا بەسەرهاتێکی جێگای سەرنج سەبارەت بە داگیرکردنی ناوچەی تورکستان لە لایەن شا ئیسماعیل هاتووە (سەیری، عالەم ئارای سەفەوی، ساغکردنەوەی یەدوڵڵای شوکری، تاران، ١٣٥٠، لاپەڕەی ٤٤٦) لەم شەڕەدا نوێنەران و لەشکرەکانی شا ئیسماعیل، لە ڕێگای پشتیوانیکردنی خاجە عەبدوڕەحیمی نەقشبەندی، کە زۆر جێگای ڕێزی دەسەڵات و خەڵکی تورکستان بوو سەرکەوتنیان بە دەست هێنا. [ئاین و مەزهەب لە سەردەمی سەفەوی، لاپەڕەی٢٦]

ئەگەرچی تەریقەتی نەقشبەندییە لە کوردستان لە لایەن مەولانا خالیدی شارەزووری لە نەوەکانی شێخ میکائیلی دەودانی ڕاوێژکار و یاری سوڵتان سەید ئیسحاق بەرزنجی لەناو دڵی عەلەوییەکانەوە سەری هەڵدا، بەڵام ئاینی عەلەوییە سەفەوییەکان لە ناوچەی خوراسان لە داوێنی نەقشبەندییەکان پەروەردە بوو، بەشێوەیەک کە ئەم دوو زنجیرەیەی نەقشبەندییەکان و عەلەوییەکان هەر جارە و لە ڕێگای بزووتنەوەیەکی ئاینییەوە گەڕانەوەیەک لە نەریت بۆ یاساکانی ئاین و یان بەپێچەوانە لە ڕەوتی مێژووی ئەم دوو ئاین و تەریقەتە ڕۆڵیان هەبووە کە خاڵە روونەکانی بە درێژاییی شیکردنەوەکانی ئەم کتێبە بە ئاشکرا دەبینرێ، هەروا کە لە تورکیای عوسمانیدا پاش سەرکوتکردنی حورووفییەکان پاشماوەکەیان سپاردە نەقشبەندییەکان (سەیری سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس، بەرگی یەکەم) بکەن، و لە سەردەمی هاوچەرخدا نەقشبەندییەکانی سەرگەڵوو لە کوردستان، ئاینی پەردیوەرییان لە ژێر ناوی (حەقە) لە ناو خۆیاندا زیندوو کردەوە کە هەر لەم کتێبەدا شیکردنەوەیەکمان لە سەری کردووە.

لە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکانی پێوەندیی بیروباوەڕ لە نێوان نەقشبەندییەکانی هەرات و سەفەوییەکان ئەوە کە ڕێوڕەسمی (روضة) خوێندنەوە لە لایەن ڕێبەرانی زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندییەی هەرات بنیات نراوە و لە ناو کۆمەڵگای ئێرانییەکان و عەرەبگەلی شیعە مەزهەبدا پەرەیان پێ داوە، بەشێوەیەک کە مەلا محەمەد حسێنی واعیزی کاشفی لە ڕێبەرانی نەقشبەندییەی خوراسان (یەکەمین و گرینگترین کتێبی بۆ ڕێوڕەسمی شینگێڕی حوسەینی نووسی و ناوی (روضة

الشـهداء في مقـاتل اهل البـيت)ی له سـەر دانا، نـووسـینـی ئەم کـتـێبـە له سـەر داخوازی موشیرودەوڵه عەبدوڵلا، له نزیکانی سوڵتان حسین بایقەرا (٨٧٣ ـ ٩١١) کـە یەکـێک لـه نەوەکـانـی تەیمـوور و شـای هەرات بـووە، بەڕێوە چووە (روضـة الشـهداء) کـتـێـبـێکە بریتی لـە مـێژووی پڕ له ئێش و ئازاری پـێـغـەمـبـەرەکـان و بەسـەرهاتی ژیانی ئیمـامانی شـیـعە و بە تایبەت بەسـەرهاتی ڕووداوی کەربەلایە، کـە بە شـێـوەی ڕێنـووسـی فـارسـی نـووسـراوە و بە وشـەی عـەرەبی و شـیـعـر ڕازێندراوەتەوە، فوزوولیی بەغدادی (کۆچی دوایی ٩٦٣ کۆچی مـانگی) شاعیری تورکیبێژ، ئەو کتێبەی کردە زمـانی تورکی و ناوی حەدیقەتوسـوعەدای (حديقة – السعداء) لەسەر دانا. (روضة الشهداء) بەم شێوەیەی ژێرەوە دابەش کراوە:

١– سـەبارەت بە ژیانی پڕ لـە کۆسپ و ئازاری هـێندێک لە پێـغـەمـبـەرەکـان کـە لە ئادەمـەوە دەست پێ دەکـات و هەتـا دەگـاتە نووح و ئیـبـراهیم و یەعـقـووب و زەکەریا و یەحیا.

٢– سەبارەت بە زوڵم و زۆری قوڕەیش له پێغەمبەر و باسی شەهیدبوونی حەمزە و جەعفەری تەییار.

٣– سەبارەت بە کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ).

٤– سـەبارەت بـە ژیانی فـاتیـمـەی زەهرا (د.خ) هـەر له کـاتی لەدایکبـوونیـەوە هەتا کۆچی دوایی.

٥– سـەبارەت بە ژیانی عـەلی مـورتەزا (د.خ) هەر لە کاتی لەدایکبـوون هەتا کـاتی کۆچی دوایی.

٦– سـەبارەت بـە ڕەوشـتـە بەرزەکـانـی ئیـمـام حـەسـەن (د.خ) و هێندێک له بەسەرهاتەکانی ئەو حەزرەتە هەر لە کاتی لەدایکبوونیەوە تا شەهیدبوون.

٧– سەبارەت بە مـەزنایەتی و پایەبەرزی ئیمـام حسێن (د.خ) و باسـی لەدایکبوونی و ڕەوشت و ئاکاری ئەو حەزرەتە پاش کۆچی دوایی براکەی.

٨– سەبارەت بەشەهیدبوونی موسلیم کوڕی عەقیل و منداڵەکانی.

٩– باسـی گـەیشـتـنی ئیـمـام حـسێن (د.خ) بۆ کـەربـەلا و شـەڕ دژی دوژمنەکـانی و شەهیدبوونی ئەو حەزرەتە لەگەڵ منداڵ و خزم و دۆستەکانی.

١٠– باسـی بەسـەرهاتی پڕ لـە ئێش و ئازاری بنەمـاڵەی ئیـمـام حـسێن (د.خ) پاش

ڕووداوی کەربەلا و سزادانی بکوژەکانی.

١١- کۆتایی، باسی بەسەرهاتی منداڵەکانی ئیمام حسێن (د.خ) و ئیمام حەسەن (د.خ) و زنجیرە بنەماڵەی هێندێک لەوان.

بەبڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە ڕەوزەخوێنی بوو بە جێنشینی چیرۆکە قارەمانییەکان و چیرۆکی هەزار و یەک شەو لەو شوێنانەی کە شیعەکان تێیاندا دەژین و بەشێکی لە وڵاتانی ئیسلامی و هەروەها لە هەرات بوو بە جێنشینی زیکری سۆفییانە و یەکێک لەو هۆکارە گرینگانە کە بەستێنی بۆ سەرکەوتنی سەرهەڵدانی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە ناوچەی خوراسانی گەورە و تەنانەت سەرانسەری ئێران ئامادە کرد؛ روضة الشهداء مەلا محەمەد حسێنی واعیزی کاشفی نەقشبەندی بوو.

## هەڵسوکەوتی شا ئیسماعیل لەگەڵ
## هاوپەیمانە عەلەوییەکانی زنجیرەی سەفەوییە

### شا محەمەد بەگ و شا ئیسماعیل

هەروەک ئاماژەی پێ کرا؛ ئەو بەشە لە عەلەوییەکانی ئەهلی هەق ـ ئالی حەق ـ ، کە دژی سیاسەتە ناوەخۆیییەکانی شائسماعیل بوون، سەرلەنوێ دەستیان کرد بە خەباتی نهێنی و لقێک لەوان کە جیابوونەوە یان لە دەسەڵاتی تازە، سەربەخۆی سەفەوییان بە باش نەدەزانی و لە ڕەوتی خەباتی ئەو بنەماڵەیە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، لە پاڵ شا ئیسماعیلدا مانەوە و درێژەیان بە هاوکاری و خەباتی خۆیان دا، ئەو عەلەوییانە کە سەرکوت کرابوون بە پێی بیروباوەڕی خۆیان و بە مەبەستی پاراستنی خۆیان لە ئەگەری گوشارهێنان و ترس لە پاکتاوکردن و نەبوونی ئازادی لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئاینی پشتیان بەبنەماڵە هاوپەیمانەکانی سەفەوییە بەست. ئەم بنەماڵەیە کە بە مەبەستی پروپاگەندەکردن بۆ ئاینی عەلەوی و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەی شا ئیسماعیل چالاکیی بەربڵاوی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لە خاکی میسر و شام و عەرەبستان و سووریا و بەتایبەت عوسمانیدا چڕتر کردبوو، ئەگەرچی لە ناوەخۆی ئێران خاوەن زۆر پێگەی بەرین لە هەمەدان و کرماشان و لوڕستان و کوردستان و ئازەربایجان و خوراسان بوون بەڵام ڕەمزی سەرکەوتنی خۆیان لە هاتوچۆی ژینگەیی و ژیانی کۆچبەری و گەرمێن و کوێستاندا دەزانی کە هەم لە دەسەڵاتی شا ئیسماعیل بەدوور بن کە سەرکوتکردنی عەلەوییە توندڕەوەکانی بەهێزرشکردنە سەر موشەعشەعییەکان دەست پێ کردبوو و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بە دیار خستبوو و هەم ئەو بەڵێن و پەیمانەیان کە لەگەڵ بنەماڵەی سەفەوی بەستبوویان بەڕێکوپێکی سەربخەن و هەم لە بڵاوکردنەوەی ڕەمز و ڕازی دەروونی پەردیوەری بگەنە ئامانجی خۆیان، ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە هاوتەریبانە لە عەلەوییە توندڕۆکان و لە بنەماڵەی سەیدگەلی بەڕەگەز کورد بوون کە لەم سەردەمەدا

مـــوریدی زۆریان لە هـیند و ئەوبەری ڕووبـار و ئانـاتۆلی و نـاوەڕاســتی ئێــران و مـەڵبـەندی عەلـەوییەکان هەر لە خـووزسـتـان (ئەروەندڕوود) تا مـاکۆ و کـەنارەکانی ئەرەس هـەبـوو. تەنانـەت ئـەو کـەسـانـە لـە سـاداتی مـوشـەعـشـەعی کـە هـەڵاتبـوون هـەروەک ئاماژەی پێ کرا، هاتنە ڕیزی ئەم جووڵانەوەیە و بووبوون بە هاوپەیمان.

هـەروەهـا ڕێبـەرانـی بنەمـاڵەی ناوبـراو، هـەروەهـا لە لایـەن باب و باپیـرانی شـا ئیسـماعیلەوە وەکو، حـەیدەر و جونـەید و خـودی شا ئیسماعیل ئازادیی زۆریان پێ درابوو، لە مـەڵبەندی عـەلەوییـەکاندا دەسـەڵاتی بێ ئەمـلا و ئەولایان هـەبوو و بە پێی ڕێوڕەسمی عـەلەوییـە قـزڵباشـەکان ئەم ساداتە بە «دەدە» دەناسـران، ئەم ڕێبـەرانە بەهۆی هـاتوچۆ و پێوەندی لەگەڵ کۆمـەڵە جـۆربـەجۆرە عـەلەوییەکان؛ لە تورکستـان (ڕۆم) و عـەرەبسـتـان (مـیسـر و...) و هـەروەهـا کـوردسـتـان و لوڕسـتـان کە شـوێنی سـەرەکیـی سـەرهـەڵدانی ئەوان بوو، زۆربەیان شارەزای زمانەکانی تورکی و عەرەبی و کوردی بوون و زۆربەی پێڕەوانی ئەم بنەماڵەیە لە سـەردەمی سەفەوییە و پاش ئەو سـەردەمـە ڕۆملوو (قـەراقویوونلووەکان) و تەکەلووەکان بوون، تەکەلووەکان لەو هۆزە کوردانە دێنە ئەژمار کـە هاتنە ژێر فـەرمانی قزڵباشـەکان؛ بەشێوەیەک کە دوکتۆر مەسعوودی کـەیهان لە جوگرافیای سـیاسیدا دەنووسێت؛ تەکەلوو، تەکلە برێتییە لە هـۆزە کـوردەکـان و هـۆزە تورک زمـانەکـانی دەوروبـەری ئەردەبێڵ و پێکهـاتوو لە پێنسـەد بنـەماڵەیە کە کـوێستان و هـەوارگەیان لە سەبەلان و گەرمێنیان لە موغانە؛ تەکەلووەکان پاشـان لـە کـوردسـتـان و دینەوەر و هـەمـەدان گـەیشـتنە دەسـەڵاتێکی لەڕادەبەدەر و تەنانـەت چەندان هۆز لەوان لە سـەردەمـەکانی دواتر بەئاشـکرابوونی ناکۆکی لە نێوان سـەفەوییـەکان و عەلەوییەکان پشـتیـان لە دەسەڵاتدارانی عـەلەوی کرد و بوون بە فەرمانبەری دەسـەڵاتی سـەفەوییەکان و باسی ئەوەش دەکەین کە ئەم بەشـە لە تەکەلووەکان دوایی کـە جیابوونەوە، یەکیەتیی خۆیان لەگەڵ شا ئیسماعیل ڕاگـەیاند و لە سـەردەمی شـا ئیسـمـاعیلی دووەم و.... ئـەرکی سـەرکوتـکردنی ئەو عـەلەوییـە سـەرهـەڵداوەکانیـان پێ سـپێردرابوو. یـەکەمین کـەسـایـەتیی ناو ڕێبـەرانی عـەلەوییـە توندڕۆکـان کـە لە نووسـینـەکـان و لە باسـەکـاندا بە (شـاوەیس قـولی) ناوبانـگی دەرکـردووە و بـە پێی سـەرچاوە زارەکـیـیـەکـان شـوێنی لەدایکبـوونی کـوردسـتـانە، ڕەوتی پڕوپاگەندەکردن و سـەرهـەڵدانی ناوبراو بەگوێرەی سـەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکانی سەفەوییە بەم شێوەیە هاتووە.

## سەرهەڵدانی شاوەیس قولی دژی خەلیفەی عوسمانی

بەسەرهاتی چوونە دەرەوەی بابا شاقولی [شاوەیس قولی] تەکەئیلی و گەیشتنی سۆفییەکانی ڕۆم و... هتد. بە کۆشکی شاهی لە ڕووداوەکانی ئەم ساڵە پیرۆزە بوون، گەیشتنی سۆفییەکانی زنجیرەی سەفەوی بۆ بارەگای شاکانی دەسەڵاتدار لە ئۆرووم ئیلی و مونتەشائیلی و تەکەئیلی لە کاتێکدا کە ئوردووی جیهانپێوی شاهی لە سەفەری خوراسان دەگەڕایەوە، لە نزیکەکانی شاری ڕەی و شەهریار گەیشتە خزمەتی پاشاو ئیزنی حوزووریان وەرگرت و بە پێی ڕوونکردنەوەی ئەم وتارە بە کورتی ئەوە کە پێشتر لەمە لە ساڵی ٩٠٥ نووسرا کە بابا شاقولی [شاوەیس قولی] باوکی بابا حەسەن خەلیفەی تەکەلوو کە پاش کۆچی دوایی لە مەڵبەندی گەرمیان کە بە تەکەئیلی بەناوبانگە بە پێی سپاردەی باوکی بوو بە ڕێبەر و ڕێنوێنی کۆمەڵەی سۆفییەکانی ئەو مەڵبەندە و بەردەوام ئاکاری سەرنجڕاکێش لێوە دەبینرا و ئەمانەتی (زەنگ و ئەبلەق)ی بەهەڵە بە دەدە محەمەد بۆ کۆشکی شایی ناردبوو و دەدە محەمەد شانازیی گەیشتن بە بارەگای لە تەورێزدا پێی برا، بەجۆرێک کە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو ساڵەدا باس کرا، بەشێوەیەک کە بەدرێژایی ڕووداوەکانی ئەو ساڵە کە ناویان برا، چونکە ناوبانگی جیهانگیری شای جیهانگر و بڵاوبوونەی ئاینی عەلەوی ئیمامییە بە سەرپاکی شوێنێکی جیهاندا بەرز بووەوە. باباشاقولی تەکەلوو لە مەڵبەندی مەنتەشائیلی و تەکەئیلی لەگەڵ دەستەیەک لە سۆفییەکانی ئەو مەڵبەندە بوو بە هاوپەیمان، ڕووی کردە دەرگای شا ئیسکەندەر، چونکە فەرمانڕەوای مەڵبەندی ناوبراو پارێزەری سوڵتان بایەزید قەیسەری ڕۆم بوو، وێڕای هەزار سواری ئازا بە مەبەستی سەرکوتکردنی سۆفییە پایەبەرزەکان بەڕێ کەوت. بابا شاقولی بە بیستنی ئەم هەواڵە مژدەی سەرکەوتنی بە سۆفییەکان دا و بە پشتبەستن بەخوا بەرەنگاری ڕۆمییەکان بوونەوە، کاتێک هەردوو لەشکر ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە لە هەردوو لاوە ئاگری شەڕو خوێنڕشتن بەرز بووەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ڕێنوێنییە پێویستەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە و

فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە وێڕای ڕێبەرانی لەشکری ڕۆم، بوون بە نێچیری شێری ڕووت و کۆمەڵێکی زۆر لەو دەستەیە بەدیل گیران و هەموویان بە ئاماژەیەکی بابا شاقولی لەناو بران، زۆر کەرەستە و کەلوپەل هەر لە چەکوپۆڵ و ئەسپ کەوتە دەست سۆفییەکان. کاتێک کە هەواڵی سەرکەوتنی بابا بە موریدەکانی بنەماڵەی سەفەوی و ئیمامەت لە هەموو شوێن و مەڵبەندێک گەیشت. زۆر لاوی ئازا و پۆشتە و پەرداخ ڕوویان لە لەشکری بابا کرد و پاش کۆبوونەوەی لەشکری ئەو ناوچەیە بە سەربەخۆیی تەواو چووە پێشوازیی سۆفییەکان و لەوێشەوە بابا شاقولی وێڕای خەلیفەی هۆزەکان وەکو؛ سۆفییەکانی هۆزی ڕۆملوو و حەسەن خەلیفە و هەندێ کەسی تر ڕوویان لە گۆڕەپانی شەڕ کرد، پاش ڕووبەڕووبوونەوەی دوو لەشکر ئاگری شەڕ خۆش بوو. سۆفییە دڵسافەکان و عەرەبە وەفادارەکان و شێرانی برسی کەوتنە جۆش و خرۆش و گیانفیدایی و ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەریان نیشان دا و بەهێزی دەوڵەتی مەزن سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، سروەی سەرکەوتن و سەرفرازی ئاڵای بابا شاقولی شەکاندەوە، قەراگوز پاشا خۆی پێ ڕانەگیرا و هەڵات و ڕووی لە تاراوگە و ژیانی هەژارانە کرد سۆفییەکان لە دواوە دەستیان بەهێرش کرد و ژمارەیەکی زۆریان بە شێری ڕووت و ڕمبی گیان ئەستێن لە ناو برد و کەلوپەلی زۆریان بەدەست هێناوە و ڕوویان لە سیواس کرد، کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە سوڵتان ئیلدرم بایەزیدی قەیسەر؛ ڕاوێژکاری عەلی پاشا کە وەزیری یەکەم بوو، وێڕای پەنجا هەزار سوار بۆ شەڕ لەگەڵ بابا شاقولی و سۆفییە ناودارەکان بەڕێ کەوت، پاشای ناوبراو لەگەڵ دەستەیەک سەربازی مووئەنگێوی عوسمانی، بەڕێ کەوتن، بابا شاقولی چونکە لە بارودۆخی دوژمن ئاگادار بوو، دەستی کرد بەڕێکوپێککردنی لەشکر و هەزار غولامی حەبەشی لە پێشەوەی لەشکرەکەی دامەزراند و لەوێوە عەلی پاشا چەپ و ڕاستی لەشکری خۆی ڕێکوپێک کرد و هاتە مەیدان و لەشکری ڕۆم بەیەکجار هێرشی کردە سەر پیادەکان کە لە پێشەوەی لەشکری عەرەبەکان بوون و نزیکەی پێنسەد کەسیان لەوان کوشت و پاشماوەکەشیان گەڕانەوە بۆ ناو دڵی لەشکرەکە، بابا شاقولی بە دیتنی ئەم بارودۆخە ئەم لاوئەولای لەشکرەکەی لە ناو دڵی لەشکرەکەی خۆی کۆ کردەوە و وێڕای ئەوان هێرشیان کردە سەر ئەو لەشکرە، خادم عەلی پاشا ورەی بەر دا و لەترسی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی سۆفییەکان، هەڵات.

زدند آن دلیــــــران آهـن کـــــلاه
بـه یکبـــار بر قلب گـــاه ســـپـــاه

ســواران رومی از آن رســتــخــیــز
گـــرفــتند در پیش راهـی گـــریز

کسی جان، سلامت از ایشان نبرد
بغیـر از اجل هیـچکس جـان نبـرد

تەکـەلەووەکـان شـوێنی ئەوانیـان هـەڵگرت و بە زەبری شـمـشـێـری تیـژ و رمـبی دەستیـان خادم عەلی پاشا و دەستـەیەک لە رۆمییەکانیـان لەناو برد و بابا شاقولی لە ناو ئەو شەرەدا شەهید کرا. و بە پێی وەسیەتی شاقولی، سۆفییـەکان خەلیفەی رۆملوو [دەدە محەمەد] کە پیاوێکی ئازای چاونەترس بوو، کردە رێبـەری خۆیان و لەوێوە بۆ ئەرزەنجان بەرێ کەوتن، لـەو دەوروبەرەدا بیستیان کە نزیکەی پێنجسەد کـەس لە بازرگـانان وێڕای کـەلوپەلێکـی زۆر لە تەورێزەوە بەرەو رۆم دێن، هـەندێک کەسی نەزان کە لـە پشتـەوەی لەشکرەکە دەهاتن بە هۆی چاوچنۆکییەوە لە ناکاو رژانە سـەر ئەو رۆژرەشانە و هەموویان لەناو بردن.

هـەروەها هـەموو کەلوپەلەکانیـان بە تالان بردن و بۆ بارەگای شاهی گەڕانەوە، لە کاتێکدا کە خاقانی مەزن لە مـەڵبەندی خوراسان دەگەڕایەوە لە نزیکی شاری رەی و شـەهریار دابەزیبوو، سـۆفییـەکانی تەکەلوو و رۆملـوو خۆیـان گەیاندە لەشکری شـاهی و شـانازیی خزمـەتیـان پێ درا. کاتێک ئەم هـەواڵە گەیشتـە شـای خـاوەن شکۆ کـە نەزانانی سـەر بەو خـێـڵـە کـۆمـەڵێک لە بازرگـانەکـانیـان لە ناوبردووە و کەلوپەلی ئەوانیـان بە تالان بردووە، بەم جـۆرە رقی پادشـا هەسـتاو فـەرمـاندەرانی ئەو دەستـەیە لە سوپـای یەکـەمی لەگـەڵ چەند کـەسی تـر گـەیاندە سـزای خـۆیان و پاشـماوەکـەشیـان بە سـەر فەرمـاندەرەکانـدا دابەش کرد و سـۆفییـەکانی خـەلیفـەی رۆملـووی لە مـــەڵبـەندی خـوراسـان و هـێندێک ناوچەی تر کـردە خـاوەن زەوی و سامانی زۆر و لەگەڵ نزیکانی خۆی رووی لەو ناوچەیە کرد. [جەهانگوشای خاقان (مـێژووی شـا ئیسـمـاعیل) نووسـراوی ٩٤٨ ـ ٩٥٥ی کـۆچی مـانگی، پێـشـەکی و هـاوپێچ (ضمیمة)کان دوکتۆر ئەڵلادتاموزتەر، لاپەڕەکان ٤٠٨ ـ ٤٠٥].

بە پێی ئەو ڕووداوە بەڵگەمەندانەی کە باسمان کرد، کەسایەتی (شاوەیس قولی) و ئاکامی سەرهەڵدانەکەی ڕوون کرایەوە، لێرەدا چەند تێبینییەک بەپێویست دەزانم کە، یەکەم مێژوونووسانی سەردەمی سەفەوییە بە هەموو ئەو هۆز و عەشیرەتانەی وا لە ژێر دەسەڵاتی قزڵباشەکاندا بوون و لە بە دەسەڵات گەیاندنی سەفەوییەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو، بە (سۆفی) ناویان دەبردن و هۆیەکەشی پێوەندیی موریدەکان بە (شیخ سەفی)ی باپیری سەفەوییەکان بوو نەک لەبەر واتا باوەکەی، چونکە پێڕەوانی سەفەوییە و عەلەوییەکان بەپێی ڕێوشوێنی تەریقەت دەروێش، نەک سۆفی.

دووەم؛ هێنانی ناوی دەدە (سەید) محەمەد یان بە وتەی عەلەوییەکانی ئاتەش بەگی (شا محەمەد بەگ) کە شرۆڤەی پێگەی ڕواڵەتی مەعنەویی ناوبراو لە سیستەمی سەفەوییەکان و بە پێی دەقی شەجەرەنامەکان لە سەیدە بەناوبانگ و جێ باوەڕەکان بووە و لەم باسەدا ناوبراو وەکو (ڕۆملوو) ناوی هاتووە کە بە پێی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان، ڕۆملووەکان هەمان قەراقۆیوونلووەکانن کە خاوەن مێژووی قزڵباش دەنووسێت: (جۆرەکانی ڕۆملوو؛ ئەم خێڵە لە دەوروبەرەکانی شاری توقات و سیواس و ئاماسیە و فاراوا و مەشهەد و شوێنەکانی تر دەژین، بەشێک لەوان بەشێوەی خێڵەکی دەژین و بەشێکی تریان دانیشتووی شارەکانن، ڕێبەری پایەبەرزەکەیان، جەهانشا بوو، پاش کوژرانی ئەبوسەعید هاتە بارەگای حسێن پاشا کرا بە میر.

هەروەها ڕێبەرێکی تر حاجی حوسەین بەگە کە پێش لە حەسەنعەلی کوڕی جەهانشا فەرمانڕەوای قەزوین بوو [مێژووی قزڵباشەکان، بە ئامادەکردن و ساغکردنەوەی میرهاشمی موحەدیس، لاپەڕەی ١١] و دەزانین کە ساداتی دەسەڵاتداری هەر زنجیرە دەسەڵاتێک یان هۆزێک یان ناوچەیەک ئاوەڵناوێکی ئەو زنجیرەیە یان ئەو هۆزەیان لە سەرە هەرچەند لە ڕێی خوێن و ژنخوازییەوە سەر بەسیستەمی کۆمەڵایەتیی ئەوان نین.

سێیەم: ئەو بەسەرهاتە مێژووییە کە مینۆرسکی لە وتارەکانی خۆیدا لەمەڕ بنەماڵەی ئاتەشبەگی دەیگێڕێتەوە و پێی وایە، کە زۆر گرووپی جۆربەجۆر لە هەمەدان، تاران، وەرامین، مازەندەران، (کەلار دەشت) و تەنانەت لە خوراسان دەژین و دەڵێن یەکێک لە براکانی خان ئاتەش کۆچی کردووە بۆ خوراسان.

[وتارەکـانی مـینـۆرسکی، لاپەڕەی ٥٥] نیـشـاندەری ئەوەیە و ئەم نووسـینەی مینۆرسکی بەڵگەنامەکەی جەهانگوشای خاقان ڕوون دەکاتەوە و ڕاپۆرتەکەی مینۆرسکی ڕاست دەکاتەوە، وێڕای ئەم تێبینییە کە، عەلەوییەکان (ئاتەشبەگی، موشەعشەعی و نووربەخشی و سەفەوی) کە کۆی هەر چوار زنجیرەی عەلەوی لە سیمای ـ ئالی حەق ـ ی (پەردیوەری)دا بەدی دەکرا، لە مەڵبەندی خوراسان خاوەن ڕابردوو بوون و ڕەنگە هەر لە بەر ئەم هۆکارەش برای خان ئاتەش بۆ خوراسان کۆچی کردووە. چونکە هەروا کە لە دەقی ڕاپۆرتەکەی (جەهانگوشای خاقان) دەردەکەوێت شا ئیسماعیل مەڵبەندی خوراسان و هێندێک ناوچەی دەوروبەری ئەو مەڵبەندەی بە شا محەمەد بەگ داوە و لەگەڵ دەوروبەرەکانی خۆی بەرەو ئەو مەڵبەندە ڕۆیشتووە، مینۆرسکی لە درێژەدا دەنووسێت؛ لە ناوچە تورک زمانەکانی ئازەربایجان، هەندێ لقی دەستەی ئەهلی حەق لە نێوان تەورێز و مەراغە (لە دەوروبەری چیای سەهەند) و لە ماکۆ (ناوچەی قەرەقۆیوونلوو)دا دەژین. هەندێ دەستەی تریش لە باکوری ئاراکس لە قەرەباغ دەژین [وتارەکانی مینۆرسکی، لاپەڕەی ٥٥] کە ناوچەی خوراسان و ئەفغانستان هەتاکو هیند کە لە سەریان قسە دەکەین، بەشێک بوون لە سنووری پروپاگەندەی ئەم بنەماڵەیە، ئەم پێوەندییە هەر بەو شێوەیە هەتا چەند سەدەی ڕابردوو درێژەی هەبوو، هەروەک کە ئیعتمادولسەڵتەنە نووسیویەتی بە پێی لێکۆڵینەوەکان باب و باپیرانی ئەم بنەماڵەیە [ئاتەش بەگی] لە ئاتەش بیکەندی کە گوندێکە لە گوندەکانی هەشتروود نیشتەجێ بوون. لە سەردەمی دەسەڵاتی نادرشا کۆچیان کردووە بۆ خوراسان و پاش گوزرانی ئەو فەرمانڕەوا قارەمانە بەرەو قووچان ڕۆیشتوون و ڕێگای کرماشانیان گرتووەتە بەر و ئیتر بیریان لە ئازەربایجان نەکردەوەو... ئەم بنەماڵەیە [ئاتەشبەگی] بە ساداتی خۆیان دەڵێن (دەدە) [ئیعتیمادوسەڵتەنە وتووێژیک لەگەڵ سەید محەمەد کەلاردەشتی، بەڵگەی دەسنووس، لاپەڕەی ١٦]

چوارەم: ئاکامەکەی ئەوەبوو، ئەم بنەماڵە هاوپەیمان و بەهێزەی سەفەوی پاش کوێرەوەری و گوزران و زەخت و زۆری بەردەوام بەدوای سەرکوتکردنی موشەعشەعییەکان بە بیانووی سەرپێچیکردن، چەکدارانی تەکەلوو و موریدەکانی ئەوان کە لە ڕێگای پروپاگەندە و شەڕکردن لە پێناوی شا ئیسماعیل ڕۆڵی کاریگەریان گێڕابوو، بەم جۆرە لە لایەن ناوبراوەوە بڵاوەیان پێ کرا و

سەربازەکانیان بەسەر فەرماندەکاندا دابەش کران و ڕێبەرە ئاینییەکانیش بە پێشکێشکردنی زەوی و سامانی زۆر پێیان و دوورخستنەوەی ڕێز ئامێزیان بۆ خوراسان لە ناوەندی دەسەلات دوور خرانەوە، ئەگەرچی هیچ کاتێک ئامانج و خەونی ئەوان دەسراگەیشتن بە دەسەلات نەبوو، بەلام بە هەرحاڵ شا ئیسماعیل لە هێزی سیاسی و ئاینی ئەوان زۆر دەترسا، و بەم جۆرە شا ئیسماعیل پەیمانەکەی خۆی شکاند. ئەگینا ئەم پێرەوانە لە سەر پەیمانی خۆیان بوون و توانییان چوارچێوەی بیر و هزری عەلەوییە توندڕەوە سەرەتاییەکان (پەردیوەری) نووربەخشی، موشەعشەعی، سەفەوی) لە ناو خۆیاندا پەروەردە بکەن و بیپارێزن.
شیاوی وتنە کە بە سەرنجدان بەوەی کە لە بەڵگەنامەکان و شەجەرەنامەکاندا سەبارەت بە شا محەمەد بەگ (دەدە محەمەد) هاتووە کە لە ساداتی هاشمی دەهاتە ئەژمار، کەسایەتیی ناوبراو لەگەڵ دەروێش محەمەدخان ڕۆملوو فەرمانڕەوای نەیشابوور و گیلان کە دواین پلەی ئەو باڵوێزی ئێران لە ڕۆم لە ساڵی نۆیەمی دەسەلاتی شاعەباسی یەکەمی سەفەویدا بوو، یەک کەسایەتی نین و لە باری تەمەنەوە بە تەمەنتربوونی شا محەمەد بەگ سەلمێنراوە، دەدە محەمەد پلە و پێگەی مەعنەویی جێ باوەڕی هەبووە و لە ئاکامدا لە گەڕانەوە بۆ داوێنەکانی زاگرۆس کۆچی دوایی کردووە و لە بورجی قوربانی هەمەداندا نێژراوە و گۆڕەکەی بووەتە زیارەتگەی موریدان و لایەنگرانی عەلەوی. لێرەدا چیرۆکی مەئمووریەتی باتینی شا محەمەد بەگ لە زمانی جەهانگوشای خاقان دەگێڕینەوە و دەقاودەقبوونی لەگەڵ چیرۆکی سەفەری مەکەی شێخ عیسای بەرزنجی کە لە نووسینەکانی یاریدا هاتووە، دەخەینە بەرچاو، دانەری جەهانگوشای خاقان ئاوا دەڵێت:

دەدە محەمەد، یەکێک لە دەروێشە پاکەکان و لە موریدەکانی حەسەن خەلیفەی تەکەلوو ـ کە لە نێوان تەکەئیلی و ڕۆم ئیلیدا نیشتەجێ بوو و حەسەن خەلیفە یەکێک لە موریدانی پێرەوانی بێگەردی ئەم بنەماڵەی ویلایەت و کەرامەت [سەفەوییە] بوو. جارێک دەگاتە خزمەتی حەزرەتی سوڵتان جونەید و دووجاریش گەیشتە خزمەتی سوڵتان حەیدەر و ئەو حەزرەتە هەتاکو چلەخانە وێڕای چل کەس لە سۆفییەکان دەنێرێت و گۆزەیەک ئاو و نانێک دەداتە هەر یەکەیان تا لە ماوەی چلەکێشاندا بەو خۆراکە قەناعەت بکەن، پاش کۆتاییهاتنی ماوەی چل ڕۆژەکە لە

چلەخانە هاتنە دەرەوە و هەڤالانی حەسەن خەلیفە، تۆشەی خۆیانیان تەواو کرد، بێجگە لە ناوبراو کە ئەوەی لەگەڵ خۆی بردبووی هێنایە خزمەتی ئەو حەزرەتە؛ مورشیدی کامیل ئیزنی پێ دا و بۆ مەڵبەندی تەکەئیلی ڕەوانەی کرد و ئەو حەزرەتە مزگێنیی ئەوەی پێ دا کە دەتوانێت پێشبینیی هاتوچۆی شا ئیسماعیلی یەکەم بکات و هەرکە گەیشتە ناو خێڵی ناوبراو، کەراماتێکی زۆری لێ وەدەرکەوت و بەردەوام لایەنگرانی تەریقەتی لە چوونە دەرەوەی ئەو حەزرەتە ئاگادار دەکردەوە و لە سەرەمەرگدا، کوڕەکەی خۆی بابا شاقولی کردە ڕێبەری تەریقەت و ئەبڵەقێکی بەو سپارد و وتی؛ کە لە ڕێکەوتی ۹۰۷ی کۆچی مانگی مورشیدی ئێمە لە تەورێز لەسەر تەختی سەڵتەنەت دادەنیشێت. ئەم ڕاسپاردەی ئەو پادشایە وێڕای سڵاوی من بە وی بگەینە، بابا شاقولی چاوەڕوانی کاتی دەکرد تا لە ڕێکەوتی ۹۰۵ دەدە محەمەد کە موریدی خەلیفە بوو؛ ویستی بۆ زیارەت بەرەو مەککە بڕوات و لە بابا شاقولی ئیزنی چوونی بۆ ئەم سەفەرە وەرگرت. بابا شاقولی وتی ئیزنت هەیە بڕۆ، بەڵام هەر کات کە لە زیارەتی مەککە گەڕایتەوە، دەبێ بەرەو شوێنە پیرۆزەکانی تر بەڕێ بکەویت و لەوێوە بەرەو ناوەندی فەرمانڕەواییی تەورێز دەڕۆیت، ڕۆژێ یەکەم کە دەچێتە ناو تەورێز لەو ڕۆژەدا یەکێک لە نەوەکانی بوو بە پادشا و پارەی بەناو خۆیەوە لێ داوە و خوتبەیان بە ناویەوە خوێندووەتەوە و لە مەیدانی تەورێزدا لە حاڵی جویت بازیدا دەبینی، دەڕۆیت و سڵاوی منی پێ دەگەیەنی و ئەم ئەبڵەقەی پێ دەدەی تا لە سەرتاجی خۆی بنێت [ئەبڵەقی: مەبەست هەمان پەڕی ڕەش و سپی و هەمان خەتایی بەناوبانگە کە نیشانەی ئەهلی حەق و نووربەخشییە بووە و شا ئیسماعیل داویەتی لە قەراغی تاجەکەی] پاشان دەدە محەمەد ئەوەی قبووڵ کرد و ئەمانەتەکەی وەرگرت و بەرەو مەککەی مەزن بەڕێ کەوت. پاش تەوافی مەککەی مەزن و مەدینەی مونەوەرە بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ، لە نێوان شاری باتەسکینە (؟) و دارولسەلامی بەغدا لە کاروان بە جێ ما و خەوی لێ کەوت [لە هەمان شوێن کە بە وتەی دەفتەری شێخ عیسا خەوی لێ کەوتبوو] کاتێک کە چاوی کردەوە دیتی کە ئاسەوارێک لە کاروان بە جێ نەماوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە برسیەتی لەو بیابانە ڕێگای دەبڕی، تاکو ئەوەی کە سەرگەردانی تەنگی پێ هەڵچنی و بێ حاڵ کەوت و بە هۆی تینوویەتی زۆرەوە نزیک بوو گیانی لە دەست بدا، کاتێک کە خۆر گەیشتە

ناوەڕاستی ئاسمان دیتی کە لاوێکی عەرەب بە سواری بەرەو ڕووی دێت و بانگی کرد و وتی: ئەی دەروێش هەستە، کە لە ئاوەدانییەک نزیک کەوتوویەوە دەروێش ئاماژەی کرد کە هێزی ڕێگاچوونی نەماوە؛ کە وای وت لاوەکە دەستی گرت، کاتێک کە دەستی دەروێش گەیشتە دەستی ئەو لاوە، هەستی بەهێزێکی تەواو کرد، هەستا و چووە ئەوێ. کاتێک کە سوار بوو، چاوی گێڕا و دیتی کە لەولاوە هەتا چاو هەتەر دەکا، چیمەن و گوڵ لەو بیابانە بەدی دەکرێ و خێوەتی بەزێڕچێنراو لەگەڵ کەپری ئەتڵەسی بەستراون، وتی ئەی لاوی عەرەب چ کەس شوێنێکی وەکو ئێرەی لە بیابانی مەککە و نەجەفی ئەشرەف نەدیوە ئەمە چ جێگایەکە و خاوەن ئەم شوێنە سەرنجڕاکێشە کێیە؟ لاوە عەرەبەکە وەڵامی دایەوە کە بەم زووانە دەردەکەوێ و دەروێش لە پێشەوەی ئەوەوە دەڕۆیشت تا گەیشتە بارەگایەک کە گومبەزەکەی شانی لە شانی مانگ و خۆرەتاو دەدا، کاتێک کە چووە ناوەوە گۆشەیەکی بەدی کرد کە هیچ کات وەها شوێنێکی قەت نەدیبوو؛ چەندان کورسیی زێڕین لە تەنیشت یەکەوە دانرابوون و کەسێک لە سەر یەکێکیان دانیشتبوو و دەمامکی لەسەر ڕووی خۆی دانابوو، دەدە محەمەد دەستی لە سەر سینەی دانا و سڵاوێکی کرد و دوعای خێری کرد، بەرانبەرەکەشی وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە و وتی ئەی دەروێش دانیشە و فەرمانی دا خۆراکێکیان بۆ هێنا کە لە هەموو تەمەنیدا وەک ئەوەی نەدیبوو، پاشان ئاوێکی ساردیان هێنا و دەدە محەمەد لەو ئاوەی خواردەوە [بە وێنەی خۆراک و ئاوی جەم] کە هیچ کات ئاوێکی ئاوەهای نەخواردبووەوە. کاتێک کە تێر ئاوی خواردەوە، بەچاوی خۆی دیتی کە چەند کەس کوڕێکیان لەگەڵ خۆ هێنا کە تەمەنی نزیکەی چواردە ساڵان بوو، بە قژێکی سوور و ڕواڵەتێکی سپی و چاوێکی قاوەیی کە تاجێکی سووری لە سەر بوو هاتە ناو و سڵاوی کرد و ڕاوەستا. لاوە دەمامکپۆشەکە وتی: ئەی ئیسماعیل! هەر ئێستا بڕیار دراوە کە بڕۆیتە دەرەوە، وتی: فەرمان فەرمانی حەزرەتە؛ ئەو پاشایە فەرموویان کە وەرە پێشەوە؛ ئەویش چووە پێشەوە. ئەو حەزرەتە ناو قەدی گرت و سێ جار لە جێگای خۆی بەرزی کردەوە و بە دەستی پیرۆزی خۆی ناوقەدی بەست و تاجی لەسەری هەڵگرت و دووبارە لە سەری نا؛ و خەنجەرێکی کوردی لە بەر پشتوێنەکەیدا بوو [پێویستە زیاتر لەم هێمایە رامێنین و هەڵوەستەی لە سەر بکەین.]، ئەو حەزرەتە هەڵی گرت و خستیە بەردەم دەروێش [دەدە محەمەد] وتی

ئەمە بپارێزە بە کەڵکت دێت و ئەو حەزرەتە داوای شمشێرێکی لە نزیکەکانی خۆی کرد و بە دەستی پیرۆزی خۆی لە قەدی بەست و فەرمووی کە ئیزنت دەدەم. فاتیحەیەکیان خوێند و ناوبراوی سپاردە دەس ئەو دوو سێ کەسە، کاتێک ئەولاوەیان برد؛ ئاماژەی بە لاوە سوارە عەرەبەکە کرد فەرمانی پێ دا دەروێش کە بگەیەنێتەوە بەکاروانەکەی؛ کاتێک کە دەدە محەمەد کاروانەکەی دی، وتی ئەی لاو سوێندت دەدەم بە مەزنایەتیی خوا کە ئەو سەروەرە کێ بوو و ئەو لاوە چ کەسێ بوو. وەڵامی دایەوە ئەی دەروێش ئێستاش نەتزانی کە ئەو پادشایە کە دیت حەزرەتی ساحیبوزەمان (د.خ) بوو. لە ڕووی ناچاری خۆی گەیاندەوە بە کاروانەکە و پاشماوەی چیرۆکەکەی دەدە محەمەد ڕۆملوو... بە درێژاییی ڕووداوەکانی٩٠٧دا دێتە بەرباس [مێژووی جەهانگوشای خاقان، لاپەڕەکانی ٤٣ الف هەتا ٤٤ ب، هەر ئەم چیرۆکە بانگەشە خوازانەی موریدانی بنەماڵەی سەفەوی لە عالەم ئارای شا ئیسماعیل، لاپەڕەکانی ٤١ تا ٤٢ و بەڵگەی دەسنووسی زانکۆی کەمبریج بە ژمارە Add200 لاپەڕەکانی ٤٢ ب و ٤٣ الف تۆمار کراوە. لە بەڵگەیەکی دەسنووسدا ـ کە دنیسون ڕایس کەڵکی لێ وەرگرتبوو– هەر ئەم بابەتانە لە لاپەڕەکانی ٣١٣– ٣٠٧ بە دەقاودەق ئاماژەیان پێ کراوە] [دامەرزاندنی دەوڵەتی سەفەوی و... ، دوکتۆر محەمەد کەریم یووسف جەماڵی، لاپەڕەکانی ١٢٣– ١٢٥] [جهانگوشای خاقان، دوکتۆر ئەڵڵا تاموزتەر، ناوەندی توێژینەوەکانی فارسیی ئێران و پاکستان، لاپەڕەی ٨٥].

هەروەها لەمەڕ شرۆڤەی ڕووداوەکانی ساڵی ٩٠٧ی کۆچی مانگی، واتە سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنی شائیسماعیل، لە تەورێزدا: (لەو سەردەمەدا دەدێ (دەدە) محەمەد کە دوو ساڵ پێشتر لەمە لە ڕۆم ئیلی بۆ تەوافی مەککەی مەزن و مەدینە بەڕێ کەوتبوو و ئەو حەزرەتەی لە بیابانی مەککە دیبوو لە گۆڕەپانی ساحیب ئابادی تەورێز گەیشتبووە خزمەت شای مەزن و ئیزنی چوونە خزمەتی وەرگرتبوو، ڕووداوەکان هەروەک پێشتر بەدرێژاییی ڕووداوەکانی ساڵی ٩٠٥ شای خاوەن شکۆ ویستی لە لاهیجان بڕوا، تۆمارکرا، دەدێ محەمەد فەرمووی کە خەنجەری کوردیی بەر پشتوێنی ئەو حەزرەتە کە لەو شوێنە پیرۆزە سپێردرابوو، وێڕای ئەمانەتەکەی بابا حەسەن تەکەئیلی پێشکێشی شای خاوەن شکۆی کردووە و خەڵاتی وەرگرتووە و بە پێی داواکاری دەدێ محەمەد بەو

پێشکێش کراوه و ئەسپێکی چاک و برێک پارەش بەو دراوه و ئیزنی چوونی پێ دراوه). [جەهانگوشای خاقان (مێژووی شا ئیسماعیل)، لاپەڕەی ١٥٥– ١٥٤].

١ـ بەراوردکردنی، ئەم چیرۆکە زارەکی و مەعنەوییە لەڕووی پێکهاتەییەوە، لەگەڵ چاوپێکەوتنی باتینیی شا محەمەد بەگ (دەدێ محەمەد) لەگەڵ شا ئیسماعیل لە سەفەری مەککە، وێرای چیرۆکی زارەکی و مەعنەویی چاوپێکەوتنی باتنیی سەید عیسا بەرزنجی (شێخ عیسا) لەگەڵ سوڵتان ئسحاق لە سەفەری مەککە و مزگێنیی ئاشکرابوونی زاتی ئەوان لە کاتێکی دیاریکراودا، بە سەرنجدان بەوەی کە بەسەرهات و ئاسەواری دووروودرێژی شێخ عیسا بەرزنجی و شا محەمەد بەگ هیچ کامەیان لە دەقە بڵاوکراوەکان و دەسنووسەکانی ئالی حەق هەروەک کە ڕێبەرانی تری ئالی حەق کراوه، نەهاتوون، بەڵام لە (تذکرة اعلی) کە بە هەوڵ و کۆششی خوالێخوشبوو ئیوانۆف لە وڵاتی هیند چاپ کراوه، فەسڵێک بۆ سەردەمی محەمەد بەگ تەرخان کراوه و بەسەرهاتی شێخ عیساش بەشێوەی سەرەتایی لە سەرچاوەگەلی چاپکراوه لە ئێراندا ئاماژەی پێکراوه کە خاڵە هاوبەشەکانیان ئەمانەن (؟!!) ئەلف: خەنجەری بەرپشتوێنی کوردی ب: هاوڕێیانی شا محەمەد بەگ کە سێ کەس بوون. ج: بەستنی ناوقەدی شا ئیسماعیل بە دەستی ئیمامی زەمان و سپاردنی خەنجەری کوردیی ناوبراو بە شا محەمەد بەگ کە لە کاتی بە دەسەلات گەیشتن دەیسپێرێتە شا ئیسماعیل، هەموویان لە خاڵە هاوبەش و نیشانە سمبۆلیکەکانی ئەم دوو ڕەوایەتە ئاینیە قسە دەکەن و بەم شێوەیە بنەماڵەی ئاتەش بەگی، بوون بە مزگێنیدەرانی چیرۆکە باتنی سەفەویە و دەسەڵاتی شا ئیسماعیل کە زۆرێک لە بنەماڵە عەلەوییە توندڕەوەکانیان بە شێوەگەلی جۆربەجۆر لە مەترسیی سەرکوتکردن و لە ناوچوون دەرباز کرد و بوون بە بەردی بناغەی هاوپەیمانی ناوبراو (عەلەوی= ئەهلی حەق، سەفەوی، موشەعشەعی، نوور بەخشی) کە ئاماژە دەکەینە هەوڵەکانی ئەوان لە هیند و ئەفغانستان. هەروەها لە (تذکرة اعلی)، لە شا ئیسماعیل وەکو زاتی عەلی قەلەندەر ناو براوه...

سەیری [تذکرة اعلی، لاپەڕی ١٩٥] ئێستا بۆ سەلماندنی هەر چی زیاتری ئەوەی کە باسمان کرد و چالاکییەکانی ڕێبەرانی عەلەوی = (ئالی حەق) کە بیرۆکەی شۆڕشگێرانەی سەفەویەیان بۆ ناو سنوورەکانی عوسمانی دەنارد، چاوێک

دەخشێنین بەسەر نووسراوەکانی مێژوونووسانی تورک زمان.

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی لە مێژووی عوسمانیدا دەنووسێت:... لە نیشتمانی ئانادۆڵی واتە وڵاتی عوسمانییەکان ژمارەیەکی زۆر لە عەلەوییەکان دەژیان و هەر لە کۆنەوە لە نێوان ئەوان و سۆفییەکانی ئەردەبێڵ پێوەندییەکی پتەو هەبوو... شا ئیسماعیل (٩٠٧ـ٩٣٠ کۆچی مانگی) بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری عەلەوییەکانی ئانادۆڵی بۆ لای خۆی، پیاوانی خۆی بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەو ناوچەیە نارد. بەم جۆرە بەشێوەیەکی شاراوە سەرهەڵدانێکی بەرینی دژی عوسمانییەکان بەڕێ خست. هەندێ هۆکاریش هەبوو کە چالاکییەکانی شا ئیسماعیلی ئاسان دەکرد و لاوازبوونی سوڵتانی عوسمانی، کەمتەرخەمی و ناشارەزایی وەزیرەکان و هەروەها ململانێی دەسەڵات لەناو وەزیرەکاندا لەو فاکتەرانە بوون، بەتایبەت کاتێک کە کێبەرکێ لە نێوان شازادەکانی عوسمانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی پەرەی سەند، شا ئیسماعیل، بەکەڵکوەرگرتن لەم بارودۆخە نوورعەلی خەلیفەی خەڵکی ڕۆمیە (ڕۆم= ئانادۆڵ) نارد بۆ ئەوێ. ئەو کاتێک کە گەیشتە ناوچەی قۆیلوو حەسار، نزیک بە سێ چوار هەزار کەس لە عەلەوییەکانی ئەو ناوچەیە لە دەوری کۆ بوونەوە. ئەو شکستی بەهێزێکی چەند هەزار کەسی لە عوسمانییەکان بە فەرماندەیی فایەق بەگ (پاشا) هێنا و تۆقاتی داگیر کرد و بە ناوی شا ئیسماعیل خوتبەی خوێندەوە و هێزێکی پۆشتە و پەرداخی لە هۆزەکانی ئەفشار، وارساق، قەرامانلوو، تۆرگوتلوو، بۆزاوقلوو، تەکەلی و حەمیدالی کۆ کردەوە و دەستی دایە چالاکی. هەروەها یۆلار ـ قستی ئەحمەد پاشا کە بە فەرمانی شازادە ئەحمەد، والیی ئاسیا هێرشی کردە سەر ئەوان، شکستی خوارد. بەڵام پاش ماوەیەک، بە دوای دەسەڵات گەیشتنی یاوز سوڵتان سەلیم، ناوبراو، کۆتایی هێنا بەم بارودۆخە مەترسیدارە، [مێژووی عوسمانی، بەرگی دووەم، لاپەڕەکانی ٢٥٨ـ٢٥٧]

شاە قولی بابا تەکەلی (خەڵکی تەکە)، و یان قزڵباشێک کە بە قەرابیق ئوغڵی و بە وتەی عوسمانییەکان (... قولی) ناو دەبرێت، کوڕی کەسێکە بە ناوی حەسەن خەلیفە، لە خەلیفەکانی عەلەویی شێخ حەیدەر، باوکی شا ئیسماعیل و لە دانیشتووانی گوندی یالملی سەر بە ناوچەی (قەزای) قورقودایلی بوو. حەسەن خەلیفە دووجار گەیشتە خزمەتی شێخ حەیدەر باوکی شائیسماعیل. شێخ

حـەیدەریش نـاوبراوی وەکـو خـەلیـفـە بۆ مـەڵبـەندی تەکـەئیلـی نارد و ئەرکـەکـەی کۆکردنەوەی خەڵک بوو لە دەوری شێخ حەیدەردا.

هەم حـەسـەن خـەلیفـە و هەمـیش کـوڕەکەی واتا شـاه قـولی، لە ئەشـکەوتێک لە نزیکییەکانی گوندی خۆیان هەڵکەوتوو لە دەوروبەری ئەنتالیا خەریکی خواپەرستی بـوون و نـاوبـانـگێکـی زۆریـان بـە دەست هـێنا. تـەنـانـەت نـاوبـانـگـی دوورەپەرێزی و ڕەوشت بەرزیی ئەوان گەیشـتە گوێی سـوڵتان بایەزیدیش. هەرساڵە شـەش، حەوت هـەزار ئاقـچـە لەبەر دوعـای خـێرکردن بۆ سـوڵـتـان بۆی دەنێردرا. بەم جـۆرە، پاش ئەوەی کە قـەرابیق لە ڕێگای تێکـۆشـانێکی بەردەوامـەوە لایەنگری زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە، شـا ئیسمـاعیل لە ڕێگای ئەوەوە (شاقـولی) لە ئانادۆڵی ڕۆژئاوا، ڕۆم ئیلی، لە نـاوچەکانی سـێرز، سـلانیک، زاگارای یەنیـجـە، فـیلیبـە، سـۆفـیـیـە و ناوچەکانی تر ـ لە ڕێگای خەلیفەکانییەوە، خەڵکی بـۆ بەستنی پەیمان بانگهێشت دەکرد. شـاقولی بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکیی نێوان شـازادەکان و کەمتـەرخەمی و ناشـارەزاییـی داو و دەزگا دەوڵەتییـەکان ڕاپەڕی. دە هـەزار کـەس لە ژێر فەرمـانیدا بوون و خـەزانەی شـاهزادە قۆرقـۆد کە لەو سـەردەمـەدا لە ئەنتالیاوە بۆ مـانیسا دەگـەڕایەوە بە تالان برا و پاش ئـەوەی کە برێکی زۆر پارە کـەوتە دەسـتـی، لە ژێر ناوی خـەلیـفـەی شـا ئیـسمـاعیل،... هێـرشـی کردە سـەر ئەو ناوچانە و پەلامـاری ئەنـتـالیـای دا و قـازیی ئەو شـارەی کـوشـت. پاشـان هـێـرشـی کـردە سـەر شـارۆچکەکـانی قزڵجـەکایا (قـایا)، ئیسـتـانووس، ئاڵمـالی، بۆردور، کـچی بورلی و قازی و بەشێک لە جەماوەری ئەو شارەی کوشت و گەیشتە دەوروبەری کووتاهیە. یەکـەمین ئامـانجـی ناوبراو، داگیـرکردنـی ناوچەکـانی قـەرامـان بوو. قـەراگـوزلوو ئەحـمـەد پاشـابیگلەر بەگی ئاناتولی، کـرایە مـەئمـووری سـەرکوتکردنی ئەوان. قەراگوزلوو پاشا کە خـاوەن ئەزموونێکی وەها نەبوو بایەخێکی ئەوتۆی بەوان نەدا و بەهێـزێکـی زۆر کـەم بەڕێ کـەوت. سـەرەڕای ئەوەی کـە لە سـەرەتادا شـکسـتـی بە وان هێنا؛ بەڵام پاشـان خـۆی شکسـتی خوارد و بەدیل گیرا. شا قولی، کووتاهیەی گـەمـارۆ دا و ئەحـمـەد پاشـای لە بـەرانبـەر قـەڵای ئەو شـار دەدا کـوشت، بەڵام نەیتـوانی قـەڵاکـە داگیـر بکات (٢٣ مـوحـەڕەم ٩١٧ کـۆچی مـانگی: ٢٢ی نیسانی١٥٢٢ی زاینی).

شـاهزادە قـۆرقـۆد، فـەرمـانڕەوای مـانیـسـا، هەواڵی ئەم ڕووداوەی گـەیـاندە

دەسـەڵاتی ناوەندی. وەزیری یەکـەم، خـادم عـەلی پاشـا، شـازادە ئەحـمـەد، فـەرمـانڕەوای ئاماسـیـە، عـوسـمـانـی کـوڕی شـاهـزادە ئەحـمـەد و مـحـەمـەد کـوڕی شـاهزادە شـەهەنشـا، سـەنجـەق بەگ بیـشـەهـر (بیگ شـەهـر یان ((نیدە)) کـرانە بەرپرسی سـەرکوتکردنی ئەوان، هێزەکانی شاقولی پاش کوشـتنی حەیدەر پاشـا، بیگلەربەگی قەرامان، بەرەو باکور ڕێگایان گرتەبەر. چەندان کەس لە شاهزادەکان کە بەرپرسی شـەڕ بوون، لە ناوچەی ئاڵتۆنـتاش (هـەڵکەوتوو لە کووتاهیـە)، وێڕای ئەحمەد پاشا یاخییەکانیان لە شـوێنێکی شاخاویی سـەخت و ئەستەم گەمارۆ دا. شـاهـزادە ئەحـمـەد، لە جیـاتی سـەرکوتکردنی یاخـیـیـەکـان، وتی کـە «دەسـەڵاتی پادشـایی گەیشـتووە بە من». بەم جۆرە ئەحمەد پاشـا و یەنی چەرییەکانی هاوڕێ لەگەڵ ناوبراو بۆ پەیمان بەستن لەگەڵ خۆیدا بانگهێشت کرد کە قبوڵ نەکرا. لەم ناوەدا، شـۆڕشگێـڕەکـان بە دۆزینـەوەی ڕێگایەک خـۆیان لە گـەمـارۆ دەرباز کـرد. عەلی پاشا بە بێ فیرۆدانی کات کرایە بەرپرسی ڕاونانیـان بەڵام شازادە ئەحمەد گەڕایەوە بۆ سەنجـەقی خۆی. ئەم کەمتەرخـەمی نواندن و کۆتاییکردنە، بوو بەهۆی نارەزایەتی و تووڕەیی هێزەکانی یەنی چەری. خادم عەلی پاشا (وەزیری یەکەم) لە ناوچەی چۆپاق ئۆڤا گەیشتە هێزەکانی شاهقولی و شەڕ لە نێوان هەردوو لایەن لە ناوچەی گەدیک خـانی ڕووی دا. لەشکری خاوەن زەویوزارەکـان (تیول) و بەهـۆی ناکۆکیی نێوانیان وازیان لە شـەڕ هێنا و پرژوبڵاو بوون، عەلی پاشـا هـەوڵی زۆری دا تا بـەڵکو سـەرکـەوێ، بەڵام هـەوڵەکـەی بێ ئـەنجـام بـوو. لەم ناوەدا شـا قـولی تیرێکی بەرکەوت و کوژرا و ئاڵۆزی لە نێوان قزڵباشەکان هاتە ئاراوە. خادم عەلی پاشـا تاو گیـربـوو و بە سـواری ئەسـپـەکەی بـەرەو پێش بەزی، ناوبراو. ئەو کـە لە هێزە سەرەکییەکان بە جێ مابوو، لە لایەن پیاوانی (شاقولی)یەوە گەمارۆ درا و بە زەبری تیرێک کوژرا. (ڕەبیعول ئاخەری ٩١٧ی کۆچی مانگی= ٢ی تەمووزی ١٥١١ زاینی) هـێـزەکـانی عـوسـمـانی کـە سـەرکـەوتنیـان بە دەست هـێنابوو لـەبەر بێ فـەرماندەیی خـۆیان لە بەرەو پێشـچوون پـاراست و پاشمـاوەی هێزەکانی شاقـولی بەرەو لای ئێـران پاشـەکـشـەیان کـرد. [حکوومـەتی عـوسـمـانی پاش ڕووداوی شـاقولی، ئەو قـزڵباشـانەی کە لە دەوروبەری ئێسپارتا و ئەنتاليا بەدیل گیـرابوون دووری خستنەوە بۆ دەوروبەری مۆدۆن و کورن هەڵکەوتوو لە مۆرە کۆچ].

[پاشمـاوەی ئوردووی شاقولی کـە بەرەو ئێران گەڕانەوە] لە نێـزیکی ئەرزەنجان،

هێرشیان کرده سەر کاروانێکی پێنجسەد کەسی لە بازرگانان کە لە تەورێزەوە بەرەو ئانادۆڵ دەچوون و هەموویان کوشتن، هەر لە بەر ئەمە شا ئیسماعیل کە گرینگی و بایەخێکی زۆری بە کار و پیشەی بازرگانی دەدا، ڕێبەرانی ئەوانی [شۆڕشگێرانی لایەنگری خۆی؟!] کوشت (٩١٧ی ک.م = ١٥١١ز) (؟!) [هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٦٠ـ ٢٥٨ [و لە جێگایەکی تردا ئاماژەی پێ کردووە (... نوور خەلیفە، لە خەلیفەکانی (بانگەشەچییانی) شا ئیسماعیل بە یارمەتیی موریدەکانی لە ئانادۆڵی چالاکیی دەنواند؛ و عەلەوییەکانی دانیشتووی سیواس، تۆقات، ئاماسیا و چۆرۆمی لە ژێر ناوی شا ئیسماعیل بۆ یەکیەتی و یەکگرتن بانگهێشت دەکرد. هەروەها شاقولی کوڕی حەسەن خەلیفە کە لە عەلەوییەکانی ئانادۆڵی و لە خەلیفەکانی شێخ حەیدەر باوکی شا ئیسماعیل بوو بە ناوی شا ئیسماعیل لە ناوچەی ئەنتالیا و دەوروبەرەکانی چالاکیی دەنواند، ئەو چالاکییەکانی خۆی لە ڕێگای موریدەکانی خۆیەوە بەرەو ڕۆم ئیلی پەرە دەدا (٩١٥ ک.م/ ١٥٠٩ ز)

شا ئیسماعیل سەردەمێک بەشێوەی شاراوە چالاکی دەکرد. چالاکییەکانی خەلیفە شاقولییش لە ساڵی ١٥٠٩ لە ناوچەی سەنجەقی ئەنتالیا لە ئانادۆڵی ڕۆژئاوا، پەرەیان سەندبوو. شا ئیسماعیل پیاوانی خۆی خزاندبووە نێو گرووپەکانی لایەنگری هەندێک لەو شازادانەوە کە لە ویلایەتەکاندا بوون و هەروەها خەریکی نامە گۆڕینەوەش بوو لەگەڵ شازادەکاندا.

کوڕی حەسەن خەلیفە لە سەرچاوە مێژوویییەکاندا بەناوی شا قولی ناوبراوە (ڕوون نییە کە ناوەکەی چی بووە). خەڵکی گوندی یالینلی سەر بە ناوچەی قۆرقۆدئیلی بوو.

ناوبراو لە ئەشکەوتێکدا لە نزیکی گوندەکەی خۆی ژیانی بە سەر دەبرد و خەریکی خواپەرستی بوو و لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەهاتن بۆ دیتنی، وەکو «وەلی» ناوبانگی دەرکرد. تەنانەت سوڵتان بایەزیدی دووەمیش پارەی بۆی دەنارد. شا قولی، کە بەم جۆرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەگەڵ ناوبانگی دەردەکرد. بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجە شاراوەکانی خۆی چاوەڕوانی هەل و دەرفەتێکی لەبار بوو. ڕاسپاردنی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بە وەزیرەکان لە لایەن سوڵتان بایەزید

و وازهێنانی له دهسهڵات و هۆگرایهتیی کوڕهکانی بۆ گهیشتن به دهسهڵات ورەی دایەبەر (شاقولی). شاهزاده قۆرقۆد، سەنجەق بەگی ئەنتالیا بە نیازەکەی زانی و سەرەڕای ئەوەی کە هێزێک لە ژێر فەرماندەییی یەکێک لە پیاوەکانی بەناوی سۆباشی حەسەن ئاغا، لەشکری شاقولیی پرژو بڵاو کرد، بەڵام بۆ خۆی توانی هەڵبێت و بەم جۆرە نیازەکەی شاقولی لە لایەن پیاوەکانیەوە کە بەدیل گیرابوون، ئاشکرا بوو.

شاقولی پاش هەڵاتن، وێڕای چوارسەد تا پێنسەد کەس لە هاوڕێیەکانی ڕووی لە گەلیی (یەنی جە) کرد و یاخیبوونی بەرپا کرد. ئەو قازی و فەرمانڕەوایانە کە بەدەستی ئەو بە دیل دەگیران، دەکوژران و کاروانێک پێکهاتوو لە پیاوانی شازادە قـۆرقـۆد کـە بەرەو مـانیـسـا دەڕۆیشت لە لایەن ئەوانەوە تاڵان کـرا. پاش پێوەستبوونی هێزەکانی خاوەن زەوییەکان بە شاقولی، کە لە راستیدا بۆ بەرەنگار بوونەوەی ناوبراو هاتبوون هێزەکانی حکوومەت شکستیان هێنا و شاقولی ڕووی لە ئەنتالیا کرد و ئەو شوێنەی گەمارۆ دا.

ئەم ڕووداوە کە دەسەڵاتی ناوەندی وەکو سەرهەڵدانێکی ناوچەیی سەیری دەکرد گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نەدرا و لە ئاکامدا پەرەی سەند و ئازایەتیی شا قولی زیاتر کرد و ناوچەکانی دەوروبەری بوردور، کیجی بۆرلی، ئیستانووس (قۆرقۆد ئیلی)، ئێسپارتا، گوڵ حەسار و سەندوق لێ، کەوتنە بەر تاڵان و کوشتاری هێزەکانی شاقولی ئەوان، سەرەڕای ئەوەی کە قەراگوز ئەحمەد پاشا، فەرمانداری ئانادۆڵی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزانە هاتبوو، بەڵام لە نزیکی کووتاهیە، شکستی هێنا و کوژرا و لە لایەن شاقولییەوە لە چوارمێخە کێشرا (٢٣ موحەڕەمی ٩١٧= ٢٢ی نیسانی ١٥١١).

شـاقـولی پاش ئەوە بەرەو بۆرسـا کـەوتـە ڕێ. چونکە حـەسـەن ئاغـا کـە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناردرابوو، شکستی خوارد و کوژرا، نیگەرانی لە بۆرسا پەرەی سەند و شازادە قۆرقۆد قەڵای مانیسا. بە دوای نامەکەی قازیی بۆرسەدا بۆ ئیستانبۆل، کە تێیدا نووسرابوو، ئەگەر هات و هەتا دوو ڕۆژی تر هێزی یارمەتیدەر نەگەیشتە بۆرسا، بارودۆخەکە لەمەی کە هەیە خراپتر دەبێت بەم جۆرە دەسەڵاتی ناوەندی وەخۆ کەوت و خادم عەلی پاشای وەزیری یەکەمی کردە

بەرپرسی سەرکوتکردنی یاخییەکان.

شاقولی کە لە هاتنی خادم عەلی پاشا وێڕای هێزەکانی یەنی چەری ئاگادار بووبووەوە، ناچار بە پاشەکشێ بوو، بەڵام لە لایەن وەزیری یەکەمەوە شوێنەکەی هەڵگیرا. لە شەڕێکدا کە لە ناوچەی چۆبۆق چایی و یان-گوگ چایی لە نزیکی سیواس ڕووی دا، خادم عەلی پاشا (وەزیری یەکەم) کوژرا و لە شاقولییش کە شکستی خواردبوو کەس سۆراخی نەدەزانی (ڕەبیعولئەوەڵی ٩١٧/ تەمووزی ١٥١١).

شازادە سەلیم، والیی ترابزون، سەرەڕای ئەوەی کە چالاکییەکانی شا ئیسماعیلی لە ئانادۆڵی، ڕووداوی شاقولی و بزووتنەوەی جارنەجاری عەلەوییەکانی بەوردی چاوەدێری کردبوو، لە خراپتربوونی بارودۆخەکە و پێوەندیی هەندێک لە شازادەکانی لەگەڵ شا ئیسماعیل؛ و تاج لە سەردانانی برازاکەی، واتە موراد کوڕی شازادە ئەحمەد بە دەستی خەلیفەی شا ئیسماعیل ئاگادار کرایەوە و چاوەدێریی ئاکامەکانی ئەم بارودۆخەی دەکرد، دانیشتنی سەلیم لەسەر تەختی سەڵتەنەت بووە بەهۆی ئەوە کە سوڵتان {شاهزادە}؛ ئەحمەد و کوڕەکەی موراد، سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی عەلەوییەکان بەدەستەوە بگرن و لە ئاکامدا کارەساتە تاڵەکانی دەوروبەری تۆقات چۆرۆم و سیواس بقەومێن. یاوز سوڵتان سەلیم، پاش ئەوەی کە بە درێژایی دووساڵ، ئاژاوەی شازادەکانی چارەسەر کرد، خۆی ئامادەی شەڕ لەگەڵ ئێران کرد. عەلەوییەکان (قزڵباشەکانی ژێردەسەڵات و ئیدارەی عوسمانییەکان، لە سۆنگەی هاندانە شاراوەکانی شا ئیسماعیل لە ئانادۆڵی بە دەم بانگەوازەکەی ناوبراوەوە هاتن کە ڕووداوی شاقولی نیشاندەری ئەوە بوو. بۆیە، سەرهەڵدانە جارناجارەکانی عەلەوییەکان لە ناوخۆی وڵات، هاوکات لەگەڵ شەڕی شا ئیسماعیل لەگەڵ عوسمانییەکان دەیتوانی ببێتە هۆی مەترسی و ئاژاوەیەکی مەزن بۆ دەوڵەتی عوسمانی. بەم جۆرە بە دوای ئەو فەرمانانەی کە بۆ سەنجەق بەگەکان و بیگلەربەگەکانی ئانادۆڵی نێردرا، ئەوان دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لیستەیەک لە لایەنگرانی شا ئیسماعیل و ئەو کەسانەی کە گومان دەکرا سەرهەڵدەدەن لە دەفتەرێکدا تۆمار کرا. نزیکەی چل هەزار کەس کە بە مەترسیدار و تێکدەر دانرابوون کوژران و یان خرانە بەندیخانە. پاش ئەوە، سوڵتان سەلیم، بەرپرسێک کە لە لایەن شا

ئیسماعیلەوە هاتبوو و بۆ ئانادۆڵ لە ژێر ناوی خەلیفەی ناوبراو دەستی بە [کۆکردنەوەی زانیاری] دەکرد و هەمیش خەڵکی بۆ بەستنی پەیمان لەگەڵ شا ئیسماعیل بانگهێشت دەکرد لە زیندان ئازاد کرد و نامەیەکی بە زمانی فارسی دایە دەستی لە ژێر ناوی «... وەرە بۆ ئێرە و ئەوەی دیتووتە، بیگێڕەوە بۆمان»، و لە ڕێگای ئەوەوە بۆ شا ئیسماعیلی نارد [مێژووی عوسمانی، پرۆفێسۆر ئیسماعیل حەقی، ئوزۆن چارلی، وەرگێڕانی وەهاب وەلی، لاپەڕەکانی ٢٩٤-٢٩٢].

لە ڕاپۆرتی مێژوونووسە تورکەکانیشدا هەندێ شتی دژبەیەک سەبارەت بە سەرهەڵدان و بەسەرهاتی شاوەیس قولی بەرچاو دەکەوێت، بۆ وێنە کە لە سەرەتاوە ناوبراو لەگەڵ باوکی وەک بانگخوازانی نێردراو لە لایەن شائیسماعیلەوە، دەناسێن و لەلایەکی ترەوە ناوبراو بەخەڵکی ناوچەکە ناودەبەن، لە جێگایەکدا باسی مردنی دەکەن و لە شوێنێکی تردا هاتووە کە (لە شاقولییش کە شکستی خواردبوو، هیچ هەواڵێک نەزانرا) و سەرەڕای ئەوەی کە ئەوی بە ناوی خۆی و ناوی باوکی ناساندووە، بەڵام بەو حاڵەش دەنووسێت: (روون نییە ناوەکەی چی بووە)!؟

سەرهەڵدانی عەلەوییەکان لە ناوچەی ئانادۆڵدا تەنیا لە سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنی سەفەوییە نەبووە، بەڵکو هاوکات لەگەڵ بەدیارکەوتنی سەید محەمەد زاهید (پیرخزری شاهۆ) هاوڕێ لەگەڵ سەید بابا عەلیی هەمەدانی و هاتنی لە خوراسان بۆ مەڵبەندی ڕۆئاوا و داوێنەکانی زاگرۆس، لە سەردەمی سەلجووقییەکانی ئانادۆڵی و لە سەردەمی غەیاسەدین کەیخوسرەوی دووەم سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی ئانادۆڵی ناوەندی، دەوروبەری سیواس، ئاماسیە، تۆقات، چۆرۆم و مەڵاتیە بەسەرکردایەتیی ئیسحاق بابا کە [ئەویش لە خوراسانەوە رووی کردبووە ئانادۆڵ] دەستی پێ کرد؛ هەروەها دواتریش، هەندێ ڕووداوی خوێنین، وەکو سەرهەڵدانی عەلەوییەکان کە بەدرەدین مەحموود کوڕی قازیی سێماونا لە باڵکان، رووم ئیلی و ئانادۆڵی ڕۆئاوا پێکی هێنا، رووی دا.

[تاریخ عثمان، ص ٢٩١] ئەم چەشنە ڕووداوە بەڵگەمەندانە سەبارەت بە سەرهەڵدان و شۆڕشی شاوەیس قولی و شەهیدبوونی و مزگێنی بە دەسەڵات

گەیشتنی شا محەمەد بەگ لە باسە مێژووییەکان و چیرۆکە سیمبولێکە عیرفانییەکانی (تذکرة اعلی) بەم جۆرە هاتوە کە: (محەمەد بەگ مزگێنی ئەوەی بە یارەکانی خۆی دا کە لە سەر ئەرک و خزمەتکردنی خۆتان بمێننەوە کە پاش ماوەیەکی تر دەگەڕێمەوە و پاش [ئەوە] بەرەو ڕۆم [عوسمانی] بەڕێ کەوت کە بە قاپی بەناوبانگە و لە دۆن قرمزی [شاقولی= شاوەیس قولی] بەڵێنی دابوو، و لە سەر بەڵێنەکەی خۆی ڕاوەستا و لە ڕۆم ناوی حاجی بەکتاش وەلیی لە خۆی نا و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەو شوێنە مایەوە و پاش حەوت ساڵ بە یارانی چاوەڕوان و خزمەتکارەکانی ڕاگەیاند کە لە سەر کار و خزمەتکردنی خۆتان بمێنن... [تذکرة اعلی، لاپەڕەی ١٢٤].

هەروەها دووبارە لە باسی سەبارەت بە جامەی حەوتەم؛ هاتنی پاشای جیهان... حەسەن خەلیفە و کوڕەکەی بەشێوەیەکی شاعیرانە و عیرفانی لە (تذکرة اعلی) بەم جۆرە هاتووە: (... و ماوەیەک تێ پەڕی کە مزگێنی ئەوەی بە خەڵکی ڕۆم [عوسمانی] دابوو، ئەوان چەند کەس بوون بە شوێن پاشای عالەمدا دەگەڕان و لە ئاجری [ڕووبارێکە لە باشووری چیای سەبەلان هەڵدەقوڵێ و پاش تێپەڕبوونی بە شاری تەورێزدا دەڕژێتە ناو دەریاچەی ئوورومیە و ئێستاکە پێی دەڵێن تەڵخەروود] چاویان بە شای جیهان کەوت و کڕنۆشیان بۆ برد و گەڕانەوە و ڕۆیشتن بۆ ناوچەکەی خۆیان و مزگێنییان بە خەڵکی ڕۆم دا و لە ناو ئەواندا کەسێک بوو بە ناوی حەسەن کە کوڕێکی هەبوو و بێجگە لەو ئیتر منداڵی کوڕ و کچی نەبوو، چەند ڕۆژێک بوو کە کۆچی دوایی کردبوو، دایک و باب و خزمەکانی ئەو کوڕە چوونە سەر گۆڕەکەی و هەڵیان کەند و تەرمی کوڕەکەیان هێنایە دەرەوە و بردیان لە ئاجری گەیشتنە خزمەت پاشای عالەم و زیارەتیان کرد و ڕایان گەیاند ئەی شای مەزن دەمانەوێ مردووەکەمان بۆ زیندوو بکەیتەوە و زۆر قوربانی و نەزریان لەگەڵ خۆ هێنابوو و پادشای جیهان لە سەر بەردێک دانیشتبوو و... ) [تذکرة اعلی، لاپەڕەی ١٣٢] و قسەکانی تر و دەستەواژە تورکییەکان لە (تذکرة اعلی) هەر لەم کاتەوە پەرەی سەند و کارتێکەری هەبوو و کاریگەریی داناوە و پێگەی بزووتنەوە بۆ ئازەربایجان و پاشان بۆ خوراسان و سەرلەنوێ بۆ ئازەربایجان و کرماشان دەگوازرێتەوە هەروەک محەمەد بەگ لە موژدەکەی سەبارەت بە هاتنی ئاتەش بەگ، کە خۆی بەمەئموورییەت لە ڕۆمەوە بۆ خوراسان

ڕۆیشت و پاشـان هاته لوڕسـتـان، دەڵێت... ئاگرێک پێ دەنێـتـە نـاو جیـهـان و لە گوندی قاسم قولی نیشتەجێ دەبێت و دەبێتە ئاگری جیهان:

ئاغا چە دەڕوو[1]
شەهوار ئەزەڵەن ئاماچە دەڕوو
چراغ جاهەن تا ڕۆ مەکرۆ
هەرکەس شەکبارە وڵکەش مەبرۆو
مێو چە هەردە
نەخچیر دانم مەێو چە هەردە
چە دەست ئەوەن زەندە و مەردە
چە دوون ئاتەش مەخێزۆ و چەپەردە

بەڵێنی بە یارانی دا؛ وەرن بۆ [گوندی قـاسم قولی] و تەشـریفی بۆ ئاجیر برد و قسـەی کرد، ڕۆژێک دوازدە کەس لە خەلیفەکان لە لوڕستـانەوە گەیشـتنە خزمـەتی محەمـەد بەگ، تا ئەوەی کە گەیشتنە کەناری ڕووباری ئاجیـری... (چوار جەسـەد (تەرم) پێـیـان گـوت): ئەوەی شـاراوەیە لێـمـان، بۆمـان ئاشکرا بکە، تابزانین دواڕۆژمان چییە و پاشای عالەم فەرمووی بە دوای ئێمەدا خان ئاتەش دێت و پاش ئەویش ئیمام قولی دێت و پاش ئەویش سەرخۆش و پاش ئەویش سوڵتان مەحموود و پاش ئەویش، مـیـرزا عەبـاس بەگ و پاش ئەو مـیـرزا نیـزام و بەدوای ئـەودا ئاغا میرزا دێن کە ئێمە ئەوانین و ئەوان ئێمە. [ناوەندی ئەم زنجیرە بنەماڵەیە کە ناوی هـات، هـەمان دروودی فـەرامانی پێشووە کە باسمان کرد]. و جەوزی شـوکرانەی و لە سـەرجەوز دانا و فـەرمووی کە لەو کاتەدا بەر لە هەمـوو نەتەوەکان ئێوە هەواڵی ئاشکرابوونی (خـاوەن کـار)ی دەزانن و ئەگەر کەسێک باوەڕی بەم کەلام نـەهێنییـە نەبێت، مـەرجـەکەی بینـامین نایگرێتـەوە. [تذکرة اعلی، لاپەڕەی ٥٣] بەکـورتی لە سـەردەمی مێژوویی شاوەیس قـولی و محـەمـەد بەگ لەگەڵ گەیشتنی خـان ئاتەش بەدەسەڵات کە وەک پاشای میران بوو، گەیشتە لووتکەی خۆی و قۆناغێکی نوێ لە هاوپەیمانـەتیی (ئەهلی حـەق، نووربەخـشـی ، سـەفـەوی و مـوشـەعـشـەعی) بە پێی

[1] دەڕوو: مـــەبەست دووڕوو فـــەرامـــان ناوەندی بنـەمـــاڵەی دوودە خـــانـەدان لە نزیکی کرماشانە.

یاسای پەردیوەری بەدی هات، پێویستە کە بزانین لە ژیاننامەی مەزن تەنیا و بەشێوەیەکی بەرتەسک بەسەرهات و کەرامات و چیرۆکەکان و ڕووداوەکانی شاوەیس قولیی لە مەڵبەندی سیروان و هەورامان و شاهۆ، کراوە. چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوە بەلێکدانەوەیەکی بەراوردکارانە و مێژوویی دادەنرێ بەسەرهاتی پیاوە مەزنەکان و کەسایەتییەکان نییە لە ناساندنی ئەو دەسەڵاتدارانە کە ناویان برا، خۆ دەپارێزین و بۆ دەرفەتێکی تر دای دەنێین.

## سەردەمی شاتەهماسب و چوونی عەلەوییەکان بۆ هیند و کاریگەرییان لەسەر ئەو وڵاتە ( ٩٣٠- ٩٨٤ی کۆچی مانگی )

شا ئیسماعیل سەفەوی (٩٠٧-٩٣٠ ک. م) پاش گەیشتنی بە پاشایەتی و بەدەستخستنی کاروباری دنیا و بەپێی بیروباوەڕی پێڕەوەکانی، لە سەر تەختی دەسەڵاتی مەعنەوی دانیشت، هەموو هەوڵێکی خۆی خستە گەڕ بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕۆکان لە ژێر فەرمانی قزڵباش و پێوەستکردنی هەمیشەیی بە زنجیرەی سەفەوییەکان کە لە ئاکامدا جارێکی تر بزووتنەوەی عەلەوییە توندرۆکان= (ئالی حەق) لە شارەزوور و مووسڵ و گۆران و پاڵنگان و دالاهۆ و دوڵفان و ئازەربایجان و... لە چوارچێوەی ڕێکخراوگەلی نهێنییدا دەستیان بەکار کرد و هەر جارە لە ژێر ناوی جیاوازەوە بۆ پڕوپاگەندەکردن بە مەبەستی پەرەپێدانی ئاینی خۆیان بە دیار دەکەوتن، هەروا کە پاش سەرکوتکردنیان، موشەعشەعییەکان بوون بە هاوپەیمانی عەلەوییەکانی ئاتەش بەگی و چونکە شائیسماعیل بەشێوەیەکی تاکتیکی ناکۆکی خستە نێوان پێڕەوانی شا محەمەد بەگ (ئاتەشبەگییەکانی دواتر)، ئەگەرچی یەکگرتن و توانای سەربازیی ئەوان بۆ حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی سەفەوییە مەترسیدار نەبوو، بەڵام بوون بە پەناگەیەک بۆ ئەو عەلەوییانە کە لە چنگی مەئمووره مرۆڤکوژەکان تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانی سەفەوی بۆ خوراسان و ئازەربایجان هەڵاتبوون و بە دوای پڕوپاگەندەکردنی خۆیان ئاینی عەلەوییەکانیان لە ئاخێزگەی سەرەکییەکەیدا؛ لە (ماوراء النهر)دا زیندوو کردەوە و لە لایەن ئەو نووربەخشییانەی کە بەوان پێوەست بوون، خۆیان خزاندە ناو پارە زەوی (کیشوەر)ی هیند.

شا تەهماسب (٩٣٠-٩٨٤ ک.م) بەدرێژایی دەسەڵاتی پەنجا و چوار ساڵەی خۆی بە مەبەستی سەرکوتکردنی بزووتنەوە سەرهەڵداوەکان و ڕێگرتن لە

جوولآنەوەگەلی یەک لە دوای یەکی هاوچەشن، هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ لەناوبردنی جوولآنەوە خاوەن هێزەکانی بزووتنەوەی عەلەوییە کوردەکان و بە بیانووی ڕێزلێنان لە بیروڕای زانایان و خاوەن فتواکان دەستی دایە پاکتاوکردنی باوەڕە فیکری و فەلسەفی و مەکتەبییەکانی سەرهەڵداوەکان، ناوبراو لە لایەکەوە مورشیدی تەواو و دەسەلآتداری زنجیرەی سەفەوییە بوو و خۆی بە جێنشینی ئیمام و دانراو لە لایەن وەلیی فەقیهـ دەزانی و تووشی نەخۆشیی وەسواس بووبوو بەشێوەیەک کە زۆربەی ڕۆژەکان هەر لە بەیانی هەتا شەو لە حەمام خۆی دەشۆرد و زۆربەی شتەکانی بە ناپاک دەزانی و لە ئاکامدا بە هۆی ئەم نەخۆشییە درێژخایەنەوە گیانی خۆی لە دەست دا، هۆکاری ڕووچەرخاندنی عەلەوییەکان لە سەفەوییە و بە تایبەت لە شا تەهماسب ئەوە بوو کە بەدرێژایی پەنجا و چەند ساڵ دەسەلآتی خۆیدا سەرەڕای لەبارکردنی بەستێن بۆ هاتنە ناوی نوێنەرانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کە سیاسەتی کۆلونیالیستیی بۆ ئێران و ئێرانییەکانی بەدواوە بوو و بەپێچەوانەی بیروباوەڕی نیشتمانپەرستانەی عەلەوییە توندڕۆکان= (ئالی حەق) بوو و بەپێی نووسینی مێژوونووسان «هیچ کام لە گەورە پیاوان و کاربەدەستانی وڵاتە پارێزراوەکانی ئێران بەتایبەت خوراسان نەبوو کە لەو سەردەمەدا لە دەرباری [شاتەهماسب] بەشێوەیەک لە شێوەکان (وەکوو بارمتە) نەبێت، هەموو ئەو کەسانە بە نامۆیی و بە دوور لە ماڵ و منداڵ لە شاری قەزوین سەرەڕای ئاهـ و حەسرەت و بێ دەسەلآتی، کۆچی دواییان کرد» بە فەرمانی شاتەهماسب (٩٣٠ـ ٩٨٤ ک.م) براکەی خۆیان بە ناوی سام میرزایان لە سێدارە دا و کوشتیان و کوڕەکەشیان لە خەودا خنکاند و کوڕەکەی تری کە لە خەو هەستا بە دەستی ئەوان کوژرا و منداڵەکانی براکەی تریشی بە ناوی ئەلقاس میرزاشیان کوشت و هەموو ئەمانە نیشاندەری دڵڕەقی و بێ بەزەییبوونی بوو بەرانبەر بە خزم و کەسوکارەکانی خۆی کە لە ماوەی چەند خولەک هاوکات لەگەڵ بەدەسەلآت گەیشتنی شاتەهماسب ئەنجام دران.

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە شابۆ کوشتن و ئەشکەنجەدان کەڵکی وەردەگرت بریتی بوو لە: لە قەفەسی ئاسنیندا بەندکردن و بە منارەوە هەڵواسین و ئاگرتێبەردان و سووتاندن، خستنە ناو هۆمە (کووپە) و لە منارەوە خستنە خوارەوە، سووژن بە زماندا کردن، بە زیندوویی پێستگرتنەوە لە شوێنی گشتیدا و پڕکردنی پێست لە

کا و دار تێراکردن، سووتاندنی ڕیش و چەناگە، بەگون هەڵواسین لە منارەوە... ئەم شێوانە تەنانەت بۆ لەناوبردنی زانایان و بلیمەتەکانی ئەو سەردەمە بەکار دەبران، بەشێوەیەک کە کاتێک. مەلا روکنەدین حەکیمی کازروونی پزیشکی زانای شاتەهماسب، لە سەر داخوزایی یەکێک لە وەزیرەکان کچی پادشای بۆ ئەو وەزیرە خوازبینی کردبوو، لە شەوی تاسووعادا فەرمان درا تا بە زیندوویی بیسووتێنن.

ئەم هەڵسوکەوتە درندانەیە هەرچەند بەبیانووی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئاینزای شیعە!؟ بەرێوە دەچوو و عەلەوییەکانیش لە سەرتاسەری ئێران بە ئامانجی گەیشتن بەم مەبەستەوە، پروپاگەندەی سەفەوییەکانیان قبووڵ کردبوو، بەڵام دژایەتییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو ئاکارانە لەگەڵ یاساکان و بایەخە جێباوەڕەکانی مەکتەبی تەشەیوع و پێداگرتنی وەزیری شا لە سەر ئەوە کە هەر شوێنێک کە گیرا، دەبێ خەڵکەکەی بکوژرێن و نابێت جیاوازی لە نێوان شیعە و سوننە و غەیری سەید و بچووک و گەورە و تاوانبار و بێ تاوان دابنرێت و... نیشاندەری ئەم ڕاستییە بوو کە سەفەوییەکانیش هەروەکو هەندێ بنەماڵە کە بە پشتبەستن بە بیروباوەڕی یاخییە شمشێر بەدەستەکان و نیشاندانی بەڕواڵەتی فەلسەفەی مەکتەبە پێشەنگەکان گەیشتنە دەسەڵات، ئامانجێکیان بێجگە لە کۆکردنەوەی هەموو هێزەکان بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە هێڵێکی میراتی و بنەماڵەیی کە بیرێک بێجگە لە کۆکردنەوەی پارەی زۆر لە سنووری دەسەڵات و هێنانە ژێر دەسەڵاتی گرووپەکانی تر بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانیان نەبوو.

مادە هۆشبەرەکان و توتن لەم سەردەمەدا لە ڕێگای دەرباری سەفەوییەوە بە سەرنجدان بەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایانی ئاینی تەنانەت کێشانی توتن و تەماکۆیان حەرام کردبوو و زۆرێک ئاسەوار و نامیلکەی سەربەخۆیان لەم پێوەندییەدا نووسیبوو و زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایانی ئاینی ئیسلام هیچ شک و گومانێکیان لە حەرامبوونی مادە هۆشبەرەکان نەبوو برەوێکی زۆری هەبوو و دەوڵەتی رووسیا کە چاوی تەماعی لە خاکی ئێران بریبوو و زەبری دەستی عەلەوییەکانیان لە ژێر فەرمانی جونەید و حەیدەر و شائیسماعیل لە شەڕی دژی مەسیحییەکان چێشتبوو لە سەردەمی شاتەهماسب هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوچەکانی باکوری قەفقاز و ڕۆهەڵاتی گورجستان دەست پێ کرد و تەنانەت ئەو دەستەیە لە زانایانی مەزنی شیعە کە بەپێچەوانەی خواستەکانی ئەو [شا

تەهماسب] خەریکی پاراستنی ئاین و خواپەرستی بوون کەوتنە بەر ڕق و قینەوە؛ لەوانە «قەتیفی» وەرگرتنی خەڵات و پێشکێشی لە دەسەڵاتداری زاڵم بە ناڕەوا دەزانی، شا تەهماسب خەڵاتێکی تایبەتی پێشکێش کرد و ئەویش قبووڵی نەکرد و وتی: من هیچ پێویستییەکم بەم پێشکێشییانە نییە و خزمەتگوزارانی پاشا بە ناچار ئەویان لۆمە کرد و ئەویش لە وەڵامدا پشتی بە قسەی (شەهیدی یەکەم) بەست کە وەرنەگرتنی خەڵات لە ستەمکار جوامێرییە. ئاکاری ئەو زانایانەشی کە خەڵاتیان لە دەسەڵاتداران وەردەگرت ئیدانە دەکرد. هەندێکی تر لە زانایانیش لەوانە (موحەدیسی بەحرەینی) لایەنی ئەویان گرت و وتیان کە لە پێوەندی لەگەڵ وەرگرتنی خەڵات لە دەسەڵاتداری ستەمکار، لە وتەی نەیارانی ئەودا ئاسەواری هەڵەویژی بە ئاشکرا دیارە. [پێشەکیی جەهانگوشای خاقان، لاپەڕەکانی پێنجەم تا هەشتەم] هاوکات لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی شا تەهماسب (٩٣٠ـ ٩٨٤ ک.م) نووربەخشییەکان لە ئێرانی ناوەندی، ناوچەکانی؛ ڕەی و تاران شمێرانات، وەرامین، قەزوین ، ساوە ، دەماوەند و... لە لووتکەی دەسەڵات و لە بڵاوکردنەوەی ئاینی نووربەخشییەکان لە عەلەوییە توندڕۆکان بەتواناتر بوون و شاقەوامەدینی نووربەخشی نەقیبی عەلەوییە نووربەخشییەکان شکۆیەکی بەتەواو مانای هەبوو، ئەو کە نەوەی قاسمی فەیزبەخش بوو لە کاتی هاتنی لەشکرەکان و شان و شکۆی شا تەهماسبی سەفەوی بۆ شاری ڕەی لە ٩٢٥ی کۆچی مانگی، دەسەڵاتەکەی و هێز و توانای شا تەهماسبی خستبووە مەترسییەوە و بە بیانووی کوژرانی ئومێدی تارانیی شاعیر کە تۆمەتی کوشتنی ناوبراویان دابووە پاڵ موریدەکانی نووربەخشییە، فەرمانی دا تا گڕ لە سیمای شا قەوامەدینی نووربەخش بەردەن و ڕیش و سمێڵی بسووتێنن و دووری بخەنەوە و موریدەکانی پەرتەوازەی کرد (٩٤٣ ک.م) ] مێژووی شیعر و پەخشانی فارسی، سەعید نەفیسی، تاران ١٣٤٤، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٤٤١ ـ توحفەی سامی، ڕاستکردنەوەی؛ وەحید دەستگێردی، لاپەڕەی ١٠١] بە ناچار نووربەخشییەکانیش هەر وەکو موشەعشەعییەکان خۆیان خزاندە ژێر سێبەری عەلەوییە توندڕۆکان و پەنایان بۆ بردن و بە پێوەستبوون بەوان لە ڕێگە نهێنییەکانەوە بەرەو ئازەربایجان و بەتایبەت بۆ خوراسان کەوتنە ڕێ و لە ژێر پشتیوانیکردنی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە سەرکوتکردنی یارانی شاوەیس قولی لە لایەن شائیسماعیلەوە بۆ خوراسان نێردرابوون خۆیان پاراست

و لەم ڕێگایەوە پاش چوونە ناوەوە و هەبوونی کۆچەرە عەلەوییەکان لە داوودەزگای تەیمووریـیـەکـانی هینددا کـە دواتـر قـسـەی لە سـەر دەکـەین، دەسـتـیـان کـرد بە بڵاوکردنەوە و پڕوپاگەندەکردن بۆ ئاینی نووربەخشی عەلەوییە توندڕۆکانی هیند، لـەو ڕووداوانـەی کـــە بـوونـە دەرفـــەت و چوونـە دەرەوەی بـانـگەشـــەکـــەران و دەوروبەرەکـانی عـەلەوییـە توندڕۆکان= (ئـالی حـەق) بۆ وڵاتی هـیند ئەمـە کـە پاش سـەرکەوتنێکی هەمـەلایەنە لە زۆربەی شـوێنەکانی خوراسـانی گەورە کە سنووری ئەفغـانستـانی ئێستـاش دەگرێتـە بەر، عەلەوییـە توندڕەوەکان کە هێشـتا زۆرێک لە لقە سـەربازییەکانی سـەفەوییە واتە (قزڵباش) یان پێک دەهێنا بوون بە مـەئمووری پتەوکردنی پێگەی دەسـەڵاتی هومایوون پادشا لە هیند و ڕەوتی ڕووداوەکان ئاوەها بوو کە؛ هومـایوون پاشا فەرمانڕەوایی تەیمووریی هیند کە پاش باوکی زەهیرەدین بابێر هـاوپەیمـانی پێشـووی شـا ئیسـمـاعیل لە شـەڕ لەگـەڵ ئۆزبەکـەکان لە وڵاتی هیند گەیشـتە دەسـەڵات بە هۆی سـەرهـەڵدانی سەردارێکی ئەفغـانیی خۆی بە ناوی شیـرخانی لۆدی کە دژی هومـایوون پاشا سەری هـەڵدا و بۆ چەندان جار ناوبراوی شکست دا، پـەنای بـردەبەر بـارەگـــای شـــا تـەهـمـــاسب (٩٥١ ک.م) هـەرچەند لە سـەرەتادا بەگەرمی پێشـوازایی لێ نەکرا. سـەرەنجام پاش سـاڵێک نیشتـەجێبوون لە ئێـران بە فـەرمـانی شـا و بـە یارمـەتیی دەسـتـەیـەک لە سـوپـای قـزڵبـاش بۆ هـیند گـەڕایـەوە و توانی یەکـــەی ڕەقـیـبـی خـــۆی شکست بدا و ســـەرلەنـوێ دەســـەڵات بەدەستـەوە بگرێت، پاش ئەم ڕووداوانە، شاری قـەندەهار خرایە سەر خـاکی ئێران و پێوەندیی دۆستـانەی نێوان سـەفەوییـە و تەیمووریـیـەکانی هیند کە لە سـەردەمی شـائیـسـمـاعیل دەسـتی پێ کـردبوو، پتـەوتر بـوو و تەنانەت لە بـواری هونەری و ئەدەبیدا زۆر ئاکامی بەرچاوی لێ کەوتەوە. [ڕۆژگاران، لاپەڕەکانی ٤٤ ـ ٤٥]

عەلەوییە توندڕۆکـان کە لەگەڵ وڵاتی هیند پێوەندییـەکی کۆنیان هـەبوو و لە باری داو و نەریت و کـولتـوور و ئازادی بیـروڕا دەربڕیندا هـیندوسـتـان گـونجـاوترین شـــوێن بوو بۆیـان، لە دوو لقی پێکهـاتوو لە عـــەلەوییـــە توندڕۆکــان لە وڵاتی هیند بەدیارکەوتن و لەوێ نیشتەجێ بوون. سەرەتا؛ نووربەخشییە عەلەوییەکان کە بوون بە شـوێنکەوتووی بنـەماڵـەی ئاتەشـبـەگی و هـەمـیش هـەروەک مـوشـەعشـەعـیـیـەکـان دووبارە لەگەڵ ئەوان پەیمانیان بەست و پێوەست بوون بەوانەوە و پاشـان لە وڵاتی هیند تووشـی ئـاڵوگۆڕ هـاتن و ئەوی تر نوقتـەوییـەکان کە زۆر جـار گـەورە پیـاوانی

دەرباری تەیموورییەکانی هیند لە سەردەمێکی تایبەتدا، لە هزرڤانانی نوقتەوی پێک دەهاتن کە بوون بە پەناگەیەک بۆ نوقتەوییەکانی هەڵاتوو و سەرکوتکراو لە سەردەمەکانی دواتر.

یەکێک لە عەلەوییە توندڕۆکان بەیرام خان قەراقویونلوو؛ نەوەی جەهانشا کە لە گەورە پیاوانی دەرباری هۆمایوون پاشا و ئەکبەرشای تەیمووری لە هیند دەهاتە ئەژمار و لە شاعیرە ناودارەکان بوو. لە شیعرەکانی، قەسیدەیەکی هەیە کە لە دیوانەکەیدا چاپ کراوە و سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

شهی کە بگذرد از نه سپهر افسر او
اگر غلام علی نیست، خاک بر سر او

هەر لەم قەسیدەیەدا دەڵێت:

محبت شه مردان مجوی از پدری
کە دست غیره گرفته است پای مادر او

[مێژووی پێنجسەد ساڵەی خووزستان، لاپەڕەی ٢٥٤] و بەم شێوەیە لەم هێڵەدا لە داوێنەکانی زاگرۆسی کوردستان و ئازەربایجان و نێوان دوو ڕووبار و وڵاتی عوسمانی، ئاراستەی پڕوپاگەندە کرد و دوورخستنەوەی عەلەوییە توندڕۆکان بەرەو تاران و خوراسان و ئەفغانستان و هیندستان چوو.

## خەباتی عەلەوییە توندڕۆکان = (ئالی حەق)

## لە سەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم

سەرەنجام شا تەهماسب لە ٩٨٤ی کۆچی مانگی، بەدوای نەخۆشیی وەسواس و لە ڕێگای ژەهری تێکەڵکراو لەگەڵ (نوورە) کە لە ڕێگای پێستەوە لە حەمام تووشیان کرد، گیانی لە دەست دا و پاش تێپەڕکردنی پەنجا و چەند ساڵ حکوومەتی ترس و تۆقاندن کۆمەڵگای وەزاڵەهاتوو لە دەست ڕەفتاری دەم دەمیی خۆی دایە دەست کوڕەکەی خۆی ـ شا ئیسماعیلی دووەم ـ لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی شا ئیسماعیل کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک درێژەی کێشا، بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی عەلەوییە توندڕۆکان لە سەردەمی هاتنە سەرکار و کۆتای دەسەڵاتەکەیدا ڕوویدا، ئەو شتەی کە لە چوارچێوەی جوگرافیای کوردستان ڕووی دا لە باسکردن سەبارەت بە بەسەرهات و ڕابردووی باو و باپیرانی بنەماڵەی ئەردەڵان کە بەشێکی سەربەخۆمان تەرخان کردووە؛ بە دوای ئەم بەشەدا دێنین و بەڵام ئەوەی کە لە باقی شوێنەکانی داوێنی زاگرۆس لە هاتنە سەرکار و کۆتاهاتنی دەسەڵاتی شا ئیسماعیل تێ پەڕی بەم شێوەیە بووە کە مامۆستا دوکتۆر عەبدولحسێن زەڕین کووب دەنووسێت:... بەڵام سەڵتەنەتی ناوبراو [محەمەد میرزا کوڕی شا تەهماسب لە ٩٨٤ کۆچی مانگی] و کارتێکەریی هۆزی ئوستاجلوو [کە ئەویان بە دەسەڵات گەیاندبوو] بێ ئەملاو ئەولا لەگەڵ دژکردەوەی نەیاراندا بەرەوڕوو بوو و لە ڕێگای دەستێوەردانی پەریخان خانمی کچی زانا و پیلانگێڕی شا ئیسماعیل، میرزا لە بەندیخانە ئازاد کرا و بە خێرایی پاش هاتنی بۆ قەزوین گەیشتنە دەسەڵات. بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە کێشە و ناکۆکییەک لە دانیشتنی ئەو لە سەر تەختی دەسەڵات، حەیدەر میرزا هەر لەو بارەگایەی دەوڵەتدا کوژرا و دەسەڵاتی سەفەوییە گەیشتە ئیسماعیل میرزا، کە سێیەمین و بە بۆچوونێکی تر چوارەمین پاشای زنجیرەی دەسەڵاتی سەفەوی بوو و بە شا ئیسماعیلی دووهەم ناو دەبرا.

نزیکەی بیست ساڵ (٩٦٤ تا ٩٨٤) بەندیخانەی تاکەکەسی و درێژخایەن لە قەڵای خامۆش و لە گیران نەهاتووی (قەهقەهە) لە لووتکەی چیای سەبەلان لە نێوان تەورێز و ئەردەبێل، ئەم شاهزادە ئازا و دڵشادەی کردبووە یاخییەکی لە هەموو کەس بێزار و تۆڵەئەستێن و بێ بەزەیی کە لە هەموو شتێک وەکو دەربار و تەنانەت مەزهەب و ئاین و خزم و کەسوکارەکانی بێزار بوو. ئەو، هاوکات لەگەڵ گەیشتنی بە دەسەڵات، هەم لە بەرانبەر مەزهەبی باو و باپیرانی خۆی دژ کردەوەی نیشان دا، هەمیش لەناوبردنی هەموو خزمەکانی کە دەبوونە مامە گەورەکانی، ئامۆزاکانی، براکان و برازاکانی خۆی بێ بەزەییانەوە کردە مایەی ئاسایشی خەیاڵی خۆی.

ماوەی دەسەڵاتدارییەکەی ناوبراو کورتخایەن و خوێنین و پڕ بوو لە توندوتیژی و ناسەقامگیری و بەشێک لە ژیانی خۆی لە قاوەخانەکان و قومارخانەکان بە بەدناوی ڕادەبوارد، خۆشگوزەران، بێ بەزەیی و سەبارەت بە کاروباری وڵات زۆر جار کەمتەرخەم و بێ هەڵویست بوو. شەوانی خۆی لەگەڵ کوڕە گەنجێک کە خۆشەویستی ئەو بوو ڕادەبوارد و ڕۆژەکانیشی لە خەودا و بە خوماری یان لە دەرکردنی فەرمان و ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێ فەرمانی نەگونجاو و زاڵمانە و بە بێ لەبەرچاوگرتن، تێپەڕ دەبوون، مەینەتی و کوێرەوەری و بیست ساڵ بەندیخانە ئەوی شێت کردبوو و بە هەر شێوە تووشی جۆرێک مالیخولیا تێکچوونی هاوسەنگیی دەروونی کردبوو. [پاش ئەوەی کە هەموو خوازیارانی دەسەڵات لە بنەماڵەی سەفەوی کە برێتی بوون لە برا و ئامۆزاکانی و پاشان پشتیوانەکانی ئەوانی لە قزڵباشەکان لەناو برد] محەمەد میرزا فەرمانڕەوای فارس و کوڕەکانی عەباس میرزا [شاعەباسی یەکەم] و حەمزە میرزا کە لەم کوشتارە بە کۆمەڵە گیانیان بەدەر برد، بەهۆی دووری لە پایتەخت بوو - و بڕیاری کوشتنی ئەوان لە لایەن پادشاوە کاتێک هات بەڕێوە بچێت کە خودی ئەو لە هەمان کاتدا و پێش لە بەڕێوەبردنی فەرمانەکە بەشێوەیەکی گوماناوی گیانی لە دەست دا - و مەرگی ناوبراو، ئەوانی لە مردن ڕزگار کرد.

شا ئیسماعیل بەهۆی ئەوەی کە بە منداڵی لە لایەن مامۆستایەکی سوننە مەزهەبەوە پەروەردە کرابوو، هیچ سۆزێکی بۆ مەزهەبی شیعە نەبوو و ئەوەی بە سەرچاوەی ناکۆکی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و هۆکاری شەڕی ناوخۆیی لە نێوان

موسڵمانانـدا دەزانـی و ئیدانەی دەکرد. دەربارییەکان و دەوروبەرەکانیشی، سۆزیان بۆ مەزهەبی سوننە بوو و ئەویان بە دووری کردن لە شیعە و لەناوبردنی دەسەڵاتی قزڵباش هان دەدا. چونکە هەندێک کەس لە لایەنگرەکانیشی خۆیان وەک ئامانجی گومانەکانی ئەو هەست پێ دەکرد و لە پیلانەکانی دەترسان بە هاودەستیی پەریخان خانمی خوشکی کە لە بە دەسەڵات گەیاندنی، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، ویستیان لە دەسەڵات لای بەرن، بەڵام خووگرتنی بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانیان، بە ڕواڵەت زووتر لە پیلانی نەیاران بوو بەهۆی گیان لە دەستدانی. دەمەو بەیانییەک کە شەوەکەی بەسەرخۆشی نووستبوو، لە ماڵەکەی خۆیدا بە مردوویی دۆزییانەوە (ڕەمەزانی ٩٨٥) [ڕۆژگاران، لاپەڕەکانی ٢٦٠ ـ ٢٦١].

لە شرۆڤە کردن و تاوتوێکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی لە سەردەمی دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی دووەم کە بووە هۆی پێکهاتن و دروستبوونی ڕێکخراوەکانی عەلەوییە توندڕۆکان لە کوردستان هاوکات لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی ئەو بوو، ئەوە کە، هێشتا چەند مانگێک بەسەر دانیشتنی ئیسماعیل لە سەرتەختی دەسەڵاتدا تێپەڕ نەبووبوو کە لە ناو خەڵک دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کە ئەگەر شا بە پێی هەڵسوکەوت و وتەکانی لە دانیشتنە تایبەتەکان دادپرسی لێ بکرێت، ناتوانێت وەک پێڕەوێکی ڕاستەقینەی مەزهەبی شیعە دابنرێت. هۆکاری بە دیارکەوتنی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لە ناو خەڵکدا ئەمە بوو کە... [سەبارەت بە خاڵەکانی جێگای ناکۆکی لە نێوان مەزهەبەکانی ئیسلام دەستی دەکرد بە قسە و دەمەتەقێ و ڕووی قسەی لە مامۆستایانی ئاینی شیعە بوو] سەرەڕای ئەمانە زانایانی شیعە بە خێرایی وەڵامی ئەویان نەدەدایەوە؛ بەڵام بەنهێنی لە گەڵ یەکتر سەبارەت بەم بابەتانە قسەیان دەکرد. میرزا مەخدووم شەریفی؛ کە لە ڕۆژگاری شا تەهماسب بە مرۆڤێکی بیرتەسک و کۆنەپەرست ناوبانگی دەرکردبوو، بە بێ هیچ سنووردانانێک وتەکانی پاشای قبووڵ دەکرد، بەشێوەیەک کە هەر ڕۆژ زیاتر لە پێشوو، دەکەوتە بەر سەرنجی تایبەتی ئەوەوە و لە ئاکامدا گەیشتە بەرزترین پلەکانی ئاینی.

پاش ماوەیەک شا ئیسماعیلی وەلا نا و بە ڕاشکاوی دەبێ پەردە لە [بنەما هزرییەکانی] مەزهەبی سوننە لایەنگریی دەکرد و دەیەویست وا بکا کە خەڵک لە

بێ حورمەتی بە سێ خەلیفەی یەکەم نەکەن. ناوبراو لەگەڵ مامۆستایانی مەزهەبی شیعەدا گەنگەشەی دەکرد لە حاڵێکدا زۆربەیان خۆیان دەدزییەوە و حازر نەدەبوون لەگەڵی وتووێژ بکەن.

... [کاتێک کە لە] یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دەرباری بولغار خەلیفە [خلیفة الخلفا صفوية] لەگەڵ خاجەی مەزن [میر مەخدووم شەریفی] دەمەتەقێیەکی توند کەوتە نێوانیان و لە باوەڕە شیعییەکانی خۆی پاشەکشەی نەکرد، شا ڕووی لە سۆفییەکانی حازر لە کۆبوونەوەکە کرد و وتی: خەلیفەیەک کە لەگەڵ مورشیدی مەزنی خۆی درۆ بکات، شایانی ئەوەیە کە سزا بدرێت. لەو کاتەدا سۆفییەکان هێرشان کردە سەر خەلیفەی بولغار و بەشێوەیەک دایانە بەر لێدان و کوتان کە وایان زانی مردووە و بردیان بۆ دەرەوە ، بەڵام پاشان هاتەوە سەرخۆ و پاش چەند مانگ تەندروستیی خۆی بەدەست هێنایەوە. پیشەکەی لە لایەن شا ئیسماعیل درا بە دەدە خولەفای ئۆستاجلوو، لە هەمان کاتدا مامۆستایانی شیعەی دایە بەر جنێودان و قسەی ناڕەوا.

بەبێ گوێدان بە ناڕەزایەتیی خەڵک، شا ڕێوڕەسمی دووریکردن لە [سێ خەلیفەی یەکەمی] لە شەقامەکان و گۆڕەپانەکانی شار، قەدەغە کرد. هەندێک لە شیعە دەمارگرژەکان وەکو موجتەهید میر سەید حسێن و میر سەید عەلی واعیز و کەسانی تر لە کۆشکی شایی دەرکران، کتێبەکانیان کۆ کرانەوە و مۆر و ماڵەکانیان خاپوور کران. لە لایەکی ترەوە چەند کەسێک لە زانایان کە بە لایەنگری لە بیروباوەڕی سوننە دەناسران، وەکو میرزا مەخدووم شەریفی، مەولانا میرزا جان شیرازی و میر مەخدووم لالە، لەلایەن شاوە ڕێزیان لێ گیراو شانازییان پێوە کرا.

بۆ ئەوەی کە لە نێوان خەڵک هەندێک لایەنگر کۆ بکرێنەوە، پارەیەکی زۆری بەیتولماڵ بەسەر ئەو کەسانەیدا دابەش کرا کە لە سەرتاسەری ژیانیاندا سووکایەتییان بە (عشرة مبشرة) نەکردبوو.

میرزا مەخدووم شەریفی کرایە بەرپرسی دەسنیشانکردنی وەها کەسانێک. زۆر کەسی چاوچنۆک لەوانەی سەروەت و سامانی زۆریان کۆ کردبووەوە لەناکاو زانییان کە لە بنەچەدا سوننە بوون؛ زۆر کەسی بێ کار و بێ پیشە ناوی خۆیان

تۆمـار کرد و بانگەشـەی ئەوەیان کرد کـە هیچ کـات پێوەندییـان بە تەشـەیوعەوە نەبووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشـتووانـی قەزوین لە سـەردەمـانی ڕابردوودا پێڕەوانی مـەزهەبی سـوننە و لایەنگری مـەزهەبی شافیـعی بوون، کەوابوو وا دانرا کە هێشـتا چەند کەسێک لەوان لە پایـتەخـتدا دەژیـن. میـرزا مـەخدووم هەمـوو ئەو بانگەشـانەی خسـتە بەر لێکۆڵینـەوە و پاشان پارەیەک بە بڕی دووسـەد تمەنی (چل هـەزار دوکـات) لە نێـوان ئەواندا دابەش کـرد. بـۆ ئەوەی کـە خـەڵکی بـاوەڕمـەندی شـیـعی مـەزهـەب بەتەواوی تووڕە بـبن، دوو ڕووداوی ژێرەوە بۆ ئەم مـەبەسـتـە بەس بوو.

ڕۆژێک مـیـرزا مـەخـدووم شـەریفـی سکاڵای بۆ لای شـا ئـیـسـمـاعـیـل برد کـە دوژمنەکـانی مـەزهەبی سـونـنە لە دواین وتاری ئاینی لە مـزگـەوتی حـەیدەرییـەدا بـەشـــدار بوون و گـــاڵتـــەیان بـەو کـــردووە. شـــا بێ ئـەمـــلاوئەولا دە کـــەس لە قووڕخـچییەکانی هەڵبـژارد و بەوان فەرمـانی دا لە وتاری داهـاتوودا هـەر کەس کە قسـەی ناحـەزی بە سێ خەلیفەی یەکەم وت بەشێوەیەکی شیاو سزای بدەن.

کـاتێک کـە شـەوی هـەینی هات؛ هـاوکـات لەگـەڵ کـۆتاییـهـاتنی وتارەکـەدا، دەروێشێک بە ناوی قەنبەر تەبرائی ئاوای وت:

علی و آل علی را زجـان و دل صلوات
کـه دشـمنان علی را مـدام لعنت باد

میرزا مـەخدووم ناوبراوی بە ڕووهەڵمالاوی تاوانبار کرد و هەڵلای لێ سازبوو و قووڕخچییەکان بە زەبری گورز سەری دەروێشیان لە چەند لاوە شکاند. هەموو ئەو کـەسانەی کـە هەتا ئەو کـاتە وایان دەزانی دەبێ سـەبارەت بە سـوننیـبوونی شـا بەگـومـان بووین، ئیـتـر کاتێک کە لە ناکـاو داروغـەی قـەزوین ناوەکـانی دوازدە ئیـمـامەکانی لە مزگەوتەکانی پایـەتەخت پاک کردەوە، شک و گومـانەکەیان بوو بە یەقین. ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو: لە یـەکێک لە ڕێوڕەسـمـەکانی دەربار کەسێک بیـروڕای خـۆی بـەم شـێـوەیە دەربڕی کـە خـوێندنەوەی شـیـعـر لە مـزگـەوتەکـان و ڕابواردن لەو شوێنانە کارێکی گونجاو نییـە؛ سەرەڕای ئەمانە دیواری مزگەوتەکان بە شیعری ئەویندارى کە خەڵک نووسیویانن داپۆشراوە هەڵەیە. پاش ئەم ڕووداوە، میرزا زەینولعابدینی کاشی، داروغەی شار کە سەرەڕای شیعەبوونی هەمیشە بە

پێی مـەیل و ویسـتی شـا قـسـەی دەکـرد، لە لایەن شـاوە راسـپـێـردرا بچـێـتـە مزگەوتەکان و هەموو شیعرەکان و وشە شاعیرانەکان لە دیوارەکان پاک بکاتەوە، ئەم کـارە کـرا. بەڵام داروغـە بۆ سـەلماندنی گـوێڕایەڵبـوونی خـۆی بە شـا هەمـوو چەشنە پێداهەڵگوتنێکی بە ئیمامەکان و تەنانەت ناوی ئەوانیشی پاک کردەوە.

کـاتێک کە ئەم ڕووداوە ئاشکرا بوو، خـەڵک بەشـێوەیەکی لەڕادەبەدەر دەسـتیـان کرد بە خـراپە وتن. زۆرێک لە قزڵبـاشـەکان پشـتیـان لە شـا کرد و کـاتێک کە شـا ئیسمـاعیل، شـیعـەکانی خسـتـە بەر پەلامـاردان و راوەدوونان، ئەوانیش دەسـتیـان کرد بە نافەرمانی، زۆر کەس لە زانا ناودارەکان کە لە سەردەمی شا تەهماسب بە هۆی دەمـارگرژی و هۆگـرایەتیی لە ڕادەبەدەر بـە تەشـەیوع لە سـەرووی کـەسـانی ترەوە بوون (لەوانە عەلائولمولکی مەرعەشی کە لە ڕابردوودا لە لایەنگرانی حەیدەر مـیرزا دەهاتـە ئەژمـار) و ئـێسـتـاکـە نەیاندەویست لە بیـروباوەڕی خـۆیان دەست هەڵبگرن لە پلەی نزیکانی شـا لابران و تەنیا لە سەر بانگهێشتی خودی شـا مافی ئەوەیان هـەبوو کە بگەنە خـزمـەتی ئەو. هەندێک کـەس بۆ پـاراسـتنـی بەرژەوەندی خـۆیان هیـچیـان نەگوت (تـەقیـە)یان کرد، کەسـانی تریش وای بۆ دەچوون کە شـا ئیـسـمـاعـیل لە بـەر هۆکـاری سـیـاسـی (بۆ نموونە بـە مـەبەسـتی باشـتـرکـردنی پێوەنـدییەکانـی نێوان ئێران و عوسمـانی وا دەکات و بۆ ئەوەی کە لە نێوان خـەڵک کێشە و ناکۆکی نەیەتە ئاراوە، بێدەنگ بوو.

لە حـاڵێکدا لەم ڕووەوە دەمکوتکردنی خـەڵک، کەڵکی نابێ دەنگۆکان و هەواڵی کوژرانی دەروێش و بێ حورمەتی کردن بە مزگەوتەکان هەر وەک چۆن تۆفان دەریا دەجووڵێنێت کاریگەری کردە سەر هەست و سۆزی خەڵکی باوەڕمەند.

لە سـۆنگەی ئەم کەشوهەوا هەڕەشـەئامـێزەدا زۆربەی ئەمیرەکان و پلەداران لە نزیکی کـۆشکی شـایی لە باخی سـەعـادەت ئاباد لە دەوری یەکـتـردا کـۆبوونەوە و دەستیان کرد بە راو تەگبیر؛ ئەوان هیچ نەیانـدەزانی کە ئەگەر ڕێبەر و پێشـەوای ئۆمـەتێک بـە ڕاشکاوی بیـهـەوێ بیروبـاوەڕی باو و باپیرانی خـۆی لە ژێر پێ بنێت ئەوان بە پـێی ڕێوڕەسـمی باو لـە نێـوان شـێخ و سـۆفی دەبێ چ هەڵسوکـەوتێکی لەگـەڵ بکەن، هەندێک کەس پـێشنیـاری ئەوەیان کرد کـە لە خـودی ئیـسـمـاعـیل [دووەم] لەم بارەیەوە داوای ڕوونکردنەوە بکرێت؛ بـەڵام زۆرێک لە «بە سـاڵاچووان»

دژی ئەم بڕیارە بوون؛ چونکە وەها بڕیارێک دژی ڕێورەسم و یاساکانی قزڵباشەکان دژایەتی هەبوو و بە واتای دژایەتیکردن لەگەڵ فەرمانڕەوایە. بۆ نزیکان و دەوروبەری شا چاکتر وابوو کە بێدەنگ بن و گوێڕایەڵی فەرمانەکان بن، نە ئەوەی کە دەست بکەن بە سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی دەربڕین.

سەرەنجام پێشەوای تەکەلووەکان، ئای دۆغدی خەلیفە، سۆفی و جێ متمانەی ئیسماعیلی [دووەم]. ئەو ئەرکەی وە ئەستۆ گرت کە هاوڕێ لەگەڵ ڕێبەری تورکمانەکان واتە ئەمیرخان، بگاتە خزمەتی شا و ڕێگاچارەی ئەم گومان و دوودڵییەی لەو بخوازێت چەند کەس لە ئامادەبووان و لەوانە (هەروەک دیارە) بەرپرسی پێشووی بەندیخانەی ئیسماعیلی [دووەم]، خەلیفە ئەنساری قەراداغلوو کاتێک کە ئەم هەواڵەیان بیست، بە ئەسپایی پاشەکشەیان کرد و بەخێرایی خۆیان گەیاندە لای شا و کە هۆزەکانی تەکەلوو و تورکمان لە بیری ئەوەدان کە ئەو لە دەسەڵات لای بەرن، چونکە ئەو دەستی لە ئاینی پیرۆز کێشاوە و ئامانجیان ئەوەیە کە لە جیاتی ئەو حەسەن میرزا، گەورەترین کوڕی محەمەدی خودابەندەی جێنشینی شا کە لە تاران دەژی لە سەر تەختی دەسەڵات دابنێن، شەرەفی بدلیسی لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (شەرەفنامە) گلەیی لەوە دەکات کە ئەویش بە بەشداریکردن لە وەها پیلانگێڕییەکی خەیاڵی تاوانبار کراوە و هەر لەبەر ئەم هۆکارە بووە کە ئەویان لە کۆشکی شایی دەرکردووە.

[پاش تێپەڕینی ئەو ڕووداوانەی کە مەبەستی باسەکەی ئێمە نییە] ئای دۆغدی خەلیفەی تەکەلوو دەستبەسەر کرا و لە سندووقێکدا بەند کرا، داروغەی نووسینگەی شایی، عەلیخان بەگی تورکمانی تەنیا و تەنیا بە هۆی تۆمەتبارکردن دەستبەجێ خرایە زیندانەوە و مەسیب خانی تەکەلوو، فەرمانڕەوای قەزوین مەئمووریەتی پێ سپێردرا تا حەسەن میرزا [پادشای پێشینارکراوی نەیاران] بکوژێت.

بەڵام شک و گومانی شا ئیسماعیل سەبارەت بە هۆزەکانی تەکەلوو و تورکمان بەم چارەدۆزییانە کۆتایی نەهات و هەر لە بەر ئەم هۆیە هۆزی ئوستاجلوو سەرلەنوێ بووە خاوەنی هێز و بڕشتی زۆرتر. ناوبراو زانیبووی کە ڕۆحیاتی خەڵک هەتا چ ڕادەیەک لایەنی ناڕەزایەتی و هەڕەشە ئامێزی بە خۆیەوە گرتووە و

بۆ ئەوەی کـە لە ئـارامـبـوونەوەی ئەو دۆخـە ڕۆڵێکی هـەبوویێت فـەرمـانی بەهـاتنی میرزا مـەخدوومی شـەریفی دا و لە بەرچاوی هەمـووان ناوبراوی دایە بەر ڕەخنە و لۆمەکردن و فەرمانی دا تا وەلی سوڵتان فەرمانڕەوای شیراز لە ماڵی خۆی بیخاتە ژێر چاوەدێری... [ژیـان و بەسـەرهـاتی شـا ئیـسـمـاعـیلی دووەم، واڵتـێر هـینتس، وەرگێڕانی کەیکاوس جەهانداری، لاپەڕەکانی ١١٥ـ١٢٢].

ئەگەرچی نەیارەکـانی چاوەڕوانی مـردنی ئەویان دەکرد، بەڵام زێدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی مادە هۆشبـەرەکان و خواردنەوە، ئاواتی دوژمنەکانی هێنایە دی، زۆر کـەس لە سەر ئەم باوەڕەن کە شازادە پەریخـان لەگـەڵ ئەمیـرەکاندا دەسـتی تێکەڵ کردووە تا هـەم لە بەر هـۆکاری کەسـانی و هـەمیش لە سۆنگەی دژایـەتیکردن لەگەڵ پڕۆژە مـەزهـەبیـیـەکانی ئیـسمـاعیل [هـۆگرایەتی بۆ مـەزهـەبی سـوننە] شـا لە ناو بەرن، [هـەمـان سـەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٣] لە ئـەنجـامـدا ڕۆژی شـەمـە سـێـزدەمی ڕەمـەزان ٩٨٥ = (٢٤ی نۆڤـامـبـەر(تشـرینی دووەم)ی ١٥٧٧ شـا ئیـسـمـاعـیل لە شوێنی خەوتنی حەسەن بەگی حەڵواچی کە کوڕێکی گەنج بوو کۆچی دوایی کرد. [هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٠].

مـیـرزا مـەخـدووم شـەریفی [کـە مـاوەیەک لەمـەوبەر بـەهـۆی شک و گـومـانی قزڵباشەکان و گۆڕانی بارودۆخەکە بە فەرمانی شـا ئیسماعیل لە ژێر چاوەدێریدا بوو] ئازاد کرا و ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە نـاوبراو بەلایەنگری کردن لە مـەزهـەبی سـوننە بووە هۆی هەندێ کـێـشــە. ناوبراو چونکە دەیزانی لەوە زیاتر ناتوانێ لە ئێـراندا بمێنێـتـەوە. بەبیـانووی حـەجکردن، ڕێگای بەغدای گـرتە بەر،. سـوڵتـانی عوسـمـانی ئەوی خـسـتـە ژێر سـێبـەری خـۆی و بۆ مـاوەی چەندان سـاڵ لە مـەککە بەرزترین پلەی حـاکمی شـەرعی، مـەزهـەبی حـەنەفیی پێ درا سـەرەنجام لە هـەمـان شاردا کۆچی دوایی کرد. [هـەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٩].

## چەواشەکارییە مێژووییەکان لە بە دیارکەوتنی ناودارانی عەلەوییە توندڕۆکان پاش مردنی شا ئیسماعیلی دووەم ( ٩٨٥ ک.هـ)

أ) خوراسان و ئەفغانستان

ب) دینەوەر و هەمەدان

ج) چوار مەحاڵ و خووزستان

پاش مردنی شا ئیسماعیلی دووەم لە ٩٨٥ی کۆچی هەتاوی، بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە لەمەڕ بیروباوەڕی گشتی بە تایبەت عەلەوییە توندڕۆکان کە بە درێژایی چەندان سەدە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەدا، ئەگەرچی لە سەردەمی سەفەویشدا پاوانخوازی و جۆرەجۆریی بیروڕا و ئەندیشەگەلی شاکانی سەفەوی پاش ماوەیەک وای کرد نەگەنە ئامانجەکانیان و سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا؛ بەڵام بە هەرحاڵ وێڕای هەموو سەرکوت و دوورخستنەوە و دووبەرەکێ نانەوەیەک لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕاهاتبوون؛ بەڵام لە سەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم بە یەکجار هەموو ئەو شتانەی کە بە دەستیان هێنابوون، کەوتنە بەر مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوون، بەم جۆرە جارناجار دەستیان دەدایە سەرهەڵدانی خوێنین دژی دەسەڵاتی ئەو کات و دەستیان دەکرد بە نارەزایەتی دەربڕین دژی هەڵسوکەوتی شا لەگەڵ بیروباوەڕی عەلەوییەکان.

یەکەمین سەرهەڵدانی عەلەوییەکان هاوکات لەگەڵ دانیشتنی شا ئیسماعیلی دووەم (٩٨٤ ک. م) لە سەر تەختی دەسەڵات لە قەڵای پاڵنگان ناوەندی سەرەکیی گۆرانە عەلەوییەکان لە داوێنەکانی زاگرۆس لە هەورامان، ڕووی دا کە بەسەرهاتەکەی لە بەندی داهاتوودا دێت و بەڵام پاش مەرگی شا ئیسماعیلی دووەم (٩٨٥ ک. هـ) سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی عەلەوییەکان دەستی پێ کرد.

گومانی تێدا نییە کە ڕۆژگاری سەرهەڵدانی چەند کەس لە ناودارانی مەزن

وەکو: زونوور قـەڵەندەر و سـەید ڕەزا لە بنـەماڵـەی زونوور، و هـەروەها خـان ئاتەش کوڕی شا محەمەد بەگ کە باسی کرا، هاوکاتە لەگەڵ ئەم ڕۆژگارەدا، سەرهەڵدانی بنەمـاڵەی خانی ئاتەش، لە کـوردسـتـان و ئازەربایـجـان و لوڕسـتـان هـاوکـات بووە لەگەڵ هەندێک پێکدادان لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی بڵباس و ئەردەڵان و لەم بەشەدا سەبارەت بە وان قسە دەکەین، بەڵام لێرەدا باسەکەمان سەبارەت بە چەند کەس لە ناودارانی خـاوەن زات و باتینە کـە جـووڵانەوەی سـەربازی و بیـروباوەڕی ئەوان لە سـەرچاوە مێژووەکـانی سـەفەوییـەدا چەواشـە کـراوە و دەسـتـیـان تێ وەردراوە و لە لایەن مـێـژوونووسـانـی ئەو سـەردەمــەوە هـەمـوو جـۆرە تـۆمـەتێکی وەپاڵ دراوە و بەگوێرەی مـیـتـودی بەراوردکـارانە و لـۆجیکییـانـەی ئەم توێژینەوەیەشـدا لە بەڵگە نووسـراوەکانی ئەهلـی حەق تەمـومژاوییـەوە زانیـارییەکـی ئەوتۆ بەدەسـتـەوە نادەن. پێشڕەوان و ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوانە لە دەقی نووسینە مێژووییەکانی بەڵگەمەند تا کۆتاییـیـەکانی سـەردەمی قـاجـاریە، بە ناوی باوی ئەو سـەردەمـە، واتە قـەڵەندەر دەناسـران و تەنانەت لە هەندێک بواردا ناوی ئەوانیـان تۆمـار نەکردووە و ئەوانیـان بە سـەدان تۆمـەت تاوانبار کردووە و هەندێ قسـەی ناڕاستیـان بۆ هەڵبەسـتـوون کە بووەتە هۆی دژواربوونی بـابەتەکە، بەڵام ئەو شـتـەی کـە ڕاسـتـیی بـاسـەکە ئاشکرا دەکـات و حـەقـیـقـەتـی جـووڵانەوەی ڕزگـاریـخـوازانـەی عـەلەوییـەکـان دەردەخـات لە ڕەوتی ئـاڵـوگــۆڕ و تـۆمــارکــردن و بـۆ ســەر چـوون و شــێــوەی پـەرەســەندن و بەرفراوانبوونی ئەم سەرهەڵدانانەدا، دیارە ئەم ڕاپەڕینانە بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی کـە لە شـێـوەی خـەبات و دەرکـەوتن و باوەڕی لایەنگرانیـانەوە، بـە سـەرنجـدان بە خـاڵەکـانی ژێرەوە و پێـوەندییـەکـانی سـەرهەڵدان لەگـەڵ ناوەندەکـانی عـەلەوییـە توندڕۆکـان، زۆر ڕێی تـێ دەچێ کـە ئەم ســەرهەڵدانـانە لەلایـەن شــۆڕشگێــڕانی توندڕۆیی عەلەوییەوە بەرپا کرابن.

١ـ یەکـبـوونی هەمـەلایەنەی سـەرهەڵدانەکـە لەگەڵ بەسـەرهـاتی زاتە ناودارەکـانی ئەهلی حەق بەشـێـوەیەک کە بابەتـەکان لە بەسـەرهاتە زارەکییـەکانی ئەواندا تۆمار کراوە.

٢ـ گونجـانی شوێنی جوگرافیاییەکە لەگەڵ ژینگە و ناوچەکانی پڕوپاگەندەکردنی ئالی حەق

٣ـ باوەڕمەند بوون و سەرنجدانی خەڵک بە ڕێبەرانی سەرهەڵدانەکە بەشێوەیەک کە لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر بارودۆخی دەسەڵات داناوە و ئەوی ناچاری کردووە بە بەرەنگاری ببێتەوە.

٤ـ بەراوردکردنی ناوەکان.

٥ـ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاینی سەرهەڵدانەکە، کە ڕێبەرییەکەی کەوتبووە ئەستۆی خاوەن پێگەیەکی ئاینی (قەڵەندەر) و هێزە سەربازییەکەشی لە پێڕەوانی باوەڕمەند پێک دەهات.

٦ـ کۆڵنەدان و پێداگرتنی موریدە گیانفیداکان بە بێ باوەڕ بە ڕەوابوونی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەکە و بناغەی ئاینی و مەزهەبییەکەی ئەو ئەم شێوە ئازایەتی و گیان فیداییە ئەستەم بوو.

سەرەتا یەکەمین بەدیارکەوتنی پاش مردنی شا ئیسماعیلی دووەم کە لە ناوچەی عەلەوی نشینی خوراسانی گەورە لە دەوروبەری قەندەهار ڕووی داوە دەقی (نقاوة الاثار في ذكر الاخيار نطنزي) دەگێڕینەوە.

## سەرهەڵدان لە خوراسان و ئەفغانستان (قەندەهار)

لەو ماوەیەدا کە تەختی دەسەلآت لە هەبوونی شا ئیسماعیل بە پێی ئیرادەی خوای مەزن خاڵی بوو و تەختی پاشاهی بە زاتی موبارەکی شاسوڵتان محەمەد، گەیشتبووە لووتکەی خۆی و هەندێک لە خەڵک [...] یەکێکیان [...] دۆزیبووەوە و دەسەلآتیان دابووە دەستی؛ ئەفسانەیەک بڵاو بووەوە کە گوایا شا ئیسماعیل نەمردووە و بە پێی بەرژەوەندی خۆی کەسێکی وەک خۆی لە جێگای خۆی داناوە و خۆی شاردووەتەوە [!!] و بە زووترین کات لە وڵاتی ڕۆم یان هیند بە دیار دەکەوێت و کۆمەڵێک زۆر لە خەڵکی نەزان و ڕەشۆکی...، بڕوایان بەم خەیاڵە خاوە کردووە و لە هەر لایەکەوە خوازیارانی دەسەلآت سەریان هەڵدا و کۆمەڵێک لە خەڵکی ڕەشوڕووت لە دەوری ئەوان کۆ بوونەوە و بوون بە هۆی نیگەرانیی خەڵکی لە هەموو شوێنێک و فەرمانڕەوایانی ئەو ناوچانە دەستیان کرد بە سەرکوتکردنیان.

بۆ ڕوونتربوونی ئەم بابەتە ئەوە کە لەو سەردەمەدا، یەکەم جار لە شاری سەبزەوار و زەمین داوەر کە وەکو گەرمێنی ویلایەتی قەندەهار و ئەو سنوورانەیە، کەسێک لە کەسایەتیی قەلەندەرێکدا خۆی لە خەڵکی ئەو شوێنە ئاشکرا کرد و گوتی من شا ئیسماعیلم و ئامانجم ئەوەیە کە سەردانی وڵاتی هیندستان بکەم و تایبەتمەندییەکانی ئەو وڵاتە بە چاوی خۆم ببینم و چونکە لە سەر تەختی دەسەلآت و پاشاهی ئەمە تەنیا ئاواتێکی رووت بوو نەدەهات، کەوابوو لەم جلوبەرگەدا ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنم و ئەم ئەفسانەیە لە ناو دڵی هەندێک لە خەڵکی ئەو وڵاتە جێگیر بووبوو، هۆزێک لە ئەلووسی هەزارە و (نکوودەری)دا، بە خەیاڵی بەدەستەوەگرتنی دەسەلآت لە دەوری کۆ بووبوونەوە و دەستیان دابووە کردەوەی ناحەز و نامرۆڤانە و یەکێک لە فەرمانڕەواکانی ئەو سنوورە بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانی شازادەی ناودار ـ بەهرام میرزا ـ کە حاکمی قەندەهار و ئەو سنوورە بوون، لەشکریان بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەو قەلەندەرە نارد و پاش ماوەیەکی کەم قەلەندەرەکە کوژرا و سەرەکەیان بۆ کۆشکی شایی نارد. (نقاوة الاثار في

ذکرالاخیار) له مێـژووی سـەفـەوییـە، لـە نووسـینی مـەحـمـوود کوڕی هیـدایەتوڵڵا نەتەنزی، بە سـاغکردنەوە و ئامـادەکردنی دوکتۆر ئیـحسـان ئیـشراقی، لاپەڕەکـانی (١١٣_١١٤)

هـەروەک دەزانـین، هـۆزە ناوبـراوەکـانی هـەزارە و نـکوودەری بە عـــەلەویگـەری لە ئەفغـانسـتـان و خـوراسـانی گـەورە بەناوبانگن. ڕێـبـەرایەتیی قـەلەندەر و بیـرۆکـەی گـەڕان بە ناو وڵاتی هیند و ڕۆم و کۆبوونـەوەی خەڵک لە دەوری ناوبراو؛ هەمـوویان نیـشـانەی چۆنیـەتی و ناوەرۆکـی ئەو سـەرهەڵدانەن، عـەلەوییـە توندڕەوەکـان لە ئەفغـانسـتـاندا ئێسـتـا زۆرتر لە باکوری ئەو وڵاتە لە ژێر دەسـەڵاتی سەید مـەنسـوور نادری ژیان دەبەنە سەر.

سـەرهەڵدانی دووەم پێـوەندیی بە ناوچەی چوارمـەحاڵ و خـووزسـتـانەوە هـەیە کـە ئیـسـفـەهـان و فـارسـیـش بەگـوێرەی ڕابردووی عـەلەوییـەکـان لەو ناوچانەدا، دەگرێتەوە، ئەم بزووتنەوەیەی مێژووی سـەفـەوییەکانیش سەرەڕای سـەرجەم خاڵە لێکچـوونەکـانی لەگـەڵ سـەرهەڵدانی پێـشـوو لە قـەندەهار بـەئاشکرابوونی شـا ئیسمـاعیلی درۆیین (؟!!) ناسـراوە، ئاوڕدانەوەیەک لە سـەر پێکهاتە و دامـەزراوەی سەرەکیی ئەم سەرهەڵدانە و چوارچێوەی بەرینایی و ناوی ڕێبەرایەتییەکەی بۆ ئەو کـەسـەی کـە کـەمـتـرین زانیـارییـەکی لەگـەڵ جـووڵانەوە و شـێـوە و ڕەوشـتی عـەلەوییـەکـان هـەیە، بە تەواوەتی روونی دەکـاتـەوە کـە ئەم جـووڵانـەوەیە سـەر بەعـەلەوییـە توندڕەوەکـان (ئالی حـەق) بووە و هـاندانی خـەڵک و پێـڕەوەکـان و گیانفیداکان بۆ پێوەستبوون بەم شۆڕشگێڕانە بابەتێک نەبووە کە پێوەندیی بە شا ئیسـمـاعیلی دووەمـەوە بووبێت؛ چونکە بە بەگوێرەی ئەو زانیـارییـانەی کە لە مـەڕ هەڵسوکەوتی شـا ئیسمـاعیلی دووەم کە خـستـمانـە بەر دەست و هـەروەها بەپێی بۆچوونی عەلەوییـەکان و کەسـانی تر کە هێناویانە بە هـیـچ شـێـوەیەک لەگـەڵ ئەم بابەتە جێی نابێتـەوە کـە کەسێک بەبێ هیچ دەسەڵات و پشتیوانی و بارودۆخێکی لەبار بۆ ئاشکرابوونی خـۆی بەناوی شا ئیسـماعیلەوە بناسێنێ و لە هەر لایەکەوە خەڵک بۆ یارمەتیدانی ئەو وەرێ بکەون و تەنانەت سـەریشیـان لە پێناویدا دابنێن، بەڵام مـەبەسـتی ئاشکرای مـێـژوونووسـانی سـەفـەوییـە ئەوەیە کـە دەیانەوێ هۆگـرایەتی بە سـەفـەوییـە لە ناو خـەڵک و باوەڕمـەندییـان بە خـوێنڕێژترین و بێ بەزەییـتـرینی ئەوان بەم جـۆرە بە چـەواشـەکاری بەپێـچـەوانەوە نیـشـان بدەن، لە

حاڵێکدا کە نیشانە بەرچاوەکان و لەوانە پێوەندیی ئەم جووڵانەوەیە، ناوەرۆکی ئەم جووڵانەوەیە ئاشکرا دەکات، چونکە ئەحمەدی کەسرەوی سەبارەت بە پێوەندیی رێبەری سەرهەڵدانەکە لەگەڵ موشەعشەعییەکانی خووزستان دەنووسێت: (لە ئاکامی ئەم سەرکەوتنانەدا ناوبانگی [قەلەندەر] گەیشتە هەموو شوێنێک و لە هەر لایەکەوە خەڵک بە دەم بانگەوازیەوە هاتن، ئەو لە دێهەدەشت، لەسەر کورسیی کۆهکیلوویەی کە لە دەستی ئەفشارەکان دەری هێنابوو، جێی خۆی قایم کرد و فەرمانرەوایی. بە وتەی ئەسکەندەربەگی مێژوونووس؛ لە نێوانی ئەو [شاقەلەندەر] لەگەڵ سەید سەجاد و جەماوەری شووشتەر و دزفوول [موشەعشەعییەکانی خووزستان]یشدا جۆرە رێکەوتنێک هەبووە و ئەمە بووە کە کاتێ کە لوڕەکان پشتیان تێ کرد؛ چووە بۆ خووزستان هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە شووشتەر و دزفوول نیشتەجێ بووە و داوای یارمەتی لە سەید سەجاد کردووە بەڵام لەم ناوەدا کارەساتێکی تر دەقەومێ کەوا دەکا پێویستی بەسەید سەجاد و کەسانی تر نەبێ. بەم شێوەیە کە چۆن ناوبانگی ئاشکرابوونی ئەو و هەواڵی کوژرانی رۆستەم و ئەفشارییەکان بە دەستی لوڕەکان، گەیشتبووە دەرباری سەفەوی، خەلیلخان بە پەلە رێگای کۆهکیلوویە دەگرێتە بەر کە چارەسەرێک بدۆزێتەوە؛ بەڵام پێش ئەوەی کە بگاتە کۆهکیلوویە، بە دەستی لوڕەکان دەکوژرێت، لێرەدا جارێکی تر کاری [شاقەلەندەر] پەرە دەستێنێت و لوڕەکان بەمەبەستی لایەنگری لەو سەرهەڵدەدەن و ئیتر ئەو پێویستی بە یارمەتیی سەید سەجاد نامێنێت و دێتە دێهدەشت هاتووە و لەوێ نیشتەجێ دەبێت).

[مێژووی پێنجسەد ساڵەی خووزستان، لاپەڕەی ٥٤] [عالەم ئارای عەباسی، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٢٧٣] و ئێستاش چۆنیەتیی جووڵانەوە و سەرهەڵدانی ناوبراو لە نووسینی مێژوونووسی پێشوو، خاوەن ئاسەواری (نقاوة الاثار)، دێنینەوە.

لە ڕێکەوتی ۹۸٦ی کۆچی هەتاوی لە نزیک سنوورەکانی کوهکیلوویە، قەلەندەرێک سەری هەڵدا و بە دوای هەمان بانگەشە کەوت [کە من شا ئیسماعیلم] و وەهای بە گوێی خەڵکدا خوێند کە هەندێک کەس وەها تێ گەیشتن کە بە بێ هیچ شک و گومانێک ئەو شا ئیسماعیلە و خەڵکێکی زۆر لە خێڵی خەلەج و لوڕ و بیابانشینەکان بێ باکانە لە دەوری کۆوە بوون و گوێڕایەڵبوونی خۆیانیان بەناوبراو ڕاگەیاند و لە ڕووی باوەڕمەندی و یەکەتییەوە پشتیان بەو بەست و لە گوندێک لە گوندەکانی ئەو ناوچانە کە بە ئارەند ناسراوە و لە دۆڵێکدا هەڵکەوتووە و چەندان چیای وەکو ئەلبورز گەمارۆیان داوە و ئەو گوندە دوو ڕێگەی هەیە کە سوار زۆر بە زەحمەت دەگاتە ئەو شوێنە و لە هەر کام لەو دوو ڕێگەیە ئەگەر سێ کەواندار و چەکدار بە بۆسە دابنیشن لە هەر چوار لاوە پەلەوەر ناتوانێت پەل بزێوێ.

ئەو قەلەندەرە لەوەها شوێنێکدا نیشتەجێ بوو و لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشت و پەنج تا شەش جار فەرمانڕەواکانی ئەو مەڵبەندە بە لەشکرێکی زۆرەوە هێرشیان کردە سەری بە هۆی ئەوەی کە شوێنێکی بەرز و لە گیران نەهاتووی بە دەست خستبوو کەس دەستی پێ نەدەگەیشت و چونکە لە ڕێگای پیاوانی کۆشکی شایی، هەواڵی ئەم ڕووداوە گەیشتە پادشا، فەرمان درا کە عەمارەتی دەسەڵاتی ئەسلان سوڵتان وێڕای خێڵی ئەرشلوو و حکوومەتی عەلی بەگ سۆفی ڕۆملوو لە ئیسفەهان و پارێزگاکانی خەلیلخان ئەفشار لەگەڵ سوپای کۆهکیلوویە پێکەوە بڕیاری سەرکوتکردنی قەلەندەریان دا و لەشکەریان بۆ ئەو سنوورە نارد و دەستیان بە شەڕ کرد و ئەو سوپایە هێرشێکی بەرفراوانی دەست پێ کرد و چونکە ئەم لەشکرە لە پیاوەکانی ئەو زۆرتر بوون، لوڕەکان لەو چیایەدا خۆیان پرژوبڵاو کرد و خەلیلخان لەگەڵ پیاوانی خۆی بۆ سەر ئەو چیایە سەرکەوت و هەرکامەیان کە لە پشت بەردێکەوە سەریان دەردەهێنا، لوڕەکان بە زەبری تیر و

تفەنگ خلۆریان دەکردەوە و لەماوەیەکی کەم لەو شاخەدا سەدان کەسیان کوشت.

شد از بس کە افتاد از آن کشتەها
در آن کوە از کشتەها، پشتەها

هر آنکس کە بر کرد [از] آن کوە سر
بزخم خدنگی فتاد از کمر

سەرەنجام قەلەندەر سەرکەوتنی بە دەست هێنا، خەلیلخان لەگەڵ فەرماندەکانی لەشکرەکەی کوژرا، ئەسلان سوڵتان و عەلی بەگ سۆفی شکستیان هێنا و بۆ دەربازکردنی گیانیان لەو شاخەوە بەرەو ئیسفەهان ڕێگایان گرتە بەر و لە گۆڕەپانی شەڕەکە خۆیان ڕزگار کرد.

قەلەندەر وێڕای سوپا و لەشکرەکەی ئوردووی خەلیلخانی تالان کرد و دەستی گرت بەسەر هەمموو باروبنەو تەبڵ و ئالا و خێڵ و مەڕ و مالاتەکەیاندا و زۆر کەرەستە کەوتە دەستی لورەکان و خەلەجەکان و قەلەندەر پاش ئەم ڕووداوە دەسەلاتێکی بێ سنووری بە دەست هێنا و لە بەرچاوی ئەو خەڵکەدا، ئالای سەربەخۆیی هەڵدا و تەبڵی پادشایی لێ دا و ئەو خەڵکە ناوی پادشایان لێی نا و لە ناو خەڵکدا بە (شاقەلەندەر) ناوبانگی دەرکرد. بەلام خەڵکی ئەو ناوچانە باوەڕیان وا بوو کە ئەو شا ئیسماعیلە و ناویان نابوو شا ئیسماعیلی قاتڵ.(؟!!)

پاش ئەم ڕووداوانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناوبانگی زیاتر پەرەی سەند و زۆرێک لە خەڵکی عێراق و فارس و تورک و تازیک لە دوور و نزیک و هەموو خاوەن قەڵەم و دەسەلاتداران بۆ بارەگاکەی ئەو چوون و پلەوپایەیان بە دەست هێنا و ئەو شوێنەی بەجێ هێشت و چوو بۆ ـ دێهدەشت کە دارولمۆڵکی ئەو مەڵبەندەیە و لە سەر تەختی دەسەلات دانیشت و زۆر فەرمانامەی بۆ هەموو ناوچەکان نارد و ناسناوی خۆی کردە «هو الله العادل و طغرای احکام، ابوالمظفر» شا ئیسماعیلی قاتڵ (؟!!)، کۆتایی باسەکە ئەوە کە ڕۆستەم بەگ و مەحمود بەگ کوڕەکانی خەلیلخان بە لەشکرێکی زۆرەوە هێرشیان کردە سەری و پاش شەڕێکی دەستە و یەخە بوونێکی زۆر ڕۆستەم بەگ کوژرا و مەحموود بەگ وێڕای هەوڵێکی زۆر خۆی لەو شەڕە دەرباز کرد، بەلام بە هۆی خەم و خەفەتی زۆر، تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هات و هەروا بەجلوبەرگی شەڕەوە بەگۆشەگیری کۆچی دوایی کرد و

شاقەلەندەر ناوچەکانی فارس هەتا نزیکییەکانی شووشتەر و دزفوولی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەستی کرد بە چاکەکردن لەگەڵ خەڵک و لەوپەڕی دەسەڵات و تواناوە لە سەر تەختی پادشایی دانیشت و دەستی کرد بە گێڕانی کۆڕی شادی و خۆشی و بۆ ماوەیەکی زۆر، کەسێک لە بیری ئەوەدا نەبوو کە لەگەڵیدا بەشەڕ بێت و هیچ زەرەر و زیانێک بەرەورووی نەبوو، ئەویش هەر بەو سنوورە کە بە دەستی خستبوو ڕازی بوو، بۆ ماوەی نزیک بە شەش، حەوت ساڵ لەو مەڵبەندە بە خۆشی و شادی ژیانی دەبردە سەر.

سەرەنجام جێنشینی شاهزادەی ئازا سوڵتان حەمزە میرزا، ئەسکەندەربەگی ئەفشار کە لە نزیکانی خەلیلخان بوو و لاوێکی مێرخاس و فەرماندەرێکی بەتوانا بوو و بەهۆی لێهاتوویی و ئازایەتییەوە پلەی بەرزی بە دەست هێنا و نازناوی خانی پێ برا و لەچاو دەوروبەرەکانی خۆی پلەی بەرزتری پێ دا و چەندان پارێزگای بە ناویەوە کرد و نیشانی حکوومەت و فەرمانداریی کۆهکیلوویە و هەموو مەڕو ماڵاتی ئەو سنوورەی بەو دا و ئەوی هیوادار کرد تا بۆ شەڕ لەگەڵ شاقەلەندەر خۆی ئامادە بکات.

بەڵام فەرمانێک لە ژێر ناوی دەسەڵاتدارانی سنوورەکانی فارس و دەوروبەری بۆ یارمەتیدانی ئەسکەندەرخان بڵاو کرایەوە و ئەسکەندەرخان بە لەشکرێکی زۆرەوە بۆ شەڕ لەگەڵ شاقەلەندەر کەوتە ڕێ و پاش گەیشتنی هێزەکەی بۆ ناوچەکانی دێهدەشت و ئەو دەوروبەرە شەڕێکی سەخت و دەستەویەخە دەستی پێ کرد.

جهان شد زخون همچو دریای آب
برو کاسهء سر به شکل حباب

دلیران جنگی در آن بحر خون
همه گشته چون عکس خود سرنگون

ز بس کشته افتاد بر یکدگر
برآورد کوهی از آن بحر سر

لە ئاکامدا بەهۆی بەخت و شانسی شازادەی ئازا و دلێرەوە سروەی سەرکەوتن ئاڵای ئەسکەندەرخانی شەکاندەوە و لەشکری شاقەلەندەر شکستی هێنا و

شنەبای پرژوبڵاو بوون و قـەڵەندەر وێڕای دوو کوڕەکەی و زۆربەی دەوروبەرەکانی بە دیل گـیـران و هـەمـوو کـەرەسـتـە و کـەلوپەلەکـانیـان کـەوتە دەست لەشکری ئەسکەندەرخـان و ئەویش قـەڵەندەری وێڕای بنەمـاڵەکـەی و هەمـوو سـەروەت و سـامانێک بۆ کۆشکی شـایی نارد و بە پێی دەسـتوور سەریان لـە جەسـتـەیان جیا کرایەوە و لە سـەر دار شـۆڕ کرانەوە و خـەرمـانی ژیانیـان کەوتە بەر بای نەمـان و (الحمدلله تعالی وحدة. نقاوة الآثار)...، لاپەڕەکانی ١٢٠ـ١١٧.

ئەو شـتـەی کـە لە تاوتوێکردنی نـووسـینـەکـانی دانـەری (نقـاوە الآثـار) دەست دەکەوێت، ئەوە کە پاش بەدەسـتـهێنانی سـەربـەخـۆیی، ڕێبـەری سـەرهـەڵدانەکە بە شـاقـەڵەنـدەر ناوبانگ دەردەکات و ئاشکرایە کـە ناسناوی قـاتڵ و بکوژ نـاوێکە کە دوژمنەکـانی بەویان داوە و هیـچ عـەقـڵێک ئەوە قـەبوولّ ناکـات کە شـۆڕشگێـڕێک هـەرچەند نـەزان و ڕەشـۆکی بێ فـەرمـانەکانی خـۆی لە ژێر ناوی (قـاتـڵ) یان بکوژ واژۆ بکات (؟!!) کـە نازناوگـەلی ناڕەوای لـەم چەشنە نـاو لە سـەرنـانی ناڕاسـتی ناوەکـان ئاشکرا دەکات. بەسـەرنجدان بـەوەی کە تـێ پەڕی بە ئەگـەری زۆر شـا قـەڵـەندەر لە پیـاوانی مــەزنی عـەلـەوییـە توندڕەوەکـان (ئـەهلی حـەق) بووە، بەڵام شـۆڕشگێڕی ناوچەی دینەوەر و هەمـەدان کە باسی سـەر هەڵدانەکانی ئەو پاشـان دێت لە نووسینی حەزرەتی زونووری قەڵەندەرە.

## سەرهەڵدان و ئاشكرابوون لە دینەوەر و هەمەدان.

(... و پاش ماوەیەک لە ناوچەکانی هەمەدان و ئەو مەڵبەندە کەسێکی تر خۆی ئاشکرا کرد کە هەمان قسە و باسی پێشووی هێنایە زمان کە من شا ئیسماعیلم و لە وڵاتی ڕۆمەوە دێم و بۆ ئەو مەبەستە چووبووم کە تایبەتمەندییەکان و چۆنیەتیی بارودۆخی ئەو وڵاتە بزانم و شێوازی داگیرکردنی ئەو سنوورانە دیاری بکەم [!!] و هەندێک لە خەڵکی ئەو ناوچانە بڕوایان بەم قسانە کرد و بە باوەڕمەندیی تەواوەوە بوون بە پێڕەوی ئەو و لە ماوەی یەک یان دوو مانگدا کۆمەڵێکی زۆر لە دەوری کۆ بوونەوە و بە خێرایی بووە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆر و زۆربەی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەواکانی ئەو سنوورانە ئاڵای یاخیبوونیان هەڵدا و هەندێک لە بەر بەرژەوەندی و هەندێک بەهۆی خۆشەویستیی ناوبراو وەفاداریی خۆیان ڕاگەیاند و چونکە ئەو هەواڵە گەیشتە سۆلاق حسێنی تەکەلوو کە فەرمانڕەوای ناوچەی چەمچەماڵ و پارێزگاری ئەو دەوروبەرە بوو کەوتە ناو بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک، زانیی کە ناکرێت لە ڕێگای لەشکرکێشی و شەڕەوە سەرکەوتن بە دەست بێنێت. بە ناچاری بە پێی کات کاری کرد و هاوکاریی خۆی ڕاگەیاند و یەکێک لە پیاوەکانی خۆی وێڕای خەڵاتێکی زۆر و نامەیەک کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی دۆستی و هاوپەیمانی نارده لای ناوبراو و خۆی لەگەڵ لەشکر و سوپایەکی پۆشتە و پەرداخ بە دوای ئەواندا بەڕێ کەوت و چونکە لەو کاتەدا، لەشکرێکی مەزن لە قەرەباغ و ئەو ناوە بوو، ئەم پیلان دارشتنە بۆ ئەو پێویست بووە. کاتێک کە ئەو قەلەندەرە لە هاوپەیمانیی سۆلاق حسێن و یارەکانی ئاگادار بوو، خۆشحاڵ بوو، بڕیاری سەربەخۆیی دا و سۆلاق حسێن پاش ناردنی خەڵات داوای پلەی ئیشیک ئاقاسیگەری کرد و داواکارییەکەی بەجێ هێنرا و دارێکی لە ژێر باڵی خۆی نا و لە بەرانبەر قەلەندەردا ڕاوەستا و بەشێوەیەک ڕێزی لەو گرت کە کەسێک نەیدەوێرا بەقەرا سەرەتیرێک زیاتر بڕواتە پێشەوە و تا ڕادەیەک ڕێوڕەسمی ڕێز لێنانی بەجێ هێنا

کـە هەمـــوو ئەو خـــەڵکە تەنانەت ئەو پیـــاوەش خـــۆی لـێ گـــۆڕا و پێی وا بـوو هەر بەڕاسـتی کە شـا ئیـسـمـاعیلە و لە ڕێگای پێڕەویکردنی سـۆلاق حسـێن سـەرجەم دەسـەڵاتداران و پیـاوە مـەزنەکانی ئەو سنوورە بڕیاری گوێڕایەڵیـیـان دا و ئەوەندە هێز و سـوپای کۆ کردەوە کە ئەگەر بڕیاری داگیرکردنی قـەزوینی بدایا بە ئاسـانی سـەرکەوتنی بە دەست دەهێنا و هەواڵی گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لەلایەن ئەو پیاوەوە بەهەموو لایەکدا بڵاو کرایەوە و گەیشـتە ئۆردووی شـاهی و چونکە جێگری پادشـاو دەستوپێوەندە حوکمییەکان سـەبارەت بەو ناوچەیە متمانەیان بە دەست هێنابوو بۆ کۆشکی شـاهی گەڕانەوە؛

لەم کاتانەدا کە سۆلاق حسێن لە خزمەتیدا بوو لەگەڵ دەوروبەرەکانی ئەو پیاوە پێوەندیی نهێنیی دامەزراند و هەر کامـەیانی بە شـێوازێک سـەبارەت بەو بەدگومان کرد و لەگەڵ خـۆی هاوڕایانی کرد و باسـی بـەدیلگرتنی ئەوی هێنایە ئاراوە و لەو کـاتەدا کـە لەشکری شـاهی گەیشـتـە کۆشکی قـەزوین، سۆلاق حـسـێن دەرفـەتی بە دەست هێنا و وێڕای ئەو چەند کەسـە ئەو پیاوە بگرێت و بە دەسـتبەسـتراوی لەگەڵ دەوروبەرەکانی بۆ ناو لەشکری شـاهی بنێرێت و کاتێک کە گەیشتنە ناو کۆشک بە پێی دەسـتـووری شـاهی خـەڵاتێک بۆی دیاری کـرا کـە بەرگێکی حـەسـیـرییـان لەبەر کرد کە ناوەکەی بە بارووت داگیرابوو.

بە لێدانی سـاز و ئاهـەنگ پێشوازیی لێ کرا و سـواریان کرد و ئەو خـەڵکەش لە پێـشـەوە دەسـتـیـان کـرد بە دەربڕینی شـادی و هـاتوهـاوار هـەتا گـەیشـتنـە شـاری قـــەزوین، پاش ئەوەی کـە لـە گـۆڕەپانی شـاردا لەداردران و گـڕی نەمـــانیـــان لە جـەسـتـەی بەردا، زۆر خـەڵاتی کـەم وێنە و پڕ بـایەخ بۆ کـۆشکی سـۆلاق حـسـێن نێردرا و پلەی بەرزیان بەو بەخشی.

جـهـان سـربسـر فـتنه است و فسـاد
بر اوضـاع او نیـست هیچ اعـتـمـاد

بـهــــر گــــوشــــه زین دار نـاپایدار
یکی گـشـتـه سـر [کـردەء] روزگـار

ســـر افــراخـــتــه از پی ســـروری
بـود در ســـــرش آرزوی ســـــری...

شـــــــود دیـگـری را هـمـین آرزو
کـــه خـــود را بزودی رســـاند براو

[نقاوة الآثار...ل ل ١١٧-١١٤]

ئەم بەسەرهاتەی سەرەوە لەگەڵ ئەو بەسەرهاتەکەی کە حەزرەتی زونووری وەک یەک دێنەوە:

... چو ذوالنور گـــردید آنوقت شـــاه
بـه یاران بشـــد آن زمـــان قـبلەگـــاه

هـمـی ایـل لـر تـابـع او شـــــــدند
مـــرید همـــان یار نیکو شـــدند

مـجـرد بدی در جـــهـان شـــه ذوالنور
بـه دین حـــقـــیـــقت نمودی ظـهـــور

دگـر سـیـد رضـا شـد ورا جـانشین
به آن خـــاندان گـــشت او قطب دین

به آیـین حق عـــهـــد تجـــدید شـــد
کـــه ذوالنور آن قطب توحـــیـــد شـــد

زمـــانـی ذوالنور بود در جـــمـع حق
کـــه ناگـــاه یک مـــهـــتـــری زان ورق

ابا چند ســـواره به قـــهـــر شـــدید
بیـامـد کـه ذوالنور ســازد شـهـیـد

بفـــرمـــود ذوالنور با مـــردمـــان
بباشـــیـــد در جـمـع دل شـــادمـــان

نجنبـــیـــد از جـــا نبـــاشـــیـــد تنگ
خـــدا هست با مـــا به تـوفـــیق و هنگ

چو سـرداران آید در این انجمن
ببینید آنوقت کرامات من

چو وارد بشد آن رئیس از غرور
بغرید گفتا که ای شه ذو النور

چنانی تو مغرور از کبر و زور
نداری زمن باک اندر حضور

کنون خواهم از تو در این جشن و سور
اگر تو غلامی به ذات غفور

ببـاید کـه معجز نمایی به من
کـه ببینم عیان اندرین انجمن

چو آن مرد مهتر ذو النور شاه
کرامات و اعجاز دیدی بگاه

همان دم به پیش آمده سجده کرد
به دین حقیقت دگر سر سپرد

همه ایل و قومش به صدق تمام
شدند حق پرست جمله در آن ایام

دگر شاه ذو النور در آنزمان
حقیقت روا کرد اندر جهان

پس آنکه چو خورشید گشتی نهان
بشد سید رضا جانشینش به خان

[شاهنامة حقيقت، حاج نعمت اللة جيحون آبادي، ل، ٢٩٩]

به سڕینەوەی شتە زیادییەکان و تۆمەت وەپاڵدانەکان و سەرلەنوێ ڕاستکردنەوەی چەواشەکاریی بە ئەنقەستی مێژوونووسان ئەگەر بە وردبینییەوە سەیری ئەم

ڕووداوە مێژووییانە بکرێت و ڕاستیی بابەتەکە ئاشکرا بکرێت، زۆربەی ناودارانی ئالی حەق کە تەنانەت بە پێی نووسینەکانی بەردەستمان نیشانەیەک لە چۆنیەتیی ژیان و بەسەرهاتی ئەوان لە بەردەستدا نییە، بارودۆخ و کەسایەتی و چۆنیەتیی سەرهەڵدان و جوولانەوەی ئەوان لەم ڕەوتە مێژووییەدا ئاشکرا دەبێت.

بە سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشانە لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی خودابەندە (٩٨٦– ٩٨٥ ک.هـ) باوکی شا عەباسی یەکەم، جووڵانەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان کە لە ناو قەڵا کوێستانییەکان و لووتکەکانی زاگرۆس و مەڵبەندە سنوورییەکانی خوراسان و ئەفغانستان و ئازەربایجان و کوردستان وەکو سەدەکانی پێشوو بوو بە ئاگری ژێر خۆڵەمێش و لە سەردەمی شا عەباسی یەکەم (٩٩٦– ١٠٣٨ کۆچی مانگی) لە بەرگی نوقتەویان کە لقێکی بووەوە لە حورووفییەکان بوون خۆی ئاشکرا کرد، نوقتەوییەکان پێڕەوی مەحموودی پەسیخانیی گیلانی بوون کە لە سەردەمی شاتەهماسبیشدا چالاکییەکی بەرینیان بوو، بەڵام بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەوکات بەنەرمی لە گەڵیاندا هەڵسوکەوت کرا؛ [مەحموود] بە جیابوونەوە لە لایەنگرانی فەزڵی حورووفی ئەستەر ئابادی کە خۆی سەرەتا لە پێڕەوەکانی ناوبراو بوو، دەستەی نوقتەوییەکانی دامەزراند کە لە باری بنەماکانی بیروهزرەوە هەمان ئەندێشەی ئاینی و باوەڕی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق = حورووفییە)ی بە هەندێک کەم و زیادکردن درێژە دەدا، لەم ڕووەوە لە ئاڵقەی حورووفییەکان دەرکرا و لە ساڵی ٨٣١ی کۆچی مانگیدا کۆچی دوایی کرد، جووڵانەوەکەی مەحموود دەسکەوتێکی کولتوور باشی لێ کەوتەوە بە، سەبارەت بە چۆنیەتیی ژیان و بەسەرهاتی ناوبراو لە بەڵگە مێژووییەکاندا زانیارییەک لە بەر دەستدا نییە، ئەگەرچی لە سەرچاوە زارەکییەکان و هۆنراوەکانی ئالی حەق پاش ناوبردنی شا سەید جەلالەدین لە بنەماڵەی خاکسار، لە چەند جێگاشدا باس لە مەحموود کراوە، و بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی نێوان بنەماڵەی خاکسار لەگەڵ نوقتەوییەکان بە تایبەت لە هیندستان دوور لە ڕاستی دێتە بەرچاو کە مەبەست هەمان مەحموودی نوقتەویی گیلانی بێت [خاکسارەکان بە مەحموودی پاتەلی و ناوە تەریقەتییەکەی سەلمانی فارسیی (؟!!) دەزانن] و ڕەنگە تەنیا لە حاڵەتکدا ئەم خاڵەی مەبەست بێت (؟) بەڵام لە زنجیرە بنەماڵەی خاکسار ناوی مەحموود بەردەوام بەرچاو دەکەوێ.

بابەتێکی تر چیرۆکی مەحموودی غەزنەوی و ئەیازە، لە نووسراوەکان و هۆنراوەکانی (ئالی حەق) و لە شەتەحاتی ناودارانی یارسان (ئالی حەق) ناوەکانی مەحموودی غەزنەوی و بە تایبەت شاری غەزنەین هاتووە و لە سەردەمەکەی وەکو سەردەمی ئاشکرا بوون، ناو براوە، بەڵام سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بەپێی هیچ حسابێکی مێژوویی، بیروباوەڕی، سیاسی، مەنتیقی و فیکری لە پیاوانی ناوداری عەلەوی (ئالی حەق) نایێتە ئەژمار، هەرچەند لە هۆنراوەکاندا فریشتەکان و کێشە (دون)ی حەوتەوانەی ئەویشیان ناو بردووە، ئەگەرچی ئەم هەڵبژاردنە وەکو باوەڕێک جێگای ڕێزلێنانە، بەڵام بۆچوون ئەوەیە کە چونکە زانیارییەک لە ژیان و بەسەرهاتی مەحموودی پەسیخانی گیلانی لە بەردەستدا نەبووە، ئەو کەسانەی کە هەواڵەکانیان گواستووەتەوە لە ئاسەوارە نووسراوەکاندا کەسایەتیی ناوبراویان هەروەکو چەواشەکارییەکانی تر و هەڵەکردن لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە لەگەڵ سوڵتان مەحموودی غەزنەوی تێکەڵ کردبێت، چونکە ئەو بەڵگانەی کە لە بەر دەستدان دەقاودەقن لەگەڵ ژیان و بەسەرهاتی مەحموود پەسیخانیی گیلاندا. و نەک سوڵتان مەحموودی غەزنەویی یەکەم؛ ئەو شتەی کە لەژێر ناوی سەردەمی مەحموود و پاش سەردەمی شافەزڵ تۆمار کراوە و ئەم نزیکی و بەرێکەوت بوونە پێوەندیی بە فەزلی و مەحموودی پەسیخانی هەیە، نەک فەزڵ و سوڵتان مەحموود.

هەروا کە باس کرا، سوڵتان مەحموود بەهیچ شێوەیەک ڕێی تێ ناچێ پێوەندیی بە بزووتنەوەی عەلەوییەکانەوە بووبێت. سێیەم ، پێوەندیی مەحموودی پەسیخانی گیلانی و موریدەکانی ئەو لە گەڵ وڵاتی هیندستان وەک ڕۆژی ڕووناک ئاشکرایە و ئەم ڕوونکردنەوەیە خاڵێکی تر لە بابەتە مێژووییەکانی عەلەوییە تووندڕەوەکان (ئالی حەقە) کە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەمەند بکەین، دەتوانین لە ڕاستییەکەی ئەو تێ بگەین.

## بزووتنەوەی نوقتەوەییەکان لە سەردەمی شا عەباسی سەفەوی

## (٩٩٦- ١٠٣٨ کۆچی هەتاوی)

بەپێی سەرچاوە زارەکییەکان، شا عەباسی سەفەوی (٩٩٦ـ ١٠٣٨ کۆچی هەتاوی)یان، بە کێشە (دون)ی لە بابا یادگار هێناوەتە ئەژمار و زۆربەی بنەماڵەی عەجەم لە دەروێشەکانی خاکساریان سەر بە ئەو زانیوە، سەبارەت بەدەسەڵاتی رواڵەتی و باتینی و هەوڵ و ملمـلانەی ناوبراو لە هەمـوو رووبەکەوە چیرۆکی جۆراوجۆر هەیە کە لێرەدا دەرفەتی باسکردن و لێکدانەوەیان نییە.

سەبارەت بە بزووتنەوەی نوقتەوییەکان لە سەردەمی شاعەباسی سەفەویدا، خاوەن (نقاوة الاثار)، باسێکی چڕوپڕی سەبارەت بە رابردووی ئەو جۆرە بزووتنەوانە و جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی لەم چەشنە هێناوە و لە پێشەکی باسەکەدا وا هاتووە کە لە سەردەمی سەفەویشدا هەر وەکو لە سەرەتای بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەشدا هات، ریشەی ئاینی عەلەوییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام و سەردەمی خورەم دینەکان و مەزدەکییەکان و رەوتی ئاڵوگۆڕ و پێوەندییەکەی لەگەڵ بزووتنەوە هاوشێوەکاندا جێگای سەرنج و بەراوردکردن هەروا کە دەنووسێت:

(... لە سەرەتای ژیان هەتا کۆتای جیهان، لە نێوان شەیتان و کوڕەکانی ئادەم و ئەشیاع، شەڕ و دوژمنایەتی بەر قەرارە و ئاسەواری ئەم کارە هەتا کۆتایی جیهان بەردەوام و پەیتا پەیتا بە هۆی «لاغوینهم اجمعین» شەیتان لەگەڵ هاودەستەکانی لە هەرکات و شوێنێکدا، کەسێکی بەدڕەوشت پەروەردە و بەهێز بکەن و دەست بکەن بە فریودان و بە لاڕێدابردنی دەستەیەک لە خەڵکی نەزان و بەم جۆرە بازاڕی تاوان و گونا و فیتنە و درۆ گەرم دابێن و خەڵک لە ڕێگای ئاینی موبین و شەرعی ئیسلام بخەنە ناو چاڵی بەدناوی و نەزانی، بەشێوەیەک کە لە سەدەکانی پێشوو و ڕۆژگارەکان. لە هەر سەردەمێکدا یەکێک لە [...] خۆیان لە

وڵاتانی تر و فرتوفێڵدا خۆیان بخەنەوە بەرچاوی خەڵک، دەرگاکانی [...] بە ڕووی خەڵکدا کردووەتەوە، لە ڕێگای ئەفسانە و سیحرەوە وادەی درۆ دەدەن. بەشێوەیەک کە لە سەدەکانی ڕابردوو لە وڵاتی چین (مانی)ی شێوەکار کە لە کاری شێوەکاری ناوبانگێکی زۆری لە وڵاتی خۆی دەرکردبوو و ئەم ناوبانگەی گەیشتبووە ئاستێک کە شێوەکارەکانی تر لە بەرانبەریدا کڕنۆشیان دەبرد و ناوبراو کارەکەی خۆی بەپەرجۆ لە قەڵەم دەدا و بانگەشەی پێغەمبەریی کرد و یەکێک لە موعجیزەکان و کارە سەیرەکانی ئەو ئەمە بوو کە لە سەر زەوینی تەخت بە قامکی خۆی دایرەیەکی دەکێشا کە بەرینایییەکەی دە زەرع بوو و لە کاتی سواریدا نووکی ڕمبێکی ڕاست بەرەو ناوەندی دایەرەکە دەهاویشت و ئەوی تر ئەوە بوو کە حەوزێکی دروست کردبوو و بەهونەری شێوەکاری ئاوی ڕەوانی تێدا کێشابوو، بەشێوەیەک کە تا کەسێک دەستی پێدا نەکردبایە ناوی نەیدەزانی کە ئاو نییە و زۆر گۆزەش لەو شوێنە شکا چونکە خەڵک وایان دەزانی کە دەتوانن بێجگە لە مانەش وێنەی سەگێکی تۆپیوی لە سەر ئاو کێشابوو کە بە شێوەیەک ئەوانەی دەچوون بۆ ئاو، کە ئەو دیمەنەیان دەبینی دەگەڕانەوە و دەیانوت کە سەگێک کەوتووەتە ناو ئەو ئاوە و تۆپیوە و پاش ئەوەی کە زۆرێک لە خەڵک [...] یان بۆ سەر ئاینی [...] و ڕێبازی ناپەسەندی خۆی، ڕاکێشاو زۆربەی خەڵک لە دەوری کۆ بوونەوە، هەروەها بە هەندێک لە کەسانی دەوروبەری خۆی وت کە من بۆ ئاسمان دەڕۆم و پاش ساڵێک دێمەوە و لە داوێنی فلانە چیا من دەبیننەوە و کتێبێکتان بۆ دێنم و پاش گەڕان ئەشکەوتێکی لەو شاخەدا دۆزییەوە و خۆراکی ساڵێکی تێدا دانا و لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا دیمەنی هەموو ئاسمانەکان و ئەوەی کە لە زەوی و ئاسماندا بوو، هەر لە مرۆڤەکان و گیانلەبەرەکانی وشکی و دەریای لە تۆمارێکیدا کێشاو پاش ساڵێک لەو ئەشکەوتە هاتەدەر و خۆی نیشانی خەڵک دا و ئەو کاغەزەی پیشانی خەڵک دا و گوتی خوای مەزن لە جێی کتێب تۆمارەکەی و دیمەنی هەموو گیانلەبەرانی خستە بەرچاوی من و ڕاستی و چۆنیەتیی هەموو ئەو شتانە کە لەم کاغەزەدایە لە من ئاشکرا بوو؛ زۆربەی ناوچەکانی تورکستانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و لەو وڵاتەدا کاری پەرەی سەند و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر بوو تا ئەوەی کە هەموو خەڵکی ئەو ناوچانەی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە.

پاشتر ڕووی لە وڵاتی ئێران کرد و لەو ڕۆژگارەدا پاشای عاقیبەت خێر

فیرووزی کوڕی بەهرامی ئەشکانی کە چینی سێیەمی پاشاکانی عەجەم بوو، لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشتبوو و هەندێک کەس وتوویانە هاتنە دەری مانی لە سەردەمی پاشا خۆشناو واتە شاپووری زولئەکتافدا بووە پاش ئەوەی کە مانی لە هەموو وڵاتی ئێراندا ناوبانگی دەرکرد و زۆرێک لە خەڵکانی ئەو ناوچانە لە دەوری کۆ بوونەوە و نزیک بوو کە کارەساتێک ڕوو بدات، پادشای سەرکەوتوو فەرمانیدا تا بانگهێشتی بکەن و زانایان و پایەبەرزانی ئایینی ئەو سەردەمەی بانگ کرد و کۆڕێکیان پێک هێنا و ئەو کەسانە لەگەڵ مانی دەستیان کرد بە وتوویژ و بیرورا گۆڕینەوە و پاش قسەوباسێکی زۆر و بەڵگە هێنانەوە، زانا عەجەمەکان و پایەبەرزانی کۆشکی شایی ئەو [...] واتە (مانی)یان ناچار بە بێدەنگی کرد و پاش سەلماندنی نەزانی و ناکارامەیی ناوبراو، پاشای مەزن فەرمانی دا تا بە ئەشکەنجەیەکی زۆر بیکوژن و پیستی بگرنەوە و پڕ لە کای بکەن و لە هەموو وڵاتدا بە بەرچاوی خەڵکەوە بیگێڕن و لە سەرەنجام جەستەکەیان سووتاند و هەروەها لە سەردەمی ساسانییەکاندا؛ کە وەکو چینی چوارەم لە پاشاکانی عەجەم دێنە ئەژمار لە سنووری ژێر دەسەڵاتی قوبادی پاشاکە باب و باپیری ئەنوشیروانی دادوەرە، کەسێکی مەزدەک ناو بە دیار کەوت و زۆرێک لە خەڵکی بە لاڕێدا برد و بۆ ماوەیەکی درێژ خەڵک نەیاندەزانی [...] کەسێک کە مردووە میراتەکەی دەبێ بە کێ بگات و لەم ڕۆژگارەدا ژیانی خاوەن موڵک چۆنە و... [و پاش باسێکی چڕوپڕ سەبارەت بە مەزدەک چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕ بە سەرداهاتنی جووڵانەوەی سیاسی ـ مەزهەبی ئەو دەگەیەنێتە سەردەمی سەلجووقییەکان و حەسەنی سەباحی ئیسماعیلی و پاشان بەم شێوەیە دەست دەکات بە باسکردنی چیرۆکی نوقتەوییەکان و چۆنیەتی ئاشکرابوونی ئەوان لە سەردەمی شا تەهماسبی سەفەوی و پاشان سەردەمی شاعەباسی سەفەوی] تۆمارکەرانی ڕووداوەکان لاپەڕەکانی مێژوویان بەم شێوەیە داناوە کە لە ڕۆژەکانی سەرکەوتنی پادشای مەزندا و ئاینپەروەریی پاشای دین پەنا شا تەهماسب هەندێک کەس لە نوقتەوییەکان لە دەوروبەری ساوە و قەزوین و نزیکییەکانی کاشان و ئیسفەهان و کووهپایە و نائین ئاشکرا بوون و بەوپەڕی تواناوە، دەستیان کرد بە بانگەشەکردن و بە دەستی [...] دەستیان لە شەرع وەرداوە و دەرگاکەکانی عەزاب [...] بەڕوویاندا کرایەوە و هەواڵی کردەوەکانی ئەوان گەیشتە گوێی جێگری پاشاو

چەند کەس لە ڕێبەرەکان و پێشەنگەکانی ئەم هۆزە وەکو؛ محەمەد قازی بیدگۆلی و مەولانا قاسم کۆپاڵی- و هتد.. بەپێی حوکمی خۆی لێکۆڵینەوەی لێ کردن و زیندانیی کردن. و چاوی چەند کەسێکیانی دەرهێنا و هەندێکیشیانی بە ئەشکەنجە کوشت و سەر رووی زەوینی لەو گلاوانە پاک کردەوە و پاشماوەکەشیان لە گۆشەی بێکەسی و تەنیاییدا ژیانیان دەبردە سەر و هیچ کەس لەم رووداوە کە بووبووە هۆی کۆبوونەوە و پچڕانی ئەم فێرقەیە ئاگادار نەبوو، هەتا سەردەمی شاعەباس، خوسرەو ناوێک لە جلوبەرگی دەروێشەکاندا لە حکوومەتی قەزوین نیشتەجێ بووبوو و بازاڕی [...] گەرم کردبوو؛ دەستی کردبوو بە پڕوپاگەندەکردن و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ناوبانگێکی زۆری دەرکردبوو و خەڵکێکی زۆر لە دوور و نزیکەوە بەرەو ئەو شوێنە هاتن. لەگەڵ هەر چینێک لە خەڵکدا بە پێی حاڵ و ڕۆژی ئەوان هەڵسوکەوتی دەکرد و لە جلوبەرگی هەژارەکان و دەروێشەکاندا خۆی پیشانی خەڵک دەدا و بە دەروێش خوسرەو ناوبانگی دەرکرد و لەگەڵ هەرکامە لەو خەڵکەدا بەزمانێک قسەی دەکرد و سەرەتا نەیدەوێرا کارێکی دژی یاسا و ڕێساکانی ئاینیدا بکا، بە ڕادەیە کە موریدەکانی گەیشتنە زۆرترین ژمارەی خۆیان، بە حوکمی «ان النفس لاماره بالسوء» چین و توێژە نەزانەکانی بۆ سەر ڕێگای چەوت و ناڕاست و بەدەرەوە لە یاسا ئاینییەکان بانگهێشت دەکرد و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناوبانگی زیاتر پەرەی سەند و هەواڵی کارەکانی گەیشتە گوێی پاشا و بە ڕێکەوت ڕۆژێک پاشای خاوەن شکۆ، ڕۆژێک بە لای خانەقاکەیدا دەرباز بوو؛ خوسرەو ئاگادار بوو هاتە دەرەوە و دوعا و پێداهەڵگوتنێک کە شایانی ئەو بێت پێشکێشی کرد و دەستی کرد بە زمان چەوری و پاشاش لە بەرانبەردا چەندان خەلاتی پڕ بایەخی پێ بەخشی.

پاش ئەوە هەرچەند ماوە جارێک بە مەبەستی سەردان و ئەحواڵپرسین دەچووە تەکیەکەی ڕێزی زۆری گرت و پارە و خەلاتی زۆری بەو دەبەخشی و لەم ڕووەوە زۆربەی فەرمانڕەواکان و گەورە پیاوانی دەوڵەت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵیدا دەچوونە لای و ئەویش بە زمانە چەورەکەی ئەوانی دەخستە داوی خۆیەوە و دەیکردنە موریدی خۆی و ئەوانیش نەزر و سەدەقەی زۆریان هەر لە کەرەستە کەم وێنەکان وەکو کێلانی زێڕ کفتدا زێڕ و زیو بۆ ئەو دەبرد و لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆ بوونەوە و ژمارەی موریدەکانی گەیشتە ئاستێک کە زۆربەی ڕۆژەکان

دووســەد کــەس لە خــانەقــاکــەیدا بــوون و چەند کــەس لەوان بــوون بە نزیکتــرین کــەســەکــانی دەروێش خــوســرەو و بوون بە جــێگری نــوێنەری تایبــەتی ئــەو. لەوانە یووسف ناوێکی خوراســانی کە لە پیــشــەی دروســتکردنی جــێگای تیری کــەواندا ناوبانگێکی زۆری هەبوو و پاشای مەزن لە سۆنگەی ئەم هونەرەیەوە، لەگەڵیدا زۆر بەباشی هەڵسوکەوتی دەکرد و هەر جارە کە جێگای تیری بۆ پاشا دەبرد بەهەموو شێوەیەک ڕێزی لێ دەگرت و لەگەڵیدا قسەی دەکرد و قسەی لە زمانی دەردەهێنا و ئەویش هەموو نهێنییەکی دەدرکاند و باوەڕی یووسفی ئەمە بوو کە پاشایکردووە بە پێڕەوی خۆی کەوابوو هەموو قسەیەکی دەهێنایە زمان، لە ئاکامدا پادشاش لە هەموو شتێک ئاگادار بوو و سەبارەت بەشێوەی بیرکردنەوەی ئەوان هیچ شک و گومانێکی نەما و کــەوتە بیـــری ئەوە کە هەمـوو ئەوانە لە ناو ببــات کــە لەم کاتەدا کارەساتی لوڕستان ڕووی دا و دوو سێ ڕۆژی تر بەڕێوەبردنی ئەم کارە وە درەنگ کەوت و پادشا وێڕای سەرنجدان بە پێی مەسڵەحەت بۆ تەکیەی ئەو دەهات و داوای یارمەتیی دەکرد و چون ئەو پێشەوایە لەگەڵ یووسفی پێکەوە لەو ماوەیەدا قسەو باسی زۆریان کردبوو و باوەڕی هەڵەی ئەوان ئەوە بوو کە پاشا لەگەڵ ئەوان یەکدڵ و یەک زمانە، و ئەوەی هێنایە زمان کە بڕیاری داوە سەفەر بۆ لوڕستان بکات و دواخستنی بە گونجاو نازانێت و پاشای مەزن هەوڵ بدات کە دوو یان سێ ڕۆژی پێش لە ئاشکرابوونی مانگی موحەڕەمی ساڵی (١٠٠٢) دەبێ بۆ داروسەڵتەنەی قەزوین گەڕابێتەوە کە هاتنی ئەم ساڵە گەیشتنی کەسێکە بە تەختی دەسەڵات و سەربەخۆیی؛ واتە یەکێک لە دەروێشەکانی ئێمە دەبێ فەرمانڕەوا بێت و هێز و دەسەڵات دەبێ لە دەستی ئەودا بێت و ئەم موحەڕەمە یەکەم خولی ئێمەیە و چونکە باشترین کەس خودی پاشایە هێزی حوکمڕانی لە دەستی پادشایە و باشتر ئەوەیە کە بۆ کەسێکی تر نەگوازرێتەوە.

کنی کارها را چو در وقت خویش
مــهـیــا کن اسـبــاب آنرا ز پیش

که در وقت خود چون کنی کار را
کنی ســـهل آن کــار دشـــوار را

پس آسـان توان کرد در وقت کـار
نکردی، پشــیــمــانی آرد به بار

هەڵبەت بە خێرایی و بە پەلە هەرچی زووتر دەرفەت لە دەست نەدەن و پادشـای مەزن لە هەموو ئەم قسە ناڕەوا و نابەجێیانە ئاگادار بوو، بە حوکمی (واصبر وما صبرك الا بالله) دانی بەخۆدا گرت و شێوەی ڕاوەسـتـان و تێفکرینی هەڵبژارد و چونکە کاتی ئەوە هات کە دەست بکات بە لە ناوبردنیان، بەرەو خانەقا بەڕێ کەوت بەڵام بیر و ئەندیشەی ئەو [...] دەستی لە سەر پادشا هەڵنەدەگرت و نزیک بوو کە سەرەتا بەر لەوەی کە بۆ لوڕستـان بڕوات، فەرمانی لەناوبردنی ئەو دەروێشە بدات و جیـهـان لەوان پاک بکاتەوە و بەزەبری شـمـشـێر لە ڕووی ڕۆژگار بیـانسـڕێتـەوە بەڵام بە سـەرنجـدانی کات ئەم کارەی وەدواخست و ڕووی لە لای شـاهوێردی لوڕ کە لە گرینگترین کارەکانی ئەو بوو کردی، بەڵام بـە پێی فەرمـوودەی (ان اجل الله اذا جاء لا يؤخر)، ئەوە دەروێشـە، خۆی بووبـووە سـەبەبی ڕەنج و ئازاری خۆی و کەسوکارەکەی.

پاش گەیشـتنی کاروانی پادشا بۆ گۆڕەپانی ئەلەنگی خەرقان، کەسێک لە لایەن دەروێش خـوسـرەوەوە هەواڵێکی بۆی بـرد کە نـاوەڕۆکەکـەی ئەوە بوو کـە پاشـای مـەزن دەبێ کە لە هاتوچۆدا پەلە بکات و ئەوپەڕی توانای بخـاتە گەڕ و بە ئاسـانی بەلای ڕووداوەکـاندا تێ نەپەڕێت و ئەگەر شـەڕ لەگـەڵ شـاهوێردی، پێـویسـتـی بە لەشکر بوو، پەیکێک بەخێراترین کات ڕەوانە بکات تا هەر چەند کە پێویست بێت بۆی بنێرێت و بە بیستنی ئەم هەواڵە ئیتر سەبری پادشا گەیشتە کۆتایی خۆی و بە -هۆی، (من تحري القصد خفت عليه الامور) لەناوبردنی وەکو پێویستییـەکانی ئاین و دەوڵەتە و ئیتر دواخستنی بـە گونجاو نەزانی و چونکە [دەروێش خوسرەو] بانگەشـەی ناردنی لەشکری کردبوو ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەگـەر هات و پادشـا زۆر لەو شـوێنە مایـەوە کارەسـاتێکی تاڵ ڕوو بدات، بەم جۆرە و بە پێی «الطمأنينة قبل الخـبـر صـد الحـزم» هەمـوو تێـبـینی و پێشـبـینیـیـەکی ڕەچاو کرد، بـە پەلە جـاڕچییـەکی بانگ کـرد و فـەرمـانی دا کـە لەگـەڵ سـەد کـەسی سـوارە و پیـادە بەشێوەیەک کە کەس ئاگادار نەبێت ماڵەکەی گەمارۆ بدەن و ئیزن بە هیچ کەسێک نەدەن کـە هەڵبـێت و ئەو پەڕی داکـۆکی کـرد لە پاراستن و چاوەدێریکردنیـان و

پەیتاپەیتا دوو پاتی دەکردەوە کە ئاگادار بن و هێرشی خەڵک و کۆبوونەوەی موریدەکان [...] لە دەست دەری بێنن و ئاژاوەیەک دروست ببێت. لە یارەکانی دەروێش خوسرەو، یووسفی تیروان دۆز و کووچەکی بەهلەدۆز.*

پاشان دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی کەرەستە و کەلوپەلی ئەوان. پاش ئەوە یووسفیان لەگەڵ ڕەفیق لەگەڵ چەند کەسی جێ متمانە و باوەڕ بۆ خزمەتی پاشا نارد و کووچەک لە نێوان ڕێگادا شتێکی ژەهراویی خوارد و گیانی لە دەست دا و هەرکە یووسفیان بردە خزمەت پاشا بەشێوەیەک کە هەمیشە لەگەڵی قسەی دەکرد دەستی کرد بە لێپرسینەوە بەشێوەیەک کە ئەو [...] تووڕە بوو وەکو جاران وەڵامی دایەوە و هیچ ترسی لێ نەنیشت.

بە ڕێکەوت هەر لەو کاتەدا ئەستێرەیەک لە ئەستێرە کلکدارەکان لە نێوان

* بەهلەدۆز: کەسێکە دەستەوانەی چەرم بۆ ئەو کەسانە ساز دەکا کە باز ڕادەگرن. بە باشی پارێزگاری بکە چونکە ئەوانم پێویستە بەڵکو ئەوە کە ئەو لەگەڵ چەند کەس لە یارەکانی بۆ ئێرە بنێری و ئەو لەگەڵ کەسانی تر ڕابگرن و لەو شەوەدا جارچی لەگەڵ ئەو تاقمە کە دیاری کرابوون لەو شوێنە ڕۆیشت و هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو کە تەکیەی ئەوان گەمارۆ درا و ئەوەندە سەبریان کرد تا ڕۆژ بووەوە و دەرگای تەکیەیان کردەوە و هێشتا کەسێک نەچووبووە ناو کە جارچی باشی هاتە ناو سڵاوی کرد و ئەو دەسەڵاتدارە هەروەها کە لە سەرجێگاکەی ڕاکشابوو وەڵامی دایەوە؛ ئەویش بوخچەکەی لەوێ دانا؛ وتی پاشا خەڵاتێکی بۆ ئێوە ناردووە و ئەوانیش خزم و کەسوکاری کە خەریکی وتووێژ بوون بانگ کرد و ئەوانیش حازر بوون و پاشان کەوایەکی دەرهێنا و بۆ پشتی ئەو چوو تا بیکاتە بەری و ئەویش هەستا تا کەواکە لە بەر بکات هەر لەم کاتەداو مستێکی وەهای لە پشت ئەستۆی دا، سەر عەرز و تا بە خۆیدا هات، هەڵی کوتایە سەری و دەست و ملی بەست و ئەوان بە وێکڕا هاواریان کرد و بەری بەستنی ئەویان گرت و چەند کەسی تر بۆی هاتنە ناوەوە و ئەوانیان بە قامچی بەست و ئەوانیش بەکەڵکوەرگرتن لە شمشێر و گورز وەڵامیان دایەوە و چەند کەسیان لێ کوژرا و ئەوانی تر بریندار و ماندوو خۆیان بەدەستەوە دا و جارچی باشی ئەو چەند کەسەی لەگەڵ [دەروێش خەسرەو] بۆ ماڵی خۆی برد و دەستبەسەری کردن و پاشان ڕووی لە ماڵی یووسفی کرد و ئەویشی دۆزییەوە و هەتا بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، لە قەزوین هەموویانی بە پشتیوانیی دەوڵەتی پاشایی بەدیل گرت.

ڕۆهەڵات و باکوردا دەرکەوت، پاشا لە چۆنیەتیی ئەم ڕووداوە لە یووسفی پرسیاری کرد و ئەو ڕووڕەشەی هەردوو دنیا وەڵامی دایەوە کە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لەم ڕۆژانەدا تاج و تەختی پاشایی تووشی مەترسی و ئاڵوگۆڕ دەبێت، واتە پاشایەکی تر ئاشکرا دەبێت و نیشانەی ئەوەیە کە یەکێک لە دەروێشەکانی زنجیرەی ئێمە لە پلەی پاشایەتیی مەعنەوی بگاتە پلەی دەسەڵاتی ڕواڵەتی و هەر بەم زووانە شاهیدی ئەم ڕووداوە لە پشتی پەردەوە دێتە دەرەوە. پاشا فەرمووی کە لەناو زنجیرەکەی ئێوە کەسێک لە تۆ باشتر نییە کە لێهاتووتر بێت، باشتر وایە کە تۆ بکەم بە پاشا تا ئاکامی ئەم ڕووداوە وەک ئاشکرابوونی ئەستێرەکە بێتە دی .

پاشان پاشا ئاماژەی کرد تا خەڵاتێک و تاجێکی ڕازاوەیان هێنا و لە بەریان کرد و تاجی پادشاهییان لە سەری ناو لە سەر تەختی دەسەڵات دایان نا و کڕنۆشیان بۆی برد.

شها توئی که در اسلام تیغ خونخوارت
هزار ملحد چون یوسفی مسلمان کرد

فتاد در دلم از یوسفی و سلطنتش
دو بیت قطعه مثالی که شرح نتوان کرد

جهانیان همه رفتند، پیش او بسجود
دمی که حکم تواش پادشاه ایران کرد

نکرد سجدهء آدم به حکم حق شیطان
ولی به حکم تو آدم سجود شیطان کرد[1]

١ بەپێی وتەی شانامەی حەقیقەت، یووسفی یەک لە حەفتوانەکەی سەردەمی شاعەباسە:

... دگر میر سماعیل و خرم بچین
آبا شیخ علی، یوسف نازنین
... بدی یوسف هم پیر محمد بگاه
بدند جمله دایم در آن بارگاه

(شاهنامه حقیقت، لل ٢٩٧–٢٩٨)

هەر بەم بۆنەوە حەکیم ڕۆکنودەولە مەسعوود باوکی حەکیم نیزامەدین ئەحمەدی کاشی کە لە نزیکانی کۆشکی شایی بوو، ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە، شازادە بۆ خۆی گۆچانێکی ڕازێندراوی گرتە دەست و بە پێی ڕێوڕەسمی ئیشیک ئاقاسی لە بەرانبەردا ڕاوەستا و پیاوانی دەولەت هەرکامەیان لە پلە و پێگەی خۆیدا قەراریان گرت و سەرجەم ئەمیرە مەزنەکان و وەزیرە گەورەکان ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانیان بەجێ هێنا و چاوەڕوان بوون، بەڵام حوکم و فەرمانێکی دەرنەکرد، بێجگە لەوە کە وتی کوڕە گەنجە خۆش سیماکان هەموویان لە لای من حازر بن و ئەرکی بەیەک یەکیان ئەسپارد و لەگەڵیان قسەی دەکرد(؟!!) ڕۆژی چوارەم نەوابی مەزن ویستی کە پلەی ئەو لە پلەی سەڵتەنەت بەرزتر بکاتەوە، فەرمووی کە دارێکی بەرزیان دامەزراند و بەئاماژە بە (خذوه فاعتلوه الی سواء الجحیم) گرتیان و لە سەر داری تاوان هەڵیانواسی و هێزەکانی سوپاکە دایانە بەر دەسرێژ و تەرمەکەیان لە دارەکە نەکردەوە و کاروان و لەشکری پاشا لەوێوە، ڕووی کردە لوڕستان.

بەڵام لەو ڕۆژەدا کە دەروێش خوسرەو لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا فەرمانێکیان بۆ کاشان و ئیسفەهان نارد کە فەرماندارەکان دەبێ هەرکەس لەم تاقمەیان گرت دەستبەسەری بکەن.

لە کاشان دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە و چەند کەس کە سەربەوان بوون و هەروەها ڕێبەرەکەیان پیاوێکی بەسالاچوو بەناوی میر ئەحمەد بوو، بە دیل گیران و خرانە بەندیخانەوە و لە ئیسفەهانیش کەسێکیان بە ناوی مەلا عەنایەت گرت و ڕایان گرت، بەڵام دواتر کەوتە بەر لێبووردن. لە داروسەڵتەنەی قەزوین کۆڕێک بە بەشداریی زانایانی پایەبەرز پێک هات و دەروێش خوسرەویان بانگهێشت کرد و هەندێک لە زاناکان چەند پرسیاریان لەو کرد و ئەویش هەندێکیانی وەڵام دایەوە و زۆرتر بەپێچەوانە وەڵامی دەدایەوە و نەواب فەرمانی دا کە وەدەری بنێن و ڕیشە درێژەکەیان هەڵکێشاو بەرەوپشت لە سەر کەرێک سواریان کرد و بەدەوری بازاڕ و گەڕەکەکانی قەزویندا سووڕاندیانەوە و ژن و پیاو هەموو کەسێک هاتنە دەر و بە داروبەرد بەربوونە گیانی و خۆڵەمێشیان دەکرد بە سەریا. ڕۆژێکی تر، تەنافێکیان لە لاقی بەست و لە هەر شوێنێک بەجۆرێک بێ ڕێزییان پێ کرد و خەڵک هێرشیان کردە سەری و بەڕادەیەک بەرد بارانیان کرد کە لە ژێر بەردەکاندا ون بووبوو

گیانی لە دەست دا و پاشان تەرمەکەیان کرد بەدارەوە فەرمان درا کە بۆ ماوەی حەوتوویەک بەدارەکەوە بێت.

ز شـــــرع نـبی آنکـه گــــردد بری
طریقی نورزد بجــز کـــافـــری

کــــسی کـــو بود منکر دین حق
عــذاب ابد را شــود مـســتـحق

دو روزی اگــــر بگذارند مـــــدار
در آخـر شـود خوار و بی اعـتـبار

کند گــــرم بازار الحــــاد او
[تنی] چند ســـــوی وی آرند رو

بهـــر چندگـــه، در یکی روزگـــار
کند کـید شـیطان [یکی] را ســوار

کند کـــار او را به نوعی قـــوی
کــه آخــر کند دعــوی خـســروی

ز رفـــعت بجـــایی برد پایه‌اش
کـه بر خـاک مـشکل فتد سـایه‌اش

به نـاگـــه ازین پـای ارجـــمند
که گشت است شیطان از آن سربلند

کند ســرنگون دست شــرعش چنان
کــه گــرداندش عــبــرت دیگران

[کسی] را کـه شـیطان برین بام برد
همــان خــود به تـه برد و نـاکـام مـرد

لەم ماوەیەدا خەیاڵی سەردانی داروسەڵتەنەی ئیسفەهان کەوتە سەر پاشای مەزن

و ئالاّی سەرکەوتن و سەرفرازی لەو شوێنە هەڵکرا و لە کاتی گەڕانەوەدا، هاوکات لەگەڵ گەیشتنی سوپای شاهی بۆ کاشان لە نەکاو خەیاڵی [نوقتەوییەکان] کە لەو شارەدا لە بەندیخانە بوون کەوتە سەر پاشا و بە ئاماژەیەک ئەو خێڵەیان لەگەڵ پێشەواکەیان [میر ئەحمەد] بۆ لای پاشا برد و پاشای مەزن بۆ هەڕەشە دوو قسەی بەو کۆنە کافرە وت [وتی تا بەڵکو لەم تەمەنی پیرییەدا تۆبە بکات و لە کفر و زەندەقە پاک بێتەوە، و ناوبراو لە وەڵامدا وتی، کە ئێمە لە کوژران و مردن هیچ ترسێکمان نییە، چونکە ئێمە بەو یەقینە گەیشتووین کە لە کەمترین ماوەدا لە شێوەیەکی تردا دەژینەوە و لە هەر هاتوچۆیەکدا بە زیاتر بەرەو کەمال دەچین و من چەند جار بۆ ئەم جیهانە هاتووم و ڕۆیشتووم؛ لەوانە سێسەد و بیست ساڵ لەمەوپێش و بەر لەم ڕێکەوتە لە سیمای لاوێکی زۆر جوان هاتبووم و زۆر بەجوانی دەمنووسی بەشێوەیەک کە دەستنووسەکانی منیان وەک تەبەڕوک دەست بە دەست دەکرد. هەر لەم ڕۆژگارەدا بەڕێکەوت پارچە نووسینێکی خۆمم دی و ناسیمەوە. چون قسەکەی گەیاندە ئێرە پاشا شمشێرێکی ئاراستەی دەمی کرد کە کاسەی سەری پەڕی و بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر پێش ئەوەی کە بکەوێت شمشێرێکی تری دا لە ناوقەدی و کردی بەدوو کەرتەوە.

پاشان ڕووی لە کەسانی تر کرد، لە ناو ئەواندا لاوێک بوو بە ناوی مەلا باقر کە سیمایەکی زۆر جوانی بوو لە خۆشنووسی و شیعردا ناوبانگێکی زۆری هەبوو. پاشا ڕووی لەو کرد و پرسیاری لێ کرد کە چ شتێک بووە هۆی ئەوە کە داوێنی متمانەی خۆت بەم تۆمەت و بەدناوییە پیس بکەیت و سەرشۆڕیت کرد بە پیشە و ئاکام و سەرەنجامی ئەم کارەت نەزانی؟

مەلا باقر، سەری شەرمەزاریی دانەواند و وتی کە تا جیهان بەردەوامە سێبەری دلۆڤانی پاشا لە سەر بەندەکانی کەم نەبێت و بەڕەزای خۆم نەکەوتمە ئەم داوە و لە ڕووی ویست و خۆزگەی خۆمەوە دەستم نەدایە ئەم کارە. ئەوی تر سەربارى ئەوەش لە ئاکاری ناحەز و نابەجێی ناوبراو ئاگادار نەبووم، بەم جۆرە بوو کە قسەیەکیان دژی شەریعەت نەدەکرد و بەهۆی ڕاکێشانی عیشقەوە کەوتمە ناو ئەم داوە و مەلا باقر بە هۆی عیشقەوە لە مردن ڕزگاری بوو، پاشا تۆبەی ئەوی دادا و دایە دەستی نەواب ڕوکنوسەڵتەنە فەرهادخان ڕاکە وەک کاتب تا ببێتە میرزا و کاتبی تایبەتی ئێوە تایبەت بێت [نقاوة الاثار... ، لاپەڕەکانی ٥٢٧ ـ٥١٠]

ئەم چەشنە کردارانە وایان کرد کە بەپێی نووسینەکانی ـ ئالی حەق ـ (ذات) لە سەفەوییەکان سەندرایەوە و ئیتر خاوەن باتنێک لە ناو ئەواندا سەری هەڵنەدا، زەبرێک کە شاعەباس لە نوقتەوییەکانی وەشاند، بوو بە هۆی کۆچکردنی ئەوان بۆ وڵاتی هیند کە پێوەند و دووبارە نێزیکبوون لە خاکساریە و پێکهێنانی بنەماڵەی عەجەم لەئێران وەکو ئاکامەکانی ئەم سڕینەوەیە و ڕاونانە دێنە ئەژمار و ئەگەر بەسەرنجێکی وردبینانەوە سەیری ڕووداوەکان بکەین، ئاینی پەردیوەری کە زۆرێک لە ئەندێشەکانی ئاینە کۆنەکانی هیندی کەونارای لە خۆ شاردبووەوە لە سەردەمی پاش هاتنی ئیسلامیشدا لەباری سنووری جوگرافیاییەوە لە هیند بۆ خوراسان و لە خوراسان بۆ داوێنەکانی زاگرۆس و لە ئازەربایجان هەتا لێواری ئەروەندرووود (شط العرب) هاتبوو. لە پەردیوەر گەیشتە لووتکەی خۆی و ڕۆم و ئاناتوولی گرتە بەر و پاشان هەر لەم ڕێگایەوە هاتووە و بۆ هیند گەڕاوەتەوە و سەرلەنوێ بەیارمەتیی ئێرانییە کۆچبەرەکان لە روخساری جۆربەجۆردا خۆی ئاشکرا کرد، و ئەم کولتوورە ئاینییە ڕەوان و رووڵەگەشە لە پێگەی عەلەوییەکانی زاگرۆس بەدرێژاییی سەدەکان پارێزرا.

## سەرهەڵدانی دەروێش ڕەزا عەلەوی لە سەردەمی شا سەفی

## (١٠٥٢-١٠٣٨ی کۆچی مانگی)

پاش ڕووداوەکانی سەردەمی شا عەباسی یەکەم (١٠٣٨-٩٩٦ی کۆچی مانگی) لە بەردەوامییەکانی سەرهەڵدانی عەلەوییە توندڕەوەکان لە کاتی دانیشتنی شا سەفی لە سەر تەختی دەسەلات (١٠٣٨-١٠٥٢ی کۆچی هەتاوی) ئاشکرابوونی دەروێش ڕەزای عەلەوییە کە ڕاپۆرت و جووڵانەوەی ئەویش بە پێشەکییەکانی وەها لە لایەن محەمەد مەعسووم کوڕی خاجەی ئێسفەهانی لە (خلاصة السير) هاتووە، پشتیوانی ئەم سەرهەڵدانە، سەرۆک خێڵی زەنگەنەی کورد بوون کە ڕیشەکەیان هەڵدەگەڕایەوە عەلەوییە توندڕەوەکاندا بوەو، و بارودۆخی جوگرافیایی ئەم سەرهەڵدانەی قەزوین، ئاخێزگەی سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی عەلەوییان بوو بەشێوەیەک کە باسیان کرا، هەر بەم بۆنەوە (قەزوین) لە تێڕوانینی عەلەوییەکان و لە دەفتەرەکانی یاریدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بەشێوەیەک کە خان ئەڵماس فەرموویە:

هەر نە هێندستان تا وە فەرەنگی
ئاراستە مەبۆ چەند تۆپ جەنگی
یەوم مەحشەر بوو نە چاڵ قەزوین
چەند هەزار عالەم مەگێڵۆ وەزین

وە هەروەها تەیمووری یەکەم دواتر فەرموویەتی:

ئێران لەو دما ئەمن و ئامان بوو
جمهووری موتڵەق وە جەخت عەیان بوو
لەو دما وەپا جەنگ دین مەبوو
ئین جەنگ دینە لە قەزوین مەبوو

له ئاسـەواره نووسـراوەکـانی عـەلەوییـە توندڕەوەکان چەندان جار ناوی سـەید ڕەزا هاتووه و به شارەزا ناوبانگی دەرکردووه؛ له وانه:

... ز پس هم به محمود مـهمان شدم
بـه جـــام رچا پس نمـايان شـــدم

(شاهنامەی حقیقت، ل ۲۸۱)

... ز هنـدوسـتـان در زمــان رضــا
بدم جــانـی حــقــانی در آن ســرا

(هەمان سەرچاوه، ل ۲۸۵)

ز هندوسـتـان گشت ظاهـر چو خـور
بدی شـــاه رضـــا نـام در آن بشـــر
... چو بگذشت آن دور هـم شـه رضا
بجــای دگــرگــشت ظاهـر چو مــا.

(هەمان سەرچاوه، ل ۲۷۳)

جێگای سـەرنجدانه که سـەیدڕەزا باپیری دایکی و له یارانـی حـەزرەتی زونووری قەلەندەر بووه و له لایەنی مێژووییەوه ئەم ناوه نزیکتر دەنوێنێت، پێویسته سەرەتا بۆ سـەلماندنی قسـەکـەمان پێوەندیی مێژوویی پێکهاتەیی عـەلەوییه توندڕەوەکان و زەنگەنـەکـــان بـه ئاکـــامی تـوێژینـەوەی (ئاکــۆپۆف) بـزانین کـــه دەنووســـێت (...زەنگەنەکان وای بۆ دەچن که ڕەگەز و بنەچەی ئەوان دەگاته عەرەبەکانی بەنی ئەســـەدی حــجــاز [ئـا. ئارلف، هـەندێ وته ســـەبارەت بە... ۲، لاپـەڕەی ۱٤۱] ئەم شەجەرەنامەیه لەو سۆنگەیەوه شایانی تیڕوانینه که عەلیوڵلاییەکان [ئەهلی حەق (ئالی حـەق)]یش خۆیـان له عـەرەبەکانی بەنی ئەسـەد دەزانن. [وەرگیـراو له دەقی فارسی vahaw - 70/ V. /. P.186] لەم خاڵەدا ئاماژەکردنێک به خاڵی هـاوبەشـی نێـوان ڕەگــوڕیشــەی زەنگەنه و گــۆرانەکــان دەبـینین، زێدەباری ئەمــەش بـەشی پاشـمــاوەی ئەوان له فـارس، تـا ئەم دوایانه هەروا خــۆیان به «کـورونـی» کـه لەوه دەچێت شـێـوەی گۆڕێندراوی کراوی «گۆرانی بێت» ناو دەبــەن [بگەڕێنـــەوه بۆ؛ cl. Rich I p.271].

ئەگــەر (گــۆران) بــوونی زەنگەنــەکــان بســەلمێنرێ، [v. Ivahow p. 291] هــەمــوو لقەکانی ئەوان دەگرێتەوە بەر. بەشێوەیەک کە ئا. ئارلف وە ئاماژەی پێ کردووە کە زەنگەنەکـانی تورکیـا و باشـتـر بلێین، زەنگەنەکانی ئێسـتـا ئێران بە سـەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێن: ئەو زەنگەنانەی کە لە ناوچەی کفری دەژین و کوردەکانی تاڵەبانـی و سـیامـەنسـوور کـە دەسـەڵاتدارانـی ویلایەتی کـەرکـووکن. چگنی کـە لە تەنیـشـتـی ئـەوان و هـەروەهـا لە لوڕسـتـان دەژین (کی تـوان) کە لە ناوچـەی سـاری تەپە دەژین. پاشـان، بەڵگەکـان ئەوە دەڵێن کـە بەشـی زۆری جـەمـاوەری زەنگەنە لە ئێـران و بەشێک لەوان لـە سووریا دەژین و بە زمـانی ئەو وڵاتە قسـە دەکـەن. و. ف. مینۆرسکی لە کاتی لێکدانەوەی ئەم تێزە، بەپێویسـتـی زانیوە کە ڕاستتری بکاتەوە و بانگـەشـەی ئەوە بکات کـە دەکـرێت ئەوە لە بەسـتـێنی دووزمـانەبوونـی ئەواندا بدۆزرێتــەوە، چونکە زەنـگەنە، بێ ئەمــلا و ئەولا هۆزێکی کــوردە). [چەند بابـەتێک ســەبارەت بە لێکۆڵینەوەکـانی ڕۆژهـەڵات، ٢، لاپـەڕەی ١٤١ـ١٤٢] جـێگای وەبیــر هێنانەوەیە کە جەماوەری سەرەکیی ئەم کوردانە پێڕەوی ئاینی عەلیوڵڵاهی [ئەهلی حـەق= (ئالی هـەقن)] ـ [کوردەکانی گـۆران ئاکۆپۆف، سیـروس ئیـزەدی، لاپەڕەی ٨٤]

ئێسـتـاش بەسـەرهـات و سـەرەنجـامـی سـەرهـەڵدانی دەروێش ڕەزا بە یارمـەتیی ڕێبـەرانی زەنـگەنە لە دانەری (خـلاصـة السـیـر) دەکرد کـە دەنووسـێت: (ناوبردنی ڕووداوێک کە لە داروسەڵتەنەی قەزوین بە هۆی هاتنە دەری دەروێش ڕەزا ڕووی دا و دابڕانـی ناوبراو چـونکە بە حـوکـمـی بەردەوامی لـوتفی خــوایـی کــە باس کـرا، داروسەڵتـەنەی ئیـسفـەهان بوو بە بـنکەی پاشای مـەزن، دەروێشـە خـاوەن دڵەکان و خــەڵکی ئـاســایـی لە ژێر ســێــبــەری ئـەو پاشــایە ئارامــیــان گــرت و ئاســایش و خۆشگوزەرانی باڵی بە سـەر وڵاتدا کێشـا. لەو سـەردەمـەدا لە ڕۆژی سێ شـەمـەی نۆیەمـی ذی حــــجـــەء اربـعین و الـف [١٠٤٠ کــــۆچـی مــــانگی] سـکاڵایـەک کــــە ناوەڕۆکــەکــەی باسـی حــاڵاتی دەروێش ڕەزای دەکـرد لە لایەن شــاهـوێردی بـەگی تورکمان کە لەم ساڵەدا داڕۆغەی داروسەڵتـەنـەی قـەزوین بـەو سـپێردرابوو، گەیشتە دەسـتـی پاشـا و کـارەسـاتێک کـە ڕووی دابوو لە ناو ئەو سـکاڵایەیدا باس کـرابوو چونکە ئەم هـەژارە لە کۆمـەڵێک کە بە وتـەی ئەوان باوەڕ و ئاشنایەتییـەکی لەگەڵ قسـەی ئەو هـۆزەدا بوو دەسـتـیـان کـرد بە لێکۆڵینەوە سـەبارەت بەحـاڵ و ڕۆژی

[دەروێش ڕەزا] و دەنووسێت کە دەروێشی ناوبراو خۆی بۆ وەدەستهێنانی متمانە و ڕێز خۆی سەربە ئەفشار زانیوە [ئەفشارەکان لە هەمەدان و ئەسەدئاباد و دینەوەر نیشتەجێن] و لە سەرەتاکانی گەشەکردنی خۆیدا لە خزمەتی قەرا حەسەن ئوستاجلوو بیگلەر بەگی سنووری عەلیشکەر [هەمەدان ـ ئەسەد ئاباد ـ کرماشان و... ] کاری دەکرد لە یەکێک لە سەردانەکانیدا بۆ ئازەربایجان لە کاتی تێپەڕینی لە چۆمی ئاراس ئاو بردی... چونکە ئەجەلی نەهاتبوو پاش سێ ڕۆژ ئاوەکە دایە لاوە و بە یارمەتیی کۆمەڵێک لە دەورێش کە پابەندی چ کۆتوبەندێک نەبوون خەریکی سەیران و گەڕان دەبێت. بەڕێکەوت بۆ وڵاتانی ڕۆم و میسر و مەراکش و ئەنتاکیە سەفەر دەکات کە وەکو هەموو ناوچەکانی ڕۆئاوایە و پاش گەڕانێکی زۆر بە پێی یاسای ئەباحەتییەکان دەست دەکات بە فێربوونی زانستە بیانییەکان و کۆمەڵێک لەو کەسانە کە لەگەڵیدا هاوقسە بوون بە تایبەت میرزا محەمەد تەقی وەزیری مازەندەران و دارولمەرز شتی زۆر سەیریان لێ دەگێڕایەوە کە عەقڵ قەبووڵی ناکات و دەیانوت کە چۆن چووینە ناو ماڵی ئەو، کەرەستە و کەلوپەلی ناوماڵی بە جۆرێک هاتە بەر چاو کە هیچ ئەمیر و فەرمانڕەوایەک ماڵی وای نەبوو. هەر ساتێک ئاکارێکی سەیروسەمەرەی دەکرد.

بەکورتی دەروێشی ناوبراو چونکە لە گەڕان و سەفەرکردن دڵتەنگ بوو، دەگاتە داروسەڵتەنەی قەزوین. لە گوندی کافر ئابادی بلووک قاقزان نیشتەجێ دەبێت و دەست دەکات بەوەچنگ خستنی دڵی خەڵک و لەگەڵ قەراخان بەیکی قوشچی کە لە ڕیزی قوشچییەکانی تایبەتی شاییدا بوو، لافی خزمایەتی لێ دەدا.

لە ماوەیەکی کەمدا کۆمەڵێک لە تورکی دڵپاک کە کەوتبوونە داوی فرتوفێڵەکانییەوە و بووبوون بە غولام و بەردەستی «مێهدیی سەردەم» ناویان دەبرد و بە هۆی پێشوازیی خەڵکەوە لە خۆبایی بوو و پاشا بڕیاری دا کە لە ڕۆژی بەڵێندراو کە خورووج ڕوودەدات، یەکەم، داروسەڵتەنەی قەزوین کە وەک پێتەختی شا تەهماسب دێتە ئەژمار داگیر بکرێت و چونکە لە گرتنی ئەو شوێنە دڵنیا بووین دانیشتووانی یەک چوارەمی شار ڕوو لە ئێمە دەکەن و مووریدە باوەڕمەندەکان لە شازدەی زی حەجە لە شوێنی خۆیان بە چەکوچۆڵەوە بەرەو پێشوازیمان دێن و کۆمەڵێک بە فەرمانی قەراوڵەکان بە سەڵەواتدان بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ دەکەون. لە یەکەم قۆناغدا بۆ ماڵی شاهوێردی بەگی داروغە کەس

دەنێـرن و ئەو بە گـوێڕایەڵبـوون بانگهـێـشت دەکـەن کـە ئەگـەر بۆ خـزمـەتـی بێت دەســتـبــەجێ لێی خــۆش دەبن و داروغــەی ناوبراو چۆن لـە ڕووداوەکـە ئاگــادار دەبێت، مــیــرزا ئەبوتوراب وەلەد مــیــرزا جــەمــاڵ کــە بە ئەرکی کــەلانتــەری داروسـەڵتەنەی ناوبراو خـەریک بوو و لە ڕۆژگارانی دوورەوە هەواڵگرێکی باش بوو دەست دەکەن بە شەڕ و بەرگیری کردن پیاوانی داروسەڵتەنەی ناوبراو بە بێ ترس ڕوو لەوان دەکەن و لە ناو دەرگای پیرۆزی شـاهزادە حوسـەین گـەمـارۆیان دەدەن. دەروێشی نـاوبراو کـە خـۆی بە (مـێـهـدیـی مـەوعـوود) دەزانی گـەیشـتـە ئاکـامـی کـارەکـانـی خـۆی و بەند کـرا و ســەرەنجـام بۆ حـوجـرەیەک لەو نزیکانە هەلات و خـەڵکی ئاسـایی هێرشیـان کردە سـەری و هەندێک لە کەسوکارەکانی کە تاقەتی دووریی ئەویان نەبوو لـە گیـان سـپـاردن لەگەڵیدا مـانەوە، وەکو دورمـشـخـان بەیک بابی عەلیـخان زەنگەنە فەرمـانڕەوای پێشووی خـاف و شاهقولی بەگی زەنگەنە کە وەکو غـولامانی تـایبەتی شایی دەهاتـە ئەژمار و وەلی سوڵتـان شـاسـەوەن و چەند کـەس کــە ناوی ئەوان ئـەگـەر ببـرێت، دەبێــتــە هۆی لەنـاوچوونی بنـەمـاڵەکـەیان. بەهەرحـاڵ لە چاوترووکانێکدا شکسـت دەخۆن و کۆمـەڵێک کـە ئیـرادەتیـان هـەبوو، پاش ئـەم ســەرکـەوتنـە لە جـێگای خـۆیان دانیـشـتن و زیاتر لە سـنووری خـۆیان قسـەیان نەکرد. چونکە ئەم هـەواڵە گەیشتە گوێی پادشا خۆشحاڵ بوو و فەرمووی:

آســـمـــان دانـــد کـــه از ســــــرو و...

خـود کدامین سـر سـزای سروری است

شـوکـر بۆ خـوای مـەزن کە دەوڵـەتی پایەداری ئێـمـە بە لوتـفی خـوای دلۆڤـان لە خەوی غەفڵەت بە دوورە و لە هەموو کات و شوێنێکدا ڕێنوێنمانە.

لە کـاتی ئەم وتووێژەدا سـات بە سـات سـوجـدەی شـوکـریان دەکـرد و دڵۆپی فرمـێسک لە چاویان دەهاتە خـوار و چونکە ئەم کارەسـاتە ڕووی دا، میـرزا تەقی وەزیری مـــازەندەران هـەروا کـــە باسـی کـــرا توانـیی چاوی بە دەروێشـی نـاوبراو بکەوێت و ئەوەی ڕاگەیاند، کە کەرەسـتـە و کەلوپەلی دەروێش شـایانی ئەوەیە کە بە بارمتە بگیردرێت، چونکە ئەوەی کە دیترا برێتی بوو لە فەرشی پڕ بایەخ و خشڵ و زێڕی فراوان کە دەبێ دەست بە سەر هەموویاندا بگرین. ئەگەر چی پادشای مەزن گـوێ بەو قـسـانـە نادا، بەلام بە کـەلانتـەر و داروغــەی قـەزوین ڕاسـپـێـردرا کـە

لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە دەست پێ بکەن. ئەوان بە پێی فەرمان بۆ ماڵی ئەو چوون و لەجیاتی دەفری زێڕو زێو چەند کاسەیان لە دار و فەرشی بەناو هەوریشمیان دۆزییەوە... ئاشکرا بوو کە ئەو شتانە لە ڕێگای بەکاربردنی زانستە بیانییەکان هاتووەتە بەرچاو، دەستیان ڕاگرت (؟!!)

زمانه چون بساطش در نوردید
فلک بر کار و بار او بخندید

[خلاصة السیر...، ل ل ١٢٢ـ١١٧]

و بەم جۆرە بەشێک لە هەوڵ و تێکۆشانی عەلەوییە توندڕۆکان (ئەهلی حەق) ئالی حەق هاوڕێ لەگەڵ هێڵی بەرەو پێشچوون و سنووری پڕوپاگەندەکردن و دوورخستنەوەی عەلەوییەکانی ئەهلی حەق بەشێوەی بەڵگەمەند و دەقاودەق لەگەڵ ئاسەوارە نووسراوەکان و بەڵگە جێ باوەڕە مێژووییەکان لە سەرەتای سەفەوییە هەتا سەردەمی شاسەفی (٩٠٧ = ١٠٥٢ کۆچی مانگی) خرایە بەرچاو و ئێستاش تاوتوێکردنی لقێکی تر هاوکات لەگەڵ ئەم سەردەمە بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی سەرچاوەکان و سڕینەوەی چەواشەکارییە بە ئەنقەستەکان باسەکەمان درێژە پێ دەدەین.

## پێوەندیی پێکهاتەیی و ئاینی عەلەوییە توندڕۆکان (ئالی حەق)

## لە کوردستان لە کۆن هەتا سەردەمی سەفەوییە

ڕاستکردنەوەی چەواشەکارییەکانی مێژووی کوردستان

ڕەوتی ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئاینی لە سنووری عەلەوییە توندڕۆکان (ئالی حەق)

ئاخێزگەی سەرەکیی ئاینی عەلەوییەکانی ئەهلی حەق، هەروا کە لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێ کرا و لەگەڵ ڕاستییەکان بەراورد کرا، نیشتمانی ڕازەکان و ڕەمزەکان و نیازەکانە کە هەر شوێنێکی ئەگەر بەوردبینی و قووڵڕوانین توێژینەوەی لە سەر بکرێت لە سەرەتای ئەروەندڕوود (شط العرب) تا کەنارەکانی ئەرەس هەزاران قسەی نەوتراوی تێدایە کە چۆنیەتی مێژوو و ئاین و داو و نەریت و کۆمەڵگای پێشینیانی ئێمە لە لایەنە جۆربەجۆرەکان دەخاتە بەرچاو لەم ڕەوتەدا و بە تایبەت لە کوردستاندا، چوار هۆزی ڕەسەن:

جاوان، گۆران، ئەردەڵان و زەنگەنە کە هەموو هۆزە کوردەکان لە سنوورێکی بەرین و بەرفراوان لە خۆ دەگرن، بە پاڵپشتێکی قایم و پتەو لە کولتوور و شارستانیەتی کۆنی ئەم نیشتمانە جووڵانەوەی عەلەوییە توندڕۆکانی بە شێوەکانی جۆربەجۆر و گونجاو لەگەڵ بارودۆخ، پەروەردە کردووە. پاش دابینبوونی ئاسایشی تەواوەتی خاکی ئێران، سەربەخۆیی سیاسی ناوچەکە و بە پێڕەویکردن لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە سیمای (دەسەڵاتی ئەردەڵان) خۆی ئاشکرا کرد و زەنگەنەکان ئەگەرچی چەندان سەدە وەکو ڕێبەرانی سیاسی دەهاتنە ئەژمار و زۆر پیاوی ناودایان لە ناو دەوڵەتدا بوو، بەڵام لە بەرگیریکردن لە زۆربەی خاڵە سنوورییەکانی ئێران لە باکور، باشوور، ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا پرژوبڵاو بوون و بە هەموو توانای خۆیانەوە پارێزگارییان لە خۆیان کرد. هەر بەم هۆیەش چونکە خاوەن زنجیرە دەسەڵاتێکی بەردەوام و ناوەندێکی بە هێز نەبوون لە بیری تۆمارکردنی مێژوویەکی بەڵگەمەند نەبوون و دەستیان بەم کارە نەکرد.

قسـەی ئێمـە لێرەدا لە سەر ڕابردوو و ڕەوتـی ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتنـی ئەردەڵانە کە لە تـوێژینەوەیەکی وردبینـانەدا بـۆمــان دەردەکــەوێ کــە ئـەردەڵانەکــان لەگــەڵ جـووڵانەوەی عـەلەوییـە توندڕەوەکـان (ئالـی حـەق) پێـوەندییـان هەبـووە و بە هۆی پێوەندیی بناغـەیی لەگەڵ گۆرانەکان نزیکایەتییـەکی پتەویان لەگەڵیان هەبووە. ئەو کەسـانەی کە لە ناسـینی مێژوو و ڕابردووی ئەم نیشـتمـانەدا شارەزایییـان هەبێت دەزانن کـە دوو بنەمــاڵەی سـیــاسـی و ئاینـی؛ ئەردەڵان و مــەردۆخ لە ئێـران و بە تایبـەت لە کـوردسـتـان خـاوەن ڕەسـەنایەتی و دەسـەڵات و شـان و شکۆ و هـەروەها بایەخـێکی تایبـەت بوون و بـۆ چەندان سـەدە لە پلەی ڕێبـەرانی سـیاسـی و ئاینی دانیشـتـووانی کوردسـتـان بوون و هەر لەم پێوەندییـەدا دەسـەڵاتدارانی دووربینی زنجیرە بنەماڵەی ئەردەڵان، لە چەند سـەدەی ڕابردوودا دەستیـان داوەتە نووسینی کـتـێـبی جـۆربەجـۆر لە تۆمــارکـردن، نووسین و هەڵگرتنی ژیـان و بەسـەرهـاتی پێشینیـانی ئەم بنەماڵەیە و زانای زۆریان بە مـەبەستی ئەنجامدانی ئەم کارە هان داوە و پشـتـیـوانییـان لەوان کـردووە و زۆر کـتـێـبی جـۆربەجـۆریـان لەم بوارەدا نووسـیـوە، لەوانە: (زبدە التـواریخ) سـەنەندەجی کـە تا ئێسـتـا بڵاو نەکـراوەتەوە، دووەم مێژووی مەستوورەی ئەردەڵان، سێیەم مێژووی ئەردەڵان موسنێف ئەردەڵان، چوارەم مێژووی مەردۆخ کە کامڵترین و دواین ئاسـەواری ئەم کاروانە کولتـوورییە دێتە ئەژمار. هەروەها شیـاوی ئاماژە پێکردنە کە زۆر پەراوێز و زیادکردن لە لایەن خــاوەن ڕایانی کـوردەوە لەسـەر ئەم ئاسـەوارانە نووسـراوە کـە زۆرتر لە خـاڵی چوارەم (مێژووی مـەردۆخ) بە کارهـاتووە و هـەروەها لە سەرچاوە جێ باوەڕەکاندا سەبارەت بە دەسەڵاتدارانی ئەردەڵان و کارەکانیان قسە و باس کراوە.

هەبوونی ئـەم گـەنجـینە کولتـوورییـانە کە نووسـینیـان لە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەمــانوڵڵاخـانـی ئەردەڵان (١٢٤٠ـ ١٢١٤ کـۆچـی مـانگی) دەسـتـی پێ کـردووە و بەردەوام بـوون و دووپات بوونەوەیان بوو بە هـۆی ئەوەی کـە تا تۆژەران هـەوڵدانی نووسـەرە پێشووەکان بە گونجاو بزانن و هەروەها لە هەوڵدان بە مەبەستی ڕەخنەو لێکدانەوەی ئەوان بوەستن و هـەروەکو خـاڵەکانی پێشووی سـیاسـی و ئاینی بە بێ شک و گومـانی بزانن و بۆ خـستنە بەردەسـتـی سـیمـای پڕ لە هەوراز و نشـێوی مـێـژووی کـوردسـتـان هـەمـان سـەرچاوانە بـە پێویست بـزانن خـافڵ لەوەی کـە ئەم گەنجینە جۆربەجۆرانە لە سەر وێرانەکانی بەرینی چەندان سەدە کولتوور و داو و

نەریتی ڕەسەن کە تووشی دژواری و دەمارگرژی مێژوونووسانی یەکەمین، هاتوون دامەزراون و لە ڕێگەی لەناوچوونی زۆر بەڵگە و کتێب و نامیلکە بە دەست هاتوون و لە پشت دیوارەکانی چەواشەکاری و گۆڕانی ئەواندا کە بە بێ فەرمان و دەستووری دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەوە ویست و ئارەزووی نووسەرەکان نەبووە؛ هەزاران نهێنیی سەربەمۆر شاردراونەتەوە. سەبارەت بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە دەمارگرژیی بیروباوەڕ لە لایەن مەئموورى دانانیان ڕۆڵی هەبووە کە لە هیچ کامەیان ناتوانێت ڕەخنە بگیردرێت، چونکە ئەم دوو بابەتە لە هەر مرۆڤێکدا بەدی دەکرێت. بەڵام خاڵێک کە جێگای سەرنجە و توێژەرانی ڕابردوو و ئێستا بە ئاسانی بەلایدا تێ پەڕین و تا تۆمارکردنی ئەم ئاسەوارە بێجگە لە دووخاڵ زیاتر ئاماژەیان پێ نەکردووە، یەکێکیان ئایەتوڵڵا شێخ محەمەدی مەردۆخ کە بە جوانی و وردبینی تەواوەوە بە درێژایی باسکردنی بابەتەکاندا ئاماژەیەک بە ڕاستییەکان دەکات و خوێنەری تامەزرۆ ڕێنوێنی دەکات کە نیشاندەری ئازایەتی زانستیی ئەوە و ئەویتر نووسین و زیادکردنەکانی دوکتۆر حشمەتوڵڵا تەبیبی لە سەر توحفەی ناسریە کە بۆ یەکەم جار خاڵە گوماناوییەکانی خستووەتە بەر تاوتوێکردن. بۆ ڕوونتربوونەوەی بابەتەکە، سەرەتا دەست دەکەین بەناوبردنی ڕابردووی دەسەڵات و ئاسەواری سنووری گۆرانەکان کە ئاخێزگەی ئەردەڵانەکان بوون لە سەرەتای پەرەسەندنی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان واتە سەردەمی ئالی بوویە و پاشان دۆزینەوەی ڕیشەی وشەی ئەردەڵان و گۆران لە ڕۆژگارانی کۆندا؛ سەبارەت بە بابەتی یەکەم هاتووە (ڕەگەزی کوردەکانی گۆران کە لە دەقە کۆنە عەرەبییەکاندا بە «جورقان» ناو براون،... لە ساڵی ٤١٧ی کۆچی مانگی شەڕێکی سەخت لە نێوان ئەوان و هۆزی کاکوویی هاتە ئاراوە. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە عەلائودەولە محەمەد کوڕی ڕۆستەم دوشمەنزیاری کاکوویی کوڕە پووری خۆی ـ ئەبو جەعفەری کوڕی فلان کوڕی مەرزبانی کاکوویی کردە فەرمانڕەوای شاپوور خاست (خورەم ئاباد) و ناوچەکانی دەوروبەری و هاوڕێ لەگەڵ ئەوان کوردەکانی گۆرانی بە سەرکردایەتیی ئەبولفەرەجی بابوونی («بابوون» [بیویانی] لقێک لە گۆران) بەڕێ کرد. کێشە و ئاڵۆزی لە نێوان ئەو دووکەسە [ئەبوجەعفەر کاکوویی و ئەبوفەرەج بابوونی] هاتە ئاراوە، کە عەلائودەولە بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەوڵی زۆری دا. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە شەڕ و ناکۆکیی

گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، بە شێوەیەک کە ئەبوجەعفەر، ئەبوفەرەجی بە دەستی خۆی کوشت و بەم جۆرە گۆرانەکان سەریان هەڵداو دەستیان کرد بە تاڵان و کوشتن و برین. عەلائودەولە، بە ناچاری لەشکرێکی لەگەڵ کوڕە پووری تری خۆی «ئەبومەنسوور» (برای ئەبوجەعفەر) و «فەرهاد کوڕی مەرداویج» بۆ ئەو شوێنە نارد و سەرداری دەیلەمی عەلی کوڕی عومرانی کردە دەسەڵاتدار (٤١٨ ک. م) بەم جۆرە چونکە گۆرانەکان ئەمەیان دی، داوایان لە عەلی کوڕی عومران کرد کە لە نێوان ئەوان و عەلائودەولە ناوبژیوانی بکات. ئەو کاتە، گرووپێک لەوان بۆ لای ئەو چوون و دەستیان بە ئاشتی کرد. بەڵام ئەبوجەعفەر کاکوویی و فەرهاد مەرداویج خوازیاری ئەوە بوون کە ئەوان خۆیان بەدەستەوە بدەن و دەستیان دایە توندوتیژی. لە نێوان ئەوان و گۆرانەکان شەڕ دەستی پێ کرد و عەلی کوڕی عومران و گۆرانەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، فەرهاد شکستی هێنا و ئەبومەنسوور و ئەبوجەعفەر ئامۆزاکانی عەلائوددەولە بە دیل گیران.

ئەبوجەعفەر؛ بە مەبەستی سەندنەوەی تۆڵەی ئەبولفەرەج بابوونی کوردی گۆرانی هەستا، بەڵام ئەبومەنسوور خرایە زیندان. بەم جۆرە عەلی کوڕی عومران چونکە زانیی کە نێوانی ئەو لەگەڵ عەلائودەولە بە تەواوەتی ئاڵۆز بووە، لەوەوبەدوا زۆرتر لە جاران ئاگای لە خۆ بوو. [الکامل، بەرگی ٩، لاپەڕەی ٣٥١ـ٣٥٢] [فەرمانڕەوا ونبووەکان لاپەڕەی ١٥٣].

و لە باباتاهیرنامەدا، هاتووە (... گۆرانەکان لە یارانی وەفاداری ئەمیر «بەدر کوڕی حەسنەویە» بەرزەکانی (٣٦٩ـ ٤٠٥ کۆچی) دێنە ئەژمار کە ئەویش بە دەستی ئەوان کوژرا. هۆزێکی تر واتە «شازیگان» بە ڕواڵەت لە ناوچەی لوڕستان ژیاون. سەبارەت بە خزمایەتی یەکێک لە ئەمیرەکانی وەفادار بە «بەدری حەسنەویە» واتە ئەبو عیسا شادی کوڕی محەمەدی کوردی ئەسەد ئابادی (کوژراو لە ساڵی ٤٠٠ کۆچی) لەگەڵ هۆزی ناوبراو زانیارییەکی ئەوتۆ لە بەر دەستدا نییە، بەڵام وا دیارە کە ئیبنی شادی ئەسەد ئابادی ـ دانەری کتێبی پڕ بایەخی (مجمل التواریخ والقصص)، لە بنەماڵەی ئەبو عیسای ناوبراو بووە. ئەم هۆزە کوردانە لە شاری هەمەدان و دەوروبەری ژیاون و هەمیشە شاکانی دەیلەمی چیاکانیان لە بەرانبەر دوژمنەکانیان پاراستووە و لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنانە تێکەڵاوییان هەبووە و پێوەندیی جۆربەجۆریان هەبووە. بۆ نموونە لە ساڵی (٣٨١ی

کۆچی) ئەمیر فەخرولدەولەی دەیلەمی لە هەمەدان لە لایەن ئەمیر ئەبو عیسا شادی ئەسەد ئابادی ناوبراو، کچی بەدر کوڕی حەسنەویەی بەرزەکانی بۆ کوڕی خۆی مەجدودەوڵە ئەبوتالیب ڕوستەم خوازبینی کرد. هەروەها، ئەبو عیسا شادی هەمان ئەمیر ئەسەد ئابادییە کە یەکەمین عەلائودەوڵەی عەلەوی هەمەدانی واتە ئەمیر سەید مورتەزا ئەبوهاشم زەید حەسەنی بەناوبانگ (سەدەی ٥) کچەزای ئەو بوو. پێوەندییە پتەوەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتخوازی عەلەوییەکانی هەمەدان لەگەڵ کوردەکانی گۆران یان شادیگانەکان هەتا کۆتاییی (سەرەتاکانی سەدەی حەوتەم) درێژەی هەبوو. [فەرمانڕەوا ونبووەکان، ئەزکایی، لاپەڕەکانی ١٣٥ـ ١٥٣ـ ١٨٧].

کوردەکانی گۆران لە مێژووی سیاسی و کولتووریی ڕۆژئاوای ئێران ڕۆڵێکی بەرچاو، بەڵام نەناسراویان هەبوو. کێشە و ناکۆکی ئەوان تەنیا سەبارەت بە لقی «بابوونی» [بیویانی] گۆرانەکان لەگەڵ کاکوویییەکانی جیبال (جێنشینانی بوییییەکانی دەیلەمی) ناو براوە. [هەروا کە پێشتریش ئاماژەی پێ کرا] [الکامل في التاریخ بەرگی ٩، لاپەڕەی ٣٥١–٣٥٢] لە ساڵی ٤٠٥ی کۆچی / ١٠١٤ زاینی بەدر کوڕی حەسنەویەی بەرزەکانی، ئەمیری جیبال لە هەوڵدانێک بەمەبەستی زاڵبوون بە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حوسەین کوڕی مەسعوودی کوردی (سیروانی) بە دەست هاوڕێیە گۆرانەکانی کوژرا. بە وتەی ئیبنی ئەسیر: «حوسەین» کوڕی مەسعوودی کوردی، تەرمی بەدری حەسنەویەی بۆ بارەگای ئیمام «عەلی» لە نەجەف نارد تا لەو شوێنە بینێژن (الکامل، بەرگی ٩، لاپەڕەی ٢٤٨) ئەم «حوسەین» مەسعوودی کوردی «گۆرانی» ئەمیری سیروان هەمان «خوەشین مەسعود» لە دەقی مجمل التواریخ لاپەڕەی ٤٠١، هاتووە،... ئەمە هەمان «شاخوەشین» ناسراو بە سێیەمین نۆمادی «خوداوەندگار» پاش عەلی کوڕی ئەبوو تالب (د.خ) لە بیروباوەڕی هۆزی گۆرانی ئەهلی حەقە، کە یەکێک لە «یارانی چارمەلەکی» ئەو هەمان «باباتاهیر»ی هەمەدانییە. [کە لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە، سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس باسی کرا] [باباتاهیرنامە، لاپەڕەی ١٣٩].

سەبارەت بە گۆران و دۆزینەوەی ڕیشەی ئەو وشەیە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (گ. ب. ئاکو پۆف) (هاکووپیان) کە لەم دوایانە لە وەرگێڕانی، سیرووس ئێزەد دانیشوەر خراوەتە بەردەستی خوێنەران دەخەمە بەرچاو، ئەمەم بۆیە هێنا کە

هەم لەم توێژینەوە بەرینە کـەڵک وەربگیـرێت و هەم هەڵە جـۆربەجـۆرەکـانی مێژوونووسان و بەڵگەنامەکان ڕاست بکەمەوە، لەم کتێبەدا سەبارەت بە وشەی گۆران و ڕیشەکەی نووسراوە: (نووسراوەی بورهانی تەبریزی سەبارەت بە وشەی «گۆران» شایانی تێڕوانینە. ئەو دەنووسێت: (گۆران ناوی خەڵکانێکی ئاگرپەرستە کە پێڕەوی زەرتوشتن.) [بورهان قاتع، تاران، ١٣٣٦، ل ١٠١١] لەم نووسراوەیەدا، دوو خاڵی زۆر گرینگ جێگای سەرنجدانە: یەکەم ئەوە کە ئەو دەرفەتە دەخاتە بەر دەست کە ڕیشەی گۆران بە واتای «ئاگر» ـ بە کوردی «گڕ» بزانرێت، چونکە هاو واتا کوردییەکانی نزیکی زۆرن. دەزانین کە (شەمسیک) لە وشەی عەرەبی (شمس) واتە خۆرەتاوە و دەزانین[١] کە شەرەفخان بدلیسی، ناوی (ڕوژکی) لە وشەی (ڕۆژ) = (ڕوز) بە هەمان واتا دێنێت [شەرەفنامە، بەرگی ١، موسکۆ، ١٩٧٦، ل ٤٠٣] و ئەمە کە سەرەڕای ڕوونکردنەوەی ناوی «سۆران» بە واتای سۆرخان؛ [شەرەفنامە. هەمان چاپ، ل ٣٢٣] لە وشەی کوردی «سوور» واتە، هەتاوە. [و. دیتل ڕوونکردنەوەیەکی تری لە سەر ئەم ناوە نووسیوە، ب ٩٥، بەشی ٢، ژوئەنی ١٨٤٩، لاپەڕەی ١٩٧] کەوابوو ئێمە بناغەیەک لە بەر دەستماندایە کە «گۆران» لە «گڕ» بە واتای ئاگر بزانین و بەشێوەی «ئاگر پەرست» بیخەینە بەرچاو. [و. ف. مینۆرسکی، چەندان بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی بنچینە و ڕاهێنانی دەستەی ئاینی ئێرانی (ئەهلی حەق)، یان عەلییوللاهی، بەشی ١، ١٩١

[ laseete v .minorsky. notes sur des Ahl-e haqq - paris, 1921]

وەها ڕوونکردنەوەیەک، لێکۆڵینەوە و ڕاهێنانی فیرقەی ئاینیی ئێران (ئەهلی حەق)، یان [عەلییوللاهی، بەشی ١، ١٩١؛] وەها ڕوونکردنەوەیەک لەم ڕووەوە جێگەی شک و گومانە کە یەکەم، زۆربەی گۆرانەکان باوەڕیان بە ئاینی عەلییوللاهی هەیە و شێخ عەبدولقادری گێلانی[٢]... ئەم ئاینەی لەگەڵ ئاینی

١ هەروا کە دەزانین حەزرەتی ئیبراهیم لەسەر زەوینی بابێل بۆ نیوەدورگەی عەرەب کۆچی کردووە؛ و لە ڕاستیدا بنەماڵەی قورەیش بە عەرەب کراون و عەرەب نین و لە ڕەگەزی سامی نین، بەڵکوو بناغەی سەرەکی ئەوان پەیوەندی بە سەر زەوینی بابێلە کە دەبێتە نزیکی بەغدا و دەوروبەرەکانی داوێنی زاگرۆس و هەروەها چەندین سەرچاوەی زارەکی حەزرەتی ئیبراهیم و زەردەشت بە یەک کەس دەزانن(؟!!)

٢ سەرچاوەی ئەم قسەیە لە حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نییە.

ئیسماعیلییەکان و تەنانەت قەرمەتییەکان یەکسان زانیوە، نووسیویە کە تەنیا کوردە [سەرەتاییەکان]. و (پاشماوەی زەرتوشتییەکان) دەیانتوانی بێنە سەر ئەم ئاینە.

[v. Iranow. The truth- worshpers of kurditan.1953. P. 18.]

ئەم نووسراوەیە، بە هەموو دوژمنکارییەک لەگەڵ (پاشماوەی زەرتوشتییەکان) چەندان خاڵی گرینگ سەبارەت بە پێوەندیی ئاینی عەلیوڵلاهییەکان لەگەڵ باوەڕە مێژوویی و کۆنەکانی ئێران دەخاتە بەرچاو. ف. کۆمەن لە ستایشی کتێبی و. ف. مینۆرسکی سەبارەت بە عەلیوڵلاهییەکان لەم بارەدا نووسیویە کە لەم ئاینەدا. (ئاینی زۆرکۆنی موغەکان) بەجێ ماوە.

[suria, 1222, P. 262- 263] لەم بارەدا، بەپێی وتەی پ. لێـــــــر خ، بە موسڵمانبوونی عەلیوڵلاهییەکان تەنیا کارێکی زیرەکانە بووە بە مەبەستی شاردنەوەی ئاگرپەرستیی خۆیان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە پێی سەرچاوەکان و بەڵگەکان خودی زەرتوشتییەکان ئاگر پەرستی ڕەت دەکەنەوە و خۆیان بە ئاگر پەرست نازانن. سەیری هەمان سەرچاوە (ئاگر لە ئێرانی کەونارا، موبێد ئەردەشیر ئازەرگەشسب) بکەن ئەمەش لە هەڵە زەقەکانی ڕۆژهەڵاتناسانە، لەم ناوەدا، ئەگەر لەم بارەشدا قسە نەکەین کە عەلی (د.خ) بە ڕاستی لای ئەمان وەک خودا نەبووە، یەکێک لە هەفت دیمەنی ئەوە و ناوی عەلی لە ناوی عەلیوڵلاهییەکان، بە وتەی و. ئیڤانۆف، بە هیچ شێوە ناوی خەلیفەی چوارەم نەبووە، نیشاندەر وشەی «ئەعلا» سەرەوەیە.[٣]

[v. Ivanow. P.55] خۆی ئاشکرابوونی ئەم ڕاستییەیە کە بە خواکردنی عەلی (د.خ) جۆرێک بوت پەرستییە لە شێوەی کۆنی خۆیدا. مەبەست لە ئەعلا چییە ئەگەر وشەی سەرەوەترە کە لەفز ناتوانێت نیشانی بدات، ئەگەر ئیڤانۆف شتێکی وەهای وتبێت، مەبەستەکەی تەناسوخ یان بە وتەی ئاینیی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) و نووسەری وتارەکە: (گ. ب. ئاکۆپۆف، هاکووپیان) نەیتوانیوە لە

٣ بە پێ سەرچاوەکان، خودی زەرتەشتییەکان، باوەڕیان بە ئاگرپەرستی خۆیان نیە (بـ ، ب. اتش در ایران باســتــان، مــوبد اردشــیر اژرگـشب) و ئەمــەش لە هـەڵەکـانی ڕۆژهەڵاتناسانە.

ئامانجی سەرەکیی بابەتەکە تێ بگات و بەم جۆرە باسەکەی تووشی چەواشەکاری کردووە.[٤]

سەرەڕای ئەوەی کە ئامانج لەم نووسینە، بە پشت گوێ خستنی عەلیوڵلاهییەکان نایەتە ئەژمار [یەکێک لە یەکەم نووسینەکان ئەمەیە]:

H. Southyate. Narrative of atour through Armenia

Kurdistan,, Persia and Mesopotamia. v. I , london, 1840. p.140-142

سەرنجی ئەم چیرۆکە دەدەین کە لە سەردەمی ژیانی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (د.خ) کەسێکی عەرەب بە ناوی عەبدوڵڵا کوڕی سەعد [مەبەست عەبدوڵڵا کوڕی سەبایە] وتی کە عەلی (د.خ) خوایە؛ عەلی (د.خ) لە وەڵامی ئەم قسەیە فەرمووی عەبدوڵڵا و پێڕەوەکانی بگرن و هەموویان بخەنە ناو ئاگر؛ ئەو (عەلیوڵلاهییانە) کاتێک کەوتنە ناو ئاگر، هاواریان کرد کە هەر ئێستا بۆیان سەلمێندرا کە عەلی خوایە، چونکە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویە: هیچ کەس بێجگە لە خوای مەزن کەس بە ئاگر سزا نادات. [E. B. Soane. P. 385][٥]

ئەگەر ئاینی ئەهلی حەق بە وتەی هاکووپیان، عەلیوڵلاهی لە ئاینی زۆر کۆنی مۆغەکان سەرچاوەی گرتبێت، بەستنەوە بە عەبدوڵڵا کوڕی سەبا، کەسایەتییەکی نەناسراو و بە وتەیەک جوولەکە و بە وتەی خودی نووسەر و هێنان لە زمانی

٤ ئەعلا؛ مەبەست لەم وشەیە چییە، ئەگەر وشەی پلەی بەراورد بێت، لەفز ناتوانێت شوێنی حلوول بێت. ئەگەر ئیوانۆف وای وتبێت، مەبەستی تەناسوخ (دۆناودۆنی) بووە. نووسەری بەڕێز (گ. ب. ئاکوپف، هاکوپیان) نەیتوانیوە، ڕاستی بابەتەکە هەست پێ بکات و بەم شێوەیە، هەڵەی کردووە.

٥ ئەگەر مەزهەبی ئالی حەق بە پێی بیروڕای هاکوپیان، عەلیوللایی بێت، لە ئاینی (زۆرکۆنی موغان)ەوە هاتووە، کە دەیدەنە پاڵی عەبدوڵڵای کوری سەبا کە کەس نازانێت کێ بووە و بەواتایەک یەهوودی و بە گوێرەی نووسەرەکە بە پێی (سون)، تازی عەرەب دەتوانیت چ دەورێک بگێڕێ. لە بەرئەوەی یەک لە ئامانجەکانی ئالی حەق، سەرکەوتنی فەرهەنگی ئێرانییە و دژی دابونەریتی عەرەب و غەیری ئێرانین. دەی پیاوێکی عەرەب و پێش هاتنی ئیسلام چۆن دەتوانێ بنیاتنەری وەها مەکتەبێک بێت. هەروەها دەبێ بوترێ کەسێ کە عەرەب بێ و باوەڕی بە وتەی پێغەمبەری ئیسلام هەبێت و لە هەمان کاتدا عەلیش بە خوا بزانیت (؟!!).

(ســۆن)هوه عــەرەب دەتوانێت چ خــاڵێکی هـاوبەشی هـەبێت، چونکە یەکــێک لە ئامـانجـەکـانی ئەهلی حـەق هێـشـتنەوە و بەردەوامکردنی کولـتووری ئێـرانییـە و دروسـتکردنی لەمـپـەرێک لە بەرانـبەر داو و نەریتی عـەرەب و دەسـەڵاتـی عەرەب و بیانییەکان کەوابوو کەسێکی عەرەب کە پابەندی کولتووری پێش هاتنی ئیسـلامە، چۆن دەکرێت کە دامەزرێنەری وەها مەکتەبێک بێت و دواین خاڵ ئەوە کە کەسێک کە عەرەبە لە ناو قسەکان و حەدیسـەکانی پێغەمبەری خوا بەڵگە دێنێتەوە، چون ستایشی عەلی (د.خ) دەکات، ئەویش لە پێگەی خوداییدا (؟!!)

لێرەدا ئەم خاڵە ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی یەکێک لە کەسایەتییە پیرۆزەکانی عەلیوڵلاهییەکان، وتوویە: «عەلی منم» [v. ivahow p.205] ناوی ئەم پیاوە پیرۆزە خـانی ئاتەش [مـەبەست خـان ئاتەش کـە دەسـەڵاتداری بنەمـاڵەی ئاتەشبـەگی (شاخورشیدی موشەعشەعی) بووە.] بەم جۆرە، بە یەک زانینی عەلیوڵلاهیگەری لەگـەڵ فـیـرقـەی ئەرمـەنی، ئارەڤـۆردیکەکـان ـ (کـورانی خـۆرەتاو) ـ جـێگای سـەرسـوورمـان نیـیـە. [هـەر ئەو سـەرچاوەیە، لاپەڕەی ٣٧، ٧٠] و لەم بارەدا قسەکانی ئەوان لەگەڵ ئیبنی فەقی و یان کوڕی فەقی، دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەیە.

فقیها! ما خدا نیستیم، امّا از خداییم
ریشـەی مـا آتش است از آتش زادەایم

[هەمـان سـەرچاوە، لاپەڕەی ١١٣؛ دەقی فـارسی: ئەهلی حـەق، تاران، ١٣٣٩، لاپەڕەی ٣٦ (وەرگێڕ ئەم بەیتەی لە ڕووسییەوە دووبارە کردووە بە فارسی)][6]

ئەم تێبینییانە، تیشکێکی ڕووناککەرەوەیە لەسەر چۆنیەتیی پێداچوونەوەی وشەی «گۆران» هەر وەکو «ئاگرپەرست» و پاڵ بە ئێمەوە دەنێت کە بۆ دۆزینەوەی ڕیشەکانی بیروباوەڕی گۆرانەکان ـ عەلیوڵلاهییەکان هەروا کە هـ. ڕۆلینسۆن، لە

---

٦ بەیتی بنەڕەتی ئەمەیە، کە شاخوشین لە وڵامی بابافەقیدا وتوویە:

فقیه ما خدا نیستم بلی با خدائیم     اللمان خور است، از خـورزائیم
اول قلندر ما بودیم، آخر هم مائیم     بلی راه قلندران به کس ننمائیم

کور فەقی، هەڵەی کردووە. (ب.ب: تذکرة اعلي، ل ٤٤، چاپ بمبئي) ئەم وەرگێڕانە میروسی تیزدیە هەڵەی زۆری تێدا نووسراوە.

بیریدا بووە، لە شوێنە مێژوویییەکاندا بیاندۆزینەوە. [ H. rawlinson-IRGS. VIx, pt 1.1839, p.36]

سەرەڕای ئەوە کە بابەتی سەرەکیی ئەفسانەکانی ئەوان پێوەندیی بە لوڕستان و بە تایبەت بە باشووری کوردستان و لەوانە بە زەهاو، دەشتی ڕووباری سیروان و شوێنەکانی ترەوە پێوەندی هەیە [V. minorsky. The Guran. Bsoas v. xI, pt. 1,1943] وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە گرینگە کە عەلیوڵڵاهییەکان، هاوڕێ لەگەڵ باوەڕە کۆنەکان، شوێنە مێژوویییەکان، وەکو «ئاتەشگای» تاقگەر [مەبەست تاقگەرە] (سیرووس ئیزەدی وەرگێڕی هێژا لە پەراوێزدا هێناویە کە؛ گەر بە سەروژێری پیتی (گ) لە کوردی، واتە شەماڵەی ئاگر) [لە حاڵێکدا بە بۆری پیتی (گ) بە واتای شەماڵەی ئاگرە] لە زەهاو [و. نیکیتین. کوردەکان، موسکۆ، ١٩٦٤، لاپەڕەکانی ٣٤٥ـ ٣٤٦] یان دوکانی داود کە پەیکەرێکی کەونارایە و دیمەنی ڕێورەسمی ئاگرپەرستەکانی لەسەرە [E. B. S. oane P.384] وەکو کولتووری ئەوان دێتە ئەژمار[7].

هەموو ئەم ڕاستییانە، ئەم بیرۆکەیەی ک. بودێ، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەمی زاینی وتوویەتی: «کوردەکانی گۆران لەو دەگمەن کەسانەن کە تا ڕادەیەک، نیشانەکانی زمانی کۆنی گەورەکانیان پاراستووە. [ک. بودێ، یادداشتەکانی سەفەر... «کتێبخانە بۆ خوێندنەوە» بەرگی ١٢٣، ب ١، بەرگی٢، ژانویەی ١٨٥٤ لاپەڕەی ١٨] جێگای سەرسوورمان نییە کە؛ و. ف. مینۆرسکی لە ژێر تیشکی ئەم بیرۆکەیەدا، [Bode. Travelsì v.1. p.180] بە پشتبەستن بە زمان و کولتووری خەڵکی باشووری کوردستان، ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ئەم کوردانە، (خەڵکێکی تەواو ڕەسەنن و ڕەنگە بە ژیان لە بەشی ڕۆژئاوای سەرزەوینی مادەکان، یەکێک لە میراتبەرانی ئەوان بن). [و. ف. مینۆرسکی. کوردەکان، پترزبورگ، ١٩١٥، ل٣].

پرسیارێک کە دێتە پێش ئەوەیە: ئایا لە ڕۆژگارانی کۆنیشدا ئاماژە بە ناوی

٧ ژوورتر لەم تاقە، شوێنی ناشتنی داوود کە وسواری خوراسانییە، کە وتراوە لەو دەخمە بەردینە بۆ دروستکردنی چەک کەلکی وەرگرتووە و نەزەرکردەی ئەو زاتەیە و شوێنی پەنابردنی ئالی حەقە، هیچ پێوەندییەکی بە ڕێورەسمی ئاگرپەرستانەوە نییە.

گـۆرانەکـان کـراوە یان نە؟ لـە گـەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسـیـارەدا ناتـوانین لە ناوی گائورانیە لە دەقە ئاشوورییەکان «ناوچەیەک لە نێوان ئورارتوو و سەرزەوینی هەیمەڕە» [ئەی. م. دیاکـۆنۆف A. WIIU ش، ٥٠] چاوپۆشی بکەین، سـەرەڕای ئەوەی کە هەیمەڕە هەمان کیمریەیە کە لە سەدەی هەشتەمدا پێش لە ڕۆژمێری مەسیحییەکان، لە بەشێک لە باشووری دەریاچەی ئوروومیە بووە. بەڵام، لێرەدا ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە دەبینەوە کە سەرزەوینی گائورانیە، لە دەقەکانی (ئورارتی) وەکو ناوچەکانی بەشی دەریاچەی سیوان هاتووە کە جێگاکەی لە ناوی ئیمرۆژەی گارنی لە ئەرمەنستان هەڵدەکەوێت [سەیری خەلعەتیان، سەبارەت بە هەندێک ناوی جوگرافیایی ئەرمەنستانی کۆن، لە پێوەندی لەگەڵ بەردە نووسراوەکانی ڕەوان «باستان خاوران» چ٢، ش٢، ١٩٠١، ل١٣١] بکەن ب.ب. پێترۆفسکی، ئەم بەرابەر دانانەی قبووڵ نەکردووە و وەبیر دێنێتەوە کە لێرەدا هەیمەڕە لە دەقە ئاشوورییەکان نەک وەک کەیمەریەی کەناری ئوروومیە، بەڵکو دەبێ وەک کاپانوکیە ببینرێت. [ب.ب. پێترۆفسکی پادشاکانی وان، موسکۆ، ١٩٥٩، ل٢٣٢ـ٢٣٣] بەڵام وا دەنوێنێت کە ئەگەر وا بێت، گـۆرانیـە هیچ پێوەندییەکی بە گۆرانەکانەوە نییە بەڵام هیچ کام لەمانە، ڕاستیی پێوەندیی گۆرانەکان و لەوانە، عەلیوڵڵاهییەکان لەگەڵ ڕۆژگارانی کۆنی باشووری کوردستان ناسڕێتەوە.

ناوەندی دەسەڵات و ناوبانگی سوڵتان سەهاک یەکێک لەو نیشانە و بەڵگانەیە کە لەبەر دەستدایە [سەیری؛ و. ف. مینۆرسکی؛ توێژینەوە سەبارەت بە ڕۆهەڵات، بەرگی ٢، پترزبوورگ، ١٩١٥، لاپەڕەی ٢٠١ بکەن] سەرەڕای هەوڵ و کۆششی و. ئیڤانۆف کە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت ناوەکە سەهاکە، شکڵی ئەرمەنیی ناوی ئسحاق واتە زاهاک لەبەر دەستماندایە [V. Ivanov, p 89] بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە کە بۆ مێژووی پەیدابوونی ئەم ناوە ئاوا دوور بڕۆین، چونکە لە ناو کوردەکاندا، ناوی زەحاک ناوێکی هەڵاوارده نییە. باس لەسەر ناوی زەحاک شایە، کە لە چیرۆکە کۆنەکانی ئەڤێستا و لە شانامەی فێردەوسی دەکەونە بەرچاومان و چەندان جار ئەم ناوەیان لەگەڵ ناوی دهیوک ـ پادشای ماد ـ بە یەکێک زانیوە[8]

٨ مەبەست ئاژی دهاکە، هەروەها دهۆک لە باشووری کوردستاندا، ناوەندی یەزیدییەکانە.

[G. Rawlinson. History of Herodotus. London 1880. P. 395] بە لە بەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە، نابێ لە بیری خۆمانی ببەینەوە کە زیارەتگای سوڵتان سەهاک، لە یادگارە کۆنەکانی هاوچەرخی دووکانی داودە کە دانەرەکەی بە ئاستیاگ دەزانن.

سەرەڕای ئەمانە دیمەنی کەسێکی مادی ئاگرپەرست لەسەری هەڵکەندراوە[9]. [پێرستێکی کورتکراوە لە ئاسەوار و شوێنە مێژووییەکانی ئێران، نامیلکەی ١، تاران، ١٣٠٣، ل ٣٦] لێرەدا وا دەردەکەوێت کە لەودا، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە زەحاک ـ پاشای ئەفسانەیی ـ کە زۆرتر ئەو لەگەڵ ـ کوردانشای مادی ـ کەسایەتی جێ گومانی مێژوویی– بە یەکێک دەزانن، هەروەکو میراتێک کە لە باب و باپیرانی مابێتەوە.

[Safrastian, kurds And Kurdistan London,1948].

شایانی وتنە کە ئەمە تەنیا ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە زەحاک نییە. یاقووت بە ئاماژە بە کەسانی تر نووسیویە کە شارەزوور یەکێک لە ناوەندە مێژووییەکانی کوردستان ـ بە دەست ئەم خوێنمژە بنیات نراوە [مێژووی شارەزوور، لاپەڕەکانی ٢٢٢ ـ ٢١٢ سۆن] بە بێ هۆ نییە کە ناوی ئەم شارەیان وەکو شاری ستەم و زۆربێژی لێک داوەتەوە.[10] بە کورتی، بەستراوەیی عەلیوڵلاهییەکان و گۆرانەکان لەگەڵ ڕۆژگارانی کۆنی ئەو نیشتمانە لەم وتانەدا ڕەنگی داوەتەوە و جێگای سەرسووڕمان نییە کە و. ف. مینۆرسکی، لە هەمان ئاسەواری توێژینەوە لەسەر گۆران سەرەڕای وتەکەی خۆی سەبارەت بە دیارکەوتنی گۆرانەکان لە دەیلەمییەکان ـ گوبرک ـ وەبیری دێنێتەوە کە ئەمانە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە کە

٩ هەواڵێکی وەها بە تەواوەتی درۆیە. بارەگای حەزرەتی سوڵتان ئیسحاق عەلەوی بەرزنجی لە پەردیوەری هەورامان سەربە پاوەی پارێزگای کرماشانە، کە دەگەڕێتەوە سەدەی هەشتەمی کۆچی و چەندین جار سەرلەنوێ چاککراوەتەوە. ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، بارەگای سوڵتان ئیسحاقی لەگەڵ دەخمەی دێ نوێ ئیسحاق هەرسێن تێکەڵ کردووە و بە هەڵە ناساندوویە، هاوکات لەگەڵ بابەتی دوکان داوود کە بە بڕوای تاقمێک بارەگای ئاژیدێهاکە، تێکەڵی کردووە.

١٠ (زوو) ناوی کوڕی زەحجاکە و ئاماژە بە زڵمی زەحجاک نییە. ب. ب؛ (معجم البلدان، ب ٣، ل ٣٤٠)

له باشووری کوردستان نیشتەجێن.[11] [سەیری؛ و. نیکیتین. کوردەکان. موسکۆ، ١٩٦٤، لاپەڕەی ٢٠٠].

بەم شـێـوەیە، پاش تێـڕوانینێکی دووبارە بـە سـەر ئەو زانیـارییـانە کـە لە بەردەسـتدان، سـەبارەت بەم بابەتە کـە گۆرانەکـان لە ڕۆژگـارانی زۆر کـۆنەوە لە نیشتمـانی خـۆیاندا دەژین بەم کێشـەیە خـەریک دەبین کە واتـای گۆران چییـە. لە سـەرەتادا، ئەوە وەبیر دێنینەوە کـە لە شـەرەفنامـە، گۆران سێ جـار وەکو هۆزێکی تایبەت ـ هۆزی گۆران ـ هاتووە:

جارێک، لەم چیرۆکەدا کە پیـاوێک بە ناو شاهوێردی بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە دەسـەلاتداری لوڕسـتـانە و بە مـەبەسـتـی شـەڕ لەگـەڵ شـاعـەباس، چەندان کـەس لە تایفەی گۆرانی لە دەوری خۆی کۆ کردبووەوە. [شـەرەفنامـە، چاپی قاهیرە، ل٨٢].

دووەم جار، لەم هەواڵەدا کـە گەورەی بنەمـاڵەی فەرمانڕەواکـانی ئەردەڵان، لە ناو بنەماڵەی گۆراندا دەژیا [شـەرەفنامە ـ لاپەڕەی ١١٨].

سێیـەم جـار، لەم هـەواڵەدا کـە فـەرمـانڕەواکـانی برادۆست، لـە بنەوادا لە هۆزی گۆران بوون [شـەرەفنامـە، ل ٣٨٢] لەم نووسراوانە وا دەردەکەوێت کە «گۆران» بۆ شەرەفخـان ناوی هۆزێکی دیاریکراو بوو و ئاشکرایە کە مەبەست لە هـۆز ئەو شتە بووە کـە ئەو ویسـتـوویە [کـوردەکـانی گـۆران و...، ئاکـۆپۆف، سـیرووس ئیـزەدی، لاپەڕەکانی ٦٠ ـ ٥٦].

پاش تاوتوێکردن و ڕاسـتکردنەوە و شـرۆڤـەکردنی وشـەی گۆران کە خسـتـمـانە بەرچاو توێژەری ناوبراو لەسـەر وشـەی ئەردەڵان دەڕوا و دەنووسێ کە؛ (... لێرەوە دەست پـێ دەکــەین کــە چونکە هیـچ جــۆرە ڕوونکردنەوەیـەک بۆ نـاوی ئەردەڵان نەکراوە، ئێمە ئەو وشـەیە وەکو داڕێژراوێک لە کوردی ئەرد = زەوی و ناوی هۆزێک (ئاڵان) ڕوون دەکـەینەوە، وەها ڕوونکردنەوەیەک، لـەم ڕووەوە شیـاوی تێڕوانینە کـە لە ڕۆئاوای ئەردەڵان زۆر شـوێن هـەیە کـە بناغـەی ناوەکـەیان، لە ڕیشـەی «ئالان»ە، لەوانە، قـەڵای کەلـهوڕی ئالانی کـە ناومـان هێنا، بەشـی ئالان و کێـوی ئالان و جیـا لەمـانـە [سـەیری کورتەی مـێژووی کورد و کـوردسـتـان، بەرگـی یـەکـەم، لاپەڕەی ٧

---

١١ دەیلەمیـەکانیش هـەرچەندە شیـعـەی زەیدی بوون، بەڵام هـەر بە عـەلـەوی توندڕەو دێنە ئەژمار (ب. ب، تاریخ آل بویة، فقیهي).

بکەن] ئەگەر هەبوونی (ئالان) لە دەستەی هۆزە کوردەکان بەمانە زیاد بکەین، ئەو کاتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەدیهاتنی ئەردەڵانەکان و گرووپەکانی خەڵکی کوردی دراوسێی ئەوان، خاوەن بنەچەیەکی قووڵە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست، کاتێک کە هەموو ئەم ناوچانە لە گەورەترین مەڵبەندی فێئودالّی لە کوردستان ـ شازادەنشینی ئەردەڵان بوون [شەرەفنامە، ١، موسکۆ، ١٩٦٧، ل ١٤٦ـ١٥٢] جێگەی خۆیانیان قایم کردووە. کەوابوو پێوەندیی نێزیکی مێژوویی ئەردەڵانەکان لەگەڵ دراوسێیەکانیان و لەوانە لەگەڵ هەورامییەکان، جێگەی سەرسووڕمان نییە. [CI. Rich. I. p. 202] بەچاوخشاندنێک بەسەر بابەتی ڕەگوڕیشەی بنەماڵەی ئەردەڵاندا، وە بیری دێنینەوە کە شەرەفخانی بدلیسی بەجیاکردنەوەی ئەم ناوچەیە لە گۆرانەکان، جارێکی تر بنەماڵەی دەسەڵاتدارەکە ئەوانی بە گۆرانەکانەوە گرێ داوە و سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەر لەو جێگایەدا وەبیری دێنێتەوە کە بنەماڵەی ئەردەڵان لە کوردستان سەریان هەڵداوە. لەم بارەدا بۆچوونی توێژینەرانی سەدەی نۆزدەمی زاینی؛ لەوانە کینر و ڕیچ شیاوی تێروانینن کە دەڵێن، لە حاڵێکدا کە ئەردەڵانەکان سەر بە ڕەگەزی کوردەکانن، زۆربەی ئەردەڵانەکان لە گۆرانەکانن. ئەمە بە خۆڕایی و بە ڕێکەوت نەبووە کە دیتریش وە بیری دێنێتەوە؛ کە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە، لقێک لە گۆرانەکانن [K. Ritter Erkunde, Ix.s.] [هەمان سەرچاوە، ل٧٣] ئەو [سۆن] دان بەوەدا دەنێت «ئێستا کە بۆچوون وایە و لەم ناوچانەدا (لە نێوان هەورامان و کەندۆڵ. گ. ئا.) خەڵکێک نیشتەجێن و دەژین کە ناویان گۆرانە و بە زاراوەیەک قسە دەکەن کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد و ئەمە هەمان زاراوەیە کە تا ئێستا لە ناو دانیشتووانی هەورامان کندۆڵ و (ریزو) پەرەی سەندووە. ئەم زمانە، ئیمرۆژەش هەتا ڕادەیەک زمانی کلاسیکی هۆزەکانی ئەردەڵانە و بەشێوەیەکی ڕەسەن قسەی پێ دەکەن. ئەم زمانە ئائورمی [هەورامی] یان شارەزووری پێ دەوترێت». [و. نیکیتین. کوردەکان، موسکۆ ١٩٦٤، ل٢٦٢].

لەم بەڵگەیەدا، ئەو شتەی کە دەبینرێت ئەم تێزەیە کە گۆرانی، هەمان «زمانی کلاسیکی هۆزە ئەردەڵانەکانە». قسە و باس سەبارەت بە ناوچەیەکە کە دەتوانرێ بوترێ: نیوەیەک لە باشووری کوردستان لە خۆ دەگرێت و ئەم ناوچەیە، لە سەدەی نۆزدەمی زاینی بریتی بوو لە: جوانرۆ، هەورامان و مەریوان. حەسەنئاوا،

ئسفەندئاوا و بانە [CI. Pich. I. p ٢١٧] بە ڕێکەوت نییە کە کاتێک سەبارەت بە کوردستانی ئێران قسە دەکرێت مەبەست هەمان ئەردەڵانە. [ف. چرنۆزۆبۆف، ئەردەڵان یان کوردستانی ئێران، هەواڵەکانی بنکەی ناوچەی سەربازیی قەفقاز، ژمارە٣٣، ساڵی ١٩١٣] ـ [هەمان سەرچاوە، ل٧٢].

(... دەسنیشانکردنی ناوچەکانی ژینگەی پاڵنگان دژوارترە، چونکە ئەم ناوە هەتا ڕۆژگاری ئێمە بڕی نەکردووە. شایانی وتنە کە ڕووباری ئەلوەند لقێکی هەیە بە ناوی پەلکانە (Palkana) و ئەگەر بمانەوێ ژینگەی پاڵنگانییەکان نیشان بدەین، ڕوون دەبێتەوە کە دەتوانرێ بوترێ؛ هەموو نیشتمانی ئەوان لە بەستێنی ئەم ڕووبارە هەڵکەوتووە. شەرەفخانی بدلیسی دەنووسێت: کە قەڵاکانی دێودز، نۆدز، دزیمان، گەواهگەز، مۆر، گلانە، نوشوور و مەرامن لەو قەڵا و ناوچانەن کە نیشتمانی ئەم خەڵکەن، شوێنی ئەم قەڵایانە، لە کەرتێک کە لە باکوری پشتکۆی لوڕستان بەرەو قەڵاکانی، دەرتەنگی، پاوە و ڕەوانسەر و پاشان بەرەو لای قەڵای ئالانی لە بەشێک هەر بەم ناوە لە باشووری کوردستانی ناوەندی کێشراوە بە ئاسانی دەکەوێتە بەرچاو. [؟!!]

بەچاوخشاندن بەسەر ئەم زانیارییانەدا ڕوون دەبێتەوە کە کەلهوڕەکان، لە دەشتەکانی ڕۆئاوای شاری ئێستای کرماشان و ئەگەر وتەکەی ڕیچ بسەلمێنن، هەتا هەورامان و سلێمانی ژیاون [Ci. Rich Narrativeì I. p217-281] [هەمان، لاپەڕەی ٦٧]. سەبارەت بە پاڵنگان، کە بناغەی خواستی ئێمە لەم وتارە دەگرێتەبەر، هاکوپیانیش تووشی هەڵە بووە چونکە قەڵای پاڵنگان وەک یەکێک لە قەڵا مەزن و ناودارەکانی نیشتمانی کوردستان و ناوەندی گۆران و ئەردەڵان دەهاتە ئەژمار و هەر ئێستاش ئاسەواری ئەو شوێنە ماوە و لە باکورەوە، بە چیای شاهۆ، لە باشوور بە گاوەرۆ، لە ڕۆهەڵات بە هەورامان و لە ڕۆئاواوە لەگەڵ ناوچەی کامیاران هاوسنوورە.

پاش باسکردنی ئەم ڕوونکردنەوەیە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئەو و شرۆڤەکردنی دەقەکان، دەست دەکەین بە دەربڕینی چۆنیەتیی بە دەسەڵاتگەیشتنی ئەردەڵانەکان لە ناو دڵی عەلەوییە توندڕەوەکان و سەرکوت بوون و پاشەکشێکردنی عەلەوییەکان بەرەو داڵەهۆ.

هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی جووڵانەوە بەهێزە ئاینییەکان لە بەرانبەر بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆسدا، بەتایبەت لە کوردستان و ئەو بەشانە کە لەگەڵ عوسمانی هاوسنوور بوون و دژی جووڵانەوەی عەلەوییەکان بوون و ئەویان وەکو کۆسپ و لەمپەرێک لە بەرانبەر پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی خۆیان بۆ نیوەقارەی هیند دەزانی، چەندان بنەماڵەی مەزن و خاوەن پشتوانەی نەتەوەیی و ئاینی و زانستی لە دوو لایەنی بیرورا و بۆچوون و سیاسی و سەربازی لە ناوچەدا بە دەسەڵات گەیشتن و یان سەریان هەڵدا و بە هەموو هێزەوە هەوڵی سڕینەوەی ئاسەوار و پاشماوەی عەلەوییەکانیان دا و دەستوپێوەندییەکانیان دەستیان کرد بە تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژووی ناوچەکە لە ڕووی دەمارگرژی بە مەبەستی پاکتاوکردنی کولتوور و ڕابردووی عەلەوییەکان؛ بابەتی سەرنجکێش ئەوەیە کە هەر دوو جووڵانەوەکەش لە ناوخۆی عەلەوییەکانی زاگرۆس (کوردستان) سەریان هەڵدا، بێجگە لە بنەماڵەی عەلەوییە سەفەوییەکان کە باسی کرا دوو بنەماڵەی ڕەسەنی دوایی، بنەماڵەگەلی سیاسی و ئاینی ئەردەڵان و مەردۆخ بوون کە خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ لە مێژووی خۆیدا بە زیرەکیی تەواو لەگەڵ دەربڕینی بۆچوونی خۆی هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، ڕاستییەکەی خستووەتە بەرچاو، بەڵام لە دەربڕینی ڕاشکاوانەی بابەتەکە خۆی پاراستووە. لێرەدا پێویستە کە بۆ ڕوونبوونەوەی شوێنی جوگرافیایی بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس دەست بکرێت بە تاوتوێکردن و شیکردنەوەی ئەم باسە، ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ و کەسانی تر وەکو دانەری توحفەی ناسری و حەدیقەی ناسری و مێژووی ئەردەڵان و... سەبارەت بە وشە و سەرچاوەی ئەردەڵان کە سەرجەم ئەو بیرۆکانە لە مێژووی مەردۆخدا هاتوون، دەنووسێت: کە (ئەردەڵان ـ کۆی "ئەردەڵ"). هۆزی وڵاتی کوردستان کە لە نەوەکانی (قوبادی یەکەم) دێنە ئەژمار ناویان ئەردەڵانە، بە قوبادی ناوبراو (بابا ئەردەڵیش) دەڵێن. مێژوونووسان سەبارەت بە قوبادی ئەردەڵ بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە.

هەندێک کەس نووسیویانە؛ کە قوبادی ئەردەڵ نەوەی خوسرەو ناوێک بووە کە لە شاری مەرڤ ئاشەوان بووە و یەزدگیرد پادشای ئێران کاتێک کە لە ساڵی (٣١ کۆچی مانگی) لە سوپای ئیسلام شکستی خوارد بەرەو مەرڤ هەڵات و لەگەڵ خوسرەوی ناوبراو ئاشنا بوو، خوسرەویش ئەوی لە ئاسیاودا کوشت و هەموو

پارە و زێڕی ئەوی بۆ خـۆی دانـا و بووە خـاوەن سـەروەت و سـامـانێکی زۆر و بەهرامی کوڕی خۆی کردە بازرگان. پاش کۆچی دواییی خوسرەو، بەهرامی کوڕی لە ساڵی (٦٥ی ک.م) لە شەڕی نێوان موهلیب کوڕی ئەبی سەفرە والیی خوراسان لەگەڵ ئەزارەقە دەکوژرێت. قوبادی کوڕی لە ساڵی (٨٦ی ک.م) دەبێتە یەکێک لە خزمەتگوزارە تایبەتەکانی والیی خوراسان. لە کاتی سەرهەڵدانی ئەبو موسلیمی خوراسانی لە مەرڤ، واتە سەردەمی سەفاح ئەبولعەباس عەبدوڵڵای عەباسی قوبادی ناوبراو لە ساڵی (١٣٢ی ک.م) لەگەڵ کەسوکاری خۆی لە مەرڤی خوراسان بەرەو مووسڵ کۆچی کردووە، پاش تێپەڕینی ماوەیەک لەو شوێنە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە و دەبێتە فەرمانڕەوای مووسڵ و دیاربەکر، لە ئاکامدا نەوەکانی ئەو هەموو ناوچەکانی شارەزوور دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و شار بازاڕ (شارباژێڕ) کە ئێستا پێی دەڵێن سلێمانی دەخەنە ژێر کونترۆڵی خۆیان و عیمادییەش داگیر دەکەن و تا ساڵی (٥٦٤ی کۆچی مانگی) زنجیرەی ئەردەڵان لە ناوچەکانی شارەزوور دەسەڵات بە دەست بووە و قەڵای زەڵمیان وەکو ناوەندی دەسەڵات بنیات ناوە. لەم دوایانەشدا «پاڵنگان»یش کە شوێنی هۆزی کەلهوڕ و گۆران بووە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵان و لەو شوێنەشدا قەڵایەکی مەزنیان بۆ ناوەندی دەسەڵاتی خۆیان بنیات ناوە و ئاسەوارەکەی بریتییە لە تادەروازەیەک کە لە تاشە بەردێکی گەورە دروست بووە و هێشتا ماوە. ئەردەڵانەکان بۆ ماوەی (٤٢) ساڵیش لە ناوچەکانی پاڵنگان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە. تا نۆرە بە کڵوڵبەگ گەیشتووە.

چەند لە مێژوونووسی تر سەبارەت بە قوباد، وەک پێشەوای بنەماڵەی ئەردەڵان ئاوایان نووسیوە؛ کە لە ساڵی (٨٩٥ی ک. م) شا مەنسوور فەرمانڕەوای (دوشتیک) بە دەستی تورکمانەکان کوژراوە و چوار کوڕ لەو بەجێ ماون کە گەورەترینیان ناوی فیرووز بووە و پاش کوژرانی باوکی ناوی خۆی گۆڕیوە و کردوویە بە (قوباد)ی ساسان و پەنا دەباتە سورخاب کوڕی (بەدر)ی حەسنەوی کە لەو کاتەدا فەرمانڕەوای شارەزوور و دینەوەر بووە، بۆ ماوەی چەند ساڵ (قوباد) لە ناو عەشیرەی گۆران لەوپەڕی ئاسوودەیی و ڕێزەوە ژیاوە و پاش ڕووخانی حکوومەتی حەسنەوی، قوباد لە ساڵی (٦٣٠ی ک. م) لە دەوروبەری گوڵعەنبەر و هەڵەبجە کۆمەڵێک خەڵک لە دەور خۆی کۆ دەکاتەوە لە ژێر ناوی

داگیرکردنی ئازەربایجان، بەڵام بە مەبەستی سەندنەوەی تۆڵەی باوکی بەرەو ئەو بەڕێ دەکەوێت. موزەفەرەدین فەرمانڕەوای هەولێر لە کاتی بە ڕێکەوتنی ئەو ئاگادار دەبێت و لەشکرێک بۆ سەرکوتکردنی دەنێرێت، لە نزیکی قەڵای نەوێ (نوی) قوباد لەشکری هەولێر شکست دەدات. لە ئاکامی ئەم سەرکەوتنەدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەشکرەکەی زۆرتر دەبێت. لە ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی شارەزووریشدا چەند قەڵا داگیر دەکات و دەسەڵاتێکی زۆر بە یەکەوە دەنێت. سەرەنجام لەگەڵ تورکمانەکانی ئازەربایجان ڕێک دەکەوێت و لە ساڵی (٦٣٦ی ک. م) لەگەڵ ئەمیر شەرەفەدینی جەلالی فەرمانڕەوای هەولێر بە شەڕ دێت و شکست دەخوات. بە ناچار دووبارە دەڕواتە ناو عەشیرەی گۆران تا ساڵی (٦٥٦ی ک. م) کە هۆلاکۆخان دێتە ناو عێراق، (یەشمووت) میرزا، کوڕی هولاکۆ کە لە کرماشان بەرەو عێراق بە ڕێ دەکەوێت، قوباد خۆی دەگەیەنێتە لەشکرەکەی و دەبێتە نوێنەری تایبەتی یەشمووت میرزا، بە سەرنجدان بەوەی کە کە قوباد کەسایەتییەکی شارەزا و زیرەک بوو؛ یەشمووت ناوبراو بە بابا بانگ دەکات، سەرەنجام قوباد وەکو (بابائەردەڵ) ناوبانگی دەڕوات و دەسەڵاتی شارەزوور لە لایەن یەشمووتەوە بەو دەدرێت و لە ساڵی (٦٧٥ ک.م) کۆچی دوایی دەکات و کوڕە گەورەکەی بە ناوی کلۆڵ دەبێتە جێنشینی ـ [مێژووی مەردۆخ، لاپەڕەکانی ٩١-٨٩] بە سەرنجدان بەوەی کە باسمان کرد لە یەکەم تێڕوانیندا ئەم خاڵانەی ژێرەوە بەرچاو دەکەون:

١ـ نازناوی (بابا) پێگەی ئاینی باپیری ئەم بنەماڵەیە ڕوون دەکاتەوە و چیرۆکی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ هولاکۆ و... کە نووسیویانە بەسەرنجدان بەوەی کە یەک هەواڵ لەبەر دەستدایە و لە هیچ سەرچاوەیەک ئاماژەی پێ نەکراوە جێ باوەڕ نییە و خاڵێکی تر ئەوە کە وشەی (بابا) لە شێوە دەربڕینی یەشمووت کە کەسێکی موغولی بووە جێ باوەڕ نییە و دروستکراوی دەستی مێژوونووسانە.

٢ـ شوێنی نیشتەجێبوونی باپیری بنەماڵەی ئەردەڵان ناوچەی ژیانی هۆزی (گۆران) بووە کە تۆمار کراوە.

٣ـ مەودای کاتی لە نێوان مردنی سورخاب کوڕی بەدر لە ساڵی ٥٠٠ی کۆچی مانگی کە بەنی عوناز بووە نەک حەسنەویە؛ هەتا هێرشی هولاکۆ لە (٦٥٦ ک.م) و چوون بۆ بەغدا، ١٥٦ ساڵ جیاوازیی هەیە و ئەم خاڵەش هەڵەیە.

٤ـ به سەرنجدان بەوخالانەی سەرەوە چیرۆکی خوسرەوی ئاشەوان و... لە خۆدا هەڵەن.

٥ـ ڕووداوی دەست بەسەرداگرتنی پاڵەنگان کە ناوەندی عەشیرەی گۆرانە و شرۆڤەی دەکەین بە پێی بەڵگەنامەکانی پێوەندی بە کۆتاییەکانی ١٠٠٠ی کۆچی مانگییەوە هەیە.

٦ـ دەستنووسەکانی کوردستان بەتایبەت مێژووی هەورامان کە (بابائەردەڵی) وەکو نەوەد و نۆ پیرە ناو بردووە.

٧ـ هەبوونی دەسەلاتی بنەماڵە جۆربەجۆرەکان لە کوردستان بە وتەی مێژووی شەرەفنامەی بدلیسی و کەسانی تر کە لە باری مێژووییەوە پێشتر لە ئەردەلانەکان بوون و بە سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئەردەلان و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ سەفەوییەکان کەوتنە ژێر دەسەلاتی ئەردەلانەکان و بە درێژایی ساڵەکان لە ناوچوون دەسەلاتی بەرفراوان و لە مێژینەی ئەوان ڕەت دەکاتەوە و هەموو ئەم خالانە نووسینەکانی مێژوونووسانی کوردستان دەخەنە بەر شک و گومان.

(موتالا و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە لقە ئاینییەکان لە کوردستان وەکو ئەهلی حەق، یەزیدی و هتد نیشان دەدات کە خەڵکی کوردستان پاش هێرشی عەرەبەکان و دوای هاتنی ئیسلام بۆ چەندان سەدە لەسەر باوەڕ و ئاینی خۆیان ماون و بە ڕواڵەت لە سەدەی نۆیەمی کۆچی بەرەو ئەملا بەتایبەت لە سەردەمی سەفەوی و لە کێشمەکێشە سەربازی و بیروباوەڕەکانی نێوان دوو دەسەلاتی کۆمەڵگای ئیسلام، واتە سەفەوییە و عوسمانییە کە هۆزە کوردەکان، زۆربەیان سەر بە یەکێک لە دوو مەزهەبی سوننە و شیعە بوون. ـ [توحفەی ناسری، میرزا شوکروڵلای سەنەندەجی، ل ٤٧٠] و لە جێگایەکی تردا ئاماژەی بەوە کردووە؛ لە سەرەتاوە ئاینی بنەماڵەی ئەردەلان پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، جۆربەجۆر بووە و هەر هۆزێک لەسەر ئاینێک و هەر دەستەیەک لەسەر باوەڕێک بوون. هەندێکیان مەجووس و هۆزێک مەسیحی و دەستەیەک داسنی و شەیتانپەرست بوون... ـ [هەمان سەرچاوە، ل٨٣].

کە مەبەست لە خاڵی دوایی ئەهلی حەقە و دروستەکەشی هەمان دەستەی

یەکەمە کە تا سەدەی نۆیەمی کۆچی، ئاینی تازەیان قبووڵ نەکرد و بابەتی تر ئەوە کە لە سەرنجدان بە ناوەکانی بنەماڵەی ئەردەڵان دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە؛ («بابا» ناوی تەفخیمە، وەکو «شێخ» و«پیر» و «مامۆستا» و شتەکانی لەم چەشنە کە سەبارەت بە ئەولیا، زاهیدەکان و عارفەکان لەلایەن خەڵکەوە بەوان وتراوە و زۆرتر بە هەمان ناو دەیانناسن). فرانتز رۆزێنتاڵ لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «تنبؤات بابای حرّاني» (ران ملخ/ ارمغاننامە تقیزادە) سەرەڕای ئاماژەکردن بە گنوسیزمی حرّاني/ صائبی/ مەسیحی دەستەواژەی «بابا» لە نێوان مەسیحییەکانی ڕۆئاوا (وەکو «پاپ» و عارفە ئێرانییەکان بە هاوبەش زانیوە و دەڵێت؛ کە ئەم ناوەی «بابا» لە نویکەندی (دورا ـ ئۆرۆپووس) (سەدەی ٢٠٣) بە شێوەی «بەب» و لە یۆنانی بە شێوەی «بابا» هاتووە کە ڕەنگە لەگەڵ "بەبی" ئارامی (سووری و یەهوودی) پێوەندیی هەبێت. ئەم ناوە بە «پێغەمبەری حوڕان» وتراوە، بۆ نموونە ئیبن عەدیم لە «مێژووی حەلەب» وتوویەتی کە ئیبنی تەیمیە «کتێبی بابای» سائیبی بۆ من نارد کە لەودا هاتووە «بابا» لە ساڵی ٣٦٧ی پێش کۆچکردنی، پێغەمبەر بوونی خۆی ڕاگەیاندووە[١٢]. مامۆستای خوالێخۆشبوو جەلالەدینی هۆمایی لە باس سەبارەت بە شوێنی مەزرای باباکان، و «باباکانی ئیسفەهان» وەکو بابا ڕوکنەدین، بابا عەلەمدار، بابا نووش و ئەوانی تری ناو بردووە و دەڵێت کە زۆربەی ئەوانە لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی کۆچی مانگیدا ژیاون. ـ [وتارە ئەدەبییەکان، بەرگی١، ل ٤٢٦ـ٤٢٧] ـ [باباتاهیرنامە، ل ١٢٧ـ ١٢٨] هەروەها (بابا) لە ناوە مەزنەکانی عەلەوییەکانی زاگرۆس وەکو بابا ناوس، بابا یادگار و... کەسانی ترە و هەروەها بە ڕاشکاوی لە باسکردن سەبارەت بە مێژووی بنەماڵەی مەردۆخی، کە ئەوانیش لە نەوەکانی نەوەد و نۆ پیرەی هەورامان و بابازادەن، خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی بۆ ئەرێکردنی ئەوەی کە باسی کرا و پەرەگرتنی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان لە هەورامان ئاماژە دەکات و دەنووسێت: خەڵکی هەورامان هۆرمۆز پەرست بوون و خۆیان بە نەوەی ئەردەشێری دەستدرێژ دەزانن کە بە بەهمەن کوڕی ئسفەندیار ناسراوە، و تا سەردەمی پیرشەهریاری یەکەم لەسەر باوەڕی هورموزپەرستی

12- Alocust's Leg Studies in nonout of S.H Taqizadeh London. Perylound. 1962 pp20-221

ماون و بە هۆی ئەو زەبرانەی کە لە عەرەبەکان لێیان داون نەفرەتیان لە ئاینی ئیسلام بووە. پیرشەهریاری دووەم کە خاوەن بیر و باوەڕی ئیسلامی بووە بە شێوەی ڕوون و ئاشکرا نەیتوانیوە ئەوان بێنێتە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵام وردەوردە ئەوانی لەگەڵ ئاینی ئیسلام ئاشنا کردووە و کتێبێکی لە پێوەندی لەگەڵ ئامۆژگاری و ڕەمزەکان و ئاماژەکان بۆ ئەوان نووسیوە کە بە (مەعریفەتی پیری شەهریار) ناسراوە، بابا مەردۆخیش ئەگەرچی لەگەڵ موریدەکان و دەوروبەرەکانی خاوەن بیر و باوەڕی ئیسلامی بوون و ڕەنگە بۆ پڕوپاگەندەکردن بە مەبەستی پەرەپێدانی ئیسلام بۆ ئەو ناوچانە هاتوون، بەڵام دووبارە بە هۆی دژوار بوون و کوێستانیبوونی ناوچەکە و توندوتیژی و دەمارگرژیی خەڵکی ناوچەکەوە نەیانتوانیوە بە ئاشکرا پەرە بە ئاینی ئیسلام بدەن. ئەوانیش تەنیا هەر وەکو پیری شەهریار هەوڵی ئەوەیان داوە بەستێنێکی لەبار بۆ نزیککردنەوەی خەڵک دروست بکەن، تا ئەوە کە مەولانا گوشایش لە ڕێکەوتی (٨٤٢ کۆچی مانگی) دەرفەتی بە دەست خستووە و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەستی کردووە بە بڵاوکردنەی ئاینی ئیسلام و پەرەپێدانی دەستوورەکانی قورئان.

عەبدولغەفار کوڕی مەولانا گوشایش؛ پاش ئەوەی کە پێ گەیشت، هۆگرایەتیی بە ئاکاری چاک و تەقوا پەیدا کردووە و لە لای شێخ شەمسەدینی شۆشی دەستی کردووە بە فێربوونی تەریقەت و بەم هۆیە بە شێخ عەبدولغەفار ناوبانگی دەرکردووە و پاش تێپەڕکردنی قۆناغەکانی تەریقەت و فێربوونی ڕێوڕەسمەکانی حەقیقەت بۆ هەورامان گەڕاوەتەوە و لەسەر ئیزنی فەرمانڕەوایانی هەورامان. ناوچەی دەگاشێخانی ئاوەدان کردووە و لەگەڵ موریدەکانی خۆی لەوێدا نیشتەجێ دەبن و دەست دەکەن بە ڕێنوێنی کردنی خەڵک و هەر بەم هۆیە ئەم گوندە بە (دەگاشێخان) ناوبانگی دەرکردووە، واتە دێی شێخەکان، چونکە دەگا بە واتای (دە) و شێخان، کۆی شێخە، یەکەم کەسێک کە نوێژی هەینی لە هەورامان بەڕێوە بردووە، شێخ عەبدولغەفار بووە، پاش ماوەیەکی کەم خوای دلۆڤان کوڕێکی پێ دەدا بە یادی مورشیدەکەیەوە خۆی ناوی دەنێت شەمسەدین. – [مێژووی مەردۆخ، ل١٥]. ئەم سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ دەسەڵاتی هەڵۆخانی ئەردەڵان و خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان و سەرەتای هێرش بۆ هەورامان و داگیرکردنی پاڵنگان وەکو بنکەی سەرەکیی هۆزی گۆران و پچڕانی پێوەندیی هەورامان لەگەڵ لوڕستان

کــە پێش ئەم قــۆنـاغــە وەکــو بەشــێک لە لـوڕســتـــان دەهاتە ئەژمــار، هــەروەها پاشەکشێکردنی عەلەوییەکان لە کوردستان و هەورامـان بۆ سنوورەکانی دالاهۆ و دەوروبەری و سەرلەنوێ سازدان و پێکهێنانی ناوەندەکانی خەبات لە شارەزوور و مەحاڵ.

زنجیـرە فـەرمـانڕەواکـانـی ئەردەڵان بە یارمـەتی و پڕوپاگەندە کردنی بنـەمـاڵەی زانســـتـی، ئاینیی مـــەردۆخی کـــە بە ســـەرنجـــدان بەوەی کـــە باسـی کــرا و ئەو بەڵگەنامـانـەی کـە پاشــتـر ئـامـاژەیان پێ دەکـەین خـۆیان لە ناو دڵی عـەلەوییـە توندڕەوەکـان سـەریان هەڵدا و دەسـتیـان کرد بە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئاینی عەلەوییـە میـانەڕەوەکان (شـافـیعی) لە کوردستان و هەتـا کۆتاییـەکانی قـاجاریە و ناوەڕاســتــەکـانـی دەســەڵاتی پەهلەوی، ڕێبـەرە نـاودارەکـانـی سـیــاسـی و ئاینی کـوردســتــان لەم دوو بنەمــاڵەیە بوون و زۆر خـوێندنگـا و مـزگـەوتیـان بـنیـات نـا و دەستیـان کرد بە دانانی بناغەی وانە وتنەوەی زانسـتە ئاینییەکان لەسەر بنەمـای ئاینی ئیمام شافیعی (د.خ).

لێرەدا بە مـەبەسـتی ڕوونکردنەوە و ڕەسـەنایەتی، بانگەشـەی خـۆم سـەبارەت بە ڕابردووی بنـەمـــاڵەی خـــاوەن زانـسـت و ئـاینـی و ڕێبـــەرایـەتیـی مـــەردۆخـــیـــیـــە عـەلەوییـەکـان، لە ئایەتوڵڵا شـێخ مـحـەمـەدی مـەردۆخ بەڵگە دێنینـەوە، سـەرەتا سەبارەت بە واتای وشـەی مـەردۆخ کە دەنووسێت: مەردۆخ: ابن الله = مظهر الله = کلمـة الله = آیة الله [هـەمـان سـەرچاوە، ل١٦] بە سـەرنجدان بە واتـای وشـەکـان، ڕەوانبـوونـی ڕۆح و فـەلسـەفـەی عـەلەویە توندڕەوەکـان لە وشـەی نـاوبراو بە ڕوونی دیارە پاشـان سـەبارەت بە ڕۆڵی بنەمـاڵەی خۆی (مـەردۆخییـەکان) لە هـەورامـان و کوردسـتـان، بە ڕاشکاوی سـەرهەڵدانی باب و باپیـرانی ئەم بنەمـاڵەیە لە ناو دڵی نەوەد و نۆ پیرە کە لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە بە پێگەی ڕۆحـانی و ڕێکخسـتنی ئەوان لە ناو سیستەمی سیاسی و ئاینی عەلەوییەکان ئاماژە کرا وەبیری دێنێتەوە و دەنووسـێت: دەروێش ئەمـیر (مـحـەمـەدی مـەردۆخ)ی بەناوبانگ و ناسـراو بە بابا کە لە پایەبەرزترین شـێـخـەکان و والییـەکانی مـەردۆخی کوردسـتـان بووە خـەڵکی گوندی (مـەردۆخ) سـەر بە ناوچەکـانی دەوروبەری شـامن،... لە سـاڵی (٧٣٧ ک.م) [هاوکـات لەگەڵ سـەرهـەڵدانی سـوڵتـان ئیسـحـاق لە هـەورامان] لـە کاتی دەسـەڵاتی ئەمیر شێخ حەسەن جـەلایری بەسـەر ئازەربایجان و بەغدا کـە دەوڵەتی ئالی خانی

له عێراق دامەزرا بابامەردۆخ وێڕای کۆمەڵێک لە خزم و کەسوکارەکانی خۆی، لە شامەوە بۆ خاکی هەورامان کۆچی کرد، بۆ ماوەیەک لە دەشتی (شامیان) کە هەر بەم بۆنەوە ئەو ناوەی لێ نرابوو لە ژێر ڕەشماڵدا ژیانیان دەبردە سەر، خەڵکی دانیشتووی هەورامان و دەوروبەری پاکی و تەقوای بابا مەردۆخ دەبینن و باوەڕی تەواو بەو پەیدا دەکەن و بەگشتی دەبنە موریدی ئەو، پێگەی قوتبیەت و غەوسیەتی پەیدا کردووە و ئەویان بە (بابا مەردۆخە) بانگ کردووە و پاش کۆچی دوایی ناوبراو خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەر بە پیرمحەمەدی هەورامی ناویان بردووە.

هەندێک کەس بۆچوونیان وا بووە کە پیر محەمەدی هەورامی، باپیری گەورەی ئەمیر محەمەدی مەردۆخ بووە و بەم جۆرە بە هەڵە ناوی ئەویان لە زنجیرە مەشایخەکانی مەردۆخ لە دوو جێگادا هێناوە، لە جێگایەکدا بە ناوی دەروێش ئەمیر محەمەدی مەردۆخە و پاشان پیرمحەمەدی هەورامییان بە باپیری گەورەی ناوبراو زانیوە. لە حاڵێکدا کە هەر دووی ئەوان یەکێکن. لە هەورامان (میر محەمەدی مەردۆخە)یان وتووە و لە دەوروبەری هەورامان (پیر محەمەدی هەورامی).

لە کتێبی مێژووی فەرمانڕەواکانی هەورامان لە بەشی چوارەمدا هاتووە: دەروێش میر محەمەدی مەردۆخ کە بە (بابا مەردۆخە) ناسراوە وەک یەکێک لە نەوەدونۆ پیرەی مەزنی هەورامان دێتە ئەژمار و مەزارەکەی لە شاری هەورامان هەڵکەوتووە و ڕەگ و ریشەی زۆربەی مەشایخی مەردۆخ دەگەڕێتەوە بۆ ناوبراو. وشەی (بابا) داکۆکی لەسەر ئەمە دەکات کە دەروێش میر محەمەدی مەردۆخ سەید بووە. چونکە دانیشتووانی هەورامان وشەی (بابا) تەنیا بۆ سەید بە کار دەبەن. دووبارە لە کتێبی مێژووی فەرمانڕەواکانی هەورامان‌دا هاتووە: بابا مەردۆخە لە ساڵی (٦٨٠ی ک. م) لە دایک بووە و لە نەوەد و هەشت ساڵەییدا بنەماڵەی پێک هێناوە. لە ساڵی (٧٩٠ ک. م) کۆچی دوایی کردووە و سەد و دە ساڵ تەمەنی کردووە، لە ساڵی (٧٧٨ ک. م) لە سەردەمی ئەمیر ئەسعەد ناسراو بە ئەمیر جیاشا (واتە لە کاتی دەسەڵاتی سوڵتان مورادخانی یەکەم لە وڵاتی عوسمانی) بە پێی خواستی پیر شەهریاری هەورامی، کچی شێخ شەهابەدینی (دزاوری)ی بۆخۆی مارە کردووە. لەو کوڕێکی بووە کە ناوی ناوە (گوشایش) پاش پێگەیشتنی لە لای شێخ حەسەنی مەولاناوا دەستی کردووە بە خوێندن و پاشان

گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان و بە «مەولانا گوشایش» ناوبانگی دەرکردووە.

مەولانا گوشایش لە ساڵی (٨٤٢ ک.م) دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و پەرەپێدانی دەستوورەکان و لە ساڵی (٨٧٣ک.م) کۆچی دواییی کردووە؛ لەو دوو کوڕ بە ناوەکانی (عەباس و عەبدولغەفار) بەجێ ماون، عەباس باپیری گەورەی قازییەکانی هەورامانە و عەبدولغەفار باپیری گەورەی شێخەکانی دەگاشێخان و تەختە و باقلاوا و قزڵباق و هەزارکانیان و مێرگەسار و دەژن و تەنگیسەر و کاشتەر و محاڵی قەرەباغ و ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی و شاری سنەدژ و شێخەکانی تری مەردۆخ کە بۆ بەغدا و بەیرووت و میسر و ئزمیر و وڵاتانی تر پەرتەوازە بوون.

پیر شەهریاری ناوبراو [مامۆستای بابامەردۆخە] نەوەی پیر شەهریاری یەکەمە کە دەڵێن: سەید مستەفای ناو بووە و لەگەڵ غەوسی مەزن [حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گیلانی ـ قدس سره ـ] هاوچەرخ بووە؛ و ئەو لە تۆرەمە عەلی عەریزی کوڕی ئیمام جەعفەری سادق دەزانن. لە ساڵی (٥٦٧ی ک.م) کۆچی دوایی کردووە و مەزراکەی لە هەورامانە (؟!!) ــ [هەمان، ل١٣] [ئایەتوڵڵا شێخ محەمەدی مەردۆخ بە حەوت پشت کە نەوە لە دوای نەوە ئیمام جومعەی سنە بوون دەگاتە شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی.] و لە جێگایەکی تردا ئایەتوڵڵا شێخ محەمەدی مەردۆخ بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێت کە؛ (مەولانا گوشایش باوکی شێخ عەبدولغەفاری یەکەم، بڵاوکەرەوە و پەرەپێدەری دەستوورەکانی دژی زۆرداران و ڕزگاریدەری خەڵک بووە، خەڵکی هەورامان و سنە و دەوروبەری بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام بانگهێشت کردووە، لە ساڵی (٧٩٠ی ک.م) لە دایک بووە و لە ساڵی ٨٧٣ کۆچی مانگی کۆچی دوایی کردووە. بابا مەردۆخە باپیری گەورەی مەردۆخەکانی کوردستان و باوکی مەولانا گوشایشە لە شام بۆ هەورامان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و پەرەپێدانی دەستوورەکانی، کۆچی کردووە، بەڵام بەهۆی [دەمارگرژی و توندڕەو بوون]ی خەڵکی ئەو ناوچەیە، هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەخست، تەنیا بە هۆی وتەکان و ئامۆژگارییەکانی بیرو هزری ئەو خەڵکەی ئامادە کردبوو، هەتاکو مەولانا گوشایش دەرفەتی وەدەست خستووە و لەوپەڕی لەخۆبۆردووییەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بڵاو کردووتەوە و خەڵکی فێری خوێندنی قورئان کردووە. بابا مەردۆخە لە ساڵی ٦٨٠ لە دایک بووە

و له ساڵی (٧٩٠ی ک.م) کۆچی دوایی کردووه و یەکێک له نەوەد و نۆ پیرەی مەزنی هەورامان بووه. زۆر نەقڵ و چیرۆک له بابامەردۆخە بەجێ ماوه وەکو سوار بوونی بەردی (کێوی میانه) و شەڕ لەگەڵ دێوان، ڕۆیشتن بەسەر دەریادا و زیندووکردنەوەی مردووان، بەردارکردنی داری وشک و فەرماندان بە مانگ و خۆرەتاو و شتەکانی لەم چەشنە کە هەموویان سەرنجڕاکێشن چونکە زۆرتر له خورافه و ئەفسانه دەچن، له گێڕانەوەیان چاوپۆشیمان کردووه.) ـ [مێژووی مەردۆخ، ل٢٣].

له تاوتوێکردن و بەراوردکردنی نووسراوەکانی ئایەتوڵڵا مەردۆخ له مێژووی کوردستان بۆمان دەردەکەوێت کە له دایکبوونی مەولانا گوشایش؛ هەمان چیرۆکی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی شێخ عیسا بەرزنجی لەگەڵ خاتوون دایراک و لەدایکبوونی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی وەبیر دێنێتەوه و کەرامەتێک کە سەبارەت بە بابا مەردۆخە نووسراون؛ هاوشێوەی ئاکار و هەڵسوکەوتە سەیروسەمەرەکانی سوڵتانه و یارەکانی کە له دەفتەرەکاندا هاتوون و له ڕاستیدا ڕستەی (ماحی ظلام و ناجی عوام، خەڵکانی دانیشتووی هەورامان و سنه و دەوروبەری بۆ سەر ئاینی ئیسلام بانگهێشت کردووه) چۆنیەتیی باری کۆمەڵایەتی و ئاینی و بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکە هەتا سەدەی هەشتەم ڕوون دەکاتەوه و سەردەمی چالاکییەکانی مەولانا گوشایش هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدان و سەربەخۆیی سەید محەمەدی نووربەخش له کوردستان و کوڕەکەی شێخ عەبدولغەفار له پاڵ فەرمانڕەواکانی ئەردەڵان له سنووری گۆران پێشڕەوییان کردووه و ئەم کارەیان بە ئەنجام گەیاندووه و خاڵێکی تر ئەوەیە کە سەبارەت بە بناغەدانەرە سەرەکییەکانی زنجیرەی ئەردەڵان و ناوەکانی وەکو؛ پیر بوداق، میر ئەبدال، بابا ئەردەڵ، له شەجەرەی ئەردەڵانەکان ئەوە ڕوون دەکاتەوه کە بەسەرنجدان بەبارودۆخی بابا ئەردەل ئەمانە له ناودارانی عەلەوییە توندڕەوەکان بوون و هەروەها ناوی کلۆڵ بەگ کە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی شوومی کوردی و وا دیارە له سەردەمی ژیانی ئەودا هەندێ کارەسات بۆ دانیشتووانی سنووری ناوبراو هاتبێتە پێش کە بەم ناوە ناونراوە و ناوە سەرەکییەکەی ڕەنگە شتێکی تر بێت، چەندان نیشانەی بەرچاو هەیە کە بۆ چەواشەکردنی بابەتەکە، مێژوونووسان دەستیان داوەتە هەڵە وتن و سازکردنی قسەی دەسکرد و ناڕاست.

بە تاوتوێکردنی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد سێبەرێکی ڕوون لە ئاین و داو و نەریتی عەلەوییە توندڕەوەکان لە دوو بنەماڵەی مەزن و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی ئەردەڵان و مەردۆخ بە پێی وتەی نووسەری مێژووی مەردۆخ، بۆمان دەردەکەوێت و خاڵی تر ئەوەیە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکەش هەتا سەدەی هەشتەم ڕوون و ئاشکرا دەکات.

## ڕووداوی قەڵای پاڵنگان

شاخۆشین دەفەرمێت:

سـر کـوی پلنگان جنگ نرّانا
چاکای چاک شمشیر چوار چرب کمانا

آنجـا کـه نامـردان گـریزند از جنگ
بـلا در گـردنِ شـیـر نرّانا

بەڵام چیرۆکی داگیرکردنی قەڵای پاڵنگان کە سەرچاوەی سەرەکیی خەباتی شۆڕشگێڕانی ئالی حەق بووە و بە چەواشەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکە ڕاستییەکەیان بەپێچەوانە نیشان داوە و لە سەرچاوە مێژووییە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا تۆمار کراوە؛ سەرەتا داگیرکردنی پاڵنگان خراوەتە ئەستۆی خوسرەو (بابا ئەردەڵ) لە ساڵی ٥٦٤ی کۆچی و دەنووسن: (خوسرەو ناوی ئەردەڵان بە هەر شێوەیەک بوو دەسەڵاتی بە دەست خستبوو لە ساڵی ٥٦٤ی کۆچی بۆ ناوچەی شارەزوور هاتووە و قەڵای زەڵمی لەوپەڕی خۆڕاگری و لە گیران نەهاتندا بۆ بردنە سەری ژیان و ناوەندی دەسەڵات بنیات ناوە و زۆر ناوچەی دەوروبەری شارەزووری لە کوردستان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و پاش ماوەیەک ناوچەی پاڵنگانی کە شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمانڕەواکان و هۆزەکانی کەلهوڕ بووە بەوپەڕی توندوتیژی بەوان چۆڵ کردووە (؟!) و خستوویەتییە سەر سنووری ژێر دەسەڵاتی خۆی و لە قەڵای زەڵم کە لە باری کەش و هەواوە زۆر باش نەبووە بۆ پاڵنگان کۆچی کردووە و قەڵایەکی زۆر مەزنی لەو شوێنە بنیات ناوە و بۆ ماوەی چل و دوو ساڵ لەو ناوچەیە بەوپەڕی توانا و دەسەڵاتەوە ژیانی بردووەتە سەر و دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە... (؟!) [مێژووی مەردۆخ، ل٩٠-٩١] دووبارە سەبارەت بە دەسەڵاتی کلۆڵ بەگ بەشێوەیەکی تەموومژاوی دەنووسێت: (لە ڕێکەوتی ٦٠٦ی ک.م... بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە و دارولولکی کوردستانی لە قەڵای

(زەڵم) بۆ قەڵای (پاڵنگان) گواستووەتەوە و سەرەنجام کۆچی دوایی کردووە.) ـ [مێژووی مەردۆخ، ل٩١] لە حاڵێکدا کە بە وتەی هەر ئەم سەرچاوەیە سورخاب بەگی ئەردەڵان لە (٩٥٦ی ک.م) ناوەندی دەسەڵاتی لە قەڵای زەڵم بۆ قەڵای مەریوان گواستووەتەوە و ئەو شوێنەی کردووە بە ناوەندی دەسەڵات. ـ [سەیری مێژووی مەردۆخ، لاپەڕەی ٩٧ بکەن] کە ئەم خاڵەش بێجگە لە ڕاپۆرتی ناوبراو و سەرچاوەیەکی تری نییە. لە بەدواداچوونی بابەتەکاندا تەنیا بەشێوەی گێڕانەوە و بەبێ تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان سەبارەت بە یەکەمین دەسەڵاتدارەکانی ئەردەڵان هەتا ساڵی (٩٥٦ی ک.م) دەبێ وە پاڵدانەکانی لەم چەشنە و سازکردنی چیرۆک وەکو دەسکردی مێژوونووسانی ناوچەیی بە مەبەستی پێشخستنی دەسەڵاتی سیاسی ئەردەڵانەکان لە کوردستان لە بەرچاو بگرین و مێژووی ئەم بنەماڵەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەم لە بەرچاو بگرین، چونکە دانەری مێژووی شەرەفنامە ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی کە لە (١٠٠٥ی ک.م) ئەم کتێبەی نووسیوە لە بەگە بەگی مائمووییی (٩٤٢ـ٩٠١ ک.م) دەسەڵاتی ئەوانی قبووڵ کردووە و سەبارەت بە باب و باپیرانی زنجیرە دەسەڵاتی ناوبراو دەنووسێت: (...بەڵام چونکە بەسەرهاتی ئەم کەسانە کە ناویان برا لە لای من ڕوون نەبوو و لە کەسێکی جێ باوەڕیش شتێک نەبیسرابوو کە بتوانرێت پشتی پێ ببەسرێت بە ناچار بە لایاندا تێ پەڕیم و دەستم کرد بە نووسینی بەسەرهاتی کۆمەڵێک لەوان کە چەندان بار سەبارەت بەپیرۆزبوونی ئەوان قسە کراوە. چونکە ڕەنگە بە قەڵەمێک و دوو زمان لەم نووسراوە بە دەقی سەرەکیی چیرۆکەکە تووشی خەسار بێت. (والسلام علی من اتبع الهدی.) – [شەرەفنامە، ل١١٨ـ١١٩] و ئەم بەیتە بەناوبانگە لە مێژووی هەورامان نیشان دەدات کە هێرش بۆ سەر پێگەی بزووتنەوە لە ڕۆژگاری بەگە بەگ مامۆیی باپیری زنجیرە بنەماڵەی ئەردەڵان دەستی پێ کردووە کە دەڵێت:

نە بەگە مامۆ نە تەیموور لەنگ
هیچکام هەورامان نەگرتن وەجەنگ

کەوابوو چیرۆکی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ پاڵنگان کە لە سەردەمی حکوومەتی هەڵۆخان (٩٩٦ی ک.م) دووبارە دووپات بووەتەوە ـ [سەیری، مێژووی مەردۆخ، ل١٠٢ بکەن] و بە سەرنجدان بە سەرچاوە دووەمە جێ باوەڕەکان و هەواڵەکانی

ئەم ڕۆژگارە واتە ٩٩٦ی ک.م، داگیرکردنی پاڵنگان ناوەندی عەلەوییەکانی ئەهلی حەق لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەردەڵان لەم ڕێکەوتەدا ڕووی داوە و بووەتە هۆی هەڵوەشانەوە و کۆچکردنی ئەوان بۆ ناوەندەکانی تر و لەوانە پاشەکشێکردن لە شاهۆ بۆ دالاهۆ و شارەزوور و دوڵفان و...

ئەو رقوکینەی کە لە (تذکرة اعلی)دا لە هەمبەر هەڵۆخانی ئەردەڵانیش لەم ڕووەوە بووە. (سەیری، تذکرة اعلی، ل.١١٩ بکەن) و زۆربەی هەرە زۆری خەڵک بە پێی وتەی ئایەتوڵلا شێخ محەمەدی مەردۆخ پێرەوی ڕێبازی عەلەوییە توندڕەوەکان و لە حکوومەتی سیاسی ئاینی پێڕەوی بنەماڵەکانی هەڵبژێردراوی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی و نەوەکانی ئەو بوون. کە لە ژیاننامەی باسی پێکدادانی هەڵۆخان و ناوبژیوانی و سەرنجدانی خان ئەحمەدخان (بەهۆی سەرکوتکردنی بڵباسەکان) لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوە کراوە. (سەیری، تذکرة اعلی، ل ١١٩ـ١٢١بکەن). ڕاپۆرتی داگیرکردنی پاڵنگان، بنکە و ناوەندی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق) لە کوردستان کە وەک یەکەمین ئاخێزگەی بنەماڵەی ئەردەڵان بووە و بە پێی ئەوە کە لە دواییدا دێت تا (٩٨٥ی ک.م) و ماوەیەک پاش ئەو شوێنی هۆزی گۆران بووە؛ قازی ئەحمەد کوڕی شەرەفەدین ئەلحوسەین ئەلحوسەینی قومی، لە خلاصە التواریخ لە ژێر ناوی ڕووداوەکانی (٩٨٥ک.م) وەهای هێناوە.

> (لەم ڕۆژ پڕ پیرۆزانەدا [ساڵی ٩٨٥ی کۆچی لە سەردەمی دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی دووەم] ئەم هەواڵە گەیشتە پاشای مەزن کە ئەسکەندەر فەرمانڕەوای قەڵای پاڵنگان دەستی کردووە بە سەرپێچی کردن و چونکە چەند جار لەگەڵ فەرمانڕەواکانی کوردستان بەشەڕ هاتووە و گوێ بەوان نادات و ئێستاش هەمان بانگەشەی هەیە، کەوابوو پاشای مەزن بڕیاری سەرکوتکردنی دەدات و سولاخ حوسەین تەکەلوو بۆ ئەم کارە بۆ دینەوەر و کوردستان دەنێرێت).
>
> سپاهی کە دریای چین را زگرد
> کند چون بیابان بە روز نبرد

سولاق لەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوە ئازاکانی بایراق بەڕێ دەکەون هاوکات لەگەڵ

ئەوە کە ئاڵای سوپای هەڵدا ئەسکەندەر بە بینینی ئەو سوپایە، تووشی ترس هات و زۆر بە چاوەدێرییەوە خۆی گەیاندە شاخە بەرزەکانی ئەو ناوچەیە کە هەوراز و نشێوەکەی لەوپەڕی بەرزاییدایە و دەستی هیچ پادشایەک بەو نەگەیشتووە.

قلعـــــه مگو کــــوه فلک پیکری
بـل بـه مـــــــــراتـب فـلـک بـرتـری

سنگ دلی سـخت سـری چشم تنگ
شـیش افـلاک، شکســتـه به سنگ

کنگر او گــشـــتـــه بـه ســدره ندیم
کـــرده به مـنشـــار فلـک را دو نیم

کاتێک کە سوپاکە گەیشتە دەوروبەری قەڵاکە ترس کەوتە ناو دڵی دانیشتووانی ئەو شوێنە بەڵام فەرمانڕەوای ئەو شوێنە ئەسکەندەر هێزەکانی خۆی بە مەبەستی شەڕ و بەرگیریکردن هان دا.

زپـرهـای گـــردنکشـــــان زمـــــان
چو طوطی بـرآورده پر آســـمـــــان

سـر فرقـشـان سوده بر مـاه و مـهـر
شـده تنگ بر نسـر طـایر، سـپـهـر

نموده گـمـــان گـوش ها پرشکوه
بـه شـکـل مــــه نـو ز بـالای کـــــوه

ز دیوار صــــد فـــتنه در کـــار او
بتـان همـچـو صـورت بـه دیوار او

پاش تێپەڕینی چەند ڕۆژ کە سوپاکە لە تەنگ پێهەڵچنینی خەڵکی ناوقەڵاکە هەوڵی زۆری دا ڕێگای هاتوچۆ بۆ ناو قەڵاکەیان داخست جەنگاوەرە خوێنڕێژەکان بەجارێک هەر وەکو ئاگر لە نشێو بۆ هەوراز ملیان نا و بە زەبری چەک تیشکیان لە چاوی خۆر ئەستاند.

کـمــان کج ابرو بـه مــژگــان تیــر
ز پســتــان جــوشن براورده شــیــر
زبرنده شــمــشــیــر تارک شکاف
شکاف اندر آمـــد ز تارک بـه ناف

هەروەها دەستیان کرد بە بەرگیریکردن و تیر هاویشتن بە ڕادەیەک کە دەستی ئەسپەکان لە خوێنی کوژراوەکان سوور بووبوون، و بەردی ناو گۆڕەپانی شەڕ بە خوێنی لاوان بووبووە یاقووتی ڕەمانی:

زخون، خُودها جام صهبا شده
اجل ســاقی بادەپیــمــا شــده
زرگـهـای تن خــون براَورده سـر
ز دریای خون رستـه مـرجـان تر

وە چونکە دوژمنان شکانی خـۆیانیـان دەبینی و هەسـتـیـان بە لاوازی کـرد دەسـتـیان کـرد بە هەڵاتن و ڕوویان لە گوندێکی ئەو نزیکانە کرد. جـەنگاوەرەکان پاشـمـاوەی ئەو شـوێنـەیان گـرت و دەسـتـیـان بە سـەر قـەڵای پاڵنگاندا گـرت. ئەسکەندەر بە هۆی چالاکیی تیژڕەوبوونی ئەسـپەکـەی لەگەڵ دووسێ کـەسی تر خـۆی دەرباز کـرد. حـوسـەین سـوڵتـان ئەم هەواڵەی بۆ کـۆشکی پاشـا نارد و هەواڵبـەرێک لە پاڵنگان دوو ڕۆژە گەیشتـە قـەزوین. لە ڕۆژی چوارشـەممە هەڤدەی مانـگی ڕەبیعولئەوەڵی ساڵی ناوبراو، ئەم هەواڵە بڵاو کرایەوە و یەکەم شەیپووری سـەرکەوتن بەم بۆنەوە لێدرا، پادشـای مەزن، دەسـەڵاتی ئەو قـەڵایەی دایە دەسـتی سولاق حوسەین و هەموو دانیشتووانی ئەو شوێنە لەوپەڕی ئاسایش و ئاسوودەیی ژیانیان بردە سەر) - [خلاصة التواریخ، بەرگی ٢، ل٦٤٦-٦٤٧].

بەســەرهاتی داگـیـرکـردنی قـەڵای پاڵنگان، لە (نقـاوة الآثار) دوو بابەتی زۆر گرینگە و دژوارییەکانی بەرچاو لە دەفتەرەکانی یاری ڕوون دەکاتەوە، لە ڕاپۆرتی ناوبـراودا هاتووە: (لەم ڕۆژانـەدا ئەم هەواڵە بـڵاو بووەوە کـە ئەسکەنـدەر کـوتـوالی قـەڵای پاڵنگان کـە سـەر ناوچەکانی لوڕسـتـانە هـەڵکەوتووە یاخـی بووە، سـولاق حوسـەین تەکەلوو کرایە بەرپرسی لەناوبردنی و لەگەڵ لەشکرێکی زۆر هەر وەکو

شـێـری ئازا و بەوری دڕندە ڕووی لە پاڵنگان کـرد و پاش گـەیشـتنی سـولاق حوسـەین و ئەسکەندەر، شـەڕ دەسـتی پێ کرد و پاش کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هەر دوو لایەن، ئەسکەندەر کە لە گۆڕەپانی شەڕ خۆی زۆر بە ئازا دەزانی، هەڵات و خۆی لە لووتکەی کێوێکدا شاردەوە و سولاق حوسـەین دەستی بە سەر قەڵاکەدا گرت و زۆر کەرەستە و دەسکەوتی بێ هەژماری بە دەست خست و لەگەڵ سەری براوی کوژراوەکاندا بۆ کۆشکی شایی نارد و دەسەڵاتی ئەو قەڵایە و دەوروبەری درایە دەست سولاق حوسـەین و ئۆردۆغدی خەلیفە بە هۆی نیشـاندانی هەندێ ئاکاری ناحەز و چەوت کە بە دڵی شا نەبوو لە سەر کار لابرا) – [نقاوة الآثار...، ل٥٤].

یەکەم ئەوە کـە؛ ئەم ڕاپۆرتە بایەخدارە نیشـاندەری ئەوەیە کـە مـەڵبەندی عەلەوییەکان لە پاڵنگان و هەورامان و... لەسەر سنووری کوردستان و هەتا ئەو کاتە وەکو یەکێک لە ناوچەکانی لوڕستان دەهاتە ئەژمار و فەرمانڕەواکانی هەورامان لە سەدەی ناوبراودا لە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی لوڕستاندا بوون و هەر بەم هۆیەیە کـە زۆربەی و لەدایکبـوون و کـۆچی دوایی و ڕووداوەکـانی پێوەندیدار ناودارانی ئەهلی حەق، دراونەتە پاڵ لوڕستان، دووەم ئەوە کـە بە لەبەرچاوگرتنی پێناسـەی سوپای سـەرکوتکەر و هەبوونی خەلیفەی تەکەلوو لە پاڵنگان کـە هەر دووی ئەوان تەکـەلوو بوون و کـوردبوونی تەکـەلووەکـان و هاوڕێیەتیی ئەوان لەگەڵ گۆرانەکان و سەرهەڵدانی کەسایەتیگەلی وەک، شاوەیس قـولی و شـا مـحـەمـەد بەگ لە ناو ئەوان و پاشـان کـۆچکردن بەرەو ڕۆم ئیلی لە سەرەتاکانی سەردەمی سەفەوییە دەقاودەقبوونی لەگەڵ ڕاستییەکان نیشان دەدات، هەروەها شایانی وتنە کە ئۆردۆغدی خەلیفە پاش بەخشینی لە شەڕ لەگەڵ سوپای عوسمانی پاش کوشتنێکی زۆر لەوان، دەکوژرێت (بگەڕێنەوە بۆ – نقاوة الاثار، ل٩٣).

پاش ئەم ڕووداوەیە کە بە وتەی ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی؛ وەلی خان تەکەلوو فەرمانڕەوای هەمەدان، پاش کۆچی دوایی شـا ئیسماعیلی دووەم (٩٨٦ی ک.م) کـە قـزڵباشـەکـان تووشـی سـەرلێشـێواوی بوون سـولاغ حوسـەینی لەناوبرد و هێزەکانی شـارەزوور دەرفەتیان بە دەست خست و قەڵای پاڵنگانیان لە دەست تەکەلووەکان هێنایە دەرەوە و هیچ میراتبەرێکی ئەو دەسەڵاتە نەما کە لە ڕێگای

سنجاقەوە لە دیوانی ئالی عوسمان بە بیانییەکان دەیانبەخشی... کە ڕوانگەی ئالی عوسمان و جووڵانەوە سەربازییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەردەڵان ڕوون دەکاتەوە؛ و بەرتەسکبوونی ناوچەی گۆران و پاشەکشێکردنی عەلەوییە توندڕەوەکان بۆ ناوچەی داڵەهۆ و دەوروبەری دەستنیشان دەکات و بەپێی بەڵگەیەک کە لە دواییدا دێت و لایەنێکی مێژوویی، سیاسی و ئاینیی گرینگی لە مێژووی عەلەوییەکانی زاگرۆسدا هەیە، منداڵەکانی قومامەدین (میر خوسرەو) لە ناوچەی گۆران، داڵەهۆ دەسەڵاتێکی سیاسی ئاینی ناوچەیی پێک دەهێنن و دوور نییە قومامەدین کە بە پێی بەڵگەکان و وتەکانی یارسان بەکرێگیراو بوو بە هۆی بەرگیریکردن و یان تاوانی شەڕ لەسەر پاڵنگان و پێکدادان لەگەڵ عوسمانییەکان وەکو دیل لە بەندیخانەی ئالی عوسمان لە بەغدا بەند کرابێت، مێژووی تۆمارکردنی بەڵگەکە (٩٩٣کۆچی مانگییە)

## سوڵتان سەید ئەحمەد عەلەوی (بابا یادگار) لە بەڵگە مێژووییەکان و شیعری ناودارانی زانست و ئەدەبدا

دەقی قـەباڵـەی مـوڵک و ناوچەکـانی ئـەنزەلە بە مـەبەسـتـی پێـشکێـشکـردنیـان بە حەزرەتی پیرۆز و پێشەوای سـەردەم و عارفی زەمان و چەرخ؛ هەڵکەوتووی بنەماڵە و خانەدانی سوڵتان شێخ (یادگار).

بەڵام هۆکار و ئامـانجی سەرەکی و بابەتی باسەکە لەم دێڕانەدا سـەبارەت بەوە کـە لە پێـشگای شـەرعی پیـرۆز و ڕووناکـدا حـازر بـوو خـاوەن پلە و پێگەی بەرز قومـامـەدین کوڕی خـوالێخـۆشبـوو عوسـمـانـی کورد دانیـشـتـووی زەهاو لە ڕووی ویست و خـواسـتی خۆی بڕیاری دا لـە سـەر ئەوەی کە بە ڕواڵەت مـوڵک و میـراتی باپیـران بـووە و بڕێتـیـیـە لە هـەمـووی پێنج دانگ زەوی و ئـاوی مـەزرای بەرچاو و دیاریکراوی ئـەنزەلە لە مـەزراکـانی قـەڵای شـاهـین بریتی لـە زەوینی و ئاسـمـانـی و زەوی و چیا و ئاوی و دێمی و گوند و «دهنه» و زەوی چێندراو و نەچێندراو و کانی و ئاش و هـەمـوو ئەو شتانە و لـە دەرەوەشدا زەوینەکان و شـوێنی تفاقی ئـاژەڵەکان و هـەمـوو ئـەو شـتـانە کـە بەشێکن لـە مـەزرا و دەبێتـە بەشـێک لەو لـەهـەر لایەک بە چوار گـۆشـەدا: یەکـەم سـەراوی ئەنزەلە، دووهـەم مـوڵکـی قـەڵای شـاهـین، سـێـیـەم ڕووبار و چـوارەم هـەمـوو زێڕەنگەرەکـان و دووکـانی داود و ئەوانـی تر، ذکـر اولم یذکـر فیـە و لـم یدخل بأی رسم بە یمن و بایی پەنجـامـەن گـەنم و دووشـایی پارە، دەستـووری ئاشتی بە شێوەی ڕاشکاوانە نووسـرا و بە لەبەرچاو گرتنـی ئەوەی کە خـاوەن پلەوپێگەی بەرز، قـومـامـەدین لـە بەغـدا بەند کـرابوو و ئازادی نەدەکـرد و خـەڵکی بەغدا لە گەورە و بچـووک سـەرەڕای خەسـاری زۆر [هـەرچەند هـەوڵیـان دا] ئەنجـامـێکیـان بە دەست نەخـست و لە بیری ئەوەدا بـوو کە سـەرەنجـامی کـارەکە دەبێتە چی و لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ڕۆژ و شەو لە بیری ئەوەدا بوو تا ئەوەی کە بڕیاری دا کە پەنا بۆ کێ ببات و خودی ئەو دایکێکی هەبوو و دایکی قومامەدین بە کوڕەکەی وتی: (پەنا ببـە بە ئاغـای جەنابی شێخ یادگار کە نەبیرەی منداڵەکانی

عەلی کوڕی ئەبوتالیبە ڕەنگە ڕێگاچارەیەکیت بۆ بدۆزێتەوە). قومامەدین چونکە ناوی حەزرەتی عەلی مورتەزای بیست، زۆر گریا و بە خۆی وت کە عەلی مایەی چارەسەرییە، ئەمە یادگاری منداڵانی عەلییە؛ هەڵبەت دیارە کە هەرکەس بۆ منداڵانی عەلی پەنا ببات لە کۆتوبەند ڕزگاری دەبێت و لە کاتی شەودا قومامەدین بڕیاری خۆی دا و ڕووی لە لای شێخ یادگار کرد و وتی: ئەی شێخ بە حەقی محەمەد و عەلی و فاتیمە و حەسەن و حسێن و بە حەقی باب و باپیرانت سوێندت دەدەم کە من لەم بەندە ڕزگار بکە و زۆر گریا و خەوی لێ کەوت. لە خەودا دی کە کەسێک وتی: (ئەی قومامەدین تۆمان ڕزگار کرد و لە بەند ئازاد بووی). قومامەدین وتی: (بە فیدات بم تۆ کێت؟) فەرمووی: (من شێخ یادگارم و ماڵم لە سەرای زەردەی یەزدجێردیە). و کاتی بەیانی شاهۆمەن وەزیری بەغدا؛ منی لە بەند و زیندان ڕزگار کرد و خەلاتی بە من بەخشی و منی بەڕێ کرد و شاهۆمەن دەیگێڕایەوە کە ئەگەر تۆم ڕزگار نەدەکرد خۆم دەمردم، [چونکە] لە کاتی شەودا شێخ یادگار گۆچانی خۆی نایە سەر قوڕگی من و فەرمووی: (ئەی شاهۆمەن! قومامەدین ئازاد بکە ئەگینا لە ناو دەچیت) لەبەر ئەم هۆیە تۆم ڕزگار کرد و منیش لە بەغدا هاتمە دەرەوە و چووم بۆ خزمەتی شێخ و ئەم پێنج دانگە موڵک و زەوینە و سەرابی ئەنزەلەم بە پەنجا مەن گەنم و دوو شایی پارە [کڕی] و موڵکی خۆمم وەقفی شێخ یادگار کرد لە ڕووی ویستی خۆم و هیچ کەسێک ناتوانێت لە داهاتوودا بە هەر هۆیەک داوای ئەم موڵکە بکات نە خۆم و نە میراتبەرەکانم، بەم جۆرە موڵکی ئەنزەلە ماف و ماڵی بێ ئەملا و ئەولای تایبەتی جەنابی خۆش ناو، پێشەوای سەردەم و عارفی کات و چەرخ و هەڵکەوتەی بنەماڵەی مستەفا و خانەدانی مورتەزا (د.خ)، یە. هەرکەس مەزرای ناوبراو و بەناوبانگی ئەنزەلە داگیر بکات هیوادارم بکەوێتە بەر تووڕەیی و غەزەبی خودا و پێغەمبەری خودا و عەلی و ئەولادی ئەو. کرایە وەقفی شێخ یادگار و كان ذلك بتاريخ شەشم رجب المرجب سنه ٩٩٣، الملك لله الحق المبین ئەحمەد کەمترینی بابا شێخ یادگار...) وقوعا لدی کمترین عبد نظر على بابا شیخ./ (مهر لا يقرأ) اعترف بما لدي توكلت على الله عبد براتعلي./ فقي عثمان حضور بود./ فقي عمر حاضر بود./ اعترف بما لدي شيخ شريف، لطف الله (مهر لا يقرأ.)/ شهود عبدة محمّد الوند./ كمترين حضور بوديم عبدة تقي بن خليل./ عبدة حاجي. (مهر لا يقرأ.) قد وقع المضمون

المسطور بما رقم فيه سيد آل محمّد، جعفر./ اعترف بما لدي الملك لله الحق المبين جليل الحسيني./ قد وقع لمضمون المسطور بما رقم اشهده من رضا قمام الدين؛ افوض امري الى الله.

[ئەم دەستنووسە، لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەیدا یەکە. مۆر و واژۆ کابینە مالیە کرمانشاهان، ۲۱ی گولانی ۱۳۱٥ی ک.م].

هەروا کە وتمان؛ هەر لەم ڕۆژانەدایە کە هێرش بۆ سەر هەورامان لە سەردەمی دەسەڵاتی هەڵوخان لە لایەن کوڕەکەی خان ئەحمەدخان ڕوو دەدات ـ [محەمەد عەلی سوڵتانی ـ هۆزەکان و تایفەکانی کرماشان، بەرگی۱/۲، ل۳۲ـ۳۱] و بەکارهێنانی پیلانی سەربازی و فێڵکردن ئەو شوێنە داگیر دەکات کە ئەم شیعرە بەناوبانگەیان هەر لەم ڕووەوە لە مێژووی هەوراماندا نووسیوە کە:

نە بەگــە مــامــۆ نە تەیموور لەنگ
هیچ کام هەورامان نەگرتن وە جەنگ

غەیرەز خان ئەحمەد بەگلەرخانان
ئەویچ وە دەهۆ گــرتەن هەورامــان

ئەم بەڵگەنامە جێ بڕوایە سەرەڕای دەربڕینی بایەخی ئاینیی سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەوی (بابا یادگار) نیشاندەری گۆڕانکاری و بەرتەسکبوونی سنووری ژیانی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق) لە هەورامان و شاهۆ و پاڵنگان بۆ داڵەهۆ و دەوروبەری ئەوە و زنجیرە ڕیزبەندییە مێژووییەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە سەرەتای پڕوپاگەندەکردن و هۆگرایەتیی بنەماڵە سیاسی ئاینییەکان کە بە دەسەڵات گەیشتن، ڕەوتی ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئاینی بە ئێمە پیشان دەدات؛ جێگای سەرنجە کە ئەم ئاڵوگۆڕانە هاوکات لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی شا تەهماسب (۹۳۰ـ ۹۸٤ی ک.م) و هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی عوسمانی بۆ سەر ئازەربایجان و بەتایبەت کوردستان دەستی پێ کرد و بوو بە هۆی بەهێزبوون و دڵگەرمیی مەزهەبەکانی ئەهلی سونەت و جەماعەت و پشتیوانیکردنی هەمە لایەنە لە بنەماڵە ئاینییەکانی نزیک بە ڕێبازی شەرعیی عوسمانییەکان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، کە نموونەی بەرچاوی ئەو تاوتوێ کرا، و دووبارە جێگای سەرنجە کە سەرەڕای ئەو هەموو ئاڵوگۆڕانەی کە تێپەڕ بوو، بایەخ و باوەڕە

پیرۆزەکانی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق)، کە پیرانی پارسا و پیاوانی ڕێگای خوا و ئاشنا لەگەڵ ڕێباز نە تەنیا لە ناو خەڵک خاوەن ڕێزێکی تەواو بووە و هەیە و پێوەندییە بنچینەییەکان ئەم بایەخدان و سەرنجدانانە بۆ هەمیشە بەردەوام دەکات، بەڵکو ناودارانی ئاین و زانست و ئەدەب لە شیعە و سونە پەنایان بردووە بەو ناودارانە بەتایبەت حەزرەتی سولتان ئیسحاق و سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەوی (بابا یادگار) لە ئاسەوار و شیعرە پڕبەهاکانی خۆیان، بۆ نموونە سەرەتا قەسیدەیەکی بەناوبانگ بە شێوازی هەورامی لە مامۆستا مەلا عەبدوڕەحیم مەولەوی (تاوەگۆزی) ناسراو بە مەعدووم لە مامۆستایانی مەزهەبی شافیعی و جێگای شانازیی شاعیرانی کورد زمان و لە ناودارانی تەریقەتی نەقشبەندییە لە سەردەمی ناسری و بە دوای ئەودا قەسیدەیەکی بەهێز بە زمانی فارسی لە محەمەد باقر میرزاییی خوسرەوی لە شاعیرانی بە توانای سەردەمی قاجاریە کە لە پێڕەوانی شیعەی ئیمامییە و سالکی تەریقەتی الی الله بوون، دەخەینە بەرچاو:

قەسیدەی پاڕانەوەی زانای پایەبەرز مەلا عەبدوڕەحیمی مەولەویی کوردی:

سەرشار سەهبای بەزم موناجات
مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات

جای ڕجای جەرگەی پادشاو دەروێش
بارەگا و پەنا پەی بیگانە و خوێش

ئاهووی خوتەنیی فەیز ئیلاهی
نافەی ناف ڕاهی جە مەهـ تاماهی

شکۆفەی وەش بۆی ڕەیحانەی ڕەسووڵ
نەو باوەی نەمام تەیبەی (بەتوول)

سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی
یەعنی یادگار (مورتەزا عەلی)

وە ڕەوزەتانا هەرنوور واران بۆ
تا دەفع زوڵمەت دیدەی یاران بۆ

هەوای سایەتان هەر مەمدوود مانۆ
سەبوون بوردەی جوورم نەک زەرەرسانۆ

ناپوختەکاری و شەرمە ساریی من
خەجاڵەت غەفڵەت گوناهکاریی من

کەفتەن وەهەمدا یەند زۆرئاوەردەن
رووی ڕجام وەپای بارەگات کەردەن

تو چون جە ئەولاد ئەمجاد مەولای
پەی ڕجا وەجا، پەی هیمەت ئەولای

زاری و زگاری و زوێری کەردم
وە بارگەی پاکت پەنا ئاوردم

ئامام، سەر نی یام وە بارگاوە
غەریو، موو سفید، وە رووی سیاوە

تەن مەعسیەتبار، دەروون پڕ جە دەرد
دیدە تەڕ، لەب خوشک، دڵ گەرم، نەفەس سەرد

های چەند پلەی سەخت هانە ڕێمەدا
جە ڕووی ئیلتیفات بدیە پێمەدا

بەڵکم جە ڕووی ئەو ئیلتیفاتەوە
مەولام حازر بۆ، وە نەجاتەوە

دەس، شای مەردان مەدەدکارم بۆ
پەلە ئەو پەلە ئەو دەس وارم بۆ

مەعسیەت نییەن چون هیچ سەدمەتێ
خەیلێ مەلوولم، یا پیر هیمەتێ

هیـــــمـــــەتت باعـــــیس ڕســـــتگاری بۆ
یـــار بــۆ، دیــار بــۆ، یــادگـــــــــــــاری بــۆ

[دیوانی مەولەوی، مەلاعەبدولکەریم مودەڕیس،
چاپ بغداد، ١٩٦١ ز. ل،ل ٢٨٨-٢٩١]

لە پێداهەڵگوتنی بارەگای باوە یادگار لە کێوی دالاهۆی کرماشان لە لایەن خوالێخۆشبوو محەمەد باقر میرزاییی خەسرەوی کرماشانییەوە وتراوە:

این نـور پاش بقـــــعــــــه بـرین قلّه بلند
بنگاه کـیـست کـامـده این گـونه دلپـسند
شــاد از نسـیم روضــهء – آن، خــاطر حــزین
آزاد زیر دوحـ آن جـــان مــــســــتـــمند
گـر کـعـبـه است، کـعـبـه ندارد چنین صـفـا
ور کعبه نیست از چه چنین گشته ارجـمند
گـویی کـه بیت مـعـمـور، از چرخ شـد بزیر
زان پس کـــه بد مطاف مـــلایک بروز چند
ویدون مطاف اهل زمـین گـشـتــه کــاورند
بـردرگــــــهش نیـــــاز زایران و روم و هـند
این خــــوابگاه راهـنـمـــای طوایف است
آن ســـیــد مــوحــد و آن مــیــر هوشــمند
آن یـادگـــار حــیــدر و آن پیــر دســتگیــر
وان بر گلوی شـرک چو شـمـشـیـر برفـرند
تـا بـود در زمـــانـه بـه جـــز نـام کـــردگـــار
برلـب نداشـت و زپس آن ســــــودمند پـند
اندر ضـمـیـر مـعـتـقـدین تـخم دین بکاشت
وزخــــاطر ســــیــــاه دلان تـخـم کین بکند
زینسـان کـه دست بسـتـه ز دیـوان کـوهسـار
شــاید کــه خــوانیش تـو سلیـمـان دیو بند

زان پس کـه روح پاکش سـوی بسـاط قـرب
پرواز کـرد و خـرق عنصـر ز سـر فکند
کـردند تربتش بـه سـر این بلند کـوه
کـاندیشـه سـوی آن نبّـرد راه باکـمند
مـشـعـر برآنکة گنج نهـان به بکوهسـار
مـوهم بر آنکه مـرتبـتی داشـتـه بلند
چون درگـهش پناه خـلایق بُد از بلا
شـد تربتش پناه مـریدانش از گـزند
هرکس کـه سـود بردرآن جـبـه نیـاز
از گـرد اَندُهان نشـود خـاطرش نژند
یا حـبـذا زچشـمـه‌ی غـسـلان و آب او
کانرا به پیش چشمه‌ی حیوان چه لور کند
وآن سـروهای برشـده در پیش بقـعـه‌اش
مـانا سـتـون قـبـه‌ی چرخ مـعلقند
بر پا سـتاده بر در آن بقـعـه سـال و مـاه
چون خـادمی کـه کـرده بِـَر سـبـز پیـرهند
شـاخی چنین نرسـتـه به گلزار باغ خلد
سروی چنین نکشـتـه به کـشـمـرد بیـرزند
بعد از هزار و سـیـصـد از هـجرت رسـوول
تاریخ وقت، سـال نهم بود و مـاع اَنْد
کـز بـهـر طوف بقـعـه‌ی این سـیـد جلیل
از شـهـر قـرمـسین بنشـسـتـیم بر سـمند
از راهـهـای طعب گـذشـتـیم چون صـراط
باریکتـر زرشـتـه و برانتـر از پرند
گـه در نشـیب قله و گـه بر فـراز کـوه
چون چرخ می شـدیم بهـر لحظه تَند و خَند

شکر خدا که نزهت این جانفزا مقام
در ما نهشت بر جا از رنج چون و چند
از شوق آن مقام درین راه پیچ پیچ
هر تلخیی که بود، بکام آمدی چون قند
از آتش چکامەی چون آب (خسروی)
بدخواه خاندان علی سوخت چون سپند
تا در دیار غرب روانست، رود نیل
تا در بلاد شرق روانست، هیرمند
ای بقعەی شریف بروی زمین بناز
وی کوه سربلند به چرخ برین بخند

[دیوان خسروی، با مقدمەی رشید یاسمی،
باهتمام احمد کرمی، ل ل ٦٥ ـ ٦٢][١٣]

و شیعری ژێرەوە لە گەورەیی باوە یادگار لە کتێبەکانی خاکساریەدا وتراوە:

ذروه ذاتست بابایادگار
کز دم صبح ازل شد برقرار
تا دم شام ابد درگیر و دار
رمزهایی هست در اسرار یار
کس نمی داند بغیر از کردگار
یا کسی کو هست اصلش زآن دیار

١٣ خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسمی لەسەر ئەو قەسیدەیە، بۆ ناساندنی باوەیادگار نووسیوە، کە هەمووی بە پێی بەڵگەکان هەڵەیە و شایەت ئەو نووسراوانە هی خودی خەسرەوین (؟) چۆن یاسمی لە چاپە دواییەکانی ناودارانی ئالی حەق ئەویان کردووە، بە یارسان و سەر بەو ئەندێشەیە زانیوە، بەڵام یاسمی بە پێچەوانە ئەو باب و بنە ئامۆزاکانی، وەک دایکی شیعەی دوازدە ئیمامی بووە و هیچ پێوەندێکی بە ئالی حەقەوە نییە و لە نووسراوەکانی خۆیشیدا بەڕوونی دەردەکەوێ و کوڕەکانیشی هەر شیعە بوون.

فهمش آید نکته های بی شمار
ذکر قلبش هست در لیل و نهار
پیر پیرانست بابایادگار
میر میرانست بابایادگار
چون شنیدی قصهء آن هفت تن
هفت سلطانند اندر هر زمن
گوش دل بگشاو بشنو این سخن
گرهمی خواهی رهی از ما و من
عجز کن در جمع یاران کهن
طایفه سانند بی تزویر و فن
جو زدل در مقدم پیری شکن
پیر کامل، نی که غولی راهزن
پیر پیرانست بابایادگار
میر میرانست بابایادگار
ای که هستی طایفه سان را مرید
مردمانی ساده بی گفت و شنید
خواه از حق تا شوی چون بوسعید
نی به ظاهر با یزید و دل یزید
درگذر از ظلم و از جور و عنید
تاشوی از اهل حق پیری مفید
ظاهراً بر سالکان قطب و عمید
نفس باگن آتش هل من مزید
پیر پیرانست بابایادگار
میر میرانست بابایادگار
باز بشنو ای فقیر خاکسار
شمه ای دیگر تو از اسرار یار

سرسپرده هست عشق هشت و چار
زاهل حق باشد همی خاوندکار
نیست سیفی در جهان چون ذوالفقار
درگذر از خواری و می باش یار
لافتی الاعلی ای هوشیار
ذکر دل کن تا شوی مقبول یار
پیر پیرانست بابایادگار
میر میرانست بابایادگار

[مجید القاصي، اندرزیاری، ل ل ٨٦ ـ ٨٥]

## دەسەڵاتی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بە پێی مێژووی سەفەوییە

چونکە سەردەمی دەسەڵاتی خان ئەحمەدخان (١٠٢٦ ـ ١٠٤٥ ک.م) بە سەرنجدان بەوەی کە باس کرا یەکێک لە قۆناغە گرینگە مێژووییەکانی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق) لە خۆ دەگرێت کە بە ڕاشکاوی لە تذکرەی اعلی (سەیری، ل ١١٩بکەن) ئاماژەی پێ کراوە. ئەگەرچی لە باری مێژوویی ڕووداوەکانی سەردەمی خان ئەحمەدخان (١٠٢٦ـ١٠٤٥ ک.ھ ( دەبێ لە سەردەمی بە دیارکەوتنی خانی ئاتەش لە ژیاننامەی مەزن باسی دەکرا کە هاوکاتە لەگەڵ ئەو سەردەمە)، بەهەرحاڵ، چونکە لە خلاصة السیر، لە سەردەمی هێرشی ئەردەڵانەکان بۆ سەر قەڵای پاڵنگان وەک ژینگەی سەرەکی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق) کە عەشیرەکانی گۆران بوون و هەروەها داگیرکردنی قەڵای هەورامان هەتا مردنی خان ئەحمەدخان (١٠٤٥ ک.م) بەرفراوانتر لە مێژووەکانی کوردستان هێناویە و شایەت حاڵێکی ڕوونە لەسەر چۆنیەتیی بابەتەکە و خۆڕاگریی گۆرانەکانی ئالی حەق لە پاڵنگان تا ماوەیەکی پاش داگیرکردنی ئەوە؛ ڕاپۆرتی خلاله السیر لێرەدا دەخەینە بەرچاو:

## دەسەڵاتی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان بە گوێرەی مێژووی سەفەوییە

چونکە سەردەمی دەسەڵاتی ئەحمەدخان (١٠٢٦–١٠٤٥ ک.م) بە سەرنجدان بەوەی کە تێ پەڕی یەکێک لە قۆناغە گرینگە مێژووییەکانی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق) لە خۆ دەگرێت؛ کە بە ڕاشکاوی لە (تذکرة اعلی) (بگەڕێنەوە بۆ، ل ١١٩)، ئاماژەی پێ کراو و ئەگەرچی لە باری مێژووییەوە ڕووداوەکانی سەردەمی خان ئەحمەدخان (١٠٢٦–١٠٤٥ ک.م) دەبێ لە سەردەمی ئاشکرابوونی خان ئاتەش لە تذکرە اعلی دەهات، کە پێکەوە هاوچەرخن، بە هەر شێوە چونکە لە خلاصة السیر لە سەردەمی هێرشی ئەردەڵانەکان بۆ قەڵای پاڵنگان وەک ژینگەی سەرەکی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق) کە هۆزەکانی

گۆران بوون و هەروەها دەست بە سەرداگرتنی قەڵای هەورامان هەتا مەرگی خان ئەحمەدخان (١٠٤٥ک.م) بەشێوەیەکی بەرینتر لە مێژووەکانی کوردستان هێناویە و شایەتێکی باشە لەسەر چۆنیەتیی بەرێوەچوونی ڕووداوەکە و خۆراگری گۆرانەکانی ئالی حەق لە پاڵنگان تا ماوەیەک پاش داگیرکردنی ئەو شوێنەیە: راپۆرتی خلاصة السير دوایی دەخەینە بەرچاو.

## ڕووداوی پاڵنگان

(... و لە سایەی بەختی بەرزییەوە لە ڕۆژی حەوتەمی [موحەڕەمی ١٠٣٩ی ک.م] ڕووی لە ناوچەی کوێستانی گەلاڵە کرد و ئەو شوێنە جوان و ڕازاوەیەی کردە شوێنی نیشتەجێبوونی و لەو شوێنە لە لایەن خان ئەحمەدخان حاکمی ئەردەڵان کەسێکی ئۆغۆرلوو ناو سکاڵانامەیەکی بۆ بارەگای پاشا برد کە ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو کە قەڵای پاڵنگان کە لە قایمی و بەرزیدا و بەرزایی لەگەڵ کۆشکی شاهی کێبەرکێ دەکات و بە هۆی هاتوچۆی ڕۆمییەکان و کەمتەرخەمی نواندنی خەڵکی ئەو ناوچەیە کەوتووەتە دەستی مەئموون خان برای ئەو [خان ئەحمەدخان] بە بێ هیچ شەڕ و کێشەیەک کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی و پەنجا کەس ڕۆمی [عوسمانی] و دەستوپێوەندەکانی مەئموون خان هەموویان هاتنە ژێر فەرمان. هەروەها بە درێژەی سکاڵانامە کە ئاماژە بەوە کرابوو کە کۆمەڵێک کەس کە سەردار کردبوویانیە بەرپرسی پاراستنی قەڵای مەریوان بە بێ هیچ هۆیەک هەڵاتوون و قەڵای ناوبراو بووەتە بەشێک لە قەڵای داگیرکراو. هەر ئەمە خۆی بووە هۆی شادی و خۆشیی پادشای مەزن و شوکرانەبژێری خوای کرد. و پاش چەند ڕۆژ لە تێپەڕینی ئەو ڕووداوانە مەئموون خان لەگەڵ کۆمەڵێک بەندکراو هێنرانە خزمەت پاشا. بە پێی ئەوەی کە شێوەی ئاکاری ئەو ناودارە بوو، لە تاوانەکانی مەئموون خان و بەندکراوانی تر خۆش بوو؛ مەئموون خانی سپاردە دەست پیاوەکانی ئیمام قولی خان کە لە پارێزگای فارس بیخەنە ژێر چاوەدێری. [خلاصة السير، ل٩٧]

لە مێژووەکانی ئەردەڵان و شەجەرەنامەی ئەردەڵانەکان؛ ناوێک لە مەئموون بەگ وەکو برای خان ئەحمەدخان نەهاتووە، ڕووداوی داگیرکردنی پاڵنگان بە دەستی ئەردەڵانەکان هەروا کە پێشتریش بە تێروتەسەلی باسی کرا، پێوەندی بە هەڵۆخان

بووە و لە ڕێکەوتی ٩٩٦ی ک.م ڕووی داوە کــە هەر بـە هۆی ئـەم دەســـتـــدرێژی و هێــرشـکردنـانـەیە کــە لە تذکــرة اعلی [ســـەیری، ل ١١٩ بکەن] لـە هەڵۆخـــان و هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ بەدیارکەوتنی زاتی خانەدان وەکو ستەمکردن ناو دەبات بەڵام ڕووداوی ناوبراو پێوەندی بە سەردەمی خان ئەحمەدخان کوڕی ئەو لە ١٠٣٩ کۆچی مانگییەوە هەیە. هەروەها سەبارەت بە داگیرکردنی هەورامان وەک ناوەندی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان و بابەتەکانی تر هاتووە:

## داگیرکردنی هەورامان

... ڕۆژی هەینی نۆزدەهەمی مانگی سەفەر ساڵی هەزار و چل [١٠٤٠ی ک.م]... لە هەمان ڕۆژدا باوادە بەگ یووزباشیی غوڵامەکان لە لایەن خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان هەواڵی ڕزگاربوونی قەڵای هەورامانی ڕاگەیاند کە پارێزەرانی ئەو شوێنە بە بێ هیچ کێشە و بەرخودانێک دەستیان لە پاراستنی ئەو شوێنە هەڵگرتووە و هەڵاتوون...

## پێکدادانی یەنی چەرییەکان و لایەنگرانی دەسەڵاتی عوسمانی

نۆیەمی زیقەعدەی ١٠٤١ی ک.م... و لە هەمان ڕۆژدا لە لایەن خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان ئەم هەواڵە بڵاو کرایەوە کە لە ویلایەتی ڕۆم لە نێوان یەنی چەرییەکان و سوپای عوسمانی شەڕێکی قورس ڕووی داوە کە کۆمەڵێکی زۆر کوژراون و سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو سنوورەیە. حەزرەتی پاشالە بیستنی ئەم هەواڵە هیچ پەرۆش نەبوو، سەور و خۆڕاگریی ئەو وەکو چیای ئەلبورز دەچوو.

گر بگیرد روی عالم را سپاه
کوه پیش لبر او باشد چو کاه

[خلاصة السیر، ل١٠٠]

## داگیرکردنی مووسڵ وەکو دووەمین پێگەی عەلەوییە توندڕۆکان

ڕۆژی هەینی چوارەمی زیقەعدەی ١٠٤٢ی ک.م... و لەم شوێنەدا لە لایەن خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان سکاڵایەک گەیشتە بارەگای پاشایی کە چۆن کوردە

نەیارەکـــان لـە دەوروبەری ڕووبـاری زاب کـــۆ بوونـەتەوە و دەیانەوێ دەست بکەن بەتاڵانکردن؛ دۆستی لەمێژینەی ئێوە لەو ڕووداوە ئاگادار بووە و لە ڕێکەوتی ڕۆژی دووشـــەمـــەی حـــەوتەمـی زیقـــەعـــدەی ١٠٤٢ی ک.م لە شـــارەزوور بـۆ ئەو ناوچـانە ڕۆیشـــتـــووە. پـاش بڕینی ڕێگایەکی زۆر گـــەیشـــتنە قـــەڵای هەولێـــر و هەمـــوو چەکدارەکان و پارێزەرانی قەڵاکەمان گەمارۆ دا و پاش پێکدادان لەگەڵ عوسمان پاشای پارێزەری قـەڵاکە کە بە مـەبەستی شـەڕکردن هاتبووە دەرەوە شکستیان هێنا، سـەد و پەنجـا کەس لەوان بوون بـە نێچیـری شمشـێر و ڕمبی ئەردەڵانەکان هـەرێمی هـەولێر و دەوروبەری مووسڵ بـەتەواوەتی و هـەرێمی سـەلجـە و سـەقـڵاباد و کەلەڕێز کە مـوڵکی سـەعیدخـانی کورد بوو لەگەڵ کوجریز و قـەمتـەران بەگشـتی لەلایەن سـوارەکانی ئەردەڵانەوە تاڵان و خـاپوور کران و زۆر کـەلوپەل و کەرەسـتەی بەکەڵک کەوتە دەستیان و بە بێ هیچ گرفتێک گەڕانەوە.

ڕۆژی سێ شەمە بیست و یەکی [زیقەعدەی ١٠٤٢ی ک.م]... خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان ئەختـەرمـە و دۆسـتـان و کۆمـەڵێک کەس کە کوژرابوون هـێنایە بارەگای شـایی. مـیرعیمـادەدینی کورد کە یەکێک لە گیـراوەکان بوو بەخشرا و سـەرفـراز کرا.[ و کوردە یەزیدییەکان کە پاش سـەرکوتکردنی عـەلەوییـە توندڕەوەکان (ئالی حـەق) و لە سـەردەمی بە دەسـەڵات گـەیشتنی سـەفـەوییەکان لەو ناوچانە خـۆیان لە مەترسیدا دەدی دەستیان دایە بەرگیریکردن کە هاتووە:]

ڕۆژی هـەینی پێنـجـــەمـی ڕەجـــەبولمورەجـــەبی ١٠٤٢ی ک.م لـە لایـەن خـــان ئەحمەدخـان هەواڵ گەیشت کە هـاوڕێ لەگەڵ کـەلب عەلی بەگ دەواتدار هـێرشیان کـردووەتە سـەر مـووسڵ و هـەمـوو ئەو شـوێنەیان تێکوپێک داوە و زۆر کـەلوپەلی بەنرخ کـەوتووەتە دەسـتی جـەنگاوەرانی دلێر و چاونەترس و کۆمـەڵێک لە کـوردە یەزیدییـەکـان کـە لـە ترسی شکۆی ئەو سـوپا مـەزنـە، خـۆیان خـزاندبووە ناو دووکانەکان، ئاگریان تێ بەردا و خۆڵەمێشیان درایە دەم بای نەمانەوە. حەزرەتی پاشا لە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر شاد بوو، شوکرانەی خوای مەزنی بەجێ هێنا – [خلاصة السیر، لاپەڕەکانی ١٠٠ـ١٣٥ـ١٦٢ـ١٦٣ـ١٧٦].

لە خلاصة السیر؛ باسی ڕووداوی سـەرکوتکردنی هۆزەکانی موکری و بڵباس نەهـاتووە، بـەڵام بە دوای ئـامـــاژەکـــەی (تذکـــرة اعلی) ســـەبارەت بـە دژایەتی و بەرەوڕووبوونەوەی هـۆزەکانی بڵـباس لەگـەڵ بەدیارکـەوتنـی زاتی مـاڵبـاتی ئاتەش

بەگی، و سەرنجدان و دۆستایەتی و ئێرادەتی خان ئەحمەدخان (کۆچکردوو لە ساڵی ١٠٤٥ی ک.م) بەرانبەر بە بنەماڵەی ناوبراو کە لە مەزندا هاتوو: (خان ئەحمەدخان دەسەڵاتداری ئەو مەڵبەندە بوو، هەواڵی کەراماتی لەم چەشنەی بیست لە ڕووی ئخلاسەوە بوو بە مورید... ــ [ل١٢٠] ئەم ئاماژەیە لە [تذکرة اعلی] دەبێ لە سەردەمی خان ئاتەش باسی دەکرا، بەڵام لە سەردەمی قرمزیدا هاتووە. بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم ئێرادەتە و ئەم بیرەوەرییە خۆشە کە سەرەڕای یادمانی هەڵۆخانی باوکی خان ئەحمەدخان کە لە (تذکرة اعلی) هاتوە دەستم دایە لێکۆڵینەوە و ئەوەم لە سەرکوتکردنی هۆزەکانی بڵباس بە دەستی خان ئەحمەدخان زانی چونکە سەبارەت بە هۆزەکانی بڵباس و پێکدادانی خان ئاتەش لەگەڵ هۆزەکانی بڵباس ئاماژە کراوە [سەیری لاپەڕەی ١٣٣ بکەن] لە توحفەی ناسری سەبارەت بەم ڕووداوە نووسراوە: (... زۆری نەخایاند کە هۆزەکانی موکری و بڵباس دەستیان کرد بە ئاژاوەگێڕی و سەرهەڵدان و شای ئێران خان ئەحمەدخانی کردە بەرپرسی سەرکوتکردنی ئەوان و بە پێی کاروباری شاهی بیست هەزار پیادە و سواری بەرەو ناوچەکانی موکری و بڵباس ڕەوانە کرد و دەستی بەسەر ئەو ناوچە سەخت و دژوارانە گرت و هۆزە یاخییەکان پاش ئاگاداربوونەوەیان وێڕای لەشکرێکی زۆر ڕووبەڕووی سوپای خان ئەحمەدخان بوون و لە کاتی گەیشتن بە یەک، هەردوو لەشکرەکە ئازایەتییان نواند و لە هەردوو لا ژمارەیەکی زۆر کوژران و لەشکری کوردستان بە یاریی خوای مەزن هێزی دوژمنیان لەناو برد و کۆمەڵێک لەوان کوژران و چەندان کەسیشیان بەدیل گیران و پاشماوەکەشیان سەری خۆیان هەڵگرت و لە قەڵای ڕەواندز کە جێگایەکی زۆر سەخت و چرە خۆیان حەشار دا و خان ئەحمەدخان وێڕای سوپاکەی قەڵاکەی گەمارۆدا و بە هۆی گەورەیی قەڵاکە ماوەی گەمارۆدانەکە درێژەی کێشا ـ چونکە ڕێگای گەیشتن بەو سەخناخە زۆر ئەستەم بوو و ڕێگای چوون بۆ سەر بریتی بوو لە باریکە ڕێگەیەک و دارستانێکی پڕ درەخت؛ سوپای خان ئەحمەدخان توانای چوون و سەرکەوتن بۆ سەر ئەو چیایەی نەما و لە سۆنگەی مانەوەی زۆرەوە تووڕە و دڵتەنگ بوون، ورەیان وەبەر خۆ دا و هەروەک شێرانی ناو بێشە جەستەی خۆیانیان کردە قەڵغانی تیرەکان و چاونەترسانە گیانی خۆیان خستە مەترسی و بە یاری خوای مەزن خۆیان گەیاندە سەر ئەو سەخناخە سەختانە و دەستیان

بەسەر ئەو باریکە ڕێگە دارستانییەدا گرت و بە پەلە و بە دەم هاوارکردن بۆ سەر قەڵاکە چوون، بڵباسەکان بە هۆی ترس و خۆفی لەڕادەبەدەر دەستیان کرد بە خلۆرکردنەوەی بەردی گەورە و تەقەکردن و دلێرانی کوردیان خستە ژێر زەبر و گوشار و کۆمەڵێکی زۆر کوژران و بریندار بوون و ترسی شکستهێنان و سەرشۆڕی هەڵاتن بەسەر خان ئەحمەدخان زاڵ بوو؛ ڕووی لە دەرگای خوای مەزن کرد و دەستی کرد بە پاڕانەوە و لە پەردەی غەیبەوە ئایەتی سەرکەوتنی بۆ هات و سوپاکەی ئازایەتییان نواند و هێرشیان کردە سەر دوژمن و هەموویان لە ناو برد و ڕێگای هەڵاتنی ئەوانیان بەست و کۆمەڵێک کوژران و بە دیل گیران و هەندێکیشیان هەڵاتن و چی کەلوپەلیان بوو بەجێ ما و پاشماوەکەشیان خۆیان بە دەستەوە دا و بە پێشکێشکردنی خەڵاتی زۆر بەخشران و لە لایەن خۆیەوە فەرمانڕەوا و ڕاوێژکاری بۆ مەراغە و موکری و ساوجبلاغ دانا و خۆی لەگەڵ لەشکرێک لە ڕێگای کۆیە و حەریر بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی ئامێدی و ڕەواندز کەوتە ڕێ [میرزا شوکروڵلای سەنەندەجی (فخر الکتاب)، توحفەی ناسری، لە کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی دوکتۆر حوشمەتوڵلای تەبیبی، ١٣٦٦، تاران، لاپەڕەکانی ١١٢ ـ ١١٤].

خێرا پاش سەرکوتکردنی هۆزەکانی بڵباس و موکری کە دوژمنانی هەرە بەهێزی (خان ئاتەش) و عەلەوییە توندڕەوەکان (ئالی حەق) پێڕەوانی ئەوان بوون، بۆ بێدەنگکردن و لەناوبردنی هۆزە یەزیدییەکان و دەستوپێوەندەکانیان پیلانی داڕشت و بە ئەگەری زۆر لە هەر دوو پێکدادانەدا، سەر سپێردراوانی ئەهلی حەق لە بنەماڵەی ئاتەش بەگی بەشێک لە لەشکرەکانیان پێک هێناوە، و هەر لەم ڕێگایەوە پێڕەوانی ئاتەش بەگی گەیشتبوونە مووسڵ ئێستا چەندان بنەماڵە لە سەرسپێردراوانی ئەم زنجیرەیەش لەوێدا نیشتەجێن بە شێوەیەک کە هاتووە: (بۆ لەناوبردنی هۆزەکانی داسنی و خالیدی بەڕێ کەوتوون و پاش هەوڵدانێکی زۆر کۆمەڵێک کەس لە هەر دوو لا کوژران و بریندار کران تا ئەوەی کە سەرکەوتن بوو بە نەسیبی خانی سەرفراز و هۆزەکانی داسنی و خالیدی سەرکوت کران و لە ناوچوون و بە ناچار لە کردەوەی خۆیان پاشگەز بوونەوە و کۆیە و حەریریش خرایە سەر ناوەکانی ژێر دەسەڵاتی خانی بەختیار و لە لایەن خۆیەوە جێگری لەو شوێنانە دانا و بە یاریی خوای مەزن ڕووی لە ناوچەی مووسڵ کرد و لە یەک

مەنزڵیی (یەکەی پێوانی ڕێگا (شەش فەرسەخ) ٣٦ کیلۆمەتر) شاری مووسڵ خێوەتیان هەڵداوە (مووسڵیشی داگیر کرد) – [هەمان سەرچاوە، ل١١٥]. [خان ئەحمەدخان بە تیرێک دوو نیشانەی پێکا، واتە هەم پێگەی عەلەوییە توندڕۆکان (ئالی حەق) و داگیر کرا و نەیارانی ناوچەیی و یاخییەکانی دژی دەسەلاتی سەفەویشی سەرکوت کرد و هەم بنەماڵە خاوەن هێزە عەلەوییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەستێنی بۆ ئامانجی خۆی ئامادە کرد و ئالای سەربەخۆیی هەڵدا.]

## سەرهەڵدانی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان لە دژی سەفەوییە

نووسەری (خلاصة السیر) دەنووسێت: (... ڕۆژی شەمە نۆی ڕەبیعولئەوەڵی ١٠٤٥ک. م لە هیچ کەسێکی بیرمەند و تێگەیشتوو شاراوە نەما کە چۆن پێشتر خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان فەرمانڕەوای کوردستان بە هۆی نەخۆشینێک کە تووشی بوو دوچاری مالیخولیا بوو... سەرەڕای ئەوەی کە وەها حاڵ و ڕۆژێکی بوو هەمیشە جێگای باوەڕی شاهەنشا بووە و بە یارمەتیی پزیشکە شارەزاکان چاک بووەوە و چونکە ڕووی لە چاکبوون کرد بۆ ویلایەتی خۆی ڕۆیشت و چەندان خەیاڵی بە مێشکدا هات و مەستی دەسەڵات بوو، دەستی کرد بە سەرپێچی کردن. عەقڵ کە ئامۆژگارێکی وردبین و ڕاوێژکارێکی جێ باوەڕە ئەو هەڵەیەی بە هەزار شێوە دەربڕی و بەکەڵک نەهاتنی ئەم ئەندێشەیەی بە هەر جۆرە نیشان دا، واتە لەگەڵ وەلی نێعمەتێک کە یەکێک لە بەخشینەکانی گیانی ئازیزە دەبێ تەنیا بە گوێڕایەڵبوون و سەردانەواندن وەڵامی بدرێتەوە، لقی گیا چۆن لە سێبەری سەری خۆش قامەتدا پەروەردە ببێ ئەگەر لەو زیاتر بڕوات لەو دەردەچێت و زەڕەیەک وەکو خاک، هەتاو دەیشارێتەوە. ئەگەر لەو کەنارە بگرێت و سەرگەردان دەبێت، بەڵام ڕێگای یاخیبوونی گرتەبەر. حەزرەتی پاشا بە ئیلهامی غەیبی بەم واتایە گەیشت فەرموویان

برنکشد شاخ نو از سروبن
تا نزنی گردن شاخ کهن

تا نکنی رهگذر چشمه پاک
آب نزاید ز دل چشمه پاک

فەرماننامەیەک درایە دەستی سیاوەش بەگی قوڵلەر ئاقاسی و بۆ شاهوێردی خان فەرمانڕەوای لورستان و دەسەڵاتدارانی ئەو سنوورانە نووسرا کە لە سەرکوتکردن و لەناوبردنی [ناوبراودا] هەموو هێز و توانای خۆیان وەگەڕ بخەن.

ئەوانیش بەپێی فەرمانی شاهەنشا لە ناوچەی خۆیان بەڕێ کەوتن و ڕوویان لە مەڵبەندی دەسەڵاتی خان ئەحمەدخان کرد. خانی ناوبراو... لە هاتنی ئەوان ترسا و ڕووی لە قەڵای هەورامان کرد بەم خەیاڵە کە چەند ڕۆژێک لەو شوێنە بمێنێتەوە. سوپاکە لەم هەواڵە ئاگادار دەبێت و ڕێگای چوونە ناوی بەربەست دەکەن. خانی ناوبراو وێڕای چەند کەس لە پارێزەرانی خۆی لە بەرانبەر ئەواندا دەستی دایە خۆڕاگری و شەڕی لەگەڵ کردن بەڵام شکستی هێنا و نزیکەی پانسەد کەس لە پارێزەرانی هەندێکیان کوژران و هەندێک کەسی تریان وەکو میرعەلی و محەمەد قولی تۆپچی باشی بەدیل گیران، هەروەها دەستیان سەر ئەسپ و وشتر و کارخانەکانیاندا گرت و ئەویش هاوڕێ لەگەڵ چەندکەس هاوڕێیانی هەڵدێن و بەرەو لای قزڵجە و شارەزوور دەڕۆن و ئەو سوپایەش پاش داگیرکردنی قەڵاکە بێ هیچ کێشەیەک دێنە ناو قەڵای هەورامان و ئەرکی بەڕێوبردنی دەدەنە دەست عەباس قولی بەگ کە هەر بە مەبەستی دەسەڵاتداریتی ئەو شوێنەی هەڵبژێردرابوو.

پاش ڕوودانی ئەم کارەساتە، قوللەر ئاقاسی و شاهوێردی خان ئەم بەسەرهاتەیان نووسی و بەڕێیان کرد. لە ڕۆژی پێنجشەمە دوازدەمی مانگی ڕەبیعولئەوەل ئەم هەواڵە گەیشتە کۆشکی شاهی؛ حەزرەتی پاشا لەم ڕۆژەدا کوڕێکی ڕازاندەوە و هەموو میوانەکانی خەڵات کرد و چەندان ئەسپ کە لە عێراق هێنرابوون بەسەر ناو سوپاکەدا دابەشی کردن و لە ڕۆژی شەمە بیست و یەکی ڕەبیعولئەوەڵ (١٠٤٥ی ک.م] لە لایەن قوللەر ئاقاسی سکالایەک تۆمار کرا کە خان ئەحمەد خان، کەرکووکی تێ پەڕاندووە و چووەتە لای کووچەک ئەحمەد کە لە دەوروبەری مووسڵە و داوای یارمەتی کردووە و ئەویش هەزار و پانسەد کەس لە لاوانی ڕۆم و کوردستانی هاوڕێ لەگەڵ تەیغوون پارێزەری خان بۆ ئەو ناوچەیە ناردووە و خێرا فەرمان درا کە ئاغاخان موقەدەم بە مەبەستی یارمەتیدانی ئەوان بڕوات و لە سەرکوتکردنی نەیارەکاندا هەوڵ بدات. ئەویش ڕۆژی دووشەمە بیست و سێیەم ڕووی لەو ناوچانە کرد و پێش هاتنی سوپای موقەدەم شاهوێردی خان هاوڕێ لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لەگەڵ تەیغوون هاتبوون دیداری کرد و پاش شەڕ و پێکدادانێکی مەزن نەیارەکان شکستیان هێنا و کۆمەڵێکی زۆر لەوان کوژران و هەموو کەلوپەلەکانیان کەوتە دەست غازیە سەرکەوتووەکان. چون هەواڵی ئەم

ڕووداوە گەیشتە شاهەنشاه، حەزرەتی پاشا لەو ڕۆژەدا جێژنێکی گەورەی بەرپا کرد و باڵیۆزی (ئیلچی) ڕۆح و دادیان و سەید هاشم کوڕی سەید مەنسووری عەرەب و سورخای خان شەمخاڵ و پیاوە ناودارەکانی داغستان و ئەعیانە کوردەکان و میوانەکانی تری بانگهێشت کرد و دەستیان کرد بە شادی و رابواردن.

... چونکە خان ئەحمەدخان لە بەرانبەر پادشا یاخی بوو، هەرچەند کە لە شەڕەکاندا خۆڕاگریی نواند، بەڵام نەیتوانی خۆی لە زەبری ئەو سوپایە بپارێزێت؛ لە ئاکامدا بە پێی (الغریق یتشبث بکل حشیش) پەنای برد بۆ کووچەک ئەحمەد کە پادشای ڕۆم بە مەبەستی پاراستنی مووسڵ و ماردین و ئەو سنوورانە دابنابوو و لەبەر ئازایەتی و دلێریی لەو هەرێمەدا ناوبانگی دەرکردبوو، و لەو داوای یارمەتیی کردبوو وای لە بەرچاو گرتبوو کە هێزەکانی ئەو دەبنە مایەی هیوا و سەرکەوتنی، کووچەک ئەحمەدی ناوبراو داخوازەکەی ئەوی ڕەت نەکردبووەوە، دەستی کردبوو بە دابینکردنی چەکوچۆڵ و سوپایەکی کۆ کردەوە کە بریسکەی شیر و رمەکانیان بەر هەتاوی گرت و لە هەستانی تۆز و خۆڵی ئەسپەکانیان ئاسمان ڕەش بوو. پاشا خۆی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکان هاوڕێ لەگەڵ خان ئەحمەدخان... ڕوویان لە شوێنی مەبەست کرد.

کاتێک کە ئەم هەواڵە گەیشتە ئەو سوپایە کە فەرماندەرەکانی سیاوەش بەگ قوڵڵەر ئاقاسی و ئاغاخان موقەدەم و شاهوێردی خان حاکمی لوڕستان بوون ئەو گرووپەش بە پشتبەستن بە یەزدانی مەزن توانییان هەموو توانای خۆیان کۆ بکەنەوە. لەشکری نەیار کە دوازدە هەزار کەس دەبوون لە دەربەندی چەغان تێ پەڕین لە دەوروبەری ئەو شوێنە جێگیر بوون، سوپای ڕق لە دڵ وێڕای کەمبوونیان بە پێی ئایەی «کم مِن فئة قلیلة غلبت فئة کبیرة باذن الله» ورەیان وەبەر خۆ دا. وێڕای گرووپێک ئازا و چاونەترس ڕوویان لەو تایفەیە کرد.

دمـاغ زمین از تف آفـتـاب
زسرسام سودا درآمد به خواب

رسیدند لشکر به جای مضاف
دوپیکار بستند چون کوه قاف

زپیکاری لشکر از هر دو جـــای
فروبست کوشنده را دست و پای

ز تـاب نفس در هوا بـست مـــیغ
جـهــان سـوخت از آتش برق تیغ

ز پولاد پـوشـــــان لشکر شکن
تـن کـــوه لرزنده بـر خــــویشـتن

زنیـزه نیسـتـان شـده روی خـاک
ز کـوپالـهـا کـوه گـشـتـه مـغـاک

شـــــەڕ هـەر لە بـەیانی هـەتـا ئێـــوارە درێژەی هـەبوو. ئـازایـانی هـەر دوو لـەشکر ئازایەتیی زۆریان نواند تا بە پێی وشەی سەرکەوتن کە ڕەمزی سەرکەوتنی ئەولیاء بووە، سـەرکـەون. کووچـەک ئـەحـمـەد پاشـابیگلەر بەگی مـووسڵ کـوژرا و قـوڵڵەر ئاقـاسیی شـام و سیواس بە دیل گیران و خان ئـەحمـەد خان بە پێی ئەو وتەیە کە «پاڵەوانی زینـدوو شـادمـانە» هەڵات و هـەمـوو سـوپاکـەی پرژوبڵاو بوون و وایان لێ هاتبـوو، تـەنانەت لە سـێـبـەری خـۆشـیـان دەترسـان. و وایاندەزانی هـەر سـاتێک هێرشیان دەکرێتە سـەر و لە هەر سـەد کەس یەکێکیان بە سـەختی خـۆی ڕزگـار کـرد. بەڵێ ئەوانـەی کـە هـەروەک پەرگـار (جـەغـزینگ) دەیانەویست وڵاتان داگـیـر بکەن، بوونە خـاڵێکی ونبـوو و ئـەو کـەسـەی کـە خـوازیاری بەرزترین پێگە بوو، نزمترین شوێن بوو بە بەشی. سیاوەش بەگ قوڵڵەر ڕاپۆرتێکی سەبارەت بەوەی کە ڕووی دابوو بۆ کـۆشکی شـایی نـارد، مـەسـحـووب خـان وەلی بەگی یووز بازشی و حوسـێن خـان گـوودەرزی کە یەکێک لە غـوڵامـەکان بـوو، لە سـوڵتـانییـە ئەوەیان پێشکێش کرد. چونکە هـەواڵی ئەم سەرکەوتنە گەیشـتـە شاهـەنشـا فەرمـانی دا تا هەمـوو فـەرمـاندەرانی سـوپا خـەڵات بکەن و لـە هەمـان ڕۆژ ئیـبـراهیـم سـوڵتـان سفرەچییان بە مەبەستی ڕازاندنەوە و چراخانیکردن و پێشـوازیکردن بۆ بارەگای دەسەڵاتی ئیسفەهان نارد و خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کـاروباری وڵات بەرێ کەوتن و لەم کـاتـەدا قـوڵڵەر ئـاقـاسی کـەسـی نارد و ڕای گـەیاند کـە پاش سـەرکـەوتن بۆ

مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی خان ئەحمەدخان هاتووە و قەڵای زەڵم و میهرەبان و حەسەن ئاوا و قەڵاکانی تر کەوتووەتە دەستی کاربەدەستانی دەوڵەتی خاوەن هێز و دەسەڵات. لەو قەڵایانە قەڵای زەڵم و حەسەن ئاوا و مێهرەبان و قزڵجەی ڕاگرتووە و داویەتە دەستی پارێزەرانی شارەزا و باقیی قەڵاکانی لە ناو بردووە و لەگەڵ کەلوپەلی بەجێماوی خان ئەحمەدخان بەرەو کۆشکی شایی دێن حەزرەتی پاشا لە بیستنی ئەم هەواڵە دڵخۆش بوو فەرمانی دا تا بەشێوەیەکی باش لە سیاوەش بەگ پێشوازی بکەن و لە ناوچەیەک کە لە سوڵتانییە نیشتەجێ بوون لە ماڵی عەلی قولی بەگ دیوانبەگی میوان دەبن نێردراوی ئاجوق و دادیان خەڵات دەکەن، ئیزنی چوون بەوان دەدەن.

هر فتح کاسمان نهدش منتهای کار

چون بنگری مقدمه فتح دیگر است

حەزرەتی پاشا پاش جێبەجێکردنی ئەم کاروبارانە ڕووی لە ئیسفەهان کرد؛ چونکە دارولموئمینینی کاشان شوێن و خێوەتگای ئەوان بوو لە هەمان ڕۆژ [پازدەمی ڕەبیعولسانی١٠٤٥] نامەی جانباز سوڵتان کوڕی شەهباز سوڵتانی زەنگەنە گەیشت، ناوەڕۆکەکەشی ئەوە بوو کە سیخوڕێک لە مووسڵ هاتووە و هەواڵی هێناوە کە خان ئەحمەدخان بە هۆی نەخۆشییەکەوە کۆچی دوایی کردووە، هەر لەو کاتە شاعیرێک ئەم شیعرەی هێنایە زمان:

با ولی نعمت ار برون آیی

گر سپهری که سرنگون آیی

[خلاصة السیر، ل ٢٤٣ـ٢٣٦]

## عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق- ئالی حەق)

### لە سەردەمی ئەفشارییە و زەندییە

لە سەردەمی شاسوڵتان حسێن سەفەوی (١١٠٥-١١٣٥ ک.م) بە هۆی دروستبوونی ترس و تۆقاندن زەخت و گوشار دژی زۆربەی هەرە زۆری ئاینەکان و بیروباوەڕە جیاوازەکان بەتایبەت بۆ سەر عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) کە گیرۆدەی دەسەڵاتێک بوون کە خۆیان دایاننابوو، هەروەها هێرشی ئەفغانەکان و ترس لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئەوان کە هۆکارەکەی بێدەسەڵاتیی شاسوڵتان حسێن بوو، خەریک بوو ئەفغانەکان بگەیەنێتە مەبەستی خۆیان. هاوکات لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی سیاسی و سەربازیی نادرشای ئەفشار و نیشاندانی ئازایەتی و سەرکوتکردنی نەیاران، پێڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە پشتیان بەو بەست، نادرشای ئەفشار ئەگەرچی پێڕەوی مەزهەبی جەماعەت و سوننی بوو، بەڵام لە هێزە سەربازییەکانی عەلەوییە توندڕەوەکان = (ئەهلی حەق) بە باشترین شێوە پێشوازی کرد و ڕێزی لە بنەماکانی بیر و باوەڕی ئەوان گرت و فەرمانی نۆژەنکردنەوەی هەموو بارەگا پیرۆزەکانی ناودارانی ئەهلی حەقی دا کە جیا لە پیرۆزبوونی ئەوانە سەمبۆڵ و هێمای خۆڕاگری بووە لە بەرانبەر بیانییەکان و داگیرکەران کە ویستوویانە خاکی ئێران داگیر بکەن، لە کاتی گرتنی بەغدا و مووسڵ و زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان چەندان کەسایەتی لە بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکانی حەوتەوانەی وەکو شا ئیبراهیمی، خامۆشی، یادگاری و... لەگەڵ خۆی لە کەرکووک و مووسڵ و شارەزوور بۆ داوێنەکانی زاگرۆس گواستەوە و بەدەرکردنی فەرمانێک چەندان پارچە موڵکی بەوان دا و بەم کردەوەیە پێکهاتەی سیاسی و ئاینی و عەشیرەیی و ئاینی یارانیی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە، لە سەرتاسەری سنوورەکانی ڕۆژئاوای وڵات دەستی کرد بە پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی پێڕەوانی ئەهلی حەق و هەر لەم کاتەدا بنەماڵەی شا مێهمانی ئاتەش

بەگی کە لە خوراسان و قووچان پاش ڕووداوی سەردەمی شا ئیسماعیل کە باسی کرا نیشتەجێ بوون، بۆ کرماشان واتە شوێنی سەرەکی ئەوان گواستەوە و هەموو سوارانی ئازا و دلێری عەلەویی کردە بەشێک لە سوپاکەی خۆی کە مێژوو نووسانی ئەفشارییە بە هەڵە لە ژێر ناوی (یەزیدی)؟! باسیان کردوون و لە زۆرێک لە شەڕەکاندا باسی گیانفیدایی و لەخۆبوردوویی ئەوانیان کردووە. قەڵاکانی نادری لە هێڵە سنوورییەکانی وڵات زۆرتر لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئەهلی حەق = ئالی حەق دەپارێزرا و بەڕێوە دەچوون و پاراستنی سنوورەکانی عوسمانی لە ئاراسەوە تا ئەروەند ڕوود (شط العرب) لە ئەستۆی پێڕەوانی ئەهلی حەق بوو، نادرشای ئەفشار بەم بیرۆکەیە و بەڕێوەبردنی وردبینانەی هەم ڕێزی لە هەوڵ و تێکۆشانی هەزار ساڵەی ئێرانپەروەران ڕێزی گرت و هەم بە لەبەرچاوگرتنی پڕوپاگەندەی بەرینی دەوڵەتی عوسمانی کە لە کوردستان و عێراق و... بەڕێوە دەچوو بەرگیریی کرد و خاڵێکی تر ئەوەیە کە فەزای سیاسی و بیروباوەڕێک کە بە لەبەرچاوگرتنی خواستی هزری و بنەماڵەیی و سیاسی نادرشای ئەفشار لە ئێرانی ئەو ڕۆژگارەدا بەدی هاتبوو، بەربەستێکی پتەو بوو لە بەرانبەر کارتێکەریی هزری و سەربازی و سیاسیی دەوڵەتی عوسمانیی سەردەمی ئەفشارییە، یەکێک لە باشترین و پڕبەهرەترین ڕۆژگاری هزری و کولتووریی پێڕەوان و بنەماڵەکانی ئەهلی حەق لە سەرتاسەری داوێنەکانی زاگرۆس بووە، دەفتەرەکانی بەدیارکەوتنی زەواتی شای میهمان لەم سەردەمەدا لێوانلێوە لە هیوا و ڕاهێنان و سەرنجدانی پێڕەوەکان بە پەروەردە و فێرکردن و لایەنی پەروەردەیی ئەو زاڵە و پەیامی بەربەرەکانێ و خەبات لەم قۆناغەدا لە دەفتەری ناوداران دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی و پارێزەرانیان لە باری بارودۆخی جوگرافیایی بە هۆی ئاسایش و هەبوونیان لە سەر دوندی چیاکان و دۆڵەکان و... لە دەشتەکان و شوێنە بەردەستەکان نیشتەجێ دەبوون، لە ناوداران و پایەبەرزانی ئەو سەردەمە یەکێکیان سەردەمی ئاسەید فەرزیی قەزوینەییە.

ئاسەید فەرزی (١١٠٠ـ١١٧٠ ک.م) کوڕی سەید ئەمروڵڵا لە گوندی قەزوینە، لە نێوان سەحنە و کەنگاوەر لە دایک بووە ئەو ڕەنگدانەوەی زاتی حەزرەتی مەولا عەلی (د.خ) و مەزهەری سەیدی خامۆشە، یارانی ئاغا سەید فەرزی: ١ـ شێخ ئەمیر (کۆچی دوایی ١١٢٥ی ک.م) ٢ـ سەلیم باوکی شێخ ئەمیر ٣ـ ئاغا سەید

عـابدین ٤ـ کاکی قوربانعـەلی ٥ ـ کـاکی نەدروەیس ٦ـ ئاغـا سـەید جۆزی کـە بە گشتی حەوت کەسن.

ئاغـا سـەید فـەرز عـەلی ناسـراو بە (ئاسـەید فـەرزی) ڕێبـەر و سـەمـبـۆلی ئاشکرابوون بووە، حـەزرەتی شێخ ئەمیر مـەزهـەری سـەید محـەمـەدی گۆڕەسـوار سـەربازنەی حـەوتەوانە و زاتی میـهمان لە حـەزرەتی پیر بنیامین، خـەڵکی شاری مووسڵ لە عێراق (کۆچی دوایی ١١٢٥ ک.م) لە گوندی قەزوینە ـ حـەزرەتی سەلیم؛ باوکی شێخ ئەمیر، زاتی میـهمان لە حـەزرەتی شـا ئیبراهیم و کەسـانی تر کە هەرکامەیان مەزهەری یەکێک لە ناودارانی حەوتەوانە بوون.

نادرشـا بە شێـوەی خـۆی لە چوون بۆ بەغـدا لە کـەسـایەتیی ئاسـەید فـەرزی گەیشتووە هەر وەکو پیرەکانی تری ناوچە لەو داوای یارمەتیی کردووە و بەشێک لە باشـترین موڵکەکانی بە مـەبەستی دابینکردنی خـەرجی تەکیە و داو و دەزگای مـەعنەوی بەپێی فـەرمـانی نادری بەوان داوە. [ئەم مـوڵکانە هەتا سـەردەمی عیمادودەولە کە سەرتاسەری ناوچەکەی کردبوو بە موڵکی تایبەتی خۆی، مابوون.] – (پێشـەکیی دیوانی حـەزرەتی شێخ ئەمیر، و بەسـەرهـاتی حـەزرەتی ئاغا سـەید فـەرزی و یارەکـانی، سـەید ئەمـروڵڵا شـائێبـراهیـمی) سـەرنجـدان و هـاودڵی و ڕێزگـرتنی جـەهانگوشـای ئەفشـار لە پێشـەوایانی خـانەدانەکـانی تر تا کـۆتایی دەسەڵاتی ئەو بەردەوام بوو. ئاغا سەید یەعقووب خـامۆشی ڕێبەر تەکیەی گۆران و سـەید ڕەزا بەگ شـا ئیبراهیـمی ڕێبـەری تەکیـەی کرێند لە کۆچبـەرانی ناوداری سـەردەمی نادرین کـە پاش دامـەزرانی بنەمـاڵەی ئوجـاق ناوبـانگ و دەسـەڵاتی ماڵباتەکەیان گەیشتە لووتکە.

پاش مردنی نادرشای ئەفشار (١١٤٨–١١٦٠ک.م) و بەدیـهاتنی کێشە و ئاڵۆزی و سـەرهەڵدان، هۆزەکانی زەند و وەند و گۆران و کەلهوڕ و... کە دەسـتوپێوەندیی زۆریان بووە بەتایبەت زەندەکان کە زۆرینەیەک لە عەلەوییە توندڕەوەکان بوون لە بیـری پاراسـتنی ئاسـایش و ئازادیی ئاینی سـەردەمی ئەفـشـارییـە و پاراسـتنی تەواوەتی خاکی ئێران و پشتیوانی لە قارەمانی تازە دەرکەوتووی زەند کە کورد و دەیتوانی سەرچاوەی ئەم خزمەتە گەورەیە بێت لە دووپاتبوونەوەی دووبارەی مێژوو پاش سـەرکـوتکردنی جـووڵانەوە نـەیارەکـان، بەهۆی پارێزگـاریکردن لـە بنەمـاڵەی

زەندییە لە بەرانبەر گەورەی هۆزی قەشقایی کە ڕێبەرەکانی خۆیان بە نەوەی چەنگیزخانی مەغۆل دەزانی، بەرەو شیراز کەوتنە ڕێ و هەمان ڕێگا کە باب و باپیرانی هۆزە لایەنگر، لە سەردەمی گەشەکردنی ئالی بوویە و پێش لەو لە سەردەمی ساسانییەکان بڕیبوویان، جارێکی تر بە ئامانجی سەربەخۆیی و تەواوەتی ئێران و ئازادی ئاین و بەرەو نیشتمانی پارس (ئێستەخر) شیراز، شوێنی لەدایکبوونی ئەردەشیری بابەکان و ژینگەی مەزنی هۆزە کوردەکان، شەبانکارە و پێتەختی دیالەمەی ئالی بوویە و... نیشتمانی پێوەندیی داوونەریت و کولتوورگەلی ئێرانییەکان باری سەفەریان بەست، ئەم دەرفەتە زێڕینەش زۆری پێ نەچوو کە بە مردنی کەریم خانی زەند (١١٦٣-١١٩٣ک.م) بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و دەستوپێوەندەکانیان مان و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ئاینی خۆیان کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی کەریم خان لە شیراز و دەوروبەری و... گیانێکی تازەی وەبەر هاتبوو و یان ڕێگای کرماشان و کوردستان و شارەزوور و ئازەربایجان و خووزستان و مازەندەرانیان گرتەبەر و بەشێکی تر لە سەرهەڵدانەکان لە سەردەمی قاجارییە لە نیشتمانی ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتووی داوێنەکانی زاگرۆس کە لە سنووره جوگرافیاییەکانی لایەنگرانی ئەم ئاینە وردەوردە ناوەکانیان بوون بە عێراق و تورکیا و سووریا و... ناوبانگییان دەرکرد، بەهۆی بارودۆخی پڕ لە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، و ئاین و زاڵکردنی زوڵم و ستەم بەسەرتوێژی هەژاری کۆمەڵگا، بەستێنێکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی ڕێبەرانی ڕاستەقینە و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی باتینی، پەیامهێنەرانی دادپەروەری دەستی پێ کرد.

## سەرهەڵدانی جەنابی تەیموور بانیارانی و ئاغا تەیمووری دووەم

## (١٢٦٨ک.م)

تەیموور بانیارانی کوڕی ڕەزا لە دانیشتوانی گوندی بانیاران ناوچەی گۆران لە داوێنی (دالاهۆ) سەر بە کرماشان و لە موریدانی ئاغا سەید حەیدەر (براکە) بوو. ئاغا سەید حەیدەر ناسراو بە حەزرەتی سەید براکە، ١٢١٠ـ١٢٩٠ ک.م کە پێرەوەکانی ئەو ماڵباتە لە داوێنەکانی دالاهۆ، شاهۆ، گۆران و شارەزوور... تەشریفی ئەویان بە دەرکەوتەی ڕۆحی سوڵتان زانیوە و بە دوای (بەرکە) مامۆستا عەینولقوزاتی هەمەدانی (کۆچی دوایی، ٥٢٥ک.م) دووەمین کەسایەتی لە پێشەواکانی عەلەوییە توندڕەوەکانە کە بەم ناوە (بەرکە) دەناسرێت.

تەیموور بانیارانی، لە ژێر ڕێنوێنی و ڕاهێنانی ئەو حەزرەتە پەروەردە دەبێت و دەگاتە قۆناغی ویسال و ئامادەی ئاشکرابوون دەبێت، زۆر کەرامات و ئاکاری سەرنجڕاکێش هەر لە سەرەتای بەدیارکەوتن تا کاتی شەهیدبوونی لەناو برادەرە دەگێڕنەوە، وەکو: (طی الارض)، زاڵبوون بەسەر کات و شوێن و زمانە جۆربەجۆرەکان و ئاگاداربوون لە داهاتوو....

سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا زۆرتر لە سەدو پەنجا ساڵ لە سەرهەڵدانی باتینی و شەهیدبوونی تەیموور بانیارانی تێ نەپەڕیوە و بەسەرهاتەکەی لە هەموو شوێنێک دەگیرِدرێتەوە و مێژووە جێ باوەڕەکانی سەردەمی ناسری وەکو (ناسخ التواریخ ) (حقایق الاخبار خورموجي) (روضة الصفاء) ڕووداوی ئاشکرابوونی ئەویان تۆمار کردووە، بەڵام وادیارە لە نیشانەکانی چیرۆک و ڕاستیە مێژوویییەکان ناوداران و شۆڕشگێڕانی عەلەوییە توندڕەوەکانە کە لە هەر قۆناغێکی کاتیدا، دوور و نزیک تووشی چەواشە کاری و ئاڵوگۆڕ بوو، تا جێگایەک کە دەبێ هەموو وتەکان هەر وەکو ئەو ئاسەوارە ئامادە بکرێن و لە دڵی ئەوانەدا ڕاست لە ناڕاست جیا بکرێنەوە، بە شێوەیەک کە چیرۆکی دانەری طرائق الحقایق لە بیرەوەری (بابا



جەنابی تەیمووری دووەم

تەیموور) ناوێکم لە بەسەرهاتی میرزا مەحموود گەرکانی لە ڕیزی مورشید و سۆفییە هاوچەرخەکانەوە بیستووە کە بابا تەیمووریان بە جەنابی تەیموور دەزانی و فتوای مەرگی ئەویان دەخستە ئەستۆی ئاغا محەمەد عەلی کرماشانی لە حاڵێکدا کە ئەم قسەیە لە باری مێژووییەوە ڕاست نییە، چونکە ئاغا محەمەد عەلی کرماشانی کۆچکردوو بە ساڵی ١٢١٦ی ک.م و تەیموور بانیارانی لە ١٢٤٦ ک.م لە دایک بووە و لە ١٢٦٨ی ک.م شەهید کراوە و لە مردنی ئاغا محەمەد عەلی (اعلی الله مقامە) هەتا شەهیدکرانی تەیموور پەنجاو دوو ساڵی مانگی مەودای مێژوویی هەیە و ئەو گێڕانەوەیە دەبێت پێوەندیی بە مەجزووبێکی تر لە پێڕەوانی ئەهلی حەقەوە بێت و پێوەندیی بە تەیمووری بانیارانی نییە. [طرائق الحقایق، بەرگی٣، ل٥٩١] لە وتەی ناودارانی دیدەدار لە عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) لە سەردەمی ئەفشارییە بەملاوە، شوێنپێی تەیموور و ئاشکرابوون و سەرهەڵدانی ئەو ڕوونە و ئاغا سەید ئەمروڵڵا شائیبراهیمی، لە ڕێبەرانی بنەماڵەی شائیبراهیمی کە نامیلکەیەکی لە مەقاماتی باتینی و بەسەرهاتی تەیموور بانیارانی و ئاغا تەیمووری سانی (فەتاح) کۆ کردبوو، و لە بەفرانباری ١٣٦٤ بڵاو کراوەتەوە؛ بەم خاڵە ڕوونانە کە بە سەرنجدان بە قووڵی و تاوتوێکردنی ئەوان لە دەفتەرەکانی یارسان لەوانە دەفتەرەکانی؛ شێخ ئەمیر ئاسەید فەرزی، حەزرەتی سەلیم، و دەرهێنراوە، ئاماژە دەکات و بە پێی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی ئێمە لە سەر بنەمای بەڵگە مێژووییەکان دامەزراوە، بەسەریاندا تێ دەپەڕین.

لسان الملك دانەری (ناسخ التواریخ) لە ڕاپۆرتی سەرهەڵدان و حەزرەتی تەیموور کە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی حکوومەتی ڕێکوپێک کراوە، و لە بەرگی چوارەمی (جغرافیاي تاریخي و تاریخ فضل كرمانشاهان) باسی ئەوەم کردووە و بەم شێوەیەی خوارەوە هێناومە کە: لە سەرەتای دەسەڵاتی عیمادودەولە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، ئاشکرابوونی تەیمووری یەکەمی گۆران ڕووی دا؛ کە بووبووە هۆی ترسی دەسەڵاتداران؛ عیمادودەولە لەگەڵ ئەودا بە سیاسەت هەڵسوکەوتی کرد؛ (لسان الملك) سەبارەت بەم ڕووداوە دەنووسێت: (هەروەها کە پیاوێک لە هۆزی گۆران قەڵازنجیری کە ناوی تەیموور بوو... و خۆی بە جێنشینی ئیمامی غایب (د.خ) ناوبردووە، و بە هەموو هۆزەکانی ڕاگەیاند کە بۆ ئەوەی هاتووم کە هەموو دەسەڵاتەکانی سەر ڕووی زەوی لە ناو ببەم و تەواو پاشاکانی

جیهان بخەمە ژێر ڕکێفی خۆمەوە و ڕۆژی پازدەمی جەمادیولئەوەل خۆم ئاشکرا دەکەم و ئەم کارەش بە زەبری شمشێر بە ئەنجام دەگەیەنم و جەماوەری هۆزەکانی بەم شێوەیە دەکردە پێڕەوی خۆی و ژن و پیاوی ئەو هۆزانە خۆیان خستە ژێر فەرمانی و لە پێناویدا سەروماڵ و منداڵی خۆیان بە هیچ دەزانی و کاتی ئەوە هاتبوو کە وەکو؛ میرزا عەلی محەمەدی باب! کەلێن و کێشەیەکی گەورە بخاتە ناو ئاین و دەسەڵاتەوە؛ شاهزادە ئیمام قولی میرزا لەو لەشکرەی کە لە زەهاو هەیبوو خەیاڵی ئاسوودە نەبوو و فەرمانی بەوان دا تەیموور سەرکوت بکەن، چونکە لەو ڕاستییە گەیشتبوو کە ئەو تاقمەش هۆگری کەسایەتیی تەیموورن و خەڵک بە کۆمەڵ لە کرماشان و کوردستان و لوڕستان و سلێمانی بۆ لای تەیموور چوون لەوانە شازادە [عیمادودەولە] بیرێکی بە مێشکدا هات و هاوڕێ لەگەڵ چەند کەس لە لەشکری خۆی کە جێگای متمانە بوون هێرشیان کردە سەر تەیموور و پێش لەوە کە هۆزەکان ئاگادار بن ئەویان گرت و بۆ کرماشان هێنایان و شازادە دەسبەجێ فەرمانی دا تا سەری لە جەستەی جیا بکەنەوە...[ناسخ التواریخ، لسان الملك سپهر، بەرگی٤، لاپەڕەکانی ٢٩/٣٠ ـ محەمەد جەعفەری خورموجی، حقایق الاخبار، ل١١٢ـ هدایت، (روضة الصفاء)، بەرگی ١٠، ل.٥٩٢] ــ [تاریخ مفصل کرمانشاه، محەمەد عەلی سوڵتانی، بەرگی٤، ل٣٤٠] بە سەرنجدان بە وتەی دانەری ناسخ التواریخ کە؛ (بەبێ توانا سەر لە جەستەی جیا بکەنەوە) لە دان پێدانانی ئەوەی کە سەبارەت بە سەرهەڵدانی تەیموور باسی کرا، ڕاپۆرتی خوالێخۆشبوو میرزا باقرخانی سەرۆکی دایرەی مەعاریفی قەسری شیرین سەبارەت بە چۆنیەت و ئەنجامی ئاشکرابوونی حەزرەتی تەیموور کە لە وتووێژێک لەگەڵ مەلا مستەفا قەڵخانی لە موریدان و پێشکاری تەیموور لە کاتی ئاشکرابوونی ئەودا بووە، تۆماری کردووە و بۆ خوالێخۆشبوو سەید عەبدولحسێن سوڵتانی سەرۆکی مەعاریفی کرماشان ناردوویە کە بۆ یەکەم جارە کە چاپ و بڵاو دەبێتەوە و زۆرتر لە گێڕانەوەکانی تر لەگەڵ قسەی دانەری ناسخ التواریخ دەقاودەقە: میرزا باقر فانی دەنووسێت: نووسەری ئەم کورتە مێژووە بە ئیزن وەرگرتن لە خوێنەرانی بەڕێز بە بێ هیچ زیادکردنێک شاعیرانە وەها دەنووسێت: لە ساڵی ١٣٣٥ی ک.م کە لەشکری ڕووس بە خەیاڵی داگیرکردنی بەغدا بۆ قەسری شیرین هات و دانیشتووانی قەسر زۆربەیان بۆ ناوچەکانی دەوروبەر

هەڵاتن لەوانە منیش وێڕای خێزانم بەرەو چیای (دالاهۆ) و ماڵی قەنبەر سوڵتان سەرۆکی هۆزی قەڵخانی کە لە بەشی میرحەسار نیشتەجێ بوو و شوێنێکی زۆر خۆش بوو، کەوتمە ڕێ و بۆ ماوەی چەندان مانگ بە نیگەرانی و خەمێکی زۆر ڕۆژگارم بەسەر دەبرد. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ماڵی دەرەوەی قەنبەر سوڵتان کە بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە دروست کرابوو دانیشتووم و کۆمەڵێک کەسیش لە حەزەراتی قەڵخانی لەوێ حازر بوون و خەریکی قسەی پرژوبڵاوی سەردەمانی ڕابردوو بوون تا ئەوەی کە نۆرەی قسە گەیشتە شا تەیمووری گۆران.

لە قەنبەر سوڵتان پرسیارم کرد؛ کە چون سەبارەت بەم شا تەیمووره هەندێ قسەم بیستووە، زۆر تامەزرۆی ئەوەم کە بە دروستی لە چۆنیەتی بەسەرهاتی ئەو ئاگادار بم، ئایا لە ناو هۆزی گۆران کەسێک هەیە کە بە دروستی لە ژیان و بەسەرهاتی ئەو زانیارییەکی هەبێت و من ئاگادار بکات؟ لەو کۆڕەدا ئاماژەی بە پیرە پیاوێک بە ئەزموون کە ئاسەواری گەورەیی لە سیمایدا بەدی دەکرا کرد و وتی؛ ئەم مەلایە خۆی یەکێک لە موریدەکان و دەروێشەکانی شا تەیموور بووە و هەرچیت دەوێ لەو پرسیار بکە و منیش خێرا پرسیارم لەو کرد و وتم: جەنابی مەلا، مەگەر تەمەنت چەند ساڵە کە لە سەردەمی شا تەیمووردا موریدی ناوبراو بووی، وتی کە ئێمە مێژووی لەدایکبوونمان نییە بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم کە لە کاتی مردنی محەمەدشای قاجار [١٢٦٤ک.م] ژن و یەک دوو منداڵم هەبووە؛ هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک کە لەو کۆڕەدا بوون حسێبمان کرد کە ئەو مەلایە تا ئەو کاتە ١٠٦ ساڵی تەمەن بووە و هێشتا ددانەکانی ساق بوون و لە باری جەستەییەوە، خاوەن هێزێکی باش بوو، بەتایبەت بیرو هۆشێکی تەواوی هەبوو.

لەم دیدارە زۆر خۆشحاڵ بووم و دەستی ئەو مەلایەم گرت و لەو کۆڕە هاتینە دەرەوە و پێکەوە بۆ ماڵی خۆمان هاتین، چونکە کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆ بوو، پارووە نانێک کە حازر بوو خواردمان و پێکەوە دەستمان کرد بە وتووێژ و داوام لێ کرد کە بەسەرهاتی تەیموورم هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بۆ باس بکات و ئەویش قبووڵی کرد و ئاوای باس کرد: لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی ناسرەدین شای قاجار تەیموور ناوێکی گۆران لە دەروێشانی سەید یەعقووب [سەید حەیدەر؟] باپیری ئەمجەدئاغا سەید ڕۆستەم کە ئێستا لە ژیاندایە مەجزووب [...] بوو و بۆ ئەم چیای (دالاهۆ) هاتووە -و لە ئەشکەوتێک بە تەنیایی دەژیا و ئیزنی بە هیچ

کەس نەدەدا کە بڕواتە لای و لە قسەکردن لەگەڵ خەڵک بێزار بوو. زۆر جێگای سەرسوڕمان بوو کە نە لەو ئەشکەوتە دەهاتە دەر و نە کەسیش بۆ لای ئەو دەچوو، کەوابوو لە چ ڕێگایەکەوە بژیوی ژیانی خۆی دابین دەکرد و سەرتاسەری وەرزی زستان لەو ئەشکەوتەدا بوو تا ئەوە کە زستان کۆتایی هات و بەهار هات، کەش و هەوا باشتر بوو، ناوبانگی تەیموور لە هەموو جێگایەک بڵاو بووەوە و لە هەر لاوە چ دوور چ نزیک، لە تورک و تاجیک لە هەموو چین و توێژێک، پێڕەوانی ئاینەکە واتە، عەلیوڵڵاهی [مەبەستی عەلەوییە توندڕەوەکان ئەهلی حەق بووە] بە خواستی خۆیان و بە باوەشێکی ئاوەڵا تەیمووریان وەک سەرۆکی خۆیان قبووڵ کرد وردە وردە لە شوێنە دوورەکان وەکو؛ ئازەربایجان کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئەهلی حەق لەوێن بۆ ئەشکەوتی تەیموور دەهاتن، پاش یەک دوو مانگ و ژمارەی جەماوەر گەیشتە نزیکەی دە پازدە هەزار کەس کە بە گشتی وازیان لە دنیا هێنابوو و شەیدای تەیموور بووبوون. بە پێی ئەوەی کە هەر سەردەمێک و شوێنێک هەمیشە کەسانی خێرخواز[؟!!] بوونیان هەیە، ڕاپۆرتی ئەم ڕووداوەیان بە شێوەیەکی گرینگ دا بە عیمادودەولە [فەرمانڕەوای کرماشان] و ئەویش بۆ تارانی نارد و ڕای گەیاند کە شاتەیموور ناوێک، گۆران پەنجا شەست هەزار کەسی لە دەوری خۆ کۆ کردووەتەوە و دەیەوێ ببێتە شا. ئێستا تۆ وەرە ئەمە لەبەرچاو بگرە کە لە سەرەتای دەسەڵاتدا بە پاشایەکی لاو کە توانای بیستنی ناوی ئازادی نییە ئەم هەواڵە ڕابگەیەنن چ حاڵێک پەیدا دەکات؟

خێرا فەرماننامەیەک درا بە عیمادودەولە و تێدا پێیان لە دەستبەسەرکردنی تەیموور کردبوو، عیمادودەولەش فەرمانێکی توندی دەرکرد و هاوڕێ لەگەڵ کەسێکی خاوەن پلە و چەند سواری ناردراو لە لایەن ئەسەدوڵڵاخانی گۆرانەوە داوای تەیمووری کرد، ئەسەدوڵڵاخان سەرتیپ حاکمی گۆران، ئەگەرچی زۆر بەهێز و ئازا بوو، بەڵام لە بەرانبەر تەواوی گۆران و سنجابی و کرێند و هۆزەکانی تردا کە هەموویان گیانفیدای تەیموور بوون و سەرەڕای ئەوە کە بۆ خۆشی یەکێک بوو لە موریدانی ناوبراو؛ دەیتوانی چی بکات؟

لە بیر ئەم کارەدا بوو بە ناچار [ڕاوێژکارانی] بانگ کرد و دەستی کرد بە وتووێژ و لە ئەنجامدا [بە ناچار بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی شاهی و داخوازی بە مەبەستی بەخشینی شا تەیموور] بڕیار لەسەر ئەمە درا کە چەند سەر مەڕ و

مـالآت وەکو نەزر سـەر ببـڕن، پاشـان نامـەیەک بۆ تەیموور بنـووسن و بۆ خـوێندنی دۆعـای نەزر بـیـهـێنن بـو گـەهـواره، پاش کۆتـاییـهـاتـنی دۆعـای نەزر بە سـەرنجدان بەوەی کە عادەتی تەیموور وایە کە هەمیشە بە تەنیایی لە گوند دەچێتە دەر و بۆ پیاسـە کردن بەڕێ دەکەوێت، مـەئموورى بەرپرس وێڕاى هـاوکـارەکانی هـەستن و بە دووی بکەون و بە بێدەنگ بیگرن و سواری ئێسترێکی کە لـە پێشدا ئامـادە کراوە، بکەن و بۆ کرماشانی ببەن. [و بەڕێوەبردنی ئەم بهێنینە لە لای بەرپرسانی شاردا پارێزرا تا لەو شوێنە لە ژێر چاوەدێریدا بێت و پاشان ئەسەدوڵڵاخان ببێتە تکاکار و داوا لە عـیمـادودەولە بکات کە بیبـەخشـێت] ئەسـەدوڵڵا خـان حـاکم پاش ئەو ڕاوێژکردنە فەرمانی دا تا مـەڕی نەزری ئامادە بکەن و خۆیشی نامەیەکی لەوپەڕی ڕێز و حورمەتی بۆ شا تەیموور نووسی و لە ڕێگای نێردراوی تایبەتەوە بۆی نارد.

مەلای نـاوبراو باسی ئەوەی کرد کە تەیموور بە پێی عادەتی زۆربەی ڕۆژەکان لە ئەشکەوتـەکە هـاتـە دەر و لە سـەر تـاوێرێک کـە لەبەر دەرگـای ئەشکەوتەکـەدا بوو، دادەنیـشت و خـەڵک لە دەوری کـۆدەبوونەوە و دەسـتـیـان بە قـسـەکـردن دەکـرد، بەڕێکەوت هەمان ڕۆژ لە ئەشکەوت هاتە دەر و لەسەر تاوێرەکە دانیشت و خەریکی قـسـەکردن بوو، منیش لە خـزمـەتی ئەودا بووم، لە نـاو قسـەکـاندا بە یەکـجـاری حەپەسا و فـەرمووی (لە رەقەمی قەتلی من ئاما) واتە؛ ڕەقەمی کوژرانی من هات ـ هۆکارەکەیان لەو پرسی، فەرمووی؛ ئەمری باتینە دەبێ بڕۆم.

چونکە شـا تەیموور لە خـەڵکی ڕەشـۆکی بوو و خـوێندن و نووسـینـی نەدەزانی نووسراوەکەی بە من دا و فەرمووی بیخوێنە، نووسـراوەکەم کردەوە و خـوێندمەوە، دیتم لەوپەڕی ڕێز و حورمـەتدا داوایان لێ کردووە مـیوانی ئەوان بێت و هیچ کـام لەو بابەتانە کە شـا تەیموور فەرمووی لە نووسـراوەکەدا نەبوو. لە خزمەتیدا عەرزم کرد: قوربان لەم نووسراوەیەدا هیچ شتێکی وەهای تێدا نەبوو، فـەرمووی (باوانم) [؟] تۆ نـازانی هـەر ئەوەیـە کـە وتم و دووبـارە ئاهێکـی کـێـشــاو فـەرمــووی (ڕەزام لەسـەر ڕەزای باتین). پاش وتنی ئـەم دوو وشـەیـە گـۆچانەکـەی هـەڵگرت و ڕووی لەو کەسانە کە لە دەوریدا دانیـشتـبوون کرد و فـەرمـووی (ئەی خەڵکینە، ئەمر ئەمـری باتینـە من دەبێ بڕۆم و ئێـوەش ئیـتـر من نابینن، مـەگـەر پاش چەند سـەدە کـە لە خزمـەتی (شـای دالاهـۆ)دا دێمـەوە، مـانەوەی ئێوە ئیـتر لێرە هیچ سـوودێکی نییـە، بەڵکو مەترسیـشی هەیە، هەرکەس ببێتە هاوڕێی مـن بۆ ئەو مەترسـی هەیە، ئەمەی

وت و لەگەڵ ناردراوەکە بەڕێ کەوت. من وتم؛ ماڵم لە گەهوارەیە ئەگەر ئیزن بدەن لە خزمەتی ئێوەدا بم، ئەگینا بە تەنیایی دەڕۆم، فەرمووی چ قەیدی هەیە، وەرە. ڕۆیشتین، لە ناو ڕێگادا لەبەر خۆیەوە ورتەی دەهات و شیعری دەوت کە ئێمە بە باشی تێ نەدەگەیشتین چی دەڵێت. تا ئەوەی کە گەیشتینە (قورب)؟ کە لە دوو مایلیی باشووری ڕۆئاوای گەهوارەدا هەڵکەوتووە، ناردراوەکەی ئەسەدوڵلاخان لە پێشەوە ڕۆیشت و هاتنی شا تەیموری ڕاگەیاند. ئەسەدوڵلاخانی حاکم وێڕای سادات و سەلاتین لەگەڵ تاقمێک سوارە و پیادە نزیکەی یەک مایل مابوو بە گەهوارە هاتن بۆ پێشوازی و لە دوورەوە کە چاویان کەوتە شاتەیموور دابەزین و لە دووسێ جێگادا زەوییان ماچ کرد و بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە، هاتنە پێشەوە و بە هەڵاتن لە بەردەمی ئەوا کەوتنە سەر عەرز و پاشان هەستان دەستیان بەردەوام ماچ کرد و بە دوای ئەوەدا و پرسینی حاڵ و ڕۆژی ئەسپێکیان بۆ شاتەیموور حازر کرد و داوایان لێ کرد کە سوار بێت، بەڵام قبووڵی نەکرد، بە پیادە کەوتە ڕێ، ئەسەدوڵلا خانی حاکم و کەسانی تر و سادات کە بە سوارە بۆ پێشواز هاتبوون بۆ ڕێز گرتن لە شاتەیموور سوار نەبوون و بە پێیان لە کەنار و بە دوای ئەودا ڕێگایان دەبڕی، هەتا گەیشتنە نزیک گوندی گەهوارە و جەماوەرێکی زۆر لە ژن و پیاو کۆ بووبوونەوە، نزیکەی نیو کاتژمێر دەست و پێ ماچکردنی ئەم خەڵکەش درێژەی کێشا بەم جۆرە هاتنە ناو گەهوارە و چوونە ماڵی ئەسەدوڵلاخان و لە ژوورێک کە لە پێشدا ئامادە کرابوو، نیشتەجێ بوون و دووبارە خەڵکێکی زۆر هاتنە خزمەتی و هەندێکیان بە ئیزن وەرگرتن مانەوە و دانیشتن و هەندێ تریشیان ڕۆیشتن.

لە کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆدا کە چەند سەر مەڕیان کردبووە قوربانی بۆ ئەنجامدانی دوعا و ڕێوڕەسمی کۆڕەکە کە بە جەم ناسراوە بە شێوەی دایەرە ئاسا دانیشتن و گۆشتی نەزرەکەیان کردە دەفری گەورەوە و پێکەوە هەموو ئێسقانەکانیان جیا کردەوە و پاشان کەسانی پێشەوە بە زمانی خۆیان دوعایەک دەخوێنن و کەسانی تر ئامین دەڵێن و پاشان هەرکامەیان پارچە گۆشتێک بەشی یەک کەس بکا، دەکەنە بابۆڵە و سەرەو بابۆڵەیەک دەدەن بە خەڵکەکە و پاش بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانە و خواردنی نانی نیوەڕۆ دەست دەکەن بە قسەکردن تا نزیکی ئێوارە، هەندێک کەس هەستان و ڕۆیشتن، سادات و سەلاتین لەگەڵ

ئەسەدوڵڵاخانی حاکم هەتا کاتژمێری سێ یان چوار دانیشتن، پاشان دەستێک پێخەفیان بۆ شاتەیموور ڕاخست و هەرکەس بۆ ماڵی خۆی ڕۆیشت.

ئەسەدوڵڵاخانیش هەستا و چووە ژوورەکەی خۆیەوە، مەئمووری بەرپرس بۆ متمانە بەدەستخستن دوو کەس لە پیاوەکانی خۆی و دوو کەس لە پیاوەکانی ئەسەدوڵڵاخانی لە پشت دەرگای ژوورەکە دانا و ڕای سپارد هەتا بەیانی نەخەون، پاش ئەم ڕاسپاردنە گەڕایەوە ماڵی خۆی. سبەینێ پێش هەڵاتنی هەتاو مەئمووری بەرپرس زووتر لە هەمووان هات، لە ژووری بەرانبەری ئەو کە شوێنی شوێنێکی حوکمی بووە، دانیشت و کەسانی تریش هاتن. ئەسەدوڵڵاخانی حاکمیش هات و چاوەڕوانی هەستانی شاتەیموور بوون، یەک دوو سەعات لای دا، کەچی تەیموور نە هەستا و نە لە ژوورەکەی دەرکەوت. بە هۆی ئەوەی کە لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتبوو سەعاتێکی تریش چاوەڕێ بوون تا سەرەنجام مەئمووری بەرپرس تاقەتی نەگرت و بە ئەسپایی دەرکەی ژوورەکەی کردەوە و چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و بە حەپەساوییەوە گەڕایەوە و وتی کە پێخەفەکە لە جێگای خۆیدایە و تەیموور لە ژوورەکەدا نییە ئەمەش بووە هۆی سەرسوڕمانی هەموویان، خودی ئەسەدوڵڵاخان هەستا و چووە ناو ژوورەکە و هیچ ئاسەوارێکی لە شاتەیموور بەدی نەکرد، زۆر پەرۆش بوو، دەنگۆ کەوتە ناو خەڵک کە شاتەیموور هەڵاتووە مەئموورەکە لە دوو پیاوی خۆی و دوو پیاوی ئەسەدوڵڵاخان تووڕە بوو کە تەیموور چی لێ هاتووە؟ بۆ کوێ چووە؟ هەڵبەت پارەتان لێ وەرگرتووە و هێشتووتانە کە هەڵبێت، هەرچی ئەوان سوێندیان خوارد، ئەم باوەڕی نەدەکرد و دەستی کرد بە لێدانیان و لە ئاکامدا فەرمانی دا کە هەر چوار کەسیان بخەنە بەندیخانەوە، ئەسەدوڵڵاخانیش لەوپەڕی پەرۆشی و پەشۆکاوی کە ئایا چی ڕووی داوە و شاتەیموور بۆ کوێ ڕۆیشتووە، بە ناچار کەسێکی بۆ ئەشکەوتی تەیموور نارد بەو هیوایە کە ڕەنگە بۆ ئەو شوێنە چووبێت، بە ڕێکەوت دوو سێ ڕۆژ لەمەوپێش ئەسەدوڵڵاخان بۆ بەخشینی تەیموور نامەیەکی بۆ عیمادودەولە نووسی، نێردراوەکە بە حاڵێکی پەرێشانەوە گەڕایەوە و وتی دنیا رووخا، کاتێک پرسیاریان لێ کرد وتی ئەمڕۆ پێش هەڵاتنی هەتاو لە مەیدانی تۆپخانە تێ دەپەڕیم، لە پای تورە [شوێنی ئێستای شارەبانی، شوێنی ئێستای بەندیخانەی حکوومەتی] لە تەنیشتی حەوز دیم کە سەری کەسێکیان بڕیوە، چاکتر کە ڕوانیم دیم کە شاتەیموورە و سەریان

بڕیوه و له كاتی وتنی ئه‌م قسانه ده‌گریا و فرمێسک له چاوانی ده‌هاته خواره‌وه. ئه‌سه‌دوڵلاخان و دانیشتووان سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی كه هێشتا بڕوایان به‌م هه‌واڵه نه‌ده‌كرد، به‌ڵام خه‌مگین بوون و نزیكی ئێواره‌ی هه‌مان ڕۆژ نوێنه‌رێک له لایه‌ن عیمادوده‌وله‌وه هات، فه‌رمانێكی بۆ مه‌ئموور و فه‌رمانێكیشی بۆ ئه‌سه‌دوڵلاخان نووسیبوو كه ته‌یموور به پێی خۆی هاته قه‌تڵگا و كۆتایی به كاری هات، تاقمێک كه له ده‌وروبه‌ری ئه‌و بوون پرژوبڵاو كران و یه‌ک دوو كه‌س له ناسراوانی بۆ شار بێنن. ئه‌و نێردراوه كه بۆ ئه‌شكه‌وتی ته‌یموور چووبوو، وتی كه نه ته‌یموور له‌وێ بوو نه كه‌سێک له‌و خه‌ڵكه له‌وێ مابووه‌وه.

مه‌ئمووری ناوبراو به‌م بۆنه‌وه ده‌سخۆشانه‌ی له ئه‌سه‌دوڵلا خان وه‌رگرت و بۆ شار گه‌ڕایه‌وه، به كورتی ئه‌مه به‌سه‌رهاتی شاته‌یمووری گۆران بوو به پێی وته‌ی مه‌لا مسته‌فای قه‌ڵخانی.

پێشبینییه‌كانی ته‌یموور كه به شێوه‌ی شیعرن زۆرن و به شێوه‌ی به‌ند، به‌ند وتراون و به (شێوه‌ی ته‌یمووری) ناسراون، هه‌ر شێوه‌یه‌كی له پێوه‌ندیی له‌گه‌ڵ بابه‌تێک داناوه، له‌وانه، ئه‌م شیعره كه شێوه‌كه‌یان سه‌باره‌ت به ڕووداوه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌یه [١٣٠٥ی هه‌تاوی] و بۆ نموونه له‌م نووسراوه مێژووییه هێناومه كه تا ئه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌م پێشهاتانه هه‌ڵبسه‌نگێنن كه تا چ ڕاده‌یه‌ک به دروستی، قامكی له سه‌ر ڕاستییه‌كان داناوه، چونكه هه‌روا كه وتوویانه، مشت نموونه‌ی خه‌رواره و كه‌م نموونه‌یه‌ک له زۆره.

«وله»

ته‌یموورعه‌یانه‌ن وه‌حوكم باتن وه‌نه‌ت عه‌یانه‌ن
وه ئـه‌مـــــــــر بـاتـن وه‌قـت بـه‌یـانـه‌ن

تـه‌یـموور مــــه‌واچه جـــه قـــه‌وڵ باتن
وه ئێـــعـــجـــاز پاک ئـیـــمـــام زامـن

ڕه‌زای ده‌ر ڕه‌زای یـه‌كـتـــای بـێ هـه‌مـــتـــا
بـێ مـــسـل و ڕه‌فـــێق كـــه‌س ســـه‌ر نه‌زانا

ئەی دەورە تـارن، دەورەی قـــــەجــــــەرن
دەوران قـــەجــــەر پڕشـــــۆر و شــــەڕن

شــــەکـــــاک کـــوور زەین، دار بێ بـەرن
حــەقــێــقــەت گــومــەن، بـاتڵ ســەمــەرن

عــــــەداڵـەت گـــــــومـن، زاڵـم و زۆرەن
حــەقگوویان زەبوون، حــەق بینان کــوورەن

دەوران قـــەجـــەر، دین کـــەم عـــەیارەن
دیانەت خـــامـــۆش، ڕاگـــەشــــان تـارەن

دەور قــــــەجــــــەرەن، فــــــەســڵ تـاتـارەن
حــەرف حـــەق لاشـــان، چۆ زەهـر مــارەن

هـەر کـــەس حـــەرف حـــەق بـاوەرۆ زوان
نـاوش لـە دەفـــتـــەر حـــەق مـــەبۆ لەئـان

وای ئـەی دەورە بــێ دەوامـــــــــــــەنـی
تـەوســـەن ســـەرکــەش، بێ لە جـــامـــەنـی

دوو کـــەس مـــڵـــۆزم وە قـــەجـــەر مـــەیـون
نـاو نـەنگشـــــان، لە دەفـــتــــەر مــــەنون

یـەکـــێـــشــــان قـــابـز ئەروای نـاســــرەن
ئـەو یـەکی هـەنـی ئـەحـــــمــــەد بـاتڵـــــەن

قـــــەجــــەر قـــــڕانـەن لـە ئێـــران زەمـین
واتــەی بـاتـنـەن وە ئـەمــــــــــــر یـەقـین

لـوای نـاتـەمـــام جــــمـــــووری عــــەیان
بـگـیـــر وە شــــۆرەت لـە مــــوڵک ئێــران

لەو دەمــا ئـەحــمـــەد وەتاو و وە جـــەخت
وە ئـەمـــر باتـن مـــەكـــەفـــۆ لـە تـەخت

ئێــــران لـەو دمــــا ئـەمـن ئـەمـــــان بـۆ
جـمـــهـووری مـوتڵـەق وە جـەخت عـەیان بۆ

لـەو دمــــا وەپا جـــــەنگ دیـن مـــــەبۆ
ئـەی جـــەنگ دینـە لـە قــــەزوین مـــەبۆ

ئـاو ئاســـیـــاوان كـــول مـــەیوا ســـەرین
ئـاو هـەرمـــــەزی مــــەتكیــــۆ وەهـوین

ئـەوســا مـــەكـــەفـــۆ خــرۆش غــەوغـــەو
ئـەسـبـان تـەشنەی ئاو، مـەردان تەشنەی كـۆ

نـایـو شـــاســـوار نـە پـەردەی خـــەفـــا
ڕوو مـــەكـــەی عـــەیان وە خـــەلق بەرمـــەڵا

مـن نـە ڕكـــاوش بگێـــڵــێــمــــەوە
شـــۆر ڕەســتــاخـــێـــز مـــەخـــێـــزێمـــەوە

هـونیـــان وێم، یـەكـــیـــەک وە قــــەســـاس
مـــەكـــێـــشـــۆم وە هوین وە تێـخ ئەڵـمـــاس

ئـەی واتـەی مـنـە لـە ئـاخـــــر زەمــــــان
وە كـــول خــــەلقـــان پاک مـــەبۆ عـــەیان

ســــــرووش غــــــەیبـم وەگـــــووش یـەوانا
(تەیموور) سـرِ فـاش كـەرد، سـەر وەپی دانا

[ڕاپۆرتی خوالێخۆشبوو میرزا باقر فانی،
كۆمەڵەی سەید عەبدولحسەین سوڵتانی،
بەیازی خەتی كتێبخانەی نووسەر]

بەڵام ئەوەی کـە لە کـۆبەندی ئـەم ڕاپۆرتانە بە دەسـت دێت، بەپێـی وتەی دانەری (ناسخ التواریخ) و بە سـەرنجدان بە باوەڕی خەڵکی ناوچەکە بە جەنابی تەیموور و ناوبـژیوانیکردنی ئەسـەدوڵڵاخـان کـە نـەدەیویست ئـەم مـەئمـووریەتە بە ئەنجـام بگەیەنێت و نە دەیـهەویست کە تەیموور دەسـتبـەسـەر بکات و هەوڵی ئەوەی داوە پاکـانـەی بۆ بکات و ئازادی بکات بەم جـۆرە عـیـمـادودەولە بـە گـرتنەبـەری ئەم ڕێوشـوێنـانە، بەسـتـێنەکـەی ئامـادە کـرد و بەهـێنانی جـەنابی تـەیموور بۆ قـەڵای حکوومەتی گۆران، دەستەی سوارە تایبەتەکان دەکاتە مەئمووری ناردنی ئەو کە بە بێ ئاگاداربوونی دانیشتووان و حکوومەت، ویسـتی عیمادودەولە بەشێوەی شاراوە بە ئەنجـام دەگـەیـەنن و جـەنـابی تەیموور کـە شـەهیـدبوونی خـۆی بە ئەمـری باتین دەزانی، بۆیـە بەپێی خـۆی چووە قـەتڵگاکـەوە. سـەرهەڵدانی تەیموور لـە سنووری عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) لە ناوچەی گۆران بەم شێوەیە کۆتاییی دێت.

## درێژەدانی بزووتنەوەی تەیمووری

بەڵام درێژەدانی سەرهەڵدان و بزووتنەوەی تەیمووری لە ناوچەی سەحنە و دینەوەر و کرماشان و... لەگەڵ ئاشکرابوونی حەزرەتی تەیمووری دووەم (فەتاح) درێژەی دەبێت، چونکە بە پێی ئەوەی کە ئاغا سەید ئەمروڵڵا شائیبراهیمی نووسیویە؛ مەلا بەهرام خان گشویریی لوڕستانی بەرپرسی زیندانی تەیموور کە پارێزەر و چاوەدێری ڕووداوەکانی ڕواڵەت و باتینی تەیموور بوون وەهایان باس کردووە کە سەرەڕای کەشف و کەرامات و ئیعجازی بێ ئەژمار کە لە جەنابی تەیموور لە شەوی سێیەمی شەهید بوونیاندا دەیبینن، و... خودی تەیموور پێش شەهیدبوونی بە مەلا بەهرام خان کە بەقووڵی باوەڕی پێی هێنابوو لە ژێر ناوی شیعری ژێرەوە مزگێنی دەدات کە پاش تێپەڕینی مانگ و نیوێک ئاشکرا دەبێت و من بەشێوەیەک کە خەڵکی ئاسایی دەیبینن نامرم و هەرا و هوریایەکی مەزن بەرپا دەکەم کە دەقی سەرەکیی ئەو شیعرانەی وا مەلا بەهرام خان نووسیونی و پاشان لە سەحنە داویە بە خوالێخۆشبوو سەید فەرەجوڵڵا شائیبراهیمی بەم چەشنەی خوارەوەیە:

پەری زەنجـیـرم دڵ مـاران وە تەنگ
یە کـردەی وێمـەن وە هـەزاران ڕەنگ

وەعـدەی مـەویەرۆ یەک مـانگ و نیـمێ
مـەکـەرووم وەپـا شـوور عـەزیمێ

ذات من نـەزات حـەیدەر دوور نیـیـەن
شـەکاکـان ماچان یە تـەیموور نییـەن

یـاران بزانـن یە کـەرامـاتـە
مـەردە زینـدە بی هـەیهـات هەیهـاتە

بە پێی ئەوانەی کــە باس کـــراون؛ تەیمووری دووەم (فـــەتاح) بە پێی ئەو ناونیشانەی کە پێشتر تەیموور باسی کردبوو لە ناوچەی بالاوەند لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی لوتف عەلی خان بالاوەند هاوچەرخی عیمادودەولە سەرهەڵدەدات، تا ئەو جێگایە کە دەگاتە گوێی ئەو موریدانەی کە باوەڕیان بە سەرهەڵدانی دووبارەی تەیموور هەبووە، و بۆ زیارەتی دەچن و باوک و دایک و برای تەیمووریش لەم راستییە دڵنیا دەبن... بە تایبەت دانیشتووانی سەحنە ئەم ئاشکرابوونە وەکو بەردەوامی ڕۆحانی و جەستەیی بزووتنەوەی حەزرەتی تەیموور پێشوازی لێ دەکەن و چەندان موریدی ناودار لەم ناوچەیە دەچنە ژێر فەرمانی جەنابی تەیمووری سانی لەوانە؛ ئاغا سەید فەرەجوڵڵا شائیبراهیمی و ئەویتر شێخ نەزەرعەلی جەناب کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی درێژەی بزووتنەوەی تەیمووری لە بەرگی ئاینی ئەهلی حەق لە ناوچەی سەحنە و دینەوەر و کرماشان و تاران هەبوو.

بە دوای ئاشکرابوون و ڕاگەیاندنی سەرهەڵدانی تەیمووری سانی لە چوون بۆ بالاوەند هاوڕێ لەگەڵ خزمەتکاری تایبەتی دەروێش نەسروڵڵا جەلالوەندی لە لایەن مەئموورانی حکوومەتی لوڕستان دەسبەسەر دەکرێن و بۆ ماوەی هەژدە مانگ لە بەندیخانە بەند دەکرێت، لە لایەکەوە نەسەلماندنی تاوان و لە لایەکەوە گوشاری قازییەکانی شەرع، دەبنە هۆی مانەوەی ئاغا تەیموور لە بەندیخانە و چونکە ئازادکرانی ناوبراو بە شێوەی ئاشکرا دەبووە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی نەیاران، بە شێوەی نهێنی پێشنیاری هەڵاتن لە بەندیخانەی پێ دەکەن، ئەویش بە مەرجی ئازادبوونی بەندییەکانی تر قبووڵی دەکات و هاوڕێ لەگەڵ دۆستانی هەڵدێت و بەم جۆرە ماوەیەک لە ناوچەکانی سەحنە و ئەسەد ئاباد و هەمەدان و ئیسفەهان و هەندێ لە شارەکانی تر سەفەر دەکات، لە کاتی ئەم سەفەرانەدا لە زەڕەندی ساوە دووبارە تووشی مەئموورانی حکوومەتی دەبێت و بۆ تاران دەینێرن و لە ئەنباری شـاهی مـەیدانی ئەرکی ئێستا بەند دەکرێت، لە ماوەی زیندانیبوونی ئەو ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسان و بەندکراوەکان دەبنە موریدی و بە دوای گێڕانەوە و لێکدانەوەی خەونێک بۆ ناسرەدین شا(١٢٦٤ـ١٣١٣ک.م) کە داوای خەو لێکدانەوەیەک دەکا تا خەونەکەی بۆ لێک بداتەوە. و بە ئاگاداربوون لە هەبوونی جەنابی تەیمووری سانی (فەتاح) بۆ ناو کۆشکی شایی دەیبات، پاش

کەمێک قسەکردن ناوەڕۆکی خەوەکەی بۆ باس دەکات و لە وەڵامی شاکە دەڵێت: (تۆ هەر ئەو کەسەی کە لە ڕۆئاوای وڵاتدا دەستت کردووە بە ئاژاوەگێڕی و بانگەشەی پادشایی دەکەیت). تەیموور لە وەڵامدا دەڵێت: (ئێمە پادشای باتینین و پاشایی ڕواڵەتمان بۆ تۆ و کەسانی وەک تۆ داناوە...) بە هەر شێوە بە هۆی ڕاڤەکردنی خەونی شا، ڕێزی لێ دەگرن و مووچەیەکی ساڵانەی بۆ دەبڕنەوە و کەرەستەی پێویست بۆ سەفەر و نیشتەجێبوونی لە هەمەدان ئامادە دەکەن بە هۆی کەرامات و ئاکاری سەرنجڕاکێشی و هەروەها باوەڕمەندبوونی موریدەکانی، بنەماڵەی قەراگزلووی هەمەدان کە بنەماڵەیەکی ناودار و خۆشزەوق بوون بووبوونە هۆگری و ئەمیر ئەفخەم قەراگزلوو کچەکەی خۆی بە ناوی فاتمە خانم لە ناوبراو لە ئەنجامی ئەم زەماوەندەدا دەبێتە خاوەن منداڵێک بە ناوی حەسەنشا (قطب الدولة) کە ئاکامی ئەم زەماوەندە بوو. [فریدالملک قەراگزلوو لە بیرەوەرییەکانیدا چەندان جار لە قطب الدولە ناوی بردووە].

ئاغا تەیمووری سانی لە هەمەدان کۆچی دوایی کرد، دەنگۆ کەوتە ناو خەڵک کە ژەهراوی کراوە، پاش ئەوەی کە بە پێی وەسیەتی خۆی لە حەمامی (بن) بازاڕ غوسڵ درا، موریدان و پێڕەوەکانی تەرمەکەیان لە تەنیشت مەزاری باباتاهیری هەمەدانییەوە ناشت. دەرویش نەسروڵڵا خزمەتکاری تایبەتی ناوبراو کە گەنجینەیەک بوو لە مەقاماتی باتینی حەزرەتی تەیمووری سانی، لە ڕۆژگاری ئاغا تەیمووری سانیدا لە شاری تویسرکان ژیانێکی باشی پێکەوە نابوو کە پاش مردنی ئاغا تەیمووری سانی گەڕایەوە بۆ تویسرکان و زیاتر لە هەفتا ساڵ تەمەنی کرد، لەو شارەدا کۆچی دوایی کرد و هەروەها لەگەڵ منداڵانی ڕۆحانی ئاغا تەیمووری سانی لە پێوەندیدا بوو [بەسەرهاتی ژیان و ئاکاری جەنابی تەیمووری بان یارانی و ئاغا تەیمووری سانی ناسراو بە فەتاح، سەید ئەمروڵڵا شائیبراهیمی، سەحنە، بەفرانباری ١٣٦٤].

بزووتنەوەی تەیمووری لە سەردەمی نەوەکانی ئەودا درێژەی نەبوو، چونکە حەسەن شاهی، قوتبودەوڵە کوڕی ئەو کە خوێندەوار و ئەهلی فەزڵ و قەڵەم بوو، لە دەرباری ئەحمەدشای قاجار بەهۆی تێگەیشتوویی و کارامەییەوە خەریکی کارکردن بوو؛ تەنیا منداڵی قوتبودەوڵە کە کچێک بوو بۆ سەید عەلی ئەسغەر تورکستانی مارە کرا کە لە ناودارانی ئەهلی حەق بوو، وا دیارە حاجی کوێر بووە.


بەڵام سەید فەرەجوڵڵا شائیبراهیمی لە هەمەدان و کرماشان سەحنە و دینەوەر و ئازەربایجان و شێخ نەزەرعەلی کە بە فەرمانی تەیموری سانی (فەتاح) ئەرکی سەرپەرشتیی موریدانی تاران پێی دەسپێردرا و لە تاران لە کەناری موریدە ڕاستەقینەکانی تری ئەو حەزرەتە وەکو منداڵانی باتینی و ڕۆحانی و حەقیقیی تەیموور، کوورەی بزووتنەوەی تەیمووریی هەروەها ڕووناکتر کردەوە، کە لە جێگای خۆیدا باسی ڕابردووی ئەوانمان کردووە.

## سەرهەڵدانی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەریی گۆران

## (١٣٠٠ ک.م)

لە سەردەمی دەسەڵاتی مەسعوود میرزا (ظل السلطان) کوڕی ناسرەدین شا لە سەرتاسەری ڕۆژئاوای ئێران و ناوەندی ئێران و بەهۆی دەستدرێژی لەڕادەبەدەری فەرمانڕەواکانی ژێردەسەڵاتی (ظل السلطان) بە پێکهێنانی یەکیەتییەک لە نێوان هۆزە دراوسێیەکان کە لە باوەڕی ئاینی و ئاماژەی ڕێبەری ئاینیی گۆران (ئاغا سەید ڕۆستەم)ەوە سەرچاوەی دەگرت، لە ماڵی جەنابیان لە تووت شامی هۆزەکانی گۆرانی قەلعە زنجیری، کرندی، کەلهوڕ، یەک دەگرن و بە پێی بنەماکانی هۆزی و باوەڕیی خۆیان، بوونە هاوپەیمان و سوێندیان خوارد کە دژی دەسەڵاتی (ظل السلطان) دەست بکەن بە سەرهەڵدان، چونکە مەسعوود میرزا (ظل السلطان) بە سەپاندنی ماڵیاتی قورس و بەسوخرەگرتنی خەڵک ئامانجی ئەوە بوو کە دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا دروست بکات و بۆیە دەستی بەکرێگیراوەکانی ئاواڵە کردبوو بۆ چەوساندنەوەی خەڵک.

چونکە حسێن خان (سردار معظم) سەرۆکی هۆزی گۆران بە پێی ڕەوشتی پارێزکارانەی خۆی لە بەشداریکردن لە یەکیەتیی ناوبراو خۆی پاراست، فەرامەرز سوڵتان وەکو فەرماندەری سەربازی سەرهەڵدانەکەی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەری گۆران ئاڵای سەرهەڵدانەکەی گرتە دەست؛ هاتوچۆی کاروانە تیجارییەکانی بازرگانەکان لە ژێر پشتیوانیکردنی بەریتانیان و عوسمانی کە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکیان بە هەرزان و تالان دەبرد کەوتە مەترسی، خەڵک لە ژێر پشتیوانیی یەکیەتی ناوبراو، ئاسوودە بوون و هەر ڕۆژ بە ژمارەی لایەنگرانی سەرهەڵدانەکە بە دژی دەسەڵاتی زوڵم و زۆر زیاد دەبوو کار گەیشتە جێگایەک کە (ظل السلطان) و ناسرەدین شا لەم پێوەندییەدا دەست بکەن بە وتووێژ و نامەگۆڕینەوە و شا لە وڵامی چارە دۆزینەوەی کوڕەکەی سەبارەت بە



سەید ڕۆستەمی حەیدەریی گۆران

بارودۆخی گۆران نووسی: (چاککردنەوەی ڕێگەوبان و شوێنە گشتییەکانی زەهاو و قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی ئەو شوێنانەش پێویستی بە فەرمانی تایبەتە، زەهاو دەبێ ئاوەدان بکرێتەوە و نەبوونی هێمنی و ئاسایش و هۆکارەکانی تر کە بوونەتە هۆی خەسار و کاولکاریی یەک لە دوای یەک، چارەسەر بکرێن، هەموو کەرەستەیەک لە بەردەستتاندایە و هەرچی لە پێناوی بەڕێوەبردنی خەیاڵی باش و ئاوەدانی بفەرموون، ئێمەش پشتتان دەگرین، بۆ چاوەدێریی بەسەر جموجووڵی گۆرانەکان و گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێنی ناوخۆیی لێکۆڵینەوەکانی ئێوە خۆیان بەڵگەن و ئەوەی کە بە باشی دەزانن جێبەجێی بکەن، لەم جۆرە بابەتانەدا پێویست نییە کە لە لایەن ئێمەوە فەرمانێک دەربکرێت. (٣ ڕەجب، یونت ئیل ١٢٩٩ک.م) ـ [بەڵگەنامە هەڵبژێردراوەکانی سەردەمی قاجار، ل٧٤]

پاشان، (ظل السلطان)، حاجی سەیاحی ناودار، لایەنگر و مەئمووری شاراوە و ئاشکرای خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەلەکە و تاوتوێکردنی بارودۆخەکە و هەروەها ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ ناوچە نارد و کردەوەی (ظل السلطان) بە پێی ئاکامی ڕاپۆرتەکەی ئەو ئامادە کرا. حاجی سەیاح لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا سەبارەت سەفەرە (مەئمووریەت)ە دەنووسێت: (دوو هۆزن [گۆرانەکان] کە هەر دوو لە کوردەکانی ڕۆژئاوای ئێرانن. یەکێک (گۆران کرندی)، سەرۆک هۆزەکەیان عەلی مورادخانە و ئەویتر هۆزی «گۆران قەلعە زنجیری» کە سەرۆکەکەیان حسێن خانە و دەڵێن: زنجیری دادپەروەریی ئەنوشیروان لە شوێنێکدا بووە کە ئێستا لەوەڕگەی هۆزەکەی ئەوانە. بەتایبەت سەید ڕۆستەم؛ لەو ناوچەیە ڕێبەری ئاینی و بە وتەی ئەوان سەرۆکی ئەهلی حەقە، کە هەموو دانیشتووانی ئەو دەوروبەرە مورید و گیانفیدای ئەون. بارەگاکەی لە تووت شامییە، کەشوهەوا باش بوو؛ پێش لە بەیانی لە بابایادگار سوار بووین لە چیا خۆش ئاووهەواکان بەدەم سەیرانەوە چووین هەتا نیوەڕۆ هاتینە ناو تووت شامی، خێرا ئێمەیان برد بۆ خێوەتەکەی (سەید ڕوستەم) کە لاوێکی خۆش سیما بوو و کڵاوێکی لبادی لەسەر نابوو، جلوبەرگی لبادی لەبەردا بوو. پاش وەناو چوونی من، مەڕێکیان سەر بڕی. دەستمان بە قسەکردن کرد؛ وتم: دەسەڵاتدارانی ناو حکوومەت بە دەستی ئێوەوە زۆر ڕازی نین، ناسرولولّکم هێشتا نەدیوە، بەڵام کەسانی تر مەبەستی (ظل السلطان)دا سەبارەت بە ئێوە باش نییە، وتی: من هیچ تاوانێکم نییە. چەند کەس

پێکەوە ئەسپێکیان کڕیبوو بۆ سواربوون بە منیان دا و ئەم ئەسپە دڵی حکوومەتی بردووە! هەزار ئەسپیان هەیە و تەنیا ئەمە دەبین، ئەمنیش بۆ ئەوەی کە خەڵک مایین بێن و سوودمەند بن و هەمیش کڕیارەکان ناڕازین؛ ناتوانم پێشکێشی بکەم. ئەم ئەسپە وەها کەوتووەتە بەرچاو کە بۆ وەدەستهێنانی هەموو هەوڵ دەدەن؛ بە من دەڵێن یاخی و دەیانەوێ بمکوژن تا ئەم ئەسپە ببەن. بە داخەوە دەسەڵاتیش هێزی تەواوی بە فەرمانڕەواکان داوە و ئەوانیش دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و گیان و ئابڕووی هەرکەسێک کە دەیانەوێت و ئەگەر کەسێک وەها شتێک قبووڵ نەکات بنەماڵەکەی لە ناو دەبەن، ئەمەیە تاوانی من و کەسانی وەک من. [باسی ئەم ئەسپە زۆرتر لە چیرۆک دەچێت ئەم بابەتە لەگەڵ ئەوەی کە لەبارەی میرخوسرەو لە سەرەتای بەشی یەکەمدا لە سەرەنجام (دەورەی حەوتەوانە) هاتووە، لێکچوونی تەواوی هەیە و بە گشتی ئەسپ لە ئاینی عەلەوییەکانی (یارسان) هەر وەکو ئێرانییەکانی کەونارا، پێگەیەکی تایبەتی هەیە و لەگەڵ سەرهەڵدان و شۆڕش دێت.]

لەم ناوەدا چەند سوار بەدیار کەوتن، یەکێکیان فەرامەرز سوڵتان بوو کە زۆر کەسێکی تێگەیشتوو بوو. فەرامەرز سوڵتان منی بردە ماڵەکەی خۆی لە تەختگا. شەوم لە ماڵی سەید ڕۆستەم بردە سەر. و نیو کاتژمێر بەر لە هەڵاتنی خۆر کەوتینە ڕێ، چونکە زۆر دوور نەبوو. چووینە ناو تەختگا و زۆر ڕێزیان لێ گرتین. حسێن خانی یاوەر و سوڵتانەکان بۆ دیدار لەگەڵ من هاتن ڕۆژمان ڕابوارد وتم: «دەمەوێ یەکسەر لێرەوە بۆ کرماشان بڕۆم» وتیان: دوورە. داوام لەوان کرد زوو بکەوینە ڕێ، سوارەکانی عەلی مورادخان [احتشام الممالك] یان گەڕاندەوە، خۆیان بوونە هاوڕێ چەند سوار...) – [بیرەوەرییەکانی حاجی سەیاح، ل٢٣٠ـ٢٣١].

پاش گەڕانەوەی حاجی سەییاح، (ظل السلطان) بە هەموو توانای خۆی و هێزی سەربازییەوە بە پشتبەستن بە هێزی ماڵیی ئاغا حەسەن وەکیلودەوڵە و چاوەدێریکردنی نوێنەرە سەربازییەکانی عوسمانی دژی سەرهەڵدانی سیاسی ئاینی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەریی گۆران بە یارمەتیی خەڵکی گۆران و کەلهوڕ بە فەرماندەیی فەرامەرز سوڵتان تفەنگچی، دەستی دایە چالاکی، (ظل السلطان) سەبارەت بەم ڕووداوە دەنووسێت: (لە ڕۆژنامەی خۆمدا ساحیب دیوانم لەگەڵ جەلالودەوڵە کوڕی (ظل السلطان) بە نۆرە بەرەو فارس نارد و خۆمانیش بە

ئامانجی دابینکردنی ئاسایشی کرماشان و کوردستان کە هەزار جار لە لوڕستان خراپتر بوو، هەروەها هۆزەکانی کرماشان دەستیان دابووە نافەرمانیکردن؛ بە دڵنیاییەوە خراپتر لە لوڕستانن... هۆزەکانی گۆران لە لایەن دوو سوڵتانەوە، یەکێک فەرامەرز سوڵتان، ناوێک و یەکێکی تر حسێن عەلی سوڵتان ناوێک، بەشێوەیەک هێمنایەتیی ئەو ناوچەیەیان تێک دابوو کە بۆ باسکردن ناشێ [!] هۆزەکانی کرندی و کەلهوڕی هەزار جار خراپتر لە چەلەبی و گۆران و ئەوەی کە دیارە باروودۆخێکی ناخۆشە؛ یەکەم لە ڕێگای تەلەگراف فەرمانم بە حاجی حەسەنی وەکیلودەوڵە دا تا کروورێک، هەر کاتێک ناسرەلمولک بە تۆ حەواڵە بدات؛ بە خێراترین کات بیدات و بە تەلەگراف بە (ناصر الملك) ئاگادار کردووە کە خۆت لە هەر شوێنێک و هەموو کاتێک وەکو وەزیری پلە یەکەم دەورت گێڕاوە و لە کەموکوڕییەکانی باشتر ئاگاداری و دەزانی کە ئامانجی گەورەی ئێمە چییە و هۆی ناوی چاکەی گەورەی تۆ لە چیدایە. بە وتەی میرزا مولک خان، دۆستی هەردوومان، هەموو گرێ پووچکەیەک بە پارە دەکرێتەوە، بە بێ ئەوەی کە تۆ بتەوێت و باسی بکەی، پێنجسەد هەزار تمەنم لە ڕێگای وەکیلودەوڵەی بەریتانیاوە، حەواڵە کرد، سێ فەوجی هەمەدانم کە ئەفواجی عاشقلوون بۆت داناوە و حیسامولمولک ئەوانی حازر کردووە و چوار فەوجیشم لە عێراقەوە ناردووە؛ ئەم حەوت فەوجە و خۆیشم هاوڕێ لەگەڵ دوازدە هەزار کەس لە برووجێرد، بۆ پشتیوانیی تۆ حازر دەبم، دەمەوێ ڕیشەیان بسووتێنی، والی ئەبووقەدارەشم لەگەڵ دوو هەزار سوار و پیادەی پشتکۆیی ناردووە، لەگەڵ لەشکرەکەی خۆت کە لە کرماشانن و ئۆردووی من لە نزیکتەوەیە، بیست هەزار کەس بۆ سەرکوتکردنی ئەو یاخییانە ئامادەن و ئەمە تەنیا بەڵێن نییە، بەڵکو بەکردەوە بە ئەنجام دەگات، هەرچی پارەشت دەوێت لە وەکیلودەوڵەی بەریتانیای وەربگرە، لەپاڵ ئەمانەشدا، بۆ خۆت کارزان و ئەمەکناسیشی. ناسرەلمولک هەمیشە بە خۆی دەوت، کاتێک کە ئەم تەلەگرافەیان لە تەلەگرافخانەوە هێنا و بە منیان دا؛ خوێندمەوە هەتا دووسێ حەوتوو وەڵامم نەدایەوە وام دەزانی لە تەلەگرافە ئاساییەکانی دەوڵەتی ئێرانە؛ پاش سێ حەوتوو دیتم لە نزیکەوە هەزار بار قووڕخانە (تۆپخانە) بۆ تۆپ و چەکی ئۆتریشی و چوار هەزار پارچە چەک و شەش تۆپ و سەمسامولمولک ـ عەلی نەقی خان کەزازی وێڕای چوار فەوجی

عێراقی و والی وێڕای دوو هەزار سوار و پیادە گەیشتن. وەکو فێدارێک کە مانگی تازە دەبینێت، خەریک بوو شێت بم، بۆ لای وەکیلودەوڵەم نارد کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم حەواڵەی ئیسفەهان و (ظل السلطان) چی دەڵێی؟ وتی: پێنجسەد هەزار تمەن لە هەر کوێ کە بتانهەوێت حازرە. حەواڵە بدەن، ئەو کاتە لە خەوی خەفڵەت هەستام. زانیم؛ (ظل السلطان) وەکو باپیری ئاغا محەمەدخان نایبوسەڵتەنە لەو کەسانەیە ئەوەی کە دەیڵێت، دەیکات. ناوی دەوێت، کاری دەوێت، ئابڕووی دەوێت بانگی حیسامولولکم کرد. وتم: کوڕم؛ ڕووداوەکە بەم جۆرەیە؛ ئەوە پارە و ئەمەش کەلوپەلی پێویست، لە پشتکۆ و عێراق و ئیسفەهان بۆمانیان ناردووە، ئێستاش بە ڕیشی سپی ئێمە و نێعمەتێک کە لە بنەماڵەی ئەوان پێمان گەیشتووە و ئەم شک و گومانە کە بە ئێمەیان هەیە؛ باش نییە خزمەتیان نەکەین و لە ڕێگایان گیانبازی نەکەین. خێرا بە سواری بڕۆ فەوجەکانی عاشقلوو بێنە. بە منی دەوت و چەندان جار سوێندی خوارد تا بڕوام کرد، کاتێک کە من و حیسامولولک تەلەگرافەکەمان خوێندەوە، دیتمان نووسراوە، کە لە ئێوە هیچ شێوەیەک شتێکمان ناوێت، لەم یەک کۆڕوورە، تەنیا ئاسایش و ناوی چاکە و پێشکەوتنی کاروبارمان دەوێت، ئێمە هەردووکمان لە سۆنگەی ئەو ئازایەتی و نیازپاکییەی کە لە ئێوە دیمان نزیکەی دوو سەعات گریاین، وتمان کە دەبێ دەست بە کار بین. ئەوە بوو کە ئەو کورتە وەڵامەم عەرز کرد، وەڵامی من بۆ ناسرەلولک ئەوە بوو کە جەنابتان لەگەڵ ئۆردوو تەشریف بێنن بۆ برووجێرد، شوێنێکی خۆشە. ناوەندی سێ ویلایەتی عەرەبستان و لوڕستان و کرماشانە و لە باری هەرزانی و فراوانیی دانەوێڵەوە بڕیاری گونجاوتان داوە ـ بە هۆی گەیشتنی فەوجەکانی عێراق و والی و مەلبووس کەرەستەی پێویست و جبەخانە و تۆپ و چەک کە هاتوون لەگەڵ گەیشتنی فەوجەکانی عاشقلوو، هیوادارم پێویستی بە زەحمەتی وجوودی موبارەک و حەرەکەتی ئۆردووی موبارەکی کرماشان نەبێت و خزمەتگوزاری هەمیشەییتان بە پێی ویستی ئێوە بتوانێت کارەکان جێبەجێ بکات. بەڵام پیری غوڵام لە هەموو کاتێکدا هەواڵی ئەوە دەدا کە دەستەی سواری شاهی تەشریف دێن و خەریکی چاککردنەوەی عەمارەتەکان و قەسری شیرین و زەهاو کە بە پێویستیان دەزانم دەبم. ئەم بابەتە زۆر گرینگە و هیوادارم کە پارەکان بە فێڕۆ نەڕوات. (لەم بەینەدا خوا ڕەحمەتیان بکات ئەم پیاوە مەزنە چ ئەو چ ئامۆزاکەی حسێن خانی

حیسامولولک بەراستی کە خزمەتی باشیان کرد، لەوپەڕی ڕاستییەوە ناوی چاکەیان بۆ دین و دەوڵەت بەجێ هێشت). بەڵام چ سەفەرێکم کرد و چ زەحمەتێکم کێشا، کافر نەیبینێت و موسڵمان نەیبیسێت. لەم چوار مانگەدا هەموو ڕۆژێک لە بەیانی هەتا ئێوارە و لە ئێوارە هەتا بەیانی بێجگە لە خوێندنەوە و نووسین و ناردنی فڵانە نۆکەر و گەڕانەوەی هەمان نۆکەر بۆ کرماشان و شەڕەکانی کرماشان و نووسینەکانی کرماشان و وتووێژی کرماشان چ لەگەڵ تاران، چ لەگەڵ خودی کرماشان، هەواڵێکی تر نەبوو، ڕەنگە سی جار خۆم چووبێتم بۆ تەلەگرافخانە و لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەت و وجوودی موبارەک وەلی نێعمەتی خۆم و ناسرولولک حیسامولولک و والی ئەبووقەدارە وتووێژم کردبێت. دە جار بڕیارم دا خۆم بڕۆم، یەک دوو جار حاجی حەسەن وەکیلودەوڵەی بەریتانیا، لە کرماشان بۆ برووجێرد و لە برووجێرد بۆ کرماشان چوو، میرزا حەسەن عەلی خان کە لاوێکی تێگەیشتووە؛ بەردەوام دەهات و دەچوو. سەرەنجام بە یارمەتیی خوای مەزن گەیشتمە هەموو ئامانجەکانم؛ ڕەزا قولی خان و داود خانی کەلهوڕ گیران. فەرامەرز سوڵتان و حوسەین عەلی سوڵتان لە هۆزی گۆران گیران. عەزیزخان باجەلان لە هۆزی باجەلان لەگەڵ سی کەس لە کەسوکارەکانی و هۆزەکەی گیران. عەلی موراد خان کرندی گیرا. سەید ڕوستەم کە هەر دەڵێی یەکە پیری کوردەکانە لە کوڕەکانی سەید براکە کە هەموو هۆزە کوردەکانی کرماشان عەلیوڵڵاهین و سەید براکە و منداڵەکانی ئەو بە سەمبولی عەلی دەزانن و دەڵێن. عەلی لەواندا خۆی ئاشکرا کردووە، وەکو بابییەکان و دەهرییەکان... تەنیا باوەڕیان ئەوەیە کە هەرکەس باوەڕی بە سەید براکە و منداڵانی ئەو هەبێت و نیازی بەوان دا لە هەموو عیبادەتێک سەرترە. و بەردەوام ئەم شیعرە دەخوێننەوە.

بارها گفته ام به خلوت دل
علی الله و غیره باطل

در مذهب عارفان آگاه
الله علی و علی است الله

از سر درون جمله آگاه علی است
گردش ده این بلند خرگاه علی است

جـــــز وی نبــــود یلـد و لم یولد
تفسـیـر کـلام قل هوالله علی است

ئەمە وێردی زمانی ئەوانە، ئەو کەسەی کە نەزر و نیازێک دەداتە بنەماڵەی سەید براکە و خوێنەری ئەم شیعرە پێویستی بە هیچ عبادەتێک نییە.

از چلیـــم و چـرس و چنگـــال و چـــلو
چون بحق واصل شـــدی آســــوده شـــو

کێشەی سەرەکیی ئێمە بووبووە ئەم دەروێشە [ئاغا سەید ڕۆستەم حەیدەری] تا ئەوەی کە حیسـامولولک لەگەڵیدا بەشـەڕ هات و بە زەبری تۆپ لە خـانەقا هێنایە دەرەوە، بەرەو عێراقی عەرەب ڕاوی نا. جەهانمیر و فەقێ قادر و کەریم بێهلوول و سەلیم ئەحۆل کە سەرۆکی هەمەوەند بوون، لەگەڵ شەشسەد سواری حسێن قولی خان ئەبو قەددارەی والی متمانەی بەوان دابوو لەگەڵ خۆی بیانهێنێ بۆ ئۆردووی برووجێـرد بۆ لای من؛ هەمـوویان لە کـۆتوبەندا بوون، بێـجگە لە جـەهـانمیـر و پێڕەوەکانی، ڕەزا قولی خان کەلهوڕ ئازاد کرا، بەڵام فەرمان درا لە ئیسفەهان بمێنێتەوە. عەلی مورادخان کرندی ئازاد کرا و حکوومەتی کردن و سەرۆکایەتیی فەوجی کرندی پێ سپێردرا. داودخان پلەی ئیلبەگیگەریی ئیلی کەلهوڕی پێ درا و چووەوە بۆ ناو هۆزەکەی خۆی.

فـەرامـەرز سـوڵتـان چونکە دەسـتی کـردبوو بە یاخـیـبوون و پیـاوخـراپی [؟!!] تیـرباران کـرا [لە یاسـای شـازادەی قـاجـار تەسلیم نەبوون لە بەرابەر سـتـەم و وەسـتان لە بەرانبـەر سـتەمکار، دەبێتـە پیاوخـراپی] حسێن عەلی سـوڵتان کۆت و زنجیر کرا و نێردرا بۆ ئیسفەهان. جەهانمیر و سەلیم ئەحۆل سپێردرانە دەست ڕەزاخـان تابیـانهێنێت بۆ ئیـسـفـەهـان و لەگـەڵ من بۆ تـاران بگاتە خـزمـەت شـا تـا ئازاد بکرێت. چونکە بەڵێنێکی وەهام دابوو (الحمـد لله رب العـالمین) بەڵێنـی خـۆم بەجێ هێنـا، شـەو و ڕۆژێک بۆ خـەرجی جـەوانمیـر و کـەسوکارەکانی کـە زیاتر لە سـێسـەد کـەس بوون و باقی کـەسـانـی ترمـان ئازاد کـرد تـا لەگـەڵ والیی پشـتکۆ بڕۆن. چوارسەد تمەن خەرجیم دا پاش تەواوبوونی ئەم کارانە کە بە ویستی خوای مەزن ئەنجام درا لەسەر ئیزنی باوکی تاجدارم چوومەوە بۆ ئیسفەهان.

فـەرید بەگ سـەرتیـپ، مـەئمـووری عـوسـمـانی بۆ کـرمـاشـان و بۆ ئۆردووی

حیساملولک هاتووه چون من بۆ کرماشان نەچووبووم، لەبەر هەندێ هۆکار ئەوم بۆ ئۆردووی خۆم بانگهێشت نەکرد، ئەویش لە ئۆردووەکان ماوەیەک مابوویەوە. پاشان بۆ عێراقی عەرەب گەڕایەوە [مێژووی مەسعوودی، لاپەڕەکانی ٢٩٦-٣٠٣]

ڕاپۆرتی (ظل السلطان) سەرهەڵدان و پانتاییی بزووتنەوەی سیاسی ئاینی ناوبراوە کە بە وتەی خۆی، بنەماکەی ئاغا سەید ڕۆستەمی گۆرانە و لە سەرەوەدایە فەرماندەییکردن و ڕێبەرایەتیی جووڵانەوە و خەبات و شەڕەکە لەگەڵ سوپای حکوومەت، لە ئەستۆی فەرامەرز سوڵتانە کە گیانی لە پێناو ئەم ڕێگایەدا بەخت دەکات، هێزی ماڵی و بێ کۆتاییی باڵیۆزی بەریتانیا بۆ خەرجی سەربازی دژی شۆڕشەکە و سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە، هێزی مرۆڤیی لەشکرە جۆربەجۆرەکانی ئیسفەهان، تاران، ئازەربایجان و لوڕستان پتر لە بیست هەزار کەس و شەش دەزگا تۆپ، چوار فەوجی عێراقی [اراکی] و والی لەگەڵ دوو هەزار سوار و پیادە و... ڕاکێشانی (ظل السلطان) بۆ برووجێرد و خۆئامادەکردن لە ماوەی چوارمانگدا و پێوەندی گرتن لەگەڵ ناوەندی فەرماندەیی شەڕ و پشتیوانی، حەرامکردنی ژیان لە دەسەڵاتدارێک کە تەنانەت کەسانی تر کراسەکەیان دەکردە بەری و ناچارکردنی بە هاتوچۆ لە ڕێگای تەلەگرافخانە و چاوەدێری کردنی بەرپرسی عوسمانی بە سەر عەمەڵیاتی سێ لایەنەی قاجارییە، عوسمانی و بەریتانیا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کە لە شیعە و ـ ئالی حەق ـ ی کەلهوڕ ـ سوننی باجەلان ـ ئالی حەقی گۆران و مەنشی و کرێندی لە ڕێبەرایەتی سەیدێک کە لە ڕووی کردەوە، وتە و ڕەوشتەوە، برشتێکی وای هەیە کە شۆڕشگێڕەکان بێجگە لە فەرمانی ئەو [ئاغا سەید ڕۆستەم حەیدەری گۆران] قسەی هیچ دەسەڵاتدارێکیان قەبووڵ نەدەکرد، کەوابوو بە دەسەڵات گەیشتنی ناوبراو کاروباری تاران، لەندەن و ئێستانبوولی دژوار دەکرد، بەم جۆرە و بە دارشتنی گەڵاڵەیەک هەرچەند پڕ خەرج دەبێ سەرکوت بکرێت. شمشێر و چەکی ئاگرین و پێشکەوتووی ڕۆژ و تۆپ و سەربازە بەکرێگیراوەکانی فەوجەکان و فەرماندەرانی بەتوانا و ناودار لە بەرانبەر کەسانێکی گیانفیدا کە بەڕوویان دەخوارد و تەنیا لە هەوڵی سەرخستنی ئامانجە ڕەوا و دادپەروەرانەکەیاندا بوون. تاوتوێکردنی لایەنەکانی ئەم سەرهەڵدانە سیاسی- ئاینییە و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو لەگەڵ مێژووی هۆزە ناوبراوەکان (کەلهوڕ، باجەلان و

گۆران) بەتایبەت هۆزی گۆران پێوەندییەکی نەپچڕاوی هەیە و لایەنە بەرینەکانی ئەم سەرهەڵدانە و قووڵاییی مێژوویی و ئاینییەکەی دەردەخات. ڕاکشان و کاریگەریی کۆمەڵایەتیی سەرهەڵدان و عەشق و ئیرادەت و ئازایەتی فەرامەرز سوڵتان بە ڕادەیەک بووە کە لە کاتی دەستبەسەرکردنیدا کە پێوەندی هەیە بە ڕزگاریی ئاغا سەید ڕۆستەمەوە پێوەندیی لاوان و جوانمێرە دەنگخۆشەکانی شاری کرماشان، لە پێچاوپێچی کۆڵانەکانی ئەو کاتەدا لە شێوەی گۆرانییە کۆنە ناوچەیییەکان (لاوە لاوە) لە شێوەی (قەتار)دا کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی زەندییە بە هۆی ئازایەتی و مەرگی لوتف عەلی خانی زەند لە لایەن دایکیەوە بە (دایک شاهی) دەناسرا. بۆ ڕزگاربوونی فەرامەرز سوڵتان، گیانفیدا و سەربازی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەریی گۆران، موناجاتیان دەکرد، بەیتی ژێرەوە لە بەیتە بەجێماوەکانی ئەو ڕۆژگارەیە:

یا ئیمام ڕەزا شاکەی خوراسان
بڕەس وە فەریاد فەرامەرز سوڵتان

کە پاشان ئەم بە ئاوازی فەرامەرز سوڵتانی ناوبانگی دەرکرد و تا ئەم دوایانەش داشەکان و لاوە دەنگخۆشەکانی گەڕەکی تیمچە و چەنانی لە کرماشان باشیان دەگوتەوە و دلێران و چەکدارانی (جاف و گۆران) لە شین و ماتەمیی ناوبراودا بە (گۆرانی) کە لە شێوە زارە خەزانییە کۆنەکانە لە ڕێگای چەند بەیت کە بۆ مردنی فەرامەرز سوڵتان دایان نابوو، شینگێڕییان دەکرد و ناویان نابوو (دیلانە) Dilane واتە ئەسیری (دیل لە زاراوەی سۆرانی بە واتای زیندانییە).

گریانە پڕ لە دڵەڕاوکێیەکانی ناسرلمولک و حیسامولمولک و لە نائومێدیی ئەوانەوە لە سەرکوتی شۆڕشگێڕەکاندا سەرچاوەی دەگرت و مانەوەی (ظل السلطان) لە ناوچەکەدا، تا کۆتایی شەڕەکە و سەرکوتکردنی هەمە لایەنەی سەرهەڵدانی سیاسیی ئاینی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەریی گۆران بوو بە مایەی پێکەنین و باوەڕ و سەفەری (ظل السلطان) لە لای ڕۆئاوا. خاڵێکی تر کە شیاوی سەرنجدانە، ئەوەیە کە بۆچی لەجیاتی کرماشان، (ظل السلطان) لە برووجێرد دامەزرا... و پێنجسەد هەزار تمەن لە کوێوە خەرج کرا؟ ئەم قۆناغە لە سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی (ئالی حەق) کە زێلوسسوڵتان لە ڕێگای هەندێ قسەی بێ سەروبەرە و هزری خۆیەوە نزیک بە بابیەو... (!؟) دەیناسێنێت و بە دەربڕینی


قسەی بێ بنەما دەیەوێت وەکو بزووتنەوەیەکی دەستکرد و دژی ئاین و نەیار لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ناو کۆمەڵگا پیشانی بدات بزووتنەوەیەکە کە بە شایەتی ئاین، باوەڕ و بیری هۆزایەتی کە یەک یەکیان لەودا گیانبازییان کرد و فیدایی بوون، لە شیعە و سونە و ئالی حەق دامەزرا و لە سەر خواناسی و ئیمان و باوەڕ بە بەها پیرۆزە ئاینییەکانی تێکڕای خەڵک بوو، دژی زوڵم و داگیرکاری و دەستدرێژیی بێگانەکان بەڕێوە دەچوو و بەدوور بوو لە پڕوپاگەندە گومانا‌وییەکانی (زێلوسسوڵتان).

تەرمی فەرامەرز سوڵتان وەکو قارەمانێکی مێژوویی و خەڵکی لە لایەن هۆگران و پێڕەوانی بزووتنەوەکەوە لە ئیسفەهان بۆ کرماشان بەڕێ کرا و لە شوێنی مەزاری حەزرەتی سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەوی بەرزنجی (بابا یادگار) شەهیدی سەردەمی تەیموری لە درێژەی سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس بە، خاک سپێردرا. لە سەردەمی مەشرووتیەت کە سەردەمی پێداچوونەوەی کردەوەی سەرکردەکانی قاجار بوو و ویست و داواکانی خەڵکی و سەرهەڵدانە سەرکوتکراوەکانی نەتەوەی کورد دووبارە ئاشکرا بوون و لە بیری خەڵکدا زیندوو بوونەوە، ڕۆژنامەی سووری ئسرافیل لە ژمارەکانی ٧و٨ ی خۆیدا کە لە ڕێکەوتی ٢١ی جمادیولئوخرای ١٣٢٥ی کۆچی مانگی بڵاوکرایەوە، سەرکوتکردنی ئەم سەرهەڵدانەیان کە بەپێی فەرمان و سیاسەتی بیانییەکان لە ژێر ناوی یاخیدا سەرکوت دەکران بە گەلاڵەی بەریتانییەکان زانیوە، بە توندی ئیدانەی کردووە و بە چاکە باسی قارەمانانی ئەم خەباتەیان کردووە. [ڕۆژنامەی سووری ئیسرافیل ژمارە٧ـ٨، ل٣] – [محەمەد عەلی سوڵتانی، هۆزەکان و عەشیرەتەکانی کرماشان، بەرگی٢/١، لاپەڕەکانی ٣٩٢ـ٣٩٧] لە درێژەی ئەم سەرهەڵدانەدا لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی لەگەڵ داگیرکارییەکانی بەریتانیا لە ئێران و هاتنی هێزە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە، دەسەڵاتدارانی تەکیەی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەریی گۆران، ئاغا سەید شەمسەدین کە لە خەبات دژی داگیرکاری و سەرهەڵدانی ئاینی خاوەن ڕابردوویەکی پرشنگدار بوون بەمەبەستی پاراستنی ئەفسەرەکانی بەریتانیا بۆ تاران دوور خستەوە و ماوەیەکی زۆر لە ژێر چاوەدێری و لە ناو بەندیخانە لە ڕێگای خزمەت بە بنەماکانی دادپەروەری و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی باتینی ژیانێکی دژواری تێپەڕ دەکرد.

## سەرهەڵدانی سەید محەمەد کەلاردەشتی

## (موشەعشەعی ـ ئاتەشبەگی) ١٣٠٩ کۆچی مانگی

سـەردەمی ناسـری (١٢٦٤–١٣١٣ ک.م) یەکـێک لە هەسـتـیـارترین قـۆناغـە مـێـژووییـیـەکـان و جـێگای سـەرنج؛ لە باری بەرفراوانبوونی ژمارەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە سیاسی و ئاینییەکانەوە بەتایبەت جووڵانەوە شۆڕشگێڕانەکانی عەلەوییەکان، کە بە سەرهەڵدانی عەلەوییەکان دێتە ئەژمار، سەرهەڵدانی عەلەوییە توندڕەوەکـان لەم قـۆناغـەدا پاش بێـدەنگبـوونێکی نـەچەندان دوور کـە سـەردەمی ناپایەدار و خێرای ئەفشارییە (١١٤٨ـ١١٦٣ ک.م) و زەندییە (١١٦٣ـ١١٩٣ک.م) تێ پەڕاند، بە پەرەگرتنی کاروباری پێشەواکانی سۆفییە لە کۆتاییەکانی زەندییە و سەردەمی دەسەڵاتی ئاغا محەمەدخان و فەتح عەلی شا کە لەگەڵ دژکردەوەی توندی مامـۆسـتایانی ئاینی لەگەڵ پێشەواکانی ناوبراو ڕووبەڕوو بوو و زۆربەی پێشەوایانی سۆفییە لە چەندان ناڕەزایەتی دەربڕین کە بە فەرمانی مامۆستایانی ئاینی بەرێوە چوو، گیـانیـان لە دەست دا، بەڵام خـاڵی شـیـاوی سـەرنجـدان و تێفکرین ئەوەیە کە سەرهەڵدانە یەک لەدوای یەکەکانی عەلەوییە توندڕەوەکان بە درێژاییی مـێژووی هەزار ساڵەی خۆی، نە تەنیا لەگەڵ ناڕەزایەتی دەربڕین و دژ کـردەوەی مـامـۆسـتـایانی ئاین سـەردەمی خـۆیان ڕووبەڕوو نەبوون؛ بەڵکو لە هاوکـاری و هاوسـۆزیی ئەوان بەهرەیان وەرگـرتووە و لەڕاسـتـیـدا هەروا کـە لە قۆناغە جۆربەجۆرە مێژووییەکاندا سەلمێندراوە و سەرەتای سەفەوییە نموونەی ڕوون و ئاشکرایەتی کە باسەکەی لە بابەتەکانی پێشووتردا بە شێوەی بەڵگەمەند و دروست پیشـان درا، شـۆڕشگێـڕەکـان لە عـەلەوییـە توندڕەوەکـان و باسکی سەربازیی شیعەی ئیعتیدالی دەهاتنە ئەژمار و خۆیان لە ئامادەکردنی بەستێن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی دەستوورەکانی جێگری ئیمامی سەردەم بە بەرپرس دەزانی و هەر لەم ڕووەوە نەدەکەوتنە بەر لێپرسینەوە یان دەستدرێژی.



ئاغا سەید محەمەد کەلاردەشتی

بارودۆخی کۆمەڵایەتیی سەردەمی ناسری (١٢٦٤ـ١٣١٣ ک.م) بەتایبەت پاش مردنی ئەمیرکەبیر کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدان و شەهیدبوونی تەیموور، یەکێک لە ئاڵۆزترین قۆناغە مێژووییەکان لە باری گەندەڵیی کۆمەڵایەتی، ستەم لەسەر خەڵکی ئاسایی و چینی هەژاری کۆمەڵگا، قەیرانی کاروباری ئیداری و حوکمی، پەرەسەندنی شێوە ناحەزە ئەخلاقییەکانی سەردەمی مەغۆل و بەرفراوانی حەرەمسەراکان و گەیشتنەوە دەسەڵاتی غولامەکانی دەر... کە بیرەوەرییە بەنرخەکانی ئیعتمادوسەڵتەنە وەک ئاوێنەی بالانوێنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم قۆناغە مەترسیدارە، مێژووییە دێتە ئەژمار. لەم سەردەمەدا دوو سەرهەڵدانی پێڕەوانی بەناوبانگ لە نەقشبەندییەی کوردستان و ئەوانی تر لە لایەنگران و پێڕەوانی ئەهلی حەق هەستان.

بە سەرنجدان بە بارودۆخێک کە لە داوێنەکانی زاگرۆس لە دەیەی یەکەمی سەدەی چواردەمی کۆچی مانگیدا زاڵ بوو، پێشەوایانی ئاتەشبەگی (موشەعشەعی، نووربەخشی) پێگەی جووڵانەوەکەی خۆیانیان بۆ داوێنەکانی ئەلبورز برد، و بەسەرنجدان بە چەندان ناوەند کە لە قەزوێن و تاران و دەوروبەر هەیانبوو، ئەگەر بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی سەید محەمەد کەلاردەشتی هەڵسوکەوت نەکرایا، ئەگەری ئەوە هەبوو کە پەرەسەندنی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و زۆری سەردەمی ناسری بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

سەرهەڵدانی سەید محەمەد کەلاردەشتی لە لایەن مێژوونووسانی قاجارییە، هەر وەکو بزووتنەوەکانی پێشوو و هەروەک پیشەی مێژوو نووسینی لایەنگرانەیە بەشێوەی جۆربەجۆر چەواشە کراوە؛ بەڵام لە ناو ڕاپۆرتەکان و نووسینەکانی بەجێماو ڕاستی بابەتەکان ڕوون و ئاشکران، بەتایبەت لە نووسینی بیرەوەرییەکانی ئیعتمادوسەڵتەنە، کە بەڵگەیەکی بەهێز و دەوڵەمەندە.

سەید محەمەد ئاتەش بەگی (موشەعشەعی ـ نووربەخشی) ناسراو بە سەید محەمەد باقر و میرزا سەید محەمەد کەلاردەشتی لە سەیدەکانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی برای ئاغا سەید حەسەن ئاتەشبەگی کە لە ناو موریدەکان بە سەید حەسەن خودا ناسراوە. بە پێی ئەوەی کە میرزا حەیدەر عەلی مونشی، لە ڕەشنووسێک و لە ڕاپۆرتی یەکێک لە ناودارانی کوردی خاجەوەند گێڕاویەتییەوە، سەید محەمەد، داعی و بانگەشەچیی سەید حەسەنی خاڵی خۆی بووە، عەلەوییەکانی خاجەوەند

لەسەر سپێردراوانی بنەماڵەی ئاتەشبەگی لە باکوری ئێران و ناوچەی کەلاردەشت لە ساڵی ١٣٠٠ کۆچی مانگی بە هاتنی سەید حەسەن بۆ ناوچە لەگەڵیدا پەیمانیان بەست و بەپێی ڕێورەسمی عەلەوییە گیانفیداکان چوونە ژێر فەرمانی ئەو، پاشان سەید حەسەن لە سەر ڕێگای پروپاگەندە کردنی خۆیدا بۆ تەورێز و شیروان سەفەری کرد و وا دیارە کە ڕێگای حەیدەر و جونەید و شا ئیسماعیلی جارێکی تر بڕی و لەسەر ڕێگای خۆیدا بانگەشەی ئاشکرابوونی کرد و لە هەر لاوە تاقمێک بۆ لای هاتن و هەتا کاتێک کە گوایە لە وڵاتی ڕووسیای تێزاری دەسبەسەر دەکرێت یان کۆچی دوایی دەکات، لە ساڵی ١٣٠٨ی ک.م میرزا سەید محەمەد ئاتەشبەگی برای ناوبراو کە یار و هاوڕێ و بانگەشەچیی بوو لە کۆڕی یارانی سەید حەسەن هاوڕێ لەگەڵ دوو کەسی تر لە یارانی خۆی بۆ ناوچەی کەلاردەشت گەڕانەوە و لە لایەن موریدەکانی دانیشتوو لە کەلاردەشت و ڕوودبار پێشوازییان لێ کرا. سەید محەمەد لە لایەن سەید حەسەن کە پاش ئاشکرابوونی ناوەکەی بوو بە (شا حەسەن)، کە بانگەشەی جێگربوونی ئەوی هەیە [بیرهێنانەوەی شا محەمەد بەگ و حەسەن خەلیفە] کردەوە و وتەی سەید موشەعشەع لە بەرانبەر پێڕەوەکانی لەم قۆناغەدا هاوکاتە لەگەڵ وتە و بیروباوەڕی سەید محەمەدی موشەعشەع بۆ پێڕەوەکانی لە سەرەتای بزووتنەوەی موشەعشەعییەکان؛ (بڕوانن بۆ سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکان لە زاگرۆس، ب١) سەید محەمەد کەلاردەشتی بە پێڕەوەکانی خۆی دەوت: (کە شا حەسەن بە منی ڕاسپاردووە کە بێم و بانگی ئێوە بکەم بۆ ئاشکرابوونی لە نەکاو، حەزرەت ئاشکرا بن و شا حەسەن نوێنەری حەزرەتە، دەبێ ماڵ و سامانی خۆتان هەمووی بفرۆشن و ئەسپ و شمشێر بکڕن و ئامادە بن بۆ شەڕکردن و لە کەنار [ئیمامی سەردەم (د.خ)] خەریکی شەڕکردن بن، پێڕەوەکان قبوڵیان کرد و هەروەکو موشەعشەعییە سەرەتاییەکان هەموو ژیانیان فرۆشت، ئەسپ و شمشێریان کڕی و هەر ڕۆژ ژمارەیان زۆرتر دەبوو، بەستێنی سەرهەڵدانەکە وردەوردە ئامادە دەبوو. لە ناوەند و پێگەی سەید محەمەد هەروەکو ئۆردووگای سەربازی، چەکوچوڵ و کەرەستە و ئەسپ و کەلوپەلی سەربازی لە هەموو شتێکی تر بەرچاوتر بوو، هێزەکانی چاوەڕوانی هاتنی زستان بوون تا حکوومەت لە کەلاردەشت هەتا ئەستەرئاباد گەمارۆ بدەن.

سوبحان قولی خان برای ساحیب سوڵتانی خاجەوەند هاوسەری ناسرەدین شا، فەرمانڕەوای ناوچەکە بوو، لەگەڵ ئاگاداربوونەوە لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی سەید محەمەد کەلاردەشتی بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتیی ڕووداوەکان وێڕای سوپایەک لە ئەستەرئاباد بۆ کەلاردەشت هات و بە پێی خۆی هاتە مەیدانی شەڕ، لەگەڵ هاتنی بۆ (حەسەن کەیف) گەمارۆیان دا و ڕەنگە بۆ ئەوەی کە بتوانێت حەشارگەیەک بدۆزێتەوە، چووە ناوماڵەکەی خۆی و ماڵەکەیان لە دەرەوە ئاگر تێ بەردا و چونکە لە ترسی ئەو ئاگرە، خۆی خستە دەرەوەی عەمارەتەکە تا هەڵبێت، تەقەیان لێ کرد و بریندار بوو و کەوت، لەت لەتیان کرد و لەگەڵ دووکەس لە ئامۆزاکانی سووتێنران، لە هاتن تا مردنی ئەو چوار سەعات تێ پەڕی، پاشان ڕوویان کردە لای ئەو هۆزانە کە یارمەتیی ئەوانیان نەدابوو، سەرتیپ خاجەوەند (نعمت الله خان) کە بارودۆخەکەی دی لە شوێنێک کە فەرمانڕەوای ناوچەکە زیاتر لە چوارسەعات دەوامی نەهێنا، چارەنووسی دیار بوو بەم جۆرە کەسێکی بۆ تاران نارد و ڕاپۆرتی ئەو ڕووداوەی بە ئەمینوسوڵتان ڕاگەیاند، لەم ماوەیەدا ساعیدودەوڵەیان کردە مەئموری سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکە؛ ساعیدودەوڵە لە شەڕی لە مێژینەی دانیشتووانی ناوچەکە دوو دەستەی کۆچەر و خەڵکی خۆماڵی لە سەرەتاکانی قاجاریە بە ڕاگوازتنی زۆرەملێی خاجەوەندەکان لە شیراز بۆ باکور بەدی هاتبوو، کەڵکی وەرگرت، گیلەکییەکان کە لە هاتنی ئەم کوردانە زۆر تاڵییان چێشتبوو، کەوتنە بیری قەرەبووکردنەوە، ساعیدودەوڵە کاتێک چووە ناو مەرزەن ئاباد، کەسێکی نارد و بانگی سەیدی کرد. سەید هیچ وەڵامی نەدایەوە و لە وەڵامی موریدەکان کە هەواڵی هاتنی تۆپ و تۆپخانە و لەشکری حکوومەتیان دەدا قسەی سەید موشەعشەعی بۆ موریدەکان دووپات دەکردەوە کە چەکوچۆڵی سەربازی کار لە ئێوە ناکا، (تۆپ کار لە ئێوە ناکا، ئاسوودە بن، ئەم سوپایە کە لە تاران هاتووە، لە بەرانبەر ئێوە وەکو مێشوولە وایە؛ لەگەڵ هەڵاتنی هەتاو هەردوو سوپا لە بەرانبەر یەکتر وەستان و سەید دوو ئاڵای هەڵگرت، یەکێک سەوز و یەکێک سوور، پاش هەڵاتنی هەتاو تا کاتی ئاوابوونی شەڕ درێژەی هەبوو و سەید خۆی جلی شەڕی پۆشیبوو بەدەست، چەکی هەڵگرت و لە بەرانبەر گیلەکییەکاندا ڕاوەستابوو شەڕی دەکرد، لەگەڵ ئاوابوونی ڕۆژ ئۆردووی دەوڵەتی سەرکەوتنی بە دەست هێنا و سەید بە دیل گیرا، بە پێ چەندان هەواڵی جیاواز ژمارەی

کوژراوەکانی هێزی سەید محەمەد کەلاردەشتی لە پێنجسەد تا دوو هەزار کەس بوو.

ساعیدودەوڵە و دەستوپێوەندەکانی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان بەشێوەی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵسوکەوتیان دەکرد و لە ترسی هەڵگیرسانی دووبارەی سەرهەڵدان بۆ ماوەی سێ مانگ ناوچەکەیان خستە ژێر چاوەدێری و کوڕەکانی ساعیدودەوڵە دەستیان کردبوو بە سەرکوتکردنی خەڵک، لە هەر شوێنێک شۆڕشگێڕەکانیان یان کەسانی سەر بە هۆزی خاجەوەندیان دیبا، بە بێ پرسیار و وەڵام، دەیانبەستەوە بە دارێکەوە و گوللە بارانییان دەکرد و هەندێ لاق و دەستییان بەست و زیندەبەچاڵیان کردن، چەندان گوندی خاجەوەندەکان کە لە لێواری دەریا بوون هەموویان تالان کرد و خەڵکەکەیان بە دیل گرت و لە سەردەمێک کە ئینتزامودەوڵە بوو بە فەرمانڕەوای مازەندەران، چون زانییان کە چ ئاوێکیان ڕشتووە، هەوڵی ئەوەیان دا تا خاجەوەند و گیل ئاشتی بکەنەوە، چونکە لە سۆنگەی داپڵۆساندن و سەرکوتکردنەوە، بڕستیان لە خاجەوەندەکان بڕیبوو، سەرەڕای هەموو ئەمانە دەترسان کە لەگەڵ چوونە دەرەوە لە ناوچە ئەوانەی کە یارمەتیی سوپای حکوومەتیان داوە لە لایەن خاجەوەندەکانەوە هێرشیان بکرێتە سەر، ئاشتی کرا و چۆنیەتیی ئەم بەسەرهاتە و سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕەکان ئەم بەیتە بوو:

چنان کار ممالک خورده بر هم
کە زالی کرده پیدا زور رستم

– [لە ئاستارا تا ئەستەرئاباد، بەرگی٣، لاپەڕەکانی ٥٠١ـ٥٠٤، کورتکردنەوە و پێداچوونەوەی دووەم] ڕاپۆرتی ناردنی ئۆردووی حکوومەت و دابینکردنی خەرج و کەلوپەل و هەروەها گەڕانەوەی ئۆردوو و هاتنی سەید محەمەد کەلاردەشتی بۆ تاران و دەنگدانەوە و کاریگەریی کۆمەڵایەتیی دەستبەسەرکردنی ناوبراو کە نیشاندەری بێ هیواییی کۆمەڵانی خەڵک لە سەرکەوتنی ئۆردووی ناردراوە کە ئیعتمادوسەڵتەنە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەم شێوەیەی خوارەوە تۆماری کردووە:

یەکشەمۆ ٢٨ی ڕەبیعولئەوەلی ١٣٠٩ ک.م دەنووسێت: «بەیانی چوومە بەر دەرکی ماڵیان، سەید محەمەد کەلاردەشتی ناوێک لە دانیشتووانی کرماشان لە مورشیدەکانی هۆزی عەلیوللایی بۆ کەلاردەشت چووە، ڕێنوێنی ئەو خاجەوەندانە

دەکات کە بە عەلیوڵلایی دێنە ئەژمار و هانیان دەدات و کۆمەڵێک کەسی کردووە بە موریدی خۆی، یەک کەس سەرتیپی خاجەوەندی لەگەڵ نۆ ژن و کچێک و براکەی و دایکی سووتاندووە. ئەم کوژراوانە برا و دایک و خزمانی ساحیب سوڵتان خاجەوەندین کە ژنی شایە. ساعیدودەولە تۆنکابۆنی، مەئموور کرا لەگەڵ سوپایەک بڕوات و ئەو یاخییانە سەرکوت بکات، شەش هەزار تمەنیشیان کردە خەرجی ئەم چەند دەستە سوپایە تا هەتاکو ئاکامەکەی چی بێت. — [بیرەوەرییەکانی ئیعتمادوسەڵتەنە، ل٨٨٦] و هەروەها لە یاداشتەکانی چوارشەمە ٢٢ ڕەبیعوسانی ١٣٠٩ سەبارەت بە باسی هاتن هێناویە:

«سەیدێک کە دەیانوت، یاخی بووە و سوپایان بۆ لای کەلاردەشت ناردووە، ئەمڕۆ هێنایان بۆ شار، وێڕای ئامادەکردنی بڕێتی لە تۆپخانە و، هەموو فەوجەکانی تاران و قەزاق و دەستەی مووزیک لە پێشەوە دەچوون، سەیدیان بە مێزەری سەوز و زنجیر لە گەردن و باسکی بەسراو و بە بێ لێکچوون وەکو هاتنی حەزرەتی سەجاد (د.خ) بۆ شام، هێنا، هەموو خەڵک دەگریان، سەرم سوڕ مابوو کە سەیدێکی هەژار کە خۆی بە زمانی خۆی بە جێگری شا و پاشان خودی شا وتبووی کە من هەر ساڵ بە مەبەستی کۆکردنەوەی نیاز بۆ ئەو شوێنە دەڕۆم، نە یاخیم و نە دەمتوانی کارێک ئەنجام بدەم، ئەم هەموو خەرجەیان کرد، ئەگەر یەکێک لە بەرپرسانی وڵاتێکی بیانییان دەگرت، چییان دەکرد، بە وتەی سەربازەکانی نایبوسەڵتەنە، نزیکەی دوو هەزار ژن و پیاو و گەنج و پیر و منداڵیان کوشت.

شەو بانگی منیان کرد و پاشا فەرموویان: سەید مرۆڤێکی سەرنجڕاکێشە. باڵا بەرز و سپی ڕوو، ڕیشێکی سووری هەیە؛ بەڵام زۆر قسەزان و بەجەرگە، بەشێوەیەک کە بە شای وتبوو: بە بیانووی منی سەیدی هەژار بۆچی کەلاردەشتت کاول کرد و دوو هەزار ڕەعیەتی خۆتت بە کوشتن دا لە حاڵێکدا کە ئەگەر کەسێکیان بە دووی مندا ناردبا بۆ خۆم دەهاتم؛ خێرا سەیدیان بۆ ئەنبار برد، کاتێک کە بردیان، شا فەرمووبووی ئەو مێزەرە سەوزە لە سەری داگرن و بەو دەسرەیە نەیبەن بۆ بەندیخانە. — [ڕۆژنامەی بیرەوەرییەکانی ئیعتمادو سەڵتەنە، ل٨٩٠] مەئموورە بیانییەکان کە زۆرتر بەچاوێکی داگیرکارییەوە دەڕواننە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەونی هەمیشەیی خەڵکیان دەوێت تا ئەوەی کە

خۆیان دەست بکەن بە تالآنکردنی سەروەت و سامانی نەتەوەیی، دوکتۆر (فوریە) پزیشکی تایبەتی ناسرەدین شای قاجار بە حەتمی زانینی مەرگی سەید دەستی کرد بە سووکایەتیکردن بە کەسایەتیی ئەو کە ڕاستی قسەکانی ئیعتمادوسسەڵتەنەی پێوە دیار نییە ــ [سێ ساڵ لە ناو دەرباری ئێران، وەرگێڕانی عەباس ئێقباڵی ئاشتیانی، بە کۆششی هۆمایوون شەهیدی، ل۳۲۳].

## بزووتنەوەی حەقە لە کەرکووکی عێراق باشووری کوردستان

## (١٢٩٩ک.هـ)

شەدەڵە گوندێکە لە ناوچەی سورداش سەر بە پارێزگای سلێمانی لە وڵاتی عێراق. لەم گوندە جـوانەدا بوو کـە لە کـۆتاییـیـەکـانی ١٩٢٠ی زاینی (١٣٣٨ی ک.م ١٢٩٩ک.هـ) بزووتنەوەی حـەقـە، بە ڕێبـەرایەتیی شـێخ عـەبدولکەریم کـوڕی حـاجی شـێخ مسـتـەفـا کوڕی حـاجی شـێخ ڕەزای عـەسکـەری سـەری هـەڵدا. حـاجی شـێخ ڕەزا باپیری شـێخ عەبدولکەریم خەڵکی گوندی عەسکەر بوو لە ناوچەی ئاغجەلەر؛ واتە ئاخـێزگەی سـەرهـەڵدانی شـێخ مـووسـای بەرزنجی، ئەم بنەمـاڵەیە لە سـاداتی عەلەوییـە بەرزنجییەکانن و زنجیرە دەسەڵاتی ئەوان دەگاتە شێخ عیسـا بەرزنجیی هەمەدانی باوکی سـوڵتان سەید ئیسـحاقی عەلەویی بەرزنجی. حـاج شێخ مسـتـەفا باوکی شـێخ عـەبدولکـەریم لە شــەڕی یەکـەمی جـیـهـانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی بریتانیا بۆ باشووری عێراق کۆچی کرد و لە ساڵی ١٣٣٣ ک.م لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لـە گۆڕسـتـانی شێخ مـەعرووفی کەرخی بە خـاک سـپێردرا و پاشـان گۆڕەکەیان بۆ گۆڕستانی شێخ جونەیدی بەغدادی گواستەوە.

ئەم بنەمـاڵەیە هەتا سەرهەڵدانی مەولانا خـالید نەقشبـەندی (١١٩٠ـ١٢٤٢ک.م) لە کـوردسـتـان بە پێی تەریقـەتی شـێخ عـەبدولقـادری گـێلانی کـە مـیـراتی باب و باپیرانیان بوو، خـەڵکیـان ئیرشـاد دەکرد، پاشـان چونکە کـەوتنە بەر پڕوپاگـەندەی مــەولانا خــالیـد نەقـشـبــەندی خــۆیان کـردە مـوریدی ئەو و بەپێی تەریقــەتی نەقشبـەندییە خـەڵکیـان ئیرشـاد دەکرد، یەکەم کەسایەتی لەم بنەماڵەیە کە بوو بە پێڕەوی نەقشبـەندییە شێخ ئەحمـەدی سەردار بوو کە بوو بە پێڕەوی مـەولانا خـالید شارەزووریی میکائیلیی نەقشبـەندی لە نەوە بەناوبانگەکانی پیر میکائیلی دەدانی هـاوچـەرخ و یار و هـاودەمی سـوڵـتـان سـەید ئیـسـحـاق عـەلەویی بەرزنجی کـە سـەرلەنوێ تەریقـەتی نەقـشـبـەندیەی لە کوردسـتـان و مـیـزۆپۆتامـیـا و سـووریا و



شێخ عەبدولکەریم شەدەڵە

وڵاتانی ئیسلامیدا زیندوو کردەوە. مامۆستا کەریم زەند، دەڵێت کە مەولانا خالید لە کاتی ئیرشادی خۆی هاتووە بۆ گوندەکانی ناوچەی سەرگەڵوو، (شوێنی لە دایکبوونی شێخ ئەحمەد) و شێخ قادر (ڕواڵەت سوور)ی کردە جێگری خۆی و ئەویش شێخ ئەحمەد سەرداری کردە جێگری خۆی، [سەیری، کەریم زەند، ئاین و باوەڕ لە کوردستان، سلێمانی، ١٩٧١،ل٨٥] بەڵام ئەم ڕاپۆرتە ڕاست نییە و یەکەم کەسێک کە لە ناوچەی سورداش لە لایەن مەولانا خالید ئیزنی ئیرشادی وەرگرت شێخ ئەحمەدی سەردار بوو و شێخ قادری ناوبراو کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردارە کە پاش مردنی باوکی دەستی بە ئیرشاد کرد و شێخ ئەحمەدیش لە سلێمانی بوو بە پێڕەوی مەولانا خالید، نەک لە سەفەری مەولانا خالید بۆ سەرگەڵوو [سەیری، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، بەرگی یەکەم، ل٨٨] بەڵام قسەی مامۆستا کەریمی زەند سەبارەت بە سەفەری مەولانا خالید بۆ سەرگەڵوو لە ناو پێڕەوەکانی بزووتنەوەی نوێی حەقەدا بڵاو بووەوە. ئەگەرچی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران) ئاماژەی پێ نەکردووە، بەڵام لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕایان گەیاند کە مەولانا خالید لە ڕێگای (کۆیە)وە بەرەو شام بەڕێ کەوتووە و دوور نییە کە لە ماوەی سەفەرەکەیدا میوانی موریدانی سەرگەڵوو بووبێت. شێخ حسێنی خانەقاش دەیوت: شێخ ئەحمەد سەردار، مەولانا خالیدی بۆ سەرگەڵوو دەعوەت کرد و لە ڕێگای دۆڵی (هەناران) کەوتنە ڕێ، لە ناو ڕێگادا دڕوو بوو بە هۆی بریندار بوونی لاقی مەولانا خالید و کە هاتن بۆ ماڵی شێخ ئەحمەد شوێنی برینەکەی مژی. ڕەنگە لە ترسی ژەهری دڕووەکان یان بە هۆی ڕێزگرتنی مورید لە موراد بێت. [ئەم بەشە لە ڕاپۆرتەکە سەمبۆلێک و عێرفانییە و مرۆڤ دەخاتە بیری چیرۆکی موعاویە و پێغەمبەری ئیسلام کە دەوترێ کاتێک کە پێغەمبەری ئیسلام ڕدێنی دەتاشی تێخەکە بوو بە هۆی برینداربوونی و موعاویە خوێنی برینەکەی مژی و...] بەهەرحاڵ لە هەمان سەفەردا شێخ ئەحمەدی سەردار هۆنراوەیەکی بە زمانی فارسی داناوە کە ئەم دوو بەیتە لێرە دەخەینە بەرچاو:

غـــلام خـــالـد کُردم سـگ صــــدیق و سلمـــانم
کـه جـدّم سیّـد مـرسل چه باک از کـوه عـصیـانم

به فـقـر و فـاقـه مـینازم، به یمن قـاسم و جـعـفـر
ز مـنسـوبـان طیـفـورم، غنی از شـاه و سلطانم

پاش کـۆچی دوایـیی شـێخ ئەحـمـەد هەر وەک کـە باس کـرا، کـوڕەکـەی بە ناوی شـێخ قـادر لە ناوچەی سـورداش دەسـتی کـرد بە ئـیـرشـادکـردنـی خـوازیاران و ڕێبـەرایـەتیکردنی خـەڵک و بـەناوبانگە کە لـە کـاتی هـاتنی مـەولانا خـالید بـۆ مـاڵی شـێخ ئەحـمـەد، شـێخ قـادر کـە منداڵ دەبێت لە باوەشـی دەگرێت و دەڵێت: ئەمـە موریدی خـۆمە و خـەلاتێک کە برێتی دەبێت لـە کلاوێک و تەیلەسـانێک کە نیـشـانەی خەلافـەتە بۆی دادەنێت و پاش مردنی شێخ ئەحمـەدی سـەردار، سـەید تاهـا نەهری بۆ کـەرکووک دێت و خـەلاتەکەی مـەولانا خالید کە لە لای بووە بۆ شـێخ دێنێت و بە نوێنەرایەتـی ئیـزنی ئیـرشـاد لە تەریقـەتی نەقشـبـەندیەی پێ دەدات. شـێخ قـادر لە کـاتـی مـردنی سـەرەڕای شـێـوەی باوی شـێـخـەکـانی دوایـی، حـاج شـێـخ ڕەزا عـەسکەری کـە پێـشـتـر ناوی برا باپیـری شـێخ عـەبدولکەریمـی شـەدەڵە دەکـاتە مەئمـووری دەستبەسـەرکردنی موریدەکان و ئەویش شێخ محەمـەدی ئیلەڵڵا دەکاتە جێگری خۆی و پاش ئەویش حـاجی شێـخ مستەفـا عەسکەری کوڕی حاجی شێخ ڕەزا تا سـاڵی ١٩١٥ـ١٣٣٣ ک.م دەسـتی کردووە بە ئـیرشـاد و پڕوپاگـەندەکردنی تەریقـەی نەقشـبـەندییـە، پاش مردنی ئەو لە سـاڵی ١٣٣٣ کۆچی مـانگی شێخ مـەلا ئەحمـەد گەڵنێری لە سـەر وەسیەتی حـاجی شێخ مستەفـا دەستی بە ئیرشـاد کرد، چونکە شـێخ مـەلا ئەحـمـەد لە ١٣٣٨ی کـۆچی مـانـگی = ١٩٢٠ی زاینی =١٢٩٩ی کۆچی هـەتاوی کۆچی دوایی کرد، پاش تێپـەڕینی یەک سـاڵ شـێخ عـەبدولکەریمی شـەدەڵە دەسـتی بە ئیرشـاد و پڕۆپاگـەندەکردن کرد و ژمـارەیەکی زۆر لە خوازیاران و تامـەزرۆیانی سـورداش، مـەرگـە، میـرزا ڕۆسـتـەم، بەری کـۆیە، ئاغـجـەلەر، شـوان و... لەگەڵیدا پەیمانیان بەست.

لەگەڵ بە دەسـەڵات گـەیشتنی شێخ عەبدولکەریمی شـەدەڵە، بزووتنـەوەی حـەقە کە گـەڕانەوەیەک بوو لـە نەقـشـبـەندییـە بـۆ داوونەریتی عـەلەوییـە تونـدڕەوەکـان (ئەهلی حـەق) لە سنـووری ئیـرشـادی شـێخ عـەبدولکـەریم دەسـتـی پێ کـرد. ئەگـەرچی ئێـدمـۆندز؛ ئەم جـووڵانەوەیە دەبەسـتێـتـەوە بە شـێخ عـارفی سـەرگەڵووەوە کـە لە نزیکانی تەریقـەتی خـزمی شێخ عەبدولکەریم بووە (سەیری، کورد، تورک، عـەرەب،

وەرگێڕانی؛ جرجیس فەتحوڵڵا، بەغدا، ١٩٧١، ل١٨٧) بەڵام ئەم جووڵانەوەیە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی شێخ عەبدولکەریم لە تەریقەی نەقشبەندییە دەستی پێ کرد. ساڵی لەدایکبوونی شێخ عەبدولکەریم بە دروستی نازانرێ، بەڵام بە پێی بەڵگەکان لە دەوروبەری ساڵی ١٣١٠ی ک.م = ١٨٩٣ـ١٨٩٢ زاینی لە دایک بووە. لە باری ڕواڵەتەوە پیاوێکی سەوزە، باڵایەکی مامناوەندی، دەموچاوی پان و چاوی گەورەی هەبوو، کەسایەتییەکی زانیار بوو، لە زانستەکانی سەرف و نەحو و بەلاغە و تەفسیر و زانستە ئایینییەکان خوێندبووی و ئیزنی وانەوتنەوەی لە مەلا عەبدوڵڵا جەلیی کۆیی وەرگرت، بەسەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی زاڵ بوو و لە قسەکردن و نووسینی هەر سێ زمانەکە شارەزاییەکی تەواوی هەبوو. دایکی ئامین خانم کچی شێخ عەبدولسەلامی قازی بوو. شێخ عەبدولکەریم، دووجار سەردانی حەجی کرد، جاری یەکەم لە ساڵی ١٣٤٠ی ک.م و جاری دووەم لە ساڵی ١٣٤٩ی ک.م، ئەم کەسایەتییە ئاینی و زانستییە، لە ساڵی ١٣٦١ی ک.م لە شەدەڵە کۆچی دوایی کرد و لە هەمان شوێندا بە خاک سپێردرا.

شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، لەو کەسانەیە کە دەبێ زۆرتر لەسەری قسە بکرێت و زۆر ئازا بووە کە بە هۆی دەمارگرژیی قەڵەم بەدەستان لە عێراق و هەروەها کە چونکە لە سەردەمی ژیانیدا، بزووتنەوەکەی خۆی نەبردە ژێر ڕکێفی مەئموورەکانی بەریتانیا و وڵاتە بیانییەکان، پلە و پێگەی ئاینی و هزریی ئەو شاراوە مایەوە و ئەگەرچی موریدەکانی هەروا خۆڕاگر مانەوە، بەڵام هەروەکو خەباتگێڕانی تر لە مەکتەبی عەلەوی وەک سەید ڕەزای دەرسیمی لە تورکیە دەستیان کرد بە پرژوبڵاوکردن و لەناوبردنی پێرەوەکانی.

قسەیەک کە شێخ عەبدولکەریم لە نیشتمانی زانست و ئاین و دەمارگرژی و باوەڕی کوردستان کردی، لە سەردەمی خۆیدا کەمتر لە (انا الحق)ەکەی مەنسووری حەللاج نەبووە، هەتا کەسێک لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی ناوچەکە ئاشنا نەبێت، نازانێت کە دەربڕینی ئەم هەڵوێستە و هۆگرایەتی و بیروباوەڕ، لەو قۆناغە مێژووییەدا و لەو سنووره جوگرافیاییەدا چ ئازایەتییەکی دەوێت و بێژەرەکەی چ قسەی تاڵ و کوێرەوەرییەکی کێشاوە تا بتوانێت ئەندێشە و ئاینی خۆی و ئاواتی کە ژیانی بەختەوەرانەی موریدەکان بوو بێنێتە زمان و پەرەیان پێ بدا. ئەویش لە ناو دڵی تەریقەتێک کە لە سەرانسەری

کوردستـان، هیچ کـەس بەئەندازەی تاڵی مـوویەک ئاکاری پێچەوانەی ئاینی لە ناوداران و موریدانی نەدیوە. ئەگەرچی هۆی ناونانی ئەم بزووتنەوەیەیان لە ڕێگای تێڕوانینێکی ڕواڵەتی لە زیکرەکانی موریدان کە لەفزی حەقە زانیوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە وشەی حەقە زیکری بەردەوامی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) بووە و ئەم ناوە هەروا بە سادەیی و بە ڕێکەوت هەڵنەبژێردراوە.

شێخ حوسێن خانەقا؛ بلیمەتی بەساڵاچوو و هاوچەرخ و هاودەمی شێخ عەبدولکەریم سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی حەقە دەڵێت: مەشایخی حەقە لە سەرەتادا هەروەکو بنەماڵەکانی تری نەقشبەندییە بەشێوەی باوی سەردەم ئیرشادیان دەکرد تا لە ڕۆژگاری بەدەسەڵات گەیشتنی شێخ عەبدولکەریم، وردە وردە لە ناوجەرگەی موریدانی پێڕەوی شەریعەت کە پاش تەواوکردنی زانستی ئاینی و وەرگرتنی ئیزن بەشێوەی زۆربەی شێوەکانی چەند سەدەی ڕابردووی کوردستان دەهاتنە ناو جەرگەی ئەهلی تەریقەت قسە (شەتەحات) و شەتەح وتن دەستی پێ کرد و تاقمێک لەمانە بەباسکردن لەوەی کە سەردەمی ئاشکرابوونی مەهدی (د.خ) نزیکە و بەستێن بۆ ئاشکرابوونی ئامادەیە و پاشان وردەوردە وازیان لە ئەرکە ئاینییەکانی سەر شانیان هێناوە و لە پلەکانی سەرەوەتردا بە سەرپێچی لە کاروباری ئەم جیهانە و ئەنجام نەدانی کار خەریک بوون و خاوەن بیر و فەلسەفەی خۆیان بوون و بە درکاندنی ئەم بیروباوەڕانە چەندان گرووپی جیاواز لەم توێژە بەتایبەت کەسانی ئاسایی هاتنە ناو جەرگەی ئەوان و لە ناو خەڵکی ناوچە بە دێوانە ناوبانگییان دەرکرد، ئەو دەستە کە لە سەر دەستووری پێشوو و بە شێوەی نەقشبەندییەکان سلووکیان دەکرد بەشێوەی باو بە «سۆفی» ناسرابوون، و شێخ عەبدولکەریم، خۆی بە درکاندنی ئەم قسانە ڕازی نەبوو، و تەنانەت جارێک حەمە سوور کە لە موریدە ئاسایی و توندڕەوەکانی شێخ عەبدولکەریم بوو، بەهۆی ئەوەی کە لە حوزووری شێخ قسەی کۆتاییهاتنی سەردەمی شەریعەتی کردبوو، بە بڕیاری شێخ فەلاقە کرا تا لە قسەی خۆی پاشگەز ببێتەوە؛ بەڵام ئەو هەر لە سەر قسە و باوەڕی خۆی سوور بوو.

هەروەها ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت کە تاقمێک لە زانایانی ئەهلی تەسەوف لەوێدا بوون کە بە ویستی خۆیان لەگەڵ ئەندێشەی ناوبراودا بوون، بەڵام لە ڕێگای بەدواداچوونی مەسەلە شەرعییەکان و لە ترسی دەنگدانەوەی

کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک دەریان نەدەبڕی، شێخ حسێنی خانەقا دەڵێت: بەم جۆرە بە ئارامی و وردەوردە دەنگۆی دووری گرتن لە حەقەکان واکەوت بەڵام سەربەخۆیی و جیاکردنەوە و جیاوازی (حەقە) و فەرمیبوونی تەواوی لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی مامە ڕەزا و حەمە سووردا، مامە ڕەزا (مامە؛ بە واتای مامۆ برای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بوو کە مووریدەکانی هەروەکو منداڵانی شێخ عەبدولکەریم ئەویان بە مامە ڕەزا؛ مامۆ ڕەزا بانگ دەکرد؛ وشەی (مامە) سەرەڕای واتای ڕواڵەتی و دەربڕینی پێوەندیی جەستەیی و ڕۆحی بارێکی واتایی و ڕێزدارانەی هەیە هەروەکو وشەی (بابا) و سەرەڕای بەکارهێنانی وشەی (مامۆ) لە فارسیدایە).

لە قسەکانی شێخ حسێنی خانەقا؛ وا دەردەکەوێت هەروا کە تەسەوف، لە بنەمادا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینیی دژی ستەم و زۆرداری بووە، لە ناو لایەنگران و تامەزرۆیانی حەقەشدا، ئەم هزرە بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئەوکاتی کوردستانی عێراق بەدی کراوە، [کە هەڵبەت ئەمە بەشێکە لە مەسەلەی ناوبراو] و خاڵێکی تر ئەوەی کە تەریقەتی نەقشبەندییە، گرینگیەکی تایبەتی بۆ بیرکردنەوە و ئەندیشە داناوە، بەڵام بەهۆی سادەیی و بیروباوەڕی ڕەسەن بناغەکەیان لەسەر ئەوە داناوە کە بە سەرنجدان بە بارودۆخی کاتی و شوێنی تێزی سیاسی و فیکریی خۆیانیان وەها دەخستە بەرچاو کە ئاشکرابوونی مەهدی (د.خ) کە جیهان پڕ لە دادپەروەری دەکات نزیکە؛ بەڵام لە ڕۆژگاری ڕێبەرایەتیی مامە ڕەزا و حەمە سوور و تەنانەت ڕەنگە کەسێک نەزانێت کە لە سەردەمی ژیانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەشدا، ئەم باوەڕە سەری هەڵدابێت کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە واتە؛ بڵاوبوونەوەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سیاسی بە دواداچوونی کاروبارەکان دەبێ لە ناو کۆمەڵگادا حازر بین و لە ناو مرۆڤە هاوچەرخەکاندا بە شوێن ڕزگاریدەردا بگەڕێین و بەم جۆرە ڕێگا بۆ خۆمان بدۆزینەوە و لە سەری بڕۆین.

[مامۆستا محەمەدی مەلا عەبدولکەریم، شرۆڤەیەکی زانستییانەی لەسەر نامیلکەی مستەفا عەسکەری نووسیوە و هەروەها مامۆستا هورموز عەبدوڵڵا و دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵیش هەندێ تێبینی پڕبایەخیان لەو بەرهەمە زیاد کردووە محەمەدی مەلا کەریم؛

باوەڕی وایە کە بزووتنەوەی حەقە لە بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس (ئەهلی حەق) وەرگیراوە و ئەگەر بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە (سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس) یان لە بەر دەستدا بایە و پێوەندییە مێژووییەکانی ئالی حەق و نەقشبەندیەیان تاوتوێ کردبا، دانیان بەوەدا دەنا کە ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێگای هەندێ چاکسازییەوە گەڕانەوەیەک بوو بۆ خاڵی دەسپێک، واتە ئەهلی حەق.]

## چۆنیەتی بەدیارکەوتنی بزووتنەوەی حەقە

لەو کاتەدا کە شێخ عەبدولکەریم لە شەدەڵە تەریقەتی نەقشبەندیەی بڵاو دەکردەوە و لایەنگیرانی خۆی دەکرد و سەرگەرمی بناغەدانانی بنەمای ئاینی (حەقە) بوو؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئازادیخوازانەکانی لە عێراق پەرەیان سەندبوو، بەتایبەت لە کوردستان، پێکدادانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە سلێمانی نموونەیەکی هەرە بەرچاو بوو، داگیرکەرانی بەریتانیا کە لەو سەردەمەدا لە ناوچە چالاکانە ڕۆڵی هەبوو، هەموو چالاکییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی عێراق بەتایبەت لە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک و سلێمانی و مووسڵ و... خستبووە ژێر چاودێریی خۆیەوە، ئەگەرچی لە ئەندێشەی پێشکەوتنخوازانەی ئەواندا بزووتنەوە چاکسازی بەدی دەکرا بەڵام چۆن لە چوارچێوەی بیروباوەڕی کۆن و دواکەوتوو بەتایبەت باوەڕی خەڵکی کوردستان کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لایەنە جۆربەجۆرەکانیان خستبووە ژێر تاوتوێکردن و لە سەری کاریان کردبوو جێی گرتبوو، سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، هەرچەند بزووتنەوەی حەقە جووڵانەوەیەکی ساوا و پێشڕەو و پێشکەوتنخواز لە سنووری کوردستانی عێراق دەهاتە ئەژمار، بەڵام چونکە پەیامی ئازادی و دادپەروەریی هەڵگرتبوو و لەلایەن توێژە کەم دەسەڵاتەکان و وەرزێرەکان و چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا پشتگیری لێ دەکرا، بەتایبەت کە لە بزووتنەوەی حەقەدا مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی ژنان بە شێوەی گشتی لە بەرچاو گیراوە، بە هۆی ڕاکشانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و پێشوازیکردنی خەڵک، داگیرکەرانی بەریتانیانی دەیانەویست بزووتنەوەکە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونیەوە بخنکێنن و لەم بیرەدا بوون کە ڕەنگە بتوانن شێخ عەبدولکەریم لە ئامانجی خۆی پاشگەز بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستە زۆر مەئموور و نامەیان بۆی نارد کە یەکێک لەوان میستەر ئێدمۆندز ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەو ڕۆژگارەدا بووە کە دووجار بە مەبەستی پاشگەزکردنەوەی شێخ عەبدولکەریم سەفەری بۆ شەدەڵە کرد و جاری یەکەم سەفەرەکەی بەنهێنی

بوو و جاری دووەم بە شێوەی ئاشکرا و لە هەردوو سەفەری خۆیدا لە چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە هەوڵی زۆری دا تا لە پڕوپاگەندەکردن و پەرەپێدانی بیرۆکەی حەقە پاشگەزی بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و نەیتوانی شێخ عەبدولکەریم لەگەڵ هەڵوێستی فیۆداڵیی ناوچەکە لە ژێر پشتیوانی و هاوڕێی سیاسەتی بەریتانیا لە کوردستان ڕێک بخات، هەرچەند بەڵێنی زۆری ئابووری بۆ پشتیوانی لەو و بنەماڵەکەیانی پێ دا، بەڵام ئاکامێکی بەدەست نەخست و شێخ عەبدولکەریم هەروەها لەسەر درێژەدانی ئەرکی سەرشانی و ڕێبەرایەتیکردنی خۆی سوور بوو. ئەگەرچی ئێدمۆندز لە نووسینەکانی خۆیدا، تەنیا ئاماژەی بە یەکێک لە سەفەرەکان کردووە (سەیری بۆ تورکەکان، کوردەکان، عەرەبەکان ـ ئێدمۆندز، وەرگێڕانی جەرجیس فەتحوڵڵا، بەغدا، ل١٨٨) بەڵام خەڵکی شەدەڵە باسی سەفەرەکەی ئێدمۆندز، بەنهێنی و بەرگێکی جیاوازەوە بۆ گوندەکەی خۆیان دەکەن و ئەوەش بە کەراماتی شێخ دەزانن، چونکە ئێدمۆندز لە کاتی نوێژ خوێندن هاتە ناو مزگەوت و شێخ لە ناو کۆڕی نوێژ خوێنەکاندا بانگی دەکات کە لە ڕیزی نوێژخوێنەکان بڕواتە دەرێ، تا خەڵکەکە نوێژەکەیان بخوێنن؛ بەڵام ئەو هەر بەو شێوەیە کە ڕەوشتی سیخوڕەکانە، خۆی گێل دەکات و بە قسەی شێخ ناکات تا ئەوەی کە شێخ لە مزگەوت دەری دەکات و دەینێرێتە ماڵەوە.

## پەرەسەندن و هەڵکشانی بزووتنەوەی (حەقە) و
## دەستبەسەرکردنی شێخ عەبدولکەریم (ساڵی تەلیس)

بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان و نیشانەگەلێک کە بزووتنەوەی (حەقە) هەیبوو لە ماوەیەکی کورتدا پەرەی سەند و لە سەرەوەترین ئاستی ئەم پەرەسەندنە حکوومەتی عێراق بە پشتیوانیی سیاسەتی بەریتانیا، بەکردەکی و خافڵگیرانە شێخ عەبدولکەریمیان دەستبەسەر کرد و لەگەڵ تاقمێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی (حەقە) لە کەرکووک بەند کران و چەند کەسێکیشیان بۆ (حەویجە) دوور خرانەوە.

موریدەکانی شێخ عەبدولکەریم لەگەڵ ئاگاداربوون لە دەستبەسەربوونی شێخ، وەک شوێنکەوتووی ڕاستەقینە، ناوبراو بە هاوار و پاڕانەوە جلی بەری خۆیانیان دادڕی و سووتاندیانن و بە جەستەی ڕووت لە حاڵێکدا کە بە جلێک لە تەلیس (کەنەف) خۆیانیان داپۆشیبوو بەرەو کەرکووک کەوتنە ڕێ، ژنە موریدەکان لە پۆشینی ئەم جلوبەرگە خۆیانیان پاراست؛ بەڵام پیاوەکان بەگشتی لەم شێوەیە پێڕەوییان دەکرد، بەشدارانی ناو خۆپیشاندانەکە لەگەڵ گەیشتنیان بۆ کەرکووک، بینای داد و پۆلیسیان داگیر کرد و هاوار دەکەن یان شێخ بۆ شەدەڵە بگەڕێتەوە یان ئێمەش بخەنە بەندیخانەوە، حکوومەت لەبەر ئەوەی کە لە بەرانبەر خواستی پێڕەوانی (حەقە) بەلاواز دەرنەکەوێ ژمارەیەکی زۆر لەوان دەستبەسەر دەکات، بەڵام پاش ماوەیەک کە خۆ پیشاندەران درێژە بە مانگرتنی خۆیان دەدەن و لەسەر خواستی خۆیان سوور دەبن، دەستوپێوەندییەکانی حکوومەت نەتەنیا بەندکردن و یان دوورخستنەوەی شێخ عەبدولکەریم بە باش نازانن؛ بەڵکو ئەوە بەباش دەزانن کە بۆ گەڕانەوەی بارودۆخەکە و دابینکردنی ئاسایش شێخ عەبدولکەریم ئازاد بکەن و ئەم ساڵە لە ناو خەڵکدا بە ساڵی تەلیس ناسراوە.

پاش ئەم کردەوەیە بۆ ماوەیەکی کەم سستییەک لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەکە هاتە ئاراوە و شێخ عەبدولکەریم خوازیارانی لە ناوچەرگەی

موریدەکان وەر نەدەگرت.

لێـرەدا شـایانی وەبیـرهێنانـەوەیە کـە ئـەم کـردەوەیەی حکوومـەتی عـێـراق لە بەرانبەر شێخ عەبدولکەریم تا ڕادەیەک بۆ سیاسەتی حکوومەت و بەریتانیاییەکان سـوودبـەخش بوو، چونکە مـەبەسـتی حکوومـەت، بەرتـەسککردنەوەی پڕۆپاگـەندەی شێخ و پێشگرتن بوو لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی (حـەقە)، و شێخ عەبدولکەریم بە سەرنجدان بە بارودۆخی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕێگای نەویکێشان و مـوداراکردنی هەڵبژرادبوو، چونکە سیاسـەتی داگیرکاریی بەریتانیا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە حـاڵی بەهێـزبوون و زاڵبـوونی زۆرتر لە ناوچەکـەدا بـوو، و ڕێبـەرانی بورجوازی لە عێراق خۆیان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دوور گرتبوو، لە پەنای حکوومـەتی بەکرێگیراوی عێراق ژیانیان دەبردە سـەر، لە کوردسـتانیش بزووتنەوەی شـێخ مـەحـمـوودی نەمـر بـە تەواوی سـەرکـوت کـرابوو و شـێخ مەحموودیش بۆ هیندستان دوور خرابووەوە و بارودۆخی ناوچە دراوسێیەکانیش زۆر باش نەبوو، بەتەواوەتی لە ژێر دەسـەڵاتی داگیرکـاری بەریتـانیـا بوو، لەگـەڵ هەبوونی ئەم بارودۆخـە جێگای سـەرسوڕمان نەبوو کە شێخ عەبدولکەریم دان بە بەرتەسکبوونی پڕوپاگەندەی خۆیدا بنێت.

شـێخ عـەبدولکەریم لە سـەردەمی ژیانیـدا هـەروا کـە شـێوەی دەسـەڵاتداران و سۆفی و شێخەکان بوو، هیچ کەسی نەکردە جێگری خۆی، چونکە هەروا کە لە ناو پێڕەوانی (حـەقە) باوە، مەولانا خالید لە سەردەمی ژیانی خۆیدا وەسیەتی کردبوو کە پاش ناوبراو تا حـەوت نەوە خـەڵک ئیرشـاد بکەن و پاشـان دەبێ وەرگرتن وەلا بنرێت و لە شێخ ئەحمەدی سەردار تا شێخ عەبدولکەریم ئەو حەوت دەگاتە کۆتایی خۆی.

## بزووتنەوەی حەقە و جوولانەوەکانی دژی داگیرکاری لە ناوچەکەدا

هەروا کە باس کرا، پێوەندیی شێخ عەبدولکەریم بناغەدانەری بزووتنەوەی حەقە لەگەڵ پێشرەوانی بزووتنەوە چاکسازیخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە زۆر پتەو بوو، بۆ نموونە پێش لە شەڕی (کۆتەڵ) لەگەڵ شێخ مەحموودی (نەمر) پێوەندییەکی باشی هەبوو و بۆ بەڵێنی هاوکاریکردن بەناوبراو، هەر بەو بۆنەوە لە شەڕی (کۆتەڵ) ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکار و خزمانی شێخ عەبدولکەریم و هەموو عەشیرەتەکانی ناوچەی ئاغجەلەر فەرمانی شێخ عەبدولکەریم و بە فەرماندەییی شێخ عەبدوڵلای برای ئەو هاوڕێ لەگەڵ کاکە ڕەزا کوڕی حاجی شێخ عەلیی عەسکەری و... [کە لە پێشرەوانی بزووتنەوەی حەقە بوون] لە چیاکانی «گۆڕەدێ» بۆ پشتیوانی سوپای شێخ مەحموودی (نەمر) و ڕێگرتن لە بەرەو پێشچوونی دەستە سەربازییەکانی بەریتانیا کە لە ناوچەکە دامەزرابوون، مەتەرێزیان دروست کردبوو؛ هەتا کۆتایی شەڕ، هەروا کە شێخ مەحموودی (نەمر) بەوان فەرمانی دابوو، مەتەرێزی خۆیانیان بە جێ نەهێشت و بە هۆی ئەم پشتیوانیکردنە بوو کە گوندەکانی (شەدەڵە) لە لایەن فڕۆکەکانی بەریتانیاوە بۆردومان کرا و شێخ عەبدولکەریم و دەوروبەرەکانی لەگەڵ ژن و منداڵ ناچار بە بەجێهێشتنی ماڵ و سامانی خۆیان کران و پەنایان بۆ ئەشکەوتەکانی (بۆڵە ترێ) لە پشتی (شەدەڵە) لە چیای (دابان) برد و پاشان بۆ مێرگەپان چوون.

## بزووتنەوەی حەقە پاش مردنی شێخ عەبدولکەریم

پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم، تاقمێک لە موریدە شوێنکەوتووانی ناوبراو پشتیان لە بزووتنەوەکە کرد و نەچوونە ریزیەوە و بە هەمان شێوەی نەریتی چوونە ناو ریزی نەقشبەندییە، هەروەکو موریدەکانی تری سۆفییە لە کوردستان هێشتاش بۆ زیارەت و نوێکردنەوەی ئیرادەتیان دەڕۆن ئەوانی گۆڕی بۆ شێخ عەبدولکەریم لە شەدەڵە.

تامەزرۆیانی بزووتنەوە بەسەر دوو بەشی زۆرینە و کەمینەدا دابەش بوون؛ تاقمێکی کەم بوونە پێڕەوی (حەمە سوور) کە لە موریدە توندڕەوەکانی شێخ عەبدولکەریم بوو و لە گوندەکانی کلاوقوت لە ناوچەی شوان دەژیان و زۆربەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە بوونە پێڕەوی مامەڕەزا برای شێخ عەبدولکەریم و ئەویان وەکو رێبەری خۆیان هەڵبژارد.

تاقمێک لە پێڕەوانی حەمەسوور، لە گوندەکانی؛ قۆمەرغان و قەدارنگوێ لە ناوچەی سووورداش، دەژیان. ئەم گرووپە گرینگییەک بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها چاکسازی و بەهێزکردنی کاروباری ئابووری دەدا. سندووقی هاوکاری و هاریکاری بۆ ئەنجامدانی خواستە گشتییەکان و دابینکردنی بە پێویستییەکانی خەڵکی پێڕەوی بزووتنەوەیان دامەزراند، جگەرەکێشان و چای خواردنیان لە ناو موریدەکان قەدەغە کرد و دەستیان کرد بە تیجارەت و بازرگانی و وەک نیشانەیەک تەسبێحیان بە دەستەوە دەگرت، بەڵام پێڕەوەکانی تری حەمە سوور لە هەڵسوکەوت و بوارەکانی تردا هەر وەکو پێڕەوانی (مامەڕەزا) هەڵسوکەوتیان دەکرد، جیاوازیی ئەمانە تەنیا لە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی و دووریگرتن لە تاکەکان و کۆڕو کۆمەڵەکان بوو.

بە هۆی ئەم دووبەرەکییە کە پاش مردنی شێخ عەبدولکەریم لە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی حەقەدا هاتە دی، بەستێن بۆ پڕوپاگەندە و دەنگۆکان و تۆمەت و قسە

هەڵبەستن لە لایەن گرووپە نەیارەکانەوە خۆش کرا و بۆیە دەستیان کرد بە هاندانی دەسەڵاتداران و زۆردارانی ناوچەکە دژی ئەوان، دواین پیلان و تۆمەتی ئەوان ئەوە بوو کە دەنگۆی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە حەمەسوور بانگەشەی پێغەمبەربوونی کردووە و [...] بە حەرام نازانێت (؟!!) تا سەرەنجام لە ساڵی ۱۹٥۷ی زاینی–۱۳۳٦ی هەتاوی دەسەڵاتی ئەو کاتە ناوبراوی دەستبەسەر کرد و خستیە بەندیخانە و دایە دادگایی کردن، بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمووز و شکستی نەیارەکان، (حەمە سوور)یش پاش ماوەیەکی دوورودرێژ لە بەندیخانە و حازربوون لە بەرانبەر دادگا ئازاد کرا و بۆ گوندی (کلاوقوت) گەڕایەوە.

(حەمە سوور) لە بنەماڵەی شێخەکان و ناودارانی تەریقەت نییە و لە ناو چینی هەژار و دەسکورتی کۆمەڵگا دەرکەوتووە، ماوەیەکی دوورودرێژ لە ماڵی شێخ عەبدولکەریم خەریکی داربڕین و شوانی بوو و پاشان لەگەڵ شێخ پەیمانی بەست و بە شێوەی سۆفییەکانی نەقشبەندییە هەڵسوکەوتی دەکرد و لەگەڵ موریدەکانی تر لە ئەنجامدانی فەرمان و دەستوور هاوڕێ بوو، وردە وردە سەرکەوت تا بوو بە یەکێک لە پێشەواکانی بزووتنەوەی حەقە، شێخ ستار و مەلا سەلام لە کەسانی جێ باوەڕی خەڵک کە لە حاڵ و ژیانی ناوبراو ئاگادار بوون و لەگەڵیدا هاوڕێ بوون دەڵێن: سەبارەت بە باب و باپیرانی دەبێ بڵێین کە نە باوک و نە باپیری دەناسین، هەر ئەوەندە زانیاریمان لە بەر دەستدایە کە وتراوە، لە خەڵکانی دەوروبەری (ئالان و سیوەیل)ە. لە باری خوێندنەوە خۆی دەڵێت: کە نەیخوێندووە، بەڵام زۆر شیعر و مەتەڵی لەبەرە و زانیارییەکی تەواوی هەیە، بۆ ماوەیەک لەگەڵ زانایان و مامۆستایانی ئاین هاودەم بووە.

مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا دەنووسێت: حەمەسوور، پاش مردنی شێخ عەبدولکەریم، مێزەرەکەی لە سەر دەنێت و عەباکەی لەبەر دەکات و بانگەشەی جێگری و شێخایەتی دەکات، بەڵام کەسوکاری شێخ عەبدولکەریم و نەوەکانی واتە بنەماڵەی ڕێبەرانی بزووتنەوە ئەوە وەرناگرن و گوێڕایەڵی دەستوورەکانی نابن و لە (شەدەڵە) دەری دەکەن، ئەویش بۆ ناوچەی شوان کۆچ دەکات و پاشان بۆ کەرکووک دەڕوات و دەڕواتە لای سەید ئەحمەدی خانەقا، ئەویش بانگەشەکەی ڕەت دەکاتەوە و بە تۆمەتی داتاشینی یاسا لە ناو ئاین، دەری دەکات بەناچار

لەگەڵ مورپدەکان و کەسوکاری دەچێتە گوندی (کلاوقوت) و لەوێدا نیشتەجێ دەبێت. بۆ روونتربوونەوەی بابەتەکە لە زاری شێخ ستارەوە دەبێ بوترێ؛ کاتێک کە دەستەی دێوانەکان، کە بانگەشەچییە گەرپدەکانی بزووتنەوەی حەقە بوون و ئەنجامدانی ئەحکام و واجباتی ئاینییان بەرێوە نەدەبرد و ئەو باسە کەوتە ناو موریدانی شێخ عەبدولکەریم، حەمەسوور یەکێک لە کەسانی ناو ئەو گرووپە بوو، بەڵام شێخ عەبدولکەریم بە چوونی ناوبراو بۆ ناو ئەوان رازی نەبوو، تەنانەت بە توندی لۆمەی کرد و پێی وت: لێرە برۆ لە کۆڵمان بەرەوە، لە جیهان و رۆژی مەحشەردا تۆ هاورێی ئێمە نیت و لەو کاتەوە ئیتر (حەمەسوور) تاقمێک لە موریدەکانی شێخی کردە هاوبیری خۆی و لە شەدەڵە چووە دەرەوە و گەرایەوە بۆ کلاوقوت و وردەوردە دەستی کرد بە کار و کاسبی و پروپاگەندەکردنی ئەندێشەی (حەقە) چەندان پارچە موڵکی لە چەند کەس کری و بوو بە خاوەن مەزرا. بە پێی ئەم وتانەی مەلا سەلام کە شێخ ستار باسی دەکات، دەبێ (حەمەسوور) پێش لە مردنی شێخ عەبدولکەریم لە (کلاوقوت) نیشتەجێ بووبێت و ئەگەر بمانەوێ لە لێکدانەوەی ئەم دوو راپۆرتە بگەینە ئەنجام دەبێ بڵێین بە بیانووی مردنی شێخ عەبدولکەریم بۆ شەدەڵە چووە و ویستوویە کە ببێتە جێگری شێخ، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و بۆ (کلاوقوت) گەراوەتەوە. موریدانی (حەمەسوور) و خودی ئەو زیاتر لە دەستەی پێرەوی (مامەرەزا) کەوتنە بەر لۆمە و تۆمەتی خەڵک و دەسەلات و هەر بەم هۆیە لە خەڵک دووریی گرتووە و بەشێوەی بەرتەسک لە مەسەلە کۆمەلایەتی و ئاینییەکان رۆڵ دەگێرن و (حەمەسوور) ئەگەرچی لە دەستەی بنەماڵەی بناغەدانەرانی بزووتنەوەی حەقە نییە، بەڵام بە لایەنگریکردن لە چینی هەژاری کۆمەڵگای خۆی، هاودڵی و دلۆڤانی خۆی بەوان سەلماند.

مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا دەڵێت: بۆ درێژەدانی ئیرشاد و پروپاگەندەکردنی تەریقەتی نەقشبەندییە لە بنەماڵەی شێخ عەبدولکەریم دەستەیەک بەرێبەرایەتیی شێخ عەبدوڵلا کوری شێخ مستەفا عەسکەری باوەریان وابوو کە ئەم جوولانەوەیەی بزووتنەوە دەبێ رابگیرێت و بگەرێتەوە سەر رێگای سەرەکیی خۆی کە هەمان شێوەی نەریتی نەقشبەندییەکانە، ئەمە بۆچوونی وردە بورجواکانی ناوچەکە بوو [مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم لە زیادکردنەکانی خۆیدا زۆرتر لە

دەستەواژە حیزبی و سیاسییەکانی ڕۆژ کەڵکی وەرگرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرە جووڵانەوانە لە ئاکامدا و پاش تێپەڕینی سەدەکان و بە درێژایی ڕەوتی ئاڵوگۆڕی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە قاڵبی حیزبە سیاسییەکان خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئەگەر لە لایەنی بیروباوەڕ و بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژە ئاینییەکان لێک بدرێنەوە، خوازیارانی زۆرتر بۆ ئامانجی سەرەکی ڕێنوێنی دەکەن.] کە ڕێگای چوونە ناوی داو و دەزگا حکومییەکانیان لە هەڵبژاردبوو، بەڵام ئاکامی ئەم جووڵانەوە نەریتییە بوو بە هیچ و پاش ماوەیەک هەمووان لەسەر ئەم بیرۆکەیە ڕێک کەوتن کە؛ (مامە ڕەزا) جێگری ڕاستەقینە و سەرەکیی شێخ عەبدولکەریمە.

مامە ڕەزا و چاکسازییەکانی و ڕێبەرایەتییەکەی ئەو لەناو بزووتنەوەی حەقەدا

مامە ڕەزا لە ساڵی ١٩٠٥ی زاینی=(١٣٢٣ی کۆچی مانگی=١٢٨٤ی هەتاوی) لە شەدەڵە لە دایک بووە، ئەو برای شێخ عەبدولکەریمی بەناوبانگە، مامەڕەزا، پیاوێکی سەوزە و ڕێکوپێک بوو، کەسایەتییەکی نەرم و نیان و خۆڕاگر، شیرین زمان و بلیمەت بوو بەسەر دوو زمانی عەرەبی و فارسیدا زاڵ بوو، لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا شارەزاییەکی تەواوی هەبوو. لەسەر مێژینە و ڕابردووی نەتەوەی کورد و نەتەوە موسڵمانەکانی تر شارەزاییەکی باشی هەبوو. بەدرێژاییی ژیانی سەدان جار تووشی بەندیخانە و ئەشکەنجە و دوورخستنەوە هات، لە سەرەتای تەمەنی لاوەتیدا خوێندنی ئاینیی تەواو کرد، کەسایەتییەکی پێشڕەو بووە و بەگوێرەی سەردەمی خۆی بیری دەکردەوە و لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کوردەکان بەتایبەت چینی هەژار و بێبەش خۆشحاڵ بوو و هەر بەم هۆیە لەگەڵ ناودارانی بەستێنی هزر و ڕۆشنبیریدا دادەنیشت و هاوقسە بوو، بەتایبەت لە ڕۆژگاری دوورخستنەوەیدا بۆ عەمارە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (میرحاج) پەیدا کرد و بە هۆی هەمان پێوەندییەوە بوو کە بزووتنەوەی حەقە لەگەڵ کۆماری مەهاباد [کوردستان] پێوەندیی دامەزراند.

مامەڕەزا؛ درێژەدەری جووڵانەوەی شێخ عەبدولکەریم لە بزووتنەوەی حەقە بوو، بەڵام بزووتنەوە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی مامەڕەزا زۆرتر ڕووی لە لایەنی کۆمەڵایەتی کرد و بزووتنەوەی حەقەی بەرەو ئامانجە پێشکەوتنخواز و نەتەوەیییەکان ئاڕاستە کرد. پێوەندیی بزووتنەوەی حەقە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی

مامەڕەزا لەگەڵ جووڵانـەوە سیاسییەکانی کوردەواری پتەو بوو، کاتێک کە کۆماری مـەهاباد ڕاگەیەندرا، تاقمێک لە پێڕەوانی بزووتنەوەی حـەقـە بە ڕێبەرایەتیی شـێخ محەمەد ئەمینی ناردە مەهاباد و هەروەها لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکانی ناوخۆی عـێـراق لە پێـوەندیدا بوو، بـە هۆی ئەم پێـوەندییـانەش باوەڕی وا بـوو کـە دەبێ بزووتنەوەی حـەقـە بەشێوەیەکی نوێ لە باری ئاینی و ڕێکخراوەییـیەوە خۆی سـاز بکـات و ڕەنگ و بـۆی شـۆڕشـی کـۆمـەڵایەتی لە خـۆ بگرێت و لە چوارچێـوەی بەرتەسـکی سـۆفیگەری بێتـە دەرەوە و بـۆ گـەیشتن بەم ئـامـانجـە چەند بابەت و چەمکیـان کـردە ئامـانج و بنەمـای دامـەزراندنـی نوێی بـزووتنەوە و بـەم جـۆرە بزووتنەوەی حـەقـە، بەرەو ڕێگایەکی تازەی کۆمـەڵایەتی هەنگاوی هەڵگرت. لەوانە هـاوکاری و بەشـداریکردنی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سـەربـەخۆیی ئەوان و باوەڕ بەخـۆبوونی خـەڵک لە بەرەو پێشـبـردنی ئامـانجەکانی کۆمەڵگا، خـەبات دژی ستەمی کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ستەمگەری کردە ئامانج و دروشمی خۆی.

ئەم ڕێکخـستنـە تازەیە و پێوەندییە سـیاسـی و کـۆمـەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی حـەقـە لە لایەن «مـامـە ڕەزا»وە بە تێگەیشتن و زیرەکی و دووربینییـەکی تایبـەت دامـەزرا، تەنانەت بوو بە هۆی ئەوە کە زۆربەی هەرەزۆری مووریدانی (حـەمەسـوور) و تەنانەت باوەڕمـەندانی گەڕانەوە بۆ شێوەی نەریتیی سـۆفیگەری نەقشبـەندییـە ڕێبـــەرایـەتیـی ئەویان قـــبـــووڵ کـــرد. چـونکـە مـــامـــەڕەزا، تـوانی لـە ڕێگای ئەم چاکسازییانە و ڕێکخستنی کۆمەڵگا بـە پێی پرەنسیپەکانی بزووتنەوەی حـەقە، کە ئەویان بە جـووڵانەوەیەکی چەوت و چەواشـەکارانە و لادان لە ڕێگای سـەرەکی ئاین دەزانی و لـەگـەڵیـا بەشــەڕ دەهاتن و لـەتبـوونەکـەشــیــان بە دەرفـەتێک دەزانی تێڕوانینێکی ئەرێنـی دروست بکات. تۆمـارکردن و پەسندکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ئەسـاسنامە نـەتەوەیی و ئاینییـە زۆر دەنگدانەوەی جیـاجیـای لە ناو کۆڕ و کۆمـەڵە ئاینی و نـەتەوەیییـەکـاندا هـەبوو. بنەمـای جـووڵانەوەی بزووتنەوەی حـەقـە لەسـەر ئەسـاسـی هـەشت خاڵی ژێرەوە دامەزرابوو.

یەکەم- برایەتی

مـەبەست لە برایەتـی، پێوەندیی برایانە لە ناو پێڕەوانـی بزووتنەوە چ پیـاو چ ژن

دامەزرابوو و بە پێی ئەم بنەمایە لە ناو تاکەکانی بزووتنەوەی حەقەدا، هیچ جۆرە جیاوازییەک بوونی نییە و نابێ ببێت و بە هیچ شێوە کەلێنی چینایەتی (ئابووری و ڕەگەزی) لە لایەن کۆمەڵگای بزووتنەوە قبووڵ ناکرێت و کەسێک لە کەسێکی تر بە هۆی سەروەت و سامانی زۆرتر یان بنەماڵەی دەوڵەمەندترەوە نابێتە خاوەن سەروەری، ئەگەرچی بزووتنەوەی حەقە سەرەتا لە ناو چینگەلی هەژاری کۆمەڵگا سەری هەڵدا، بەڵام وردە وردە چینەکانی تری کۆمەڵگای لە باری کۆمەڵایەتی، خزمایەتی، زانستی و... بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بۆ نموونە مەلا حسێنی خانەقا، مەلا ڕەشید گۆمەتەیی پێشنوێژ و ئیمامی جەماعەتی مزگەوتی عەسکەر و مەلا حامید سەرمۆرد، مەلا سەلام کەرکووکی، جەمیل عەلی ئاغا دزەیی، و... کە لە ڕێبەرانی کاروباری ئاینی و لە خاوەن موڵکە ناودارەکانی ناوچەکە بوون؛ بوون بە موریدی مامەڕەزا و تەنانەت مەحموود ئاغای پشدەری لە هۆزی میرئەبداڵی کە لە سەرەتا لەگەڵ مامەڕەزا دژایەتیی دەکرد، لە ئاکامدا بوو بە موریدی ئەو و هاتە ناو ریزی بزووتنەوەی حەقە و...

دووەم ـ مافپەرستی

پێڕەوانی بزووتنەوەی حەقە، لە پلەی سەرەوەی لایەنگریکردن لە ماف و حەقیقەت وا بوون و بەڕادەیەک ڕێزیان بۆ حەقیقەت دادەنا کە ئەگەر بە زیانی خۆشیان تەواو بووبا هیچ ترسێکیان نەبوو، چەندان جار دژی نزیکانی خۆیان شەهادەتیان دەدا و چەندان جاریش لایەنی کەسانی بیانییان لە شەڕ و کێشەکاندا دەگرت و لە لایەنگریکردن لە حەق و ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک خزمایەتی و دۆستایەتییان لەبەرچاو نەدەگرت.

سێیەم ـ بەشداریکردنی ئابووری

پەرەپێدانی بەشداریکردنی ئابووری لە دارایی و سەروەت و سامانی پێڕەوانی بزووتنەوەی حەقە و لەسەر بنەمای ئەم بناغەیە، هیچ کام لە موریدان لە بەرانبەر کۆمەڵگای بزووتنەوە، خۆیان بە خاوەن ماڵ و زەوی و سەرمایە نەدەزانی و هەر سەروەت و سامانێک کە هەیبا دەبوو بە هیی هەموو موریدانی بزانێت و وەکو ئەمانەتێک لەبەرچاوی بگرێت کە لە لایەن کەسانی تر بەو دراوە.

بەم جـۆرە لـە ڕەچاوکـردنـی ئەم بـابەتـە، بەرادەیـەک وردبـین بوون کـە بە بـێ ئاگـاداریـی مـوریدانـی تر و کـۆڕی کـۆمـەڵایەتیی بزووتـنـەوەکـە، هیـچ گـۆڕانکاری و ئاڵوگـۆڕێکیـان لـە سـەروەت و دارایـیی خـۆیاندا نەدەکـرد و لەم ناوچـەیە پێـڕەوانی بزووتنـەوەی حـەقـە لەو سنووره لـە سـەروەت و سـامـانـی یەکـتـردا شـەریک بوون، تەنانەت بەرهەمی باخەکان و بێستانەکانیان دابەش دەکرد، هەندێک جار سێوێک دەبوو بە نەسیبی چەند کەس و هەندێ کات هەر کەسێک چەندان سندووقی میوەی بەدەست دەهـێنا، لە کـاروبـاری ناو مـەزرا و بەڕێوەبـردنی ڕێورەسـمـەکـان ئەگـەر مـوریدێک بە تەنـیـا بووایە، بەکۆمـەڵ یارمـەتی ئەویـان دەدا و ئەگەر بۆ چارەسـەری گـرفـتـێک پێـویسـتی بە پـارە بایە، لە ڕێگای هـاوکـاریی کـەسـانی تر کـێـشـەکـەی چارەسەر دەکرا.

چوارەم ـ ئابوونەی مانگانە

بە مـەبەسـتی بـەهـێـزکردنی پێگەی ئابووریـی کۆمـەڵگای بزووتنەوە و پێکـهـێنانی سـەرمـایەیـەکی گـشـتی بـۆ پاراسـتن و ڕاگـرتنی خـانەقـا و تەکـیـەکـانی سـەر بە مـوریدەکـانی حـەقـە، هـەرکـەس بگـرە لە ژن و پیـاو و منداڵ و گـەنج و کـوڕ ئەرکی سەرشانیان بوو کە پارەیەکی مانگانە بدەن بە بزووتنەوەکە، ئەم مانگانەیە دەدرایە بەرپرسانی تەکیەکان کە بە سەرتەکیە دەناسران یان بە برا سەیارەکانیان دەدا کە لە بانگەشـەچییانی بزووتنەوەکە بوون، ئەوەی کە پێویست بوو؛ بۆ خـەرجییەکانی تەکیـە لەبەرچاو دەگـیرا و پاشـمـاوەکەشی دەدرایە تـەکیـەی (کـەلکە سـمـاق) کـە ڕۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕاو و شوێنی سەرەکیی مامە ڕەزا بوو.

پێنجەم ـ ڕاوێژکاری و بیرو ڕا گۆڕینەوە

هەمـوو کـاروباری گشـتیی بزووتنەوەکە لە ڕێگای ڕاوێژکـاریکردنی گشـتییـەوە بەڕێوە دەچوو، موریدەکان کۆ دەبوونەوە و بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان دەسـتیان دەکـرد بە بیـرورا گۆڕینـەوە، و سـەبارەت بـە دۆزینەوەی هـەر ڕێگاچـارەیەک دەنگی هەمـــووانیـــان کـــۆ دەکـــردەوە. نـاوی ئەم ڕاوێژکـــارییـــەیـان نابـوو «پرس و ڕای ناوبرایەتی». لەم کۆبوونەوەیەدا هەمـوو تاکەکان مـافی بەشـداریکردن و بیـر و ڕا دەربڕینیان هەبوو، چ پیاو چ ژن بە بێ جیاوازی و هەڵاواردنێک.

پێشەوایانی بزووتنەوەی حەقە باوەڕیان وابوو کە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو بوونی نییە و هەموویان خوشک و برای یەکترن و هەر ژنێک وەکو هەر پیاوێک؛ خاوەن مافی کۆمەلایەتییە و لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بنەماڵە، لە ڕاوێژکاری و هەڵبژاردنی هاوسەردا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە و بە هیچ شێوەیەک لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیان ناکەونە ژێر گوشار و زەبروزۆر.

لە ناو موریدەکانی حەقە، (شیربایی) نەبوو، و تەنیا مەرجی پێکەوە ژیان ڕازیبوونی کچ و کوڕ بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بوو و لە باقیی ڕێوڕەسمەکانی دا هەروەکو موسڵمانەکانی تر بەڕێوە دەچوون کە برێتی بوون لە: شیرینی خواردن (دەزگیرانداری)، مارەبڕین، ڕێوڕەسمی زەماوەند و بێکەوەنانی ماڵ و ژیانی نوێ.

ئەم خاڵە بوو بە بیانووی دەستی نەیارانی بزووتنەوەکە و بۆ ماوەیەکی درێژ بە هەموو شێوەیەک دەستیان کرد بە تۆمەتبارکردن و درۆ هەڵبەستن بۆ پێڕەوەکانی، چونکە ئەم بنەما سەرەکییانە بوون بەهۆی ئەوەی کە چینە دەسرۆیشتووەکان کە کچ و ژنیان کردبوو بە ئامرازی بازرگانیکردن و پێوەندییە ناڕەواکانی ناو هۆز و عەشیرەت و یان بەپێچەوانەوە کچێکی جوان لە بنەماڵەیەکی هەژار دەبێ بە زۆرەملێ ببێتە هاوسەری کەسێکی بەساڵاچوو کە خاوەن موڵکە، لە حاڵێکدا کە ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خاوەن ئازادییەکی تایبەتە وەک کەڵکوەرگرتن لە جلوبەرگی هۆزەکەی خۆی هەروەها بەشداری لە کاروباری ناو کۆمەڵگا پێ ڕاگەیشتن بە کاروباری بەخێوکردنی ئاژەڵن و باخەوانی و پەروەردەکردنی و منداڵ و لە هەڵبژاردنی هاوسەردا بە دەگمەن غەدری لێ دەکرێت و هێندێ کات وەکو شەڕڤانێکی لێهاتوو چەک هەڵدەگرێت و شانبەشانی پیاوان لەگەڵ دوژمن بە شەڕ دێت، لە بەرانبەردا ئازادیی ژن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەبینن، کە تەنیا وەکو ئامرازێک سەیر دەکرێن. بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە پێدانی ئازادی بە ژنان و کچان و ڕێزگرتن لە مافەکانیان لە ناو جووڵانەوەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکی نەریتی و دواکەوتوو و عەشیرەتیدا ئەویش لە لایەن چەند ڕێبەرێکی ئاینییەوە کە ئاماژەمان پێ کردن، بەڵام ئەم بابەتە وەک ئامانجێکی سەرەکی لە

ڕەوتی بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەکە بۆ لایەنگرانی ئەم بزووتنەوە ئاینی و کۆمەڵایەتییە لە هەموو توێژەکانی شار و گوند و هەژار و دەوڵەمەند، تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەبوو.

حەوتەم ـ ڕەوشت

ڕەوشت برێتی بوو لە کۆمەڵێک پرنسیپ کە بە بێ هەڵاواردن دەبووا هەموو کەسێک ڕەچاویان بکات، هەرکەسێک سەرپێچیی لێ دەکردبان، یان بەپێچەوانە جووڵابایەوە ناویان دەنا (بێ ڕەوشت) و بە هۆی ئەم کردەوەیەوە سزا دەدرا و بڕێک پارەیان لێ وەردەگرت یان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دوورییان لێ دەکرد و یان کاری سەختیان پێ ئەنجام دەدا. لە ژێرەوە چەند بابەتێک دەخەینە بەرچاو:

أ ـ دەست و زمان پاک و بە دوور لە ئاکاری چەوت وەک دزی، درۆ و قسە هەڵبەستن و چەواشەکاری و... بێت، هەموو ئەندامەکانی جەستە دەبێ لەو شتانەی کە ناویان برا بە دوور بن، ئەو کەسەی کە دەیەویست لە ناوجەرگەی پێڕەوانی حەقە بێت پاش فێربوونی خاڵەکانی سەرەوە دەکەوتە ژێر چاوەدێری و تاقی دەکرا و بۆ ماوەیەک ئەگەر هەڵەیەکی کردبا دوورییان لێ دەکرد و وەکو پێڕەو وەرنەدەگیرا، پێڕەوانی حەقە لە کاروباری بازرگانیکردن نموونەی هەرە بەرزی ڕاستگۆیی بوون، درۆیان نەدەکرد و لە دەنگۆ بڵاوکردنەوە و چاوچنۆکی بە دوور بوون.

ب ـ پاک و خاوێن بوون و پاراستنی تەندروستیی تاک و بنەماڵە: پێڕەوانی حەقە، بایەخێکی زۆریان بە پاکی و خاوێنی دەدا و هەمیشە جەستە و جلوبەرگی خۆیان بە خاوێنی ڕادەگرت، پووزەوانە (زەنگاڵ)یان هەتا ئەژنۆ هەڵدەکێشاو ژنانی گرینگییەکی تایبەتییان بە پاکی و خاوێنی جلوبەرگ و کەرەستەی ناو ماڵ دەدا، جلوبەرگی جوانیان لە بەر دەکرد، خۆراک و کەرەستەی نانخواردن و ئامرازی چێشت لێنانیان بە جوانترین شێوە دەپاراست.

ج ـ پێڕەویکردن لەو دەستوورانەی کە هەمووان لە سەری بڕیار دەدەن و سەرپێچی نەکردن لە بڕیارەکانی ئەنجومەن یان بەوتەی خودی ئەوان دەرنەچوون لە (ڕیزی برایەتی).

د ـ لە کاروباری بازرگانیکردن لەگەڵ بیانییەکان زۆر سەرڕاست بوون و هیچ جۆرە

ئازارێکیان بۆ خەڵکی تر نەبوو.

هـ ـ دووریکردن لە کەسانی جێگای شک و گومان چ لە باری ئاینی و چ لە باری دونیاییەوە، و هەر بەم هۆیە کەمتر لەگەڵ کەسانی غەیری (حەقە) دادەنیشتن و لە هاوڕێیەتیی کەسانی تر خۆیان دەپاراست و بەم جۆرە ژیانێکی بەرتەسک و پێوەندییەکی نێو گرووپ و بەستراویان هەبوو.

و ـ لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکتر تەوقەیان دەکرد و قامکەکانیان لێک دەسووین و دەیانوت: (یا کەریم و یا ڕەزا) و مەبەستیان ناوە پیرۆزەکانی خوای مەزن بوو، ئەگەرچی ناوی دووکەس لە بناغەدانەران و ڕێبەرانی ئەوانیش بوو، ئەم شێوە دەستدانە بۆ ژن و پیاو و منداڵ و گەنج یەکسان بوو، ئیتر ماچکردنی دەست لە ناو ئەواندا باو نەبوو، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە لای ڕاستەوە دەستیان بۆ لای چەپ تەوقەیان دەکرد، بە بێ ئەوەی کە کەسێک لە بیر بکەن و هەموویان هەڵدەستانە سەر پێ، بەتایبەت لە ناو هەموو خاڵەکاندا ئەم شێوە تەوقەکردنە دەیانوت (روش) ــ (ڕەوش)

هەشتەم ـ ڕێکوپێک بوون لە کاروبارەکان

لە هەر گوندێک کە کەسانێک یان چەند بنەماڵە لە پێڕەوانی (حەقە) دەژیان هاوڕێ لەگەڵ یەکتر بینایەکیان دروست دەکرد یان دەیانکڕی و ئەو شوێنە وەکو تەکیە هەڵدەبژێردرا، هەموو خوشک و برایانی حەقە لەو گوندە لە کاتی پشوودان و بێکاریدا یان کاتێک کە میوانیان بۆ دەهات و پێویست بە ڕاوێژکردن و وتووێژ بوو، بە هەموانیان ڕادەگەیاند کە لەو شوێنەدا (تەکیە) کۆ ببنەوە و هەر پێشنیازێک کە هەیانە بیخەنە بەرچاو تا بەم جۆرە دەست بکەن بە پرس و ڕاوێژکردن (پرس و ڕای ناوبرایەتی) و بابەتەکەیان شی دەکردەوە.

کاتێکی بەنرخ لەم (تەکیە)انەدا، ڕادەبرا. بەتایبەت لە کاتی بێکاری و پشوودان بەشێوەیەکی ئاسوودە دەستیان دەکرد بە لێدانی ئامێرەکانی موسیقای خۆماڵی و قسەی خۆش و پەندی پێشینیان و باسکردن سەبارەت بەخواپەرستی و حەقپەرستی.

ئەم (تەکیانە) هەمیشە نموونەی پاکی و خاوێنی بوون، هاتنە ناو بە پێڵاو بۆ ناو تەکیە و خەوتن و دانیشتن لە لای پێڕەوانی حەقە قەدەغە بوو، لە هەر گوندێک،

یەکێک لە پێڕەوانی حەقە لەو گوندە وەکو بەرپرس و جێگر هەڵدەبژێردرا کە ناوی (سەرتەکیە) بوو. و ئەرکی سەرشانی پاراستن و سەرپەرشتی و چاوەدێری و بەڕێوەبردنی تەکیەکە بوو و پارەی مانگانەشی هەر مانگ لە پێڕەوانی (حەقە) لەو گوندە وەردەگرت، و ئەوەی کە بۆ تەکیە پێویست بوو لە هەموو لایەنێکیەوە ئەنجام دەدا و میوانداریی میوانانی تەکیەی دەکرد و سەرجەم باسوخواسەکانی بەخەڵک ڕادەگەیاند پێی لەسەر پێداویستییەکان دادەگرت.

## بانگەشەچییانی بزووتنەوەی حەقە

لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەدا تاقمێک لە شوێنکەوتووان و لایەنگرانی شێخ عەبدولکەریم بە هۆی جەزبە و ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتن وازیان لە کاری بازرگانی هێنا و ماڵ و هاوسەر و منداڵیان بە جێ هێشت، و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی حەقە لە گوندەکان کەوتنە گەڕان و سەبارەت بە ئاینی حەقە بۆ خەڵک قسەیان دەکرد، پاش شێخ عەبدولکەریم کە مامەڕەزای برای، ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە و جێگریی شێخ کەوتبووە ئەستۆی، ئەم گرووپەی کردە نوێنەری خۆی لە ناو پێڕەوانی حەقەدا و هەر دەستەیەکی دووکەسی هاوڕێ لەگەڵ یەکتر بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی حەقە بۆ ناوچە جۆربەجۆرەکان و گوندەکان دەنارد و ناویان (برا سەیار) بوو بە واتای برایەک کە هەمیشە لە حاڵی گەڕاندایە، ئەم کەسانە زۆر زیرەک و قسەخۆش و قسەزان و خاوەن بیر و هۆش بوون وەکو: کاکە دینە، شێخ بەکر و شێخ سەلیم کە خەڵکی سەرگەڵوو بوون و شێخ عارف ئیلەڵڵا و سەید عەبدوڵڵا و سەید عەلی کانی هەنجیر و...

### موخلیس

دەستەیەک کە سەربەگرووپی سەرەوە بوون و لە گوندەکان نیشتەجێ بوون و لە یەک جێگادا مابوونەوە، بە (موخلیس) ناوبانگییان دەرکردبوو، چونکە بە دڵسۆزییەکی تەواو هەوڵی خۆیان لە پێناو بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئاینی حەقە خستبووە گەڕ، لەوانە؛ حاجی ئەحمەدی سەرگەڵوو، حاجی مەحموود هەڵەدن، سۆفی بەنی شیلە، عەلی ساڵح قەڵاچۆخەی ئاغجەلەر، مستەفا سەرمورد، محەمەد قوربانی قزلوو، مەلا عەبدوڵڵا هەلمۆرد، حاجی ئەحمەد بیراسپان، سۆفی مەولوود عومەر گومەت، محەمەد عەزیزی کوێخا عەبدوڵڵای مەرگە، حاجی محەمەدی خۆشناو، مام عەلی قەرەدەر، حەمە بۆر کەرکووکی، محەمەد ئەمین عەرەب لە کەرکووک و... هەروەها لە شارەکانیشدا موخلیسەکان و ڕۆشنبیر و شارەزا بوون وەکو مەلا سابیری سۆفی محەمەد لە سلێمانی.

## تێڕوانینی کۆمەڵایەتی لە بزووتنەوەی حەقە

مستەفا عەسکەری کە چەندان دەستنووسی سەبارەت بە بزووتنەوەی حەقە نووسیوە و مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا کە پەراوێزێکی زۆری لێ زیاد کردوون، بە سەرنجدان بەوەی کە لە وڵاتی عێراقدا بزاڤە ئاینییەکان کەوتوونەتە ژێر سێبەر و کاریگەریی روانگەی سیاسییەوە و بەداخەوە هەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ڕووداوەکان دەکرێ، لە حاڵێکدا کە شارەزایی لە ئاینە کۆنەکانی کوردستان و بارودۆخی کۆمەلایەتی و بیروباوەڕی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بزووتنەوەی حەقە گەڕانەوەیەکی دووبارە لە نەقشبەندییە بە شێوەی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) بوو، و بنەماکەشی لە هەمان داو و نەریتی پەردیوەری سەرچاوە دەگرێت و بناغەدانەرانی ئەم ئاینە نوێیەش لە زنجیرەی کوڕەکانی شێخ عیسا بەرزنجیی هەمەدانی بوون کە گەڕانەوەی بنج و بناوانی بزاڤەکە و بە پێی هەلومەرج لە بنەما سەرەکییەکەیدا هەندێ ئاڵوگۆڕیان پێک هێنا.

بەڵام مستەفا عەسکەری دەنووسێت: زۆربەی لایەنگرانی بزووتنەوەکە، جووتیاران و باخدارەکان و پاڵەکان و... بوون، شێخ عەبدولکەریمیش خوی وەرزێر بوو و هەر وەکو کەسانی تر لەسەر داهاتی کشتوکاڵی خۆی ژیانی دەبردە سەر و هەر بەو هۆیەوە بەرەو ژیانی هاوبەش دەچوونە پێش. لە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەدا هەرچەند کەسانێکی بلیمەت و شارەزا تێدا بەشدار بوون، بەڵام ژمارەی کەسانی خوێندەوار لە ناویاندا کەم بوو، بەڕادەیەک کە توانایی ئەوەیان نەبوو کە بزووتنەوە بە خێرایی بەرنە پێش، هەر بەم هۆیەوە بەشێک لە ژیانیان بە قسەکردن و بیرورا گۆڕینەوە تێ پەڕاند و پاشان کەوتنە ژێر ئازار و ئەشکەنجە و گوشاری سەربازی و سیاسیی حکوومەتی عێراق و تووشی بەندیخانە و دوورخستنەوە لە ناوچەکە هاتن و نەیانتوانی گەڵاڵەی خۆیان لە سەر بنەمای خواستەکان و ئامانجی کۆتاییی خۆیان دابڕێژن و ڕێکوپێکی بکەن و دەست بکەن بە تۆمارکردنی پێرەو و پرۆگرامێکی هەمەلایەنە (؟!!) تا کەسانی تر لە

ئامانجەکانی ئەوان ئاگادار ببنەوە لە حاڵێکدا دروشمەکەیان بریتیی بوو لە کە یەکیەتی و هاوکاری و ئاشتی.

بزووتنەوەی حەقە لە شیکردنەوەیەکی گشتیدا بە شێوەی بزووتنەوەیەکی نیوەچڵی سۆسیالیستی دیارە. چونکە هەروا کە وتمان؛ بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوە پێیان لەسەر پرکردنەوەی کەلێنی سڕینەوەی مەودای چینایەتیی دەوڵەمەند و هەژار، دەسەڵاتدار و بێبەش، خان و ڕەعیەت دادەگرت دژی ئەم نایەکسانییە کۆمەڵایەتییانە بوون، بۆیە لایەنگرانی بزاڤەکە باوەڕیان وا بوو کە چینە بێبەش و هەژارەکانی کۆمەڵگا دەبێ یەک بگرن و یەکەتییان لە نێواندا هەبێت و تێ دەکۆشان تا هیچ هەژارێک لە ناویاندا نەمێنێت و هەموو یار و خەمخۆری یەکتر بن، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ توێژی هەژاری پێڕەوانی بزووتنەوە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە قوربانییەکی زۆریان دا، لەوانە؛ حسێن کوێرەکانی و مام ساڵح گۆمەشینی هەر لەم ڕێگایە ئازار و ئەشکەنجە و بەندیخانەی زۆریان چێشت بەڵام وازیان لە باوەڕی خۆیان نەهێنا.

محەمەدی مەلاکەریم لە پەراوێز و لێکدانەوەکانیدا سەبارەت بە ئامانجی یەکگرتنی چینی هەژار لە بزووتنەوەکە دەنووسێت، ئەگەر وابێت، نیشانەی پلەیەکی بەرز لە هوشیارییە، بەڵام نەک مستەفا عەسکەری، بەڵگەیەکی بۆ ئەم قسەی خۆی خستووەتە بەرچاو و نەک من [محەمەدی مەلا کەریم] نیشانەیەک لەم بیرۆکەیە دەبینم.

[بەهەرحاڵ دەبێ بزانین کە بزووتنەوەی حەقە بێجگە لە گەڕانەوەیەکی دووبارە بۆ ڕێوشوێن و ئاینی پێشڕەوی عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) بەڕێبەرایەتی کوڕەکانی شێخ عیسای بەرزنجیی هەمەدانی لە نەقشبەندییە شتێکی تر نەبووە و نییە ئەگەرچی لەم قۆناغە لە گەڕانەوەدا پێوەندیی خۆی لەگەڵ ڕابردوو پچڕاندووە و کە دەسپێکی خاڵێکی تردایە.]

## بزووتنەوەی حەقە و ڕیشە ئاینییەکەی

زۆربەی پێڕەوانی حەقە، دەزانن و زۆربەی واجیبەکان و فەرائیزەکانیان وە لا ناوەوە، خەڵکی ناوچە و دەوروبەر ئەمەیان بە نیشانەی ئیلحادی پێڕەوانی بزووتنەوەی حەقە دەزانی، بەڵام لە ڕاستیدا لایەنگرانی حەقە مولحید نەبوون و باوەڕ بە خوا و پێغەمبەر و قورئان و یاساکانی شەرع لە ئەندێشەی ئەواندا زۆر پتەو بوو و خووی ئەوان شێوە و بیرکردنەوەی خۆیانیان بە خوداناسیی ڕاستەقینە و حەقپەرستی دەزانی. لە قسەکردن و پروپاگەندەکردنی شێخ عەبدولکەریم و مامەڕەزا ئاماژە بە ڕەتکردنەوەی چ یاسایەکی شەرعی نەکراوە و موریدانی شێخ عەبدولکەریم لە تەریقەتی نەقشبەندی بەئاشکرا پێیان لە سەر بنەماکانی شەریعەت دادەگرت و تەنیا گرووپی (برا سەیار) وازیان لە فەرائیز هێنابوو کە پێوەندیی بە حاڵەتی نائاسایی و جەزبەی ئەوانەوە بوو کە نە تەنیا لە بواری فەرائیز، بەڵکو هەموو داو و نەریتەکانی تاک و کۆمەڵگا وەکو کار و کشتوکاڵ و بنەماڵە و ژیان و... یان وەلا نابوو، دەیانەویست بیروباوەڕی حەقە بڵاو بکەنەوە کە خەڵک بەوانیان دەوت دێوانە. لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی مامە ڕەزادا. زۆربەی پێڕەوانی ئەهلی حەق و موریدەکان سوور بوون لەسەر بەڕێوەبردنی واجیباتە کەسانییەکان و تەنانەت مامە ڕەزا، لە کاتی نوێژی بەیانیدا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هات.

## دەستبەسەرکردنی مامە ڕەزا و دژکردەوەی پێڕەوانی حەقە و ئاکامی هەوڵدانەکان

مامەڕەزا، توانیی بزووتنەوەی حەقە زۆرتر پەرە پێ بدا و بەرەو لای سەرنجدان بە پێوەندییەکان و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بیبات. تاقمێکی زۆر لە خەڵک و دانیشتووانی سنووری دەسەڵاتی ئەوان هاتنە ناو ڕیزی ئاینی حەقە و ڕێوڕەسمەکانی ئەوانیان قبووڵ کرد. تەکیەکان و خانەقاکانی حەقە [یەکەم سەر بە پێڕەوانی بزووتنەوە و دووەم شوێنی ئامادەبوونی نەقشبەندییەکان بوو] گەشەیەکی یەکجار زۆریان سەند و لە هەموو شوێنێک باس باسی ئەوان بوو.

بە ڕێکەوت وەها ڕووی دا کە هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی بزووتنەوەی حەقە، شۆڕشی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ی زاینی=(١٣٦٢ک.م=١٣٢٢ی ک.ھ) دەستی پێ کرد، حکوومەتی عێراق لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی بزووتنەوەی حەقە ترسا و لە ساڵی ١٩٤٤ی ز- (١٣٢٣) بەشێوەیەکی خافڵگیرانە مامەڕەزا لە لایەن حکوومەتی ئەو کاتی عێراق دەستبەسەر کرا و دوور خرایەوە و مامەڕەزا لە کاتی دەستبەسەر بوونیدا تەنیا توانیی پەیامێکی زارەکی بە پێڕەوانی بزووتنەوە لە ڕێگای خزمەکانی خۆیەوە ڕابگەیەنێت کە بە دوای دەستبەسەربوونیدا هەموویان پێکەوە بەرەو ناوەندە حکومییەکانی بەرپرس لە کەرکووک بەڕێ بکەون و هەتا گەڕانەوە و ئازادکردنی مامەڕەزا درێژە بە مانگرتنی خۆیان بدەن تا ئەوەی کە حکوومەت ناچار بکرێت کە مامەڕەزا بۆ «کەلکە سماق» کە شوێنی ژیانیەتی بگەڕێنێتەوە.

کەلکە سماق؛ کە تەکیەی سەرەکیی پێڕەوانی حەقە پاش شەدەڵە بوو سەر بە ناوچەی میرزا ڕۆستەم لە مەڵبەندی ڕانیەی سەر بە هەولێر بوو، سەعید قەزاز، پارێزگاری هەولێر بوو، بۆ ناوچەی (دووکان) هات و بانگهێشتی مامەڕەزای کرد تا لەگەڵی چاوی پێ بکەوێ، لەگەڵ گەیشتنی مامەڕەزا، دەستبەجێ دەستبەسەریان کرد و بە ئۆتۆمۆبیلی شەخسی خۆی لە ناوچە بردیە دەر و

یەکسەر بۆ (عەمارە) بردی. لەگەڵ ئاگاداربوونی پێڕەوەکان لە دەستبەسەرکردنی مامەڕەزا هەموو (حەقە)کان لە ناوچە ماڵ و مەزرای خۆیانیان فرۆشت و هەر دەستە لە شوێنی ژیانی خۆی بەرەو ئاغجەلەر کەوتەڕێ. وەستانێکی کورتیان لە شوێنی «گۆپتەپە» هەبوو تا هەموویان یەکیان گرت و جەماوەر یەکپارچە بەرەو «شوان» کەوتنە ڕێ تا لەوێوە بەرەو کەرکووک بکەونە ڕێ؛ لە نزیک گوندی (حاجی بەیخان) لە ناوچەی شوان کەوتنە ڕێ تا بۆ کەرکووک بڕۆن، مەئموورە نێردراوەکانی حکوومەتی عێراق ڕێگایان لێ بەستن و کاکەڕەزا کوڕی کاکە عەلی عەسکەری و دوازدە کەسی تریان دەستبەسەر کرد و بۆ کەرکووکیان ناردن، پێشتر لەمەش شێخ محەمەد ئەمین مەلحە هاوکار و ڕاوێژکاری مامەڕەزا و شێخ مستەفا کوڕی مامەڕەزا لە ناوچەی میرزا ڕۆستەم دەستگیر کرابوون و بۆ ناوچەی (ڕانیە) ناردرابوون.

بەدرێژاییی ئەم ڕێگا دووورودرێژە بەشێوەیەکی بەردەوام مەئموورانی حکوومەتی عێراق خۆ پیشاندەرانیان خستبووە ژێر چاوەدێری و بە شێوەی جۆربەجۆر ئەوانیان دەخستە بەر هەڕەشە و ئازاردان، بەڵام ئەوان هەروا بوون لەسەر بڕیارەکەی خۆیان و گەیشتنە گوندی (یاروەلی)، لەو گوندەدا بوون کە بەرپرسە حکومییەکان دەستیان کرد بە ڕا و ڕاوێژ سەبارەت بە ڕێگرتن لەم ڕێپێوانە، چونکە ئەگەر ئەم جەماوەرە بەرچاوە کە بریتی بوون لە ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و پیر، ڕێگای شارەکانیان بگرتایەتە بەر، دەبوونە هۆی ترسی دەوڵەتی عێراق بەم جۆرە لەگەڵ خۆپیشاندەران دەستیان کرد بە وتووێژ و لە لایەکی ترەوە دەستبەسەرکراوان کەوتنە بەر لێپرسینەوە و ئەشکەنجە و ئازاری پۆلیس و دەزگای دادی عێراق تا بەڵکو بەم جۆرە بتوانن خۆ پیشاندەران بگەڕێننەوە بۆ شوێنی ژیانیان بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم وتووێژانە لە یەکێک لە ئۆردووگا هاوینییە سەربازییەکان لە نزیک گوندی (یاروەلی) بەشێوەکی کاتی ڕاوەستان و پارێزگارەکانی هەر سێ ناوچەی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و فەرماندەرانی پۆلیسی شوێنە ناوبراوەکان بۆ وتوێژکردن لە شوێنی ناوبراو ئامادە بوون و لەو لاوە، چونکە نەیانتوانی دەستگیر کراوەکان بە تاوانبار لە قەڵەم بدەن و وەکو تاوانبار بیناسن، وتووێژ لە هەر دوو لاوە چ لە دادگا و چ لە ئۆردووگا بەشێوەیەکی جیدی دەستی پێ کرد، بەڵام حکوومەتی عێراق هەروا بەهیوای

فـێڵـکردن و وه درەنگخـسـتنی خـۆپیـشـاندەران بوو، خـواست و بیـروڕای ئەوانی دەبیست و بە رواڵەت لەگەڵیان بوو، بەڵام هیچ کردەوەیەکی ئەرینی ئەنجام نەدەدا.

کــات تـێ دەپەڕی و وەرزی پایز لە ڕێگادا بـوو و کــەشــوهەوا بـەرەو ســاردی دەچوو، نەخـۆشی کەوتە ناو ئۆردووگای خـۆپیـشـاندەرانی حـەقـە و ژمـارەیەک لە بەســاڵاچووان و منداڵـەکـان گـیـانیـان لە دەست دا و لـە هەمـان شــوێن نێــژران، سەرەنجام خۆپیشاندەرانی حەقە کۆبوونەوەیەکی بەرینیان لەو ئۆردووگا بەرپا کرد و بە ئـەرێکردنی جـاڕنامــەیەک بڕیاریـان دا کـە بـاوەڕ بە بەڵێنەکـانـی حکوومــەتی عـێـراق نەکـەن و درێژە بە ڕێگای خـۆیـان بدەن و بەرەو کـەرکـووک کـەوتنـە ڕێگە، بەرپرسـەکان لەگەڵ بەدەسـتخـستنی زانیـاری لەسەر خـۆپیشـاندەرانی حەقـە، هێزە سەربازییەکانیان بۆ سەر ڕێگای خۆپیشاندەران نارد و فەرماندەرە سەربازییەکان لە حـاڵێکدا کە ڕێگایان لەوان بەسـتبوو، هەڕەشـەیان دەکرد کە ئەگەر پاشـەکشێ نەکەن ڕیزی خـۆ پیشـاندەران دەدەنە بەر دەسـتـڕێژ، خـۆپیشـاندەران لـە بەرانبـەر هەڕەشەکانی فەرماندە سەربازییەکاندا ڕایان گەیاند: ئامـانجی ئێمە ئەوە نییە بە شــەڕی چەکـدارانە ڕووبەڕووی حکوومــەتی عـێـراق ببـینەوە، بەڵکو نارەزایـەتی دەربڕینە سـەبارەت بە دەسـتبەسـەرکـردنی ڕێبـەرانی حەقـە، حکوومـەتیش بۆ خـۆی سـەرپشکە چۆن مامـەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئێمە بەهـیچ شێوەیەک پاشـەکشێ ناکەین؛ تەنانـەت ئەگەر تا دوایین کـەسـمـان بکوژرێن و ناگـەڕێینەوە و درێژەیان بە ڕێگای خـۆیان دا تا گەیشـتنە سـەر ڕێگای هەولێر و چوونە ناو شـاری کەرکووک و لە نزیک مـاڵی پارێزگـار نیشـتـەجێ بوون و هەمـوو خـەڵکی کەرکووک لەم ڕووداوە ئاگـادار بوون و زۆرێک لە پیـاومـاقـووڵانی شـار و نـاودارانی گـۆڕەپانی ئەدەب و زانست بە نهێنی لەگەڵ خۆپیشـاندەران بوون بە هاوپەیمان و یارمەتییان دان و لە بەرانبـەر هەڵوێسـتـی حکوومـەتی عـێـراق یارمـەتیـی خـۆپیـشـانـدەرانیـان دەدا و چۆنیــەتیی ڕووداوەکــەیان بۆ نوێنـەرانی خــۆپیــشــانـدەران ڕوون دەکــردەوە پاش تێپەڕینی چەند ڕۆژ، حکوومەتی عێراق بە ناچار بـۆ پرژوبڵاوکردنی مـانگرتووان و سـەرگەرمکردنی ئەوان و بڕینی پێوەندییـان لەگەڵ خەڵک، وا لـە خەڵکی کەرکـووک بگەیەنێ کە لە بەرانبەر ئەواندا هەڵوێستێکی ئەرێنیی هەیە، بەبیانووی ساردبوونی هەوا، ژمـارەیەک لـەو خـانووانەی کـە خـاڵی بـوون و لە گـەڕەکی (زیویە) لـە پشـتی چایخـانەی یادگـار و لەسـەر ڕێگای کـۆنی سلێـمـانی هەڵکەوتبـوون، هەندێک لە

بنەماڵەکانی حەقەی نیشتەجێ کردن و ئەوانی تریش لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی شار پرژو بڵاو کرد و جارێکی تر وتووێژی حکوومەتی عێراق لەگەڵ نوێنەرانی (حەقە) دەستی پێ کرد و هەروا کە دیار بوو ئەم جارە حکوومەت دەیەویست تا چەندان خاڵ لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات، بەتایبەت لەگەڵ کەسانی دەستبەسەرکراو لەسەر ئەم خاڵانەی ژێرەوە ڕێک کەوتن:

١ـ مامە ڕەزا بۆ شاری سلێمانی بگەڕێتەوە و پاش گەڕانەوەی سەرجەم خۆپیشاندەران بۆ شوێنی ژیانی خۆیان و ئەویش بۆ (کەلکە سماق) بگەڕێتەوە.

٢ـ هەموو دەستگیرکراوانی حەقە دەبێ ئازاد بکرێن، چونکە سەرەڕای کەسانی ناوبراو هەموو پێڕەوانی حەقە کە لە خزمەتی سەربازیدا بوون، هاوکات دەستبەسەر کران و خرانە ناو بەندیخانەوە.

٣ـ حکوومەت هەموو خەسارێک و زەرەرێک کە لە خۆپیشاندەران و ڕێبەرەکانیان کەوتووە قەرەبوو بکاتەوە.

٤ـ شوێنێک لە ناوچەی (ئاغجەلەر) یان (بیتوێن) بۆ نیشتەجێبوونی پێڕەوانی حەقە تەرخان بکرێت و لەو شوێنەدا دەست بکرێت بە دروستکردنی بینا و خوێندنگا و نەخۆشخانە بۆ دانیشتووان و زەویوزاری کشتوکاڵییان پێ بدرێت.

٥ ـ خۆپیشاندەرانی حەقە، بۆ ناوچەی شوان بگەڕێنەوە، بۆ پێدانی دەرفەتێک بە حکوومەتی عێراق بدەن تا ئەوەی کە ئەم خاڵانەی سەرەوە جێبەجێ بکات.

پاش ئەوەی کە نوێنەرانی هەر دوولا (حکوومەتی عێراق و پێڕەوانی حەقە) لەسەر ئەم بڕیارنامەیە ڕێک کەوتن. (مامە سەلام) برای (مامە ڕەزا) بۆ عەمارە ناردرا تا لەو شوێنە چاوی بە (مامە ڕەزا) بکەوێت و خاڵەکانی ناو بڕیارنامەکەی پێ ڕابگەیەنێت و پەیام و هەڵوێستی ئەو بۆ حکوومەت و پێڕەوە مانگرتووەکان بێنێتەوە؛ بۆ گەڕانەوەی نوێنەری نێردراو بۆ عەمارە، سێ ڕۆژ دەرفەتیان بە مانگرتوانی حەقە دا کە لە کەرکووک بمێننەوە، بەدرێژاییی ئەم سێ ڕۆژە (مامە سەلام) نەیتوانی هیچ پەیامێک بە مانگرتووان بگەیەنێت هەر بەم هۆیە لە ناو مانگرتوواندا کێشە و ناکۆکی هاتە پێش، تاقمێک لە ژێر فەرمانی کاکە ڕەزا،

کوڕی عەلی عەسکەری بۆ (ڕێدار) لە ناوچەی (شوان) گەڕانەوە. ئەوانی تر ڕازی بەم چوونە نەبوون، دەیانوت: ئامانجی حکوومەت فریودانی ئێمەیە و هەتا ئەو کاتەی کە (مامە ڕەزا) نەگەڕێتەوە ئێمە شار بەجێ ناهێڵین. پاشان مامە سەلام هات و پەیامی (مامە ڕەزا)ی کە برێتی بوو لە قەبووڵکردنی خاڵەکانی ناو ڕێککەوتنامەکە ڕاگەیاند کە ئەوانیش لەگەڵ گرووپی پێشوو لە ناوچەی شوان یەکیان گرتەوە و بەسەر گوندەکان دابەش بوون، پاشان سێ ڕۆژ دەرفەت بە (مامە ڕەزا) درا کە بۆ سلێمانی بگەڕێتەوە و پاش ماوەیەکی ناردیان بۆ (هەڵەبجە) دواتر لە بیارە نیشتەجێ بوو.

حکوومەتی عێراق، کێشە و ناکۆکیی نێوان مانگرتووانی حەقەی کردە بیانوویەک بۆ جێبەجێ نەکردنی خاڵەکانی تری بڕیارنامەکە و تەنیا یەک خاڵ کە ئەویش گەڕانەوەی (مامە ڕەزا) بوو بۆ سلێمانی جێبەجێ کرا و دەستبەسەرکراوانی حەقەشی ئازاد کرد، خۆپیشاندەرانیشی بە ناچاری لەوپەڕی پەرێشانی و دەستەوەستانی بۆ شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە، لە حاڵێکدا کە لەم پێناوەدا هەموو شتێکی خۆیانیان وەکو ماڵ و موڵک و منداڵ و... کردبووە قوربانی. تەنانەت هەندێک لەوان پارووە نانێکیان نەبوو بیخۆن و بە بێ ماڵ و خۆراک و پارە گەڕانەوە و هەرکامەیان خانوویەکیان بۆ خۆیان دروست کرد و ئەو دەستە لە پێڕەوانی حەقە کە شتێکیان بۆ نەمابووەوە یارمەتی دران و بەم جۆرە و بە ئارامی ژیانیان لە سەرەتاوە دەست پێ کردەوە و دەستیان کرد بە دابینکردنی کەرەستە سەرەتاییەکانی ژیان و زۆری نەخایاند کە سەرلەنوێ چوونەوە سەر دۆخی پێشووی ژیانیان و بوون بە خاوەنی مەزرا و ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات، چونکە پاک و خاوێن بوون، خەڵکانی تریش بە هۆی ئەم هەڵسوکەوتە باشەیانەوە، دەستیان کرد بە یارمەتیدانیان.

پاش تێپەڕینی ئەم دژوارییانە کۆمەڵگای پێڕەوانی حەقە، زۆر گۆشەگیری بوو و ماوەیەک بەبێ دەسەڵات مایەوە. بەڵام پێڕەوانی حەقە لە بەرانبەر ئەم کەندوکۆسپانە چۆکیان دانەدا و بەهیچ شێوەیەک وازیان لە ڕێبازەکەی خۆیان نەهێناو سەرلەنوێ دەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوەی خانەقاکان و تەکیەکان و لە ماوەیەکی کورتدا توانییان بارودۆخەکە بگەڕێننەوە سەر هەمان بارودۆخی پێش لە مانگرتن.

ڕێپێوانی لایەنگرانی حەقە (چوون و گەڕانەوە) سێ مانگی خایاند، تەنیا لە یارەوڵی ٢٥ ڕۆژ مانەوە، ئەم ڕێپێوانە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٤٤ی زایینی-(١٣٢٣هەتاوی) دەستی پێ کرد و لە کانوونی یەکەمدا کۆتایی هات، لە هەموو ئەم ماوەیەدا (سێ مانگ)، مامە ڕەزا، لە ناوچەکە دوور بوو، لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینی (١٣٢٨ی هەتاوی) حکوومەتی عێراق و نوێنەری سیاسیی بەریتانیا ئیزنیان پێ دا کە بگەڕێتەوە بۆ (کەلکە سماق)، بەو مەرجەی کە لە ژێر چاوەدێریدا بێت و بە بێ ئیزنی بەرپرسانی حکوومەت لەو ناوچەیە نەچێتە دەرەوە. لە ١٩٥٢ی زایینی=(١٣٣١ی هەتاوی) بۆ یەکەم جار پاش تێپەڕینی چەند ساڵ ژیانی گۆشەگیرانە، ئیزنی پێ درا تا سەفەرێک بۆ ناو پێڕەوانی حەقە لە ناوچەی سورداش بکات.

[لێرەدا ڕاپۆرتی ئێدمۆندز ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کە شک و گومانێکی زۆری سەبارەت بە هەموو ئەو کەسانە هەیە کە بەپێچەوانەی سیاسەتی داگیرکاریی بەریتانیا دەجوولانەوە و هەنگاویان هەڵدەگرت دەربارەی سەرەتا و کۆتاییی بزووتنەوەی حەقە، دەخەینە بەرچاو کە دەنووسێت: «نەقشبەندییەکانی کوردستان (هەڵبەت نەک خەڵکی شار کە خوێندەوارن بەڵکو گوندنشینەکانی دانیشتووی گوندە دوورەکان) زۆربەی کات هەڵسوکەوتی سەیر و سەمەرە دەکەن. من گومانم لەوەدا نییە کە ئەم هەڵسوکەوتانە ساڵانێکی زۆرە لەم گوندە کوێستانی و دوورانە کە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ دنیای دەرەوە نییە و کەمتر لەگەڵ مەئموورە حکومییەکان ڕووبەڕوو دەبن، بابەتێکی خۆماڵییە. بەلام لە ساڵانی دواییدا واتە لە ١٩٣٢- (١٣١١ی هەتاوی) بوو کە بۆ یەکەم جار ئەم دیاردەیە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. گرووپێک لە ژاندارمەکان کە بۆ ڕاگەیاندنی حوکمی دادگە چووبوونە ناو گوندی (هەڵەدن) موڵکی شێخ مەحموود لە چوار مایلیی سەرگەڵوو، لە گەڕانەوەدا [ئەوەیان کە دیبوو کردیانە ڕاپۆرتێک] بەرپرسانی پارێزگا سەرەتا لە ڕاستبوونی ئەم ڕاپۆرتە کەوتنە شک و گومان تا ئەوەی کە چەند کەس لە بازرگانە ناودارەکانی تووتن دیمەنێکی هاوچەشنیان لە سەرگەڵوو بینی و ڕاپۆرتەکەیان ڕاگەیاند و سکالایەکیان بەم ڕاپۆرتە زیاد کردبوو کە چۆن ویستوویانە نارەزایەتی دەرببڕن کەوتوونەتە بەر ئازار و لێدان، لێکۆڵینەوەکان پەردەیان لەسەر چیرۆکێکی نهێنی لابرد: شێخ عەبدولکەریم ناوێک،

دانیشـتووی (شـەدەڵە) نزیکی سـەرگەڵوو کە لە خزمـەکانی حاجی شـێخ عارف بوو، تەریقەتێکی بە ناوی تەریقەتی حەقە دامەزراندووە یان زیندوو کردووەتەوە. بناغەی ئەم تەریقەتە لە سەر بنەمایەک بوو بە ناوی (رقصة الصوفية) و نووسراوەی یەکێک لە باپیرەکانی ناوبراو. خودی حاجی [شـێخ عـارف] وەکو کەسایەتییەکی گرینگی ناوچەکـە کـە لە بـەرانبــەر حکوومــەتدا هـەندێ بەرپرســیــاریەتی هەبوو خــۆی بەشێوەیەکی وردبینانە بە دوور گرتبوو،

ئەم تەریقـەتە بەنهـێنی زۆربەی بنەوێ (پرنسـیـپـەکـان)ی وەلا نابوون [...] پاش ڕووداني کارەساتێک کە تێدا دەستەیەک لە سۆفییە مەجزووبەکان هێرشـیان کردە سەر مزگەوتی سەرگەڵوو و بەرگێک... یان سووتاندبوو، شێخەکانیان بۆ سلێمانی بانگهـێشت کـران و خـزانە ژێر لێـپـرسـینەوە و وتیـان ئەوان وەهـا کـردەوەیەکی نامرۆڤانە ئیدانە دەکەن و بە وتنی ئەوە کە ئەگەر موریدێک لە کاتی جەزبە و لە خۆ بێـخـودبـوون دەست بداتە کـردەوەیەک بەپێـچـەوانەی ئاین دوچاری تاوان نابێت ویستیـان داکۆکی خۆیان بکەن. هەڵبـەت من ناتوانم ڕاستیی ئەم قسـەیە بسەلمێنم، بەڵام بێ گـومـان ئەم ڕاپۆرتە دووربـوو لە ڕاســتی، و تـا چەندان ســاڵ هەر چەند جارێک ئاگـاردارییەک بـڵاو دەبوو بریتی لەوە کە (مەزهـەبی حەقـە) موریدی تازەی پەیدا کـردووە و بۆ قـووڵاییی دەکـرایەوە کـە تێـدا باسی زیادبوونی مـوریدەکـانی (حەقە) دەکراو کە گوایە تەشەنەی کردووە بۆ ناوچەکانی دەوروبەریشی.

لە ئووتی ١٩٣٦= خـەرمـانانی ١٣١٥= (جـیـمـادیوسـانـی ١٣٥٤)، کە مـەزهەبی حـەقـە لە جۆش و خـرۆش کەوتبوو، شـەوێک میـوانی شـێخ عـەبدولکەریمی شـەدەڵە بووم. شـەدەڵە لە دۆڵێکی تەنگ لە بەشـی سـەرووی ڕوودتابێن لـە نێوان چەرمـەگا و پیرەمـەگروونـدا هـەڵکـەوتووە. بە پێی بەڵگەکـان شـێخـە نـاودارەکـان لە هەڵبـژاردنی شوێنی گوند لە باری سەربازی یان بەرجەوەندەوە شارەزاییەکی تەواویان هـەیە و شـێخ عـەبدولکەریم لەم بارەوە یـەکێک لەوان بوو کـە تەکـیـەکـەی لەسـەر شـوێنێکی بەرز و ســاف لە داوێنی چیـایەکـدا بینا کـراوە. لە ئاخـرین خـاڵی ڕۆژئاوای ئەم بەرزاییـیــە ڕیزێک سـپـیـدار لەوپـەڕی جـوانیـدا سـێـبـەریان بۆ باریکە ڕێگایەکی ڕازێندراو بە فـەرشـی ئێرانی کردبوو. ئەم فەرشـانەیان بۆ میـوانداریکردن لەسـەر کـەناری ســەرەوەی حـەوزێکی بەردینی گـەورە ڕاخـسـتـبوو کـە جۆگـەلەیـەکی خـوڕ دەڕژایە ناوی.

سپیایی یەکدەست و بێ وێنەی مێزەر و عابای شێخ لەگەڵ ڕیشێکی ڕەش و درێژ کە لە دەوروبەری دەموچاوی لوولی خواردبوو و دیار بوو کە تازە ڕەنگی کردبوو، جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو. هەروەک کەسایەتییە پیرۆزە ئاینییەکانی تر بە مەندی و واتەدانە قسەی دەکرد و وا دەردەکەوت کە خۆی لە هەمووان بە بەرهەمتر دەزانێ. بەڵام تیشکی شادی کە لە قووڵاییی چاوەکانیدا خۆی حەشار دابوو وێڕای ددانە کەلەکەی خوارەوەی دوو دیمەنی یەکجار جیاوازیان بە سیمای دابوو، قسەکانی پڕبوون بە وانەو حیکمەتی دنیایی، من هەروا کە دانیشتبووم و سەیری ڕەزەکانی ئەوبەری چۆمەکە و لە پیرەمەگروون دەکرد باوەڕم بەوە نەدەکرد کە ئەم کەسایەتییە، ڕێبەر و پێشەوای هەمان ڕێباز بێت کە تا چەند مانگی ڕابردوو بووبووە مایەی ترسی حکوومەت.

لە ساڵی ١٩٤٤ی زایینی– (١٣٢٢ی هەتاوی)دا واتە بە درێژاییی شەڕی دووەمی جیهانی بارودۆخێکی مەترسیدار لە ناوچەکە هاتە پێش: پارێزگاری لاو بەڵام لێهاتووی هەولێر [سەعید قەزاز] بە بێ پرسی بەغدا یان ڕاوێژ لەگەڵ هاوکارانی خۆی لە سلێمانی و کەرکووک کە زۆربەی پێڕەوانی (مەزهەبی حەقە) لە سنووری دەسەڵاتی ئەوانن لە نەکاو (مامە ڕەزا) جێگری شێخ عەبدولکەریم کە لە (کەلکە سماق) هەڵکەوتوو لە قەراخ زێی بچووک بەبەری هەولێر لە بەرانبەر (دووکان) دەژیا، دەستبەسەر کرد و ئەوی بۆ بەندیخانەی گومانلێکراوانی سیاسی لە (عەمارە) هەڵکەوتوو لە بەشی خوارووی دیجلە نارد. لە ئاکامی ئەم کردەوەیە، چەند کەس لە پێڕەوەکانی لەگەڵ ژنان و منداڵەکانیان، گوندەکانیان بەجێ هێشت و بۆ پێوەستبوون بە مورشیدی دوورخراوەکەی خۆیان دەستیان دایە سەفەرێکی ٥٠٠ مایلی. بە دژواری لە کەرکووک ڕێگایان لەوان گرت، بەڵام سەرەڕای کەند و کۆسپ و ئازاری زۆر کە چێشتبوویان، هیچ هێزێک توانای گەڕاندنەوەیانی نەبوو، تا ئەوەی کە (مامە ڕەزا) گەڕایەوە بۆ سلێمانی کە شوێنێکی باشتر بوو بۆ زیارەت و دەست ماچکردنی شێخ. پاش گەڕانەوە چاوم پێ کەوت. پیرە پیاوێکی ئارام بوو کە قسەکانی هەر ئەندازەش جێگای ڕەخنە بێت، خودی ئەو بە هیچ شێوە مەترسییەکی نەبوو بۆ حکوومەت». [س. ج. ئێدمۆندز، کوردەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، وەرگێڕانی یوونسی، بانە، ل٢٢٤ـ٢٢٦]. ژمارەی خۆپیشاندەرانی حەقەیان تەنیا لە ئۆردووگای (یاروەلی) بە دوازدە هەزار کەس

زانیـوە و ڕادەگـەیەنن ئـەم ڕێپـێـوانە هێـمنانـەیە بە بێ بوونـی هـەر جـۆرە چەکـێک بەڕێوە چووە و هـەرکـام لە خـۆپیـشـاندەران گـۆچانـێکی سـووری لە بڵاڵووکی کێـوی یان بادامـی کێـوی لـە دەسـتـدا بووە و نەیاران و دوژمنانـی بزووتـنەوەکە بەم بۆنەوە ئەوانیـان ناو نابوو (دارەقوڵە).

## کۆچی دوایی مامە ڕەزا و درێژەپێدانی بزووتنەوەی حەقە

ڕێکەوتی۱۹٥۳/٦/۳۰=(۱۳۳۲ هەتاوی=۱۳۷۲ ک – مانگی)

مامە ڕەزا لە گوندی (کەلکە سماق) لە ناکاو تووشی نەخۆشی و وەستانی کاتیی دڵ هات، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر چاوەدێریدا بوو تا توانی وێڕای بەهاوکاریی پەرستار و کەسانی تر و هەروەها بەگۆپاڵ هەستێتە سەر پێ لە ئەنجامی ئەم نەخۆشییەدا لە ڕێکەوتی ۱۹٦۱/۲/۲٥=۱۳٤۰ی هەتاوی لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی (کاکە حەمە) جێگای گرتەوە. [ڕوانینێکی دووبارە بۆ بزووتنەوەی حەقە، مستەفا عەسکەری، لەگەڵ پێشەکی و زیادکردن و ڕاستکردنەوەی محەمەدی مەلاکەریم و...، ۱۸۹۳بەغدا] بزووتنەوەی حەقە ئەگەرچی لەسەر بنەماکانی کۆنی عەلەوییە توندڕەوەکان– (ئەهلی حەق) بە هۆی مەودایەکی چەند ساڵەوە خاوەن سەربەخۆییەکی پێکهاتەییە بەڵام لە (ئاینی پەردیوەری)یەوە سەرچاوەی گرتووە و لەگەڵ مەکتەبی سوڵتان ئیسحاقدا پێوەندییەکی ڕیشەیی و مێژوویی و پتەوی هەیە. هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی حەقە لە ناو ئەهلی حەقی ئێرانیشدا بزووتنەوەیەکی هاوچەشن سەری هەڵدا کە لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە زۆر خاڵی هاوبەشی هەیە و لە جێگای خۆیدا لە سەری قسە دەکەین.


## سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی دەرسیم (تورکیا)

## (١٣١٥ی هەتاوی)

مەڵبەندی دەرسیم لە تورکیا شوێنی ژیانی عەلەوییە توندڕەوەکان=(ئەهلی حەق)ە ئاتاتورک پاش پەسندکردنی دەستووری لائیک و گۆڕانی شێوەی نووسینی باوی ناوچەکە بۆ سەر ڕێنووسی لاتینی و سەپاندنی زمان و کولتووری تورکی بەسەر گەلانی تردا بەمەبەستی لە ناوبردنی ئەو کولتوورانەی کە بەپێی بەرینایی جوگرافیایی تورکیا لە کەمایەتیدا بوون، هەوڵی زۆری دا بەڵام پانتایی شوێنی ژیانی ئەوان بەڕادەیەک بوو کە بە جیاوازییەکی نە ئەوەندە بەرچاو بۆ چەندان سەدە لە شانبەشانی خوشک و برایانی خۆیان لە پێشکەوتنی ئەو نیشتمانەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. لە بەرانبەر کردەوەکانی ئاتاتورک و دیکتاتۆریەتی لائیکەکان، یەکەم سەرهەڵدان لە ناو بەستێنی عەلەوییەکان دەستی پێ کرد. ئاتاتورک بە بیانووی قبووڵ نەکردنی خواستەکانی لە لایەن خەڵکی (دەرسیم)ەوە لە ساڵی ١٩٣٦ی زاینی-(١٣١٥هەتاوی) هێزە سەربازییەکانی خۆی بۆ ئەو شوێنانە نارد و فەرمانی سەرکوتکردنی دا و ناوی سەرەکیی ناوچەکەی لە (دەرسیم)ەوە گۆڕی.

ڕێبەری ئایینیی سەرهەڵداوەکانی دەرسیم لەم کاتەدا سەید ڕەزای کوردی عەلەوی بوو کە لە وتارێکدا فەرماندە سەربازییەکانی ئەرتەشی تورکیای پاش ئاگادارکردنەوە لە ئاکامی لەشکرکێشیی نایاسایی و زۆردارانە خستە بەر لێپرسینەوە و لەوانە جەنراڵ ئالپ دۆغانی خستە ژێر پرسیار.

جەنراڵ ئالپ دۆغان؛ نەک تەنیا هیچ ئاوڕێکی لە پەیامەکەی سەید ڕەزای کوردی عەلەوی نەدایەوە، بەڵکو فەرمانی بۆمبابرانکردنی چیاکان و ناوچەکانی دەوروبەری دەرسیمی دا، سەید ڕەزای کوردی عەلەوی کە لە دانیشتنی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەرتەشی ئاتاتورک ناگاتە هیچ ئاکامێک بە هاوکاریی هۆزەکانی زازا فەرمانی



سەید ڕەزای کوردی عەلەویی دەرسیمی

شـەڕی چەکدارانـە دژی هێرشکاران بـۆ سەر ئاین و باوەڕ و ژینگەی عەلەوییەکان ڕادەگــەیەنێت و مــوریدەکــانی دەست دەدەنە شـــەڕی چەکــدارانە، ئەرتەشی سـەرکوتکەر بۆ ئەوەی کـە بزووتنەوەی عـەلەوییـەکـان ریشـەکێش بکات، دووبارە فـەرمـانی بۆمـبـابارانکردنی ناوچەکان و مـەتەرێزە کوێسـتـانیـیـەکان و مـەزراکان دەدات و تەنانـەت بەمـەش ڕازی نـابێت و هەمـوو ئەشکەوتە کـوێسـتـانیـیـەکـانی دەرسـیم دەتەقێنێتەوە و زارکەکەیان دەگرێت. خـوالێخـۆشـبوو زنار سلۆپی؛ کە لە کـەسـایـەتیـیـە ناودارەکـانی شـۆڕشی عـەلـەوییـەکـانی دەرسـیم دێتـە ئەژمـار لە یادداشـتـەکانی خـۆیدا دەنووسـێت: لە ترسی کردەوەی نـامـرۆڤـانەی داگیـرکـەران هـەزاران ژن و منداڵ و نەخـۆش و پیـر و پەککەوتوو کە پەنایان بردبووە بەر یەکێک لە ئەشـکـەوتەکـانی کۆتـۆزیکداغ kutuzikdox لە دۆڵی ئیـسـکور Eyskur، لە لایەن هێـزە سـەربازییـەکـانەوە گـەمـارۆ دران و بەشـێـوەیەکی دڕندانە پاش بەسـتنی ڕێگاکانی چوونە دەرەوە، ئەشکەوتەکە تەقێندرایەوە و هەموو خەڵکەکە بە زیندوویی لە ناو ئاگردا سـووتان. دەسـەڵاتی ناوەندی بۆ چەواشـەکردنی گشـتی ئەم کردەوەیە وەحشـییـانەیەی ناو نا بەربەرەکانێ شـارسـتـانیـەتی لائیک لەگەڵ کۆنەپەرسـتی و وەحشـیگەری و سـەید ڕەزای کوردی عـەلەویی بەهـاودەسـتی لەگەڵ بیـانییـەکان و یەکەتیی سـۆڤـیـەت تاوانبـار کـرا(؟!) سـەید ڕەزای کوردی عەلەوی، بـۆ دابینکردنی ئاسـایش و پێکهـێنانی ڕێکخـراوێکی خـەباتگێڕ، ئیـسـمـاعیـل حـەقی بەگـی وەکو فـەرمـاندەی هـەمـوو هێـزە سـەربازییـەکـان هەڵبـژارد تا بـەهـاوکاریی لەگـەڵ «عـەلی شیـر» کاروبارەکان بەڕێوە ببات و پاشان دوکتۆر مـحـەمـەد نووری دەرسیـمی وەکو نوێنـەر و وتەبێـژی شـۆڕشی عـەلەوییـەکـانی دەرسـیم لە سـاڵی ١٩٣٧ی زاینی-(١٣١٦ی هـەتـاوی) بۆ سـووریـا نـارد تا لە چـاو پێکەوتـن و وتووێژەکـانیـدا هـەواڵی کۆمەڵکوژییەکەی لە دەرسیم بگەیەنێتە گوێی هـەموو خەڵکی جیهان. دوکتۆر کامران بەدرخـان بۆ میـسـر سـەفـەر دەکات تا جـیـهـانی ڕۆئاوا لـە ئامـانجی بزووتنەوەی عەلەوییەکان لە بەرانبەر جەنراڵە لائیکەکان ئاگادار بکاتەوە.

ئاتاتورک و دەسـەڵاتی ناوەندی کـە لە هـەوڵ و چالاکییـەکانی دوکتـۆر مـحـەمـەد نووری دەرسـیـمی بە مـەبـەسـتی سـەلماندنی ڕەوابوونی شـۆڕشی عـەلەوییـەکـان و ئاشکراکردنی سیمـای نامرۆڤـانەی داگیرکەران ئاگادار دەبن، چـوار هـەزار لیرەی زێڕ وەک خـەڵات بۆ لەنـاوبردنی دوکـتـۆر دەرسـیـمی دیاری دەکـەن و گـوشـاری

دیپلوماسیی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر جیهانی ئیسلام و ئەوروپا دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی دوکتۆر دەرسیمی تا جێگایەک کە ڕاگەیاندنەکانی ئەو کاتدا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهانی ئیسلام بە بێ وەڵام دەمێنێتەوە. سەید ڕەزا، کە لە یارمەتییە جیهانییەکان و سەرنجدانی ئەوان بۆ کوێرەوەری و ژان و ئازاری عەلەوییەکانی دەرسیم ناهومێد دەبێت، بەناچار دەست دەکات بە دیپلۆماسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئاتاتورک و کوڕەکەی خۆی (سەید برایم) لە بەهاری ساڵی ١٩٣٧ی زایینی- (١٣١٦ی هەتاوی) بۆ وتووێژ لەگەڵ جەنراڵ دۆگان فەرماندەی هێزە سەربازییەکان دەنێرێت، بەڵام جەنراڵ دۆگان نەتەنیا پێشوازی لەم هەنگاوە ناکات بەڵکو خوازیاری خۆبەدەستەوەدانی بە بێ مەرجی هێزە چەکدارەکانی عەلەوی دەبێت کە هاوڕێ لەگەڵ ئەم خواستە دەبێ هەشت هەزار چەک بە ناوەندی فەرماندەیی هێزە سەربازییەکان بدەن (لە هەندێک لە یاداشتەکان هەشتا هەزار چەک بووە). پاش ئەم ڕووداوە، جەنراڵ دۆگان بە هەموو هێزەکانییەوە هاوڕێ لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی هێرش دەکاتە سەر دەرسیم و دەست دەداتە خوێنڕشتن و ئاکاری نامرۆڤانە دژی خەڵکی بێ تاوان بەڵام سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ ناتوانێت بڕواتە ناو شوێنی سەرەکیی شۆڕشگێڕەکان. بەداخەوە سەرهەڵدانی دەرسیم لە ناوەوە دوچاری دووبەرەکێ و خەیانەت دەبێت و دەبێتە هۆی دڵساردبوونی شۆڕشگێڕەکان. بەم جۆرە کە عەلی شیر هاوڕێ لەگەڵ یەکێک لە فەرماندە ناودارە سەربازییەکانی شۆڕش لە لایەن سەید ڕەزا بەمەبەستی ئەنجامدانی کاروباری دەرەوەی شۆڕش بۆ وڵاتانی دەوروبەر سەفەر دەکات، بەڵام ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی سەید ڕێبەر برازای سەید ڕەزا دەبێتەوە، سەید ڕێبەر کە بە نهێنی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە پێوەندیدا بوو بە فەرمانی ئەوان عەلی شیر و زەریفە (هاوسەری عەلی شیر) سەردەبڕێت و تەرمەکەیان بۆ فەرماندە سەربازییەکان و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئاتاتورک دەنێرێت لە لایەکی ترەوە شاهین ئاغا ئیل بەگی هۆزە بەختیارییەکانی دەرسیم کە یەکێک لە ناوداران و ڕێبەرانی هێزە سەربازییەکانی شۆڕش بوو بە پیلانی (خدر) ناوێک دەکوژرێت.

ئەم ڕووداوە ناخۆشانە، دەبنە هۆی تێکچوونی بارودۆخی خەباتی شۆڕشگێڕەکان، بەڵام لە بەرانبەر داگیرکەراندا ورەیان بەرز دەبێت و هەر بەم

هۆیەوە سەید ڕەزا لە وەرزی زستان گەلاڵەی هێرشێکی توندی بۆ سەر هێزەکانی حکوومەت داڕشت و لە چەند لاوە شوێنەکانی ئەوان گەمارۆ دەدەن و زەبرێکی توندیان لێ دەوەشێن بە شێوەیەک کە جەنراڵ دۆگان پێشنیاری پێشووی وتووێژ لەگەڵ سەید ڕەزا قبووڵ دەکات و پەیام دەنێرێت، سەید ڕەزا کە ڕێبەرێکی ئاینی و ڕاستگۆ بوو، پەیامی جەنراڵ دۆگان بە پێی یاسا نێونەتەوەییەکان و شێوەی باوی ئەو هێزانەی کە لە شەڕدان قبووڵ دەکات بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێ کە ئەم پیلانە بۆ ڕزگاربوون لە چنگی شۆڕشگێڕانە. بە دوای ئەم بانگهێشتکردنە سەید ڕەزا هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و هۆزەکان کە هاتبوونە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕەکان بۆ وتووێژ و بە باشترکردنی باری ژیانی خەڵکی دەرسیم بەرەو ئەرزنجان بەڕێ دەکەوێت بەڵام لەگەڵ گەیشتنی بۆ ناو ئەرزنجان لە ڕۆژی پێنجی سێپتامبەری ۱۹۳۷ی زاینی-(۱۳۱٦ی هەتاوی) هەموو نوێنەران و ڕێبەرانی بزووتنەوە دەستبەسەر دەکرێن و بۆ شاری (العزین) دەنێردرێن، لە ڕۆژی ۱۹۳۷/۱۱/۱۰ (دادگاییکردنی) سەید ڕەزا کوردی عەلەوی و هاوکارەکانی لە دادگای سەربازیدا دەست پێ دەکات، لە دانیشتنەکانی دادگادا ئاتاتورک خۆی حازر دەبێت و لە نزیکەوە لەگەڵ سەید ڕەزا ئاشنا دەبێت سەرەنجام پاش حەوتوویەک دادگاییکردن و لێپرسینەوە سەید ڕەزا و بیست و حەوت کەس لە یارەکانی بە سزای سێدارە و سێ کەس بۆ بەندیخانەی درێژخایەن مەحکووم دەکرێن. ڕۆژی هەشتەم ۱۹۳۷/۱۱/۱۸- (سەرماوەزی ۱۳۱٦ی هەتاوی) دەبێ وەک ڕۆژی ڕەشی شۆڕشی دەرسیم ناو بنرێت، چونکە لە شەوی هەمان ڕۆژدا سەید ڕەزا و سەید ڕەسیک حوسەینی کوڕی ئەو لەگەڵ قەنبەرئاغا سەرۆک هۆزی هۆزەکانی یووسفییان و سەید حوسەین ئاغا سەرۆک هۆزی هۆزەکانی کوورەشیان لە تاریکی شەودا لەسێدارە دران. لە کاتی لەسێدارەدانی سەید ڕەزا سەرچاوە ئاگادارەکان کە دواتر چۆنیەتیی لە سێدارەدانی ناوبراویان تۆمار کردووە دەنووسن:

سەید ڕەزا بە دروشمێک بە زمانی کوردی کە لە چوارچێوەی ئیدارەکان و شوێنی بڕیارگە سەربازییەکان و تەنانەت شەقامەکانی ژێر دەسەڵاتی مستەفا کەماڵ پاشاقسە کردن بەو زمانە قەدەغە بوو؛ بێدەنگی شەوی شکاند و هاواری کرد کە:

ئەز ڕۆڵەی سالاری کەربەلام
من لە کوشتن دەترسێن
سوێندم بە یەزدانی پاک ئەو جینایەتەتان بێ تۆڵە نامێنێتەوە، ئەی زاڵمینە شەرمەزار بن.

[Armanc. Jimare 99 / 1989 Idamkirina seyid Reza. Capa sweden]

دوکتۆر محەمەد دەرسیمی سەبارەت بە لەسێدارەدانی سەید ڕەزای عەلەوی دەنووسێت: کاتێک کە سەید ڕەزایان بەرەو لای پەتی سێدارە دەبرد، سەرفەراز و خۆڕاگرانە هەنگاوی هەڵدەگرت و لە درێژەی دروشمە شەوشکێنەکانی خۆیدا دەیوت؛ من تەمەنم هەفتاد و پێنج ساڵە، من ناکوژن و من نامرم بەڵکو شەهید دەبم و خوێنی هیچ شەهیدێک بە ناحەق نارژێت، خوێنی منیش بە بێ تۆڵە نامێنێتەوە.

[medya cunes Roya mediya jimara 38 /1993 Istanbul]

پاشان بە ئارامی دەڕواتە بەردەم سێدارەکە، شادمان هەر وەک موسافرێک کە بگاتە شوێنی مەبەست لەگەڵ سێدارە دیدار دەکات و پەتی سێدارە دەخاتە ملی خۆی و توندی دەکات، بەم جۆرە ڕێبەری ٧٥ ساڵەی شۆڕشگێرانی عەلەوی دژی سیستەمی لائیکی کەمال پاشا خەبات دەکات و شەهید دەبێت، پاش لە سێدارەدانی سەید ڕەزا، عیسمەت ئینۆنۆ، سەرۆک وەزیری تورکیا لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانی دەڵێت: «ئێمە ئیتر لە دەرسیمدا لەگەڵ هیچ کێشەیەک بەرەوڕوو نین و ئەو شوێنەمان پاکسازی کردووە و هیچ یاخی و چەکدارێک لەو شوێنە نەماوە». بەڵام ئەمە بێجگە لە پڕوپاگەندەیەک، هیچی تر نەبوو، چونکە جەلال بایر وەزیری هەڵکەوتەی ئەو کات لە کۆبوونەوەی پارلەمانی تورکیا لە ١٩٣٨/٧/٣٠- (١٣١٧ی هەتاوی) ڕای گەیاند کە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە لە حاڵی حازر مەسەلەی دەرسیمە کە پێویستی بە پێشبینییەکی هەمەلایەنە و دارشتنی گەڵاڵەیەکی سەربازی هەیە تا بتوانین کۆتایی بە کێشەکانی ئەو ناوچەیە بێنین.

یوونس نادری، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٨- ١٣١٧ی هەتاوی لە وتارێکدا دەنووسێت: وا دیارە حکوومەت ئەمساڵی بە ساڵی پاکتاوکردنی دەرسیم ناوزەد کردووە و دەیهەوێت لەو ناوچەیە دەست بداتە

هێرشی سەربازی. و ئەم وتانە ڕاست بوون چونکە عەلەوییەکانی دەرسیم هیچ کات ملکەچی سیستەمی لائیکی کەماڵ پاشایان نەبوون و لە بەرانبەریدا بەچۆکدا نەهاتن، بە ناچار کەماڵ پاشا پەنای بۆ دەسەڵاتی ڕەزاشا لە تاران و حکوومەتی عێراق برد کە سنوورەکانی خۆیان بە ڕووی شۆڕشگێرانی عەلەویدا دابخەن و هێزە سەربازییەکانی کەماڵ پاشا لە مانگی ئەیلوول و ئۆکتۆبری ١٩٣٨ی زاینی-( خەزەڵوەری ١٣١٧ی هەتاوی) جارێکی تر هێرشیان کردە سەر چیا و دەشت و دەوروبەری دەرسیم و بەکەڵک وەرگرتن لە تۆپخانە و بومبابارانکردن و هەموو جۆرە چەکێک دەستیان دایە سەرکوتکردن.

پرۆفیسۆر دوکتۆر جەلیل جەلیل، مێژووزان و زانای ناوداری کورد و مامۆستای بەشی کوردناسی لە ئاکادیمیای ڕۆهەڵاتناسی لێنینگراد سەبارەت بە ئاینی کوردە عەلەوییەکان و سەرهەڵدانی سەید ڕەزا دەنووسێت: ئاین و مەزهەب لە ژیان و بارودۆخی ئێمە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، تورکەکان لەم هەستە کەڵکیان وەرگرتووە و پاشان لەسەری دەڕوا کە لە ناو کوردەکان لە زۆرێک لە قۆناغەکاندا بیروباوەڕ و ئاین بووەتە هۆی ڕووخانی پێگەی ستەم و ستەمکارانی سیاسیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، سەرهەڵدانی عەلەوییەکان لە دەرسیم بناغەیەکی ئاینی و مەزهەبی هەبوو؛ کەماڵیستەکان بۆ تێکدانی کەسایەتیی سیاسی ـ ئاینی سەید ڕەزا لە پێش چاوی پێڕەوەکانی و هەروەها لە بەرانبەر گرووپە ئیسلامییەکانی تری تورکیا دەنگۆیان دروست کرد کە سەید ڕەزا نە تەنیا سەید نییە بەڵکو لە بنەماڵە و ڕەگەزی پێغەمبەر نییە و لە منداڵیدا لە ناو کڵێسایەک گەورە بووە (!!؟) و لەمەش زیاتر ڕۆیشتن و ناوبراویان بە دەستپەروەردەی شەیتان ناو برد، لە حاڵێکدا کە خەڵکی دەرسیم لە پێڕەوانی عەلەوییەکانی زاگرۆس دێنە ئەژمار و ئاینی عەلەوییەکانی زاگرۆس هەر لە کۆنەوە لە ناو ئەواندا باو بووە و سەید ڕەزا بە وتەی زانایان هەروا کە لە پای سێدارە خۆی ناساند لە ساداتی حوسەینییە و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی عەلەوییەکانی لەوپەڕی پیاوەتی و شانازیدا وەئەستۆ گرت. [ئەحمەد شەریفی ـ ئاوێنە ـ ژمارە ١٥و١٤ ـ ساڵی ١٣٧٣ ـ لاپەڕەکانی ١٢ـ١٨ ـ ڕاپەڕینی سەید ڕەزای کورد دژی ئاتاتورک].

## سەرچاوەکان (کوردی، فارسی، عربی)


آ

آتش بگی، خان الماس، کلام خان الماس (خطی)

آرشیو کتابخانه دانشگاه تهران

آژند، یعقوب ـ قیامهای مردمی در قرن هفتم و هشتم هجری، انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ اول، ١٣٦٥

آژند، یعقوب ـ حروفیه در تاریخ، نشر نی، تهران، چاپ اول، ١٣٦٩

آشتیانی، اقبال، تاریخ مغول، انتشارات امیرکبیر، چاپ چهارم، تهران ١٣٥٦

الف

ابن اثیر، الکامل، ج ٣، ترجمه عباس خلیلی، تهران، ١٣٣

ابن الندیم، الفهرست، ترجمه و تحقیق محمد رضا تجدد، انتشارات امیرکبیر، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٦

ابن عربی، فتوحات مکیه = الفتوحات المکیه، دارصادر، بیروت

ابودلف، سفرنامه، با تعلیقات و تحقیقات ولادیمیر مینورسکی، ترجمه سید ابو الفضل طباطبایی، انتشارات زوار، تهران، ١٣٥٤

ابوعلی سینا، اصحویه، مترجم (؟)، باهتمام حسین خدیوجم، انتشارات بنیاد فرهنگ، تهران، ١٣٥٠

ادموندز، سیسل جی، کردها، ترکها، عربها، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات زوربهان، چاپ اول، تهران، ١٣٦٧

اذکایی، پرویز، بابا طاهرنامه، انتشارات توس، تهران، چاپ اول، ١٣٧٥

اذکایی، پرویز، فرمانروایان گمنام، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، چاپ اول، ١٣٦٧

ارانسکی، ای.م، مقدمه فقه اللغه ایرانی، ترجمه کریم کشاورز، چاپ اول، انتشارات پیام، تهران، ١٣٨٥

اسفندیاری، اسکندر، پژوهش دربارەی طوائف غلات، سازمان تبلیغات اسلامی، تهران، چاپ اول، ١٣٧٤
اصهانی، محمد معصوم ابن خواجطی، خلاصه السیر، انتشارات علمی، تهران، ١٣٦٨
اعتماد السلطنه، محمد حسنخان، روزنامه خاطرات، با مقدمه و فهارس ایرج افشار، تهران، ١٣٤٥
اعتماد السلطنه، محمد حسن خان، اهل حق، نسخه خطی (کتابخانه مؤلف)
الشیبی، کامل مصطفی، تشیع و تصوف، ترجمه علیرضا ذکاوتی قراگزلو، انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ اول، ١٣٥٩
القاصی، مجید، اندرزیاری، تهران، ١٣٥٩
الهی، نورعلی، برهان الحق، دکتر تقی تفضلی، تهران، چاپ اول، ١٣٤٢
انجوی شیرازی، سیدابوالقاسم، دیوان حافظ، انتشارات جاویدان، تهران، چاپ چهارم، ١٣٦١
ایوانف، رسائل و اشعار اهل حق، تهران، ١٣٨٨

ب
بانیارانی، تیمور، طرز تیموری، نسخه خطی، کتابخانه مؤلف
بختیاری، پژمان، دیوان حافظ، کتابخانه ابن سینا، تهران، چاپ ششم، ١٣٤٥
بدلیسی، امیرشرفخان، شرفنامه، باهتمام محمد عباسی، انتشارات علمی، تهران، ١٣٤٣
براون، ادوارد، تاریخ ادبی ایران، ترجمه علی پاشا صالح، انتشارات امیرکبیر، چاپ سوم، ١٣٥٦
بیات، کاوه و...، چچنها در گذر تاریخ، بنیاد دائره المعارف اسلامی، تهران، چاپ اول، ١٣٧٤

پ
پاشازاده، عاشق، تواریخ آل عثمان
پطروشفسکی، ای. پ، نهضت سربداران، ترجمه کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران، چاپ سوم، ١٣٥١

ت
تاوەگۆزی، مەلا عەبدورەحیم، دیوان مەولەوی کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا

عەبدولکەریم مودەڕیس، بەغداد، چاپی یەکەم، ١٩٦١ م
ترکمان، اسکندربیگ منشی، عالم آرای عباسی، باهتمام ایرج افشار، انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ دوم، ١٣٥٠
توکلی، رئوف، تاریخ تصوف در کردستان، انتشارات اشراقی، تهران؟

ج

جیحون آبادی، حاج نعمت الله، شاهنامه حقیقت، دکتر بهرام الهی، انتشارات جیحون، تهران، ١٣٧٣
جیحون آبادی، حاج نعمت الله، شاهنامه حقیقت، دکتر محمد مکری، کتابخانه طهوری، تهران، چاپ دوم، ١٣٦١

ح

حقی، اسماعیل و...، تاریخ عثمانی، ترجمه وهاب ولی، مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، تهران، چاپ اول، ١٣٧٠

خ

خال، شیخ محمد، الشیخ معروف النودهی البرزنجی، بغداد، ١٣٨١ هـ. ق
خسروی، محمد باقرمیرزا، دیوان خسروی، مقدمه رشید یاسمی، باهتمام احمد کرمی، تهران خورموجی، محمد جعفر، حقایق الاخبار، به کوشش حسین خدیوجم، تهران، ١٣٦٠
خواندمیر، حبیب السیر، باهتمام دکتر محمد دبیر سیاقی، انتشارات خیام، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٢

د

دانش پژوه، محمد تقی، دفتر سرانجام اهل حق و بابای همدانی، راهنمای کتاب، سال ١٨، ش ١٠-١٢، دی و اسفند ١٣٥٤
دینوری، ابو حنیفه احمد بن داود، اخبار الطوال، ترجمه دکتر محمود مهدوی دامغانی، تهران، نشر نی، ١٣٦٦

ر

رازی، عبدالله، تاریخ کامل ایران، تهران، اقبال، ١٣٦٢

راوندی، محمد بن علی بن سلیمان، راحه الصدور و راویه السرور، محمد اقبال، باهتمام مجتبی مینوی، انتشارات امیر کبیر، تهران، چاپ دوم، ١٣٦٤
رشید یاسمی، غلام رضا، کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، انتشارات موقوفات محمود افشار، تهران، ١٣٦٩
ڕۆژبەیانی، محەمەد جەمیل؛ فەرمانڕەوایی شوانکارەی کورد لە هەرێمی فارس و ئیسفەهان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، شمارە ٨، بەغدا، سال ١٩٨١ز.

ز
زرینکوب، عبدالحسین، ارزش میراث صفویه، انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ پنجم، ١٣٦٢
زرینکوب، عبدالحسین، جستجو در تصوف ایران، انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ چهارم، ١٣٦٩
زرینکوب، عبدالحسین، روزگاران ایران، انتشارات سخن، تهران، چاپ دوم، ١٣٧٥
ژۆکۆفسکی، ئەنوەر قادر محەمەد (وەرگێڕ)، چەند وتارێکی کوردناسی، لە بڵاوکراوەکانی هونەری کوردی لە سوید ـ ١٩٨٩

س
سپهر، لسان الملک، ناسخ التواریخ، انتشارات اسلامیه، تهران، ١٣٥٤
ستوده، منوچهر، از آستارا تا استارباد، ج ٣، انجمن آثار ملی،
سلطانی، محمد علی، ایلات و طوایف کرمانشاهان (٢/٢ ـ ٢/١)، سُها، تهران، ١٣٧٢
سلطانی، محمد علی، جغرافیای تاریخی مفصل کرمانشاهان (٤ـ ٣)، سُها، تهران، ١٣٧٥
سلطانی، محمد علی، قیام و نهضت علویان زاگرس (٢ ـ ١)، سُها، تهران، ١٣٧٦
سنندجی، میرزا شکر الله، تحفه ناصری، دکتر حشمت الله طبیبی، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٧٥
سوری، ماشاء الله، سرودهای دینی یارسان، انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٤٤

ش
شاه ابراهیم، بابا یادگار، زلال زلال، نسخه خطی
شرف الدین علی یزدی

شوشتری، قاضی نورالله، مجالس المؤمنین، تهران، ۱۳۷۵
شهرستانی، ابوالفتح محمد بن عبدالکریم، الملل و النحل، (توضیح الملل)، مصطفی خالقداد هاشمی، انتشارات اقبال، چاپ سوم، تهران، ۱۳۶۲
شیخ امیر، دیوان شیخ امیر، ترجمه سید امرالله شاه ابراهیمی، باهتمام سیاوش تیموریان ۱۳٦٤

ص
صدیقی، غلامحسین، جنبشهای دینی ایرانی در قرن دوم و سوم، انتشارات پاژنگ، تهران، چاپ اول، ۱۳۷۲
صفا، ربیحالله، تاریخ ادبیات، ج ٤، انتشارات فردوس، تهران، چاپ چهارم، ۱۳٦٦
صفایی، ابراهیم، اسناد برگزیدەی دوران قاجاریه، انتشارات بابک، تهران، ۱۳۵۵
صفوی، سام میرزا، تحفه سامی، تصحیح وحید دستگردی، کتابفروشی فروغی، تهران، ۱۳۵۲
صفیزاده بورەکەیی، صدیق، بزرگان یارسان، تهران، ۱۳٦۱
صفیزاده بورەکەیی، صدیق، دورەی هفتوانه (سرانجام)، تهران، ۱۳٦۱
صوراسرافیل (روزنامه)، شماره ۷ و ۸ و ۲۰ اسفندماه ۱۲۷٦ یزدگردی پارسی اول = ۲۱ جمادی الاخر ۱۳۲۵ هـ. ق

ط
طبری، محمد بن جریر، تاریخ طبری، ج ۳، ترجمه ابوالقاسم پاینده، انتشارات اساطیر، تهران.
طبیبی، حشمت الله، منشاء اجتماعی کردان اهل حق، ضمیمه مجله بررسیهای تاریخی شماره ۵ سال هفتم.

ظ
ظلال سلطان، مسعود میرزا، تاریخ مسعودی، انتشارات فرهنگسرا، تهران، ۱۳۷۵

ع
عسکری، مصطفی، بزووتنەوەی هەقە، محەمەدی مەلا کەریم و...، چاپخانه علاء، بغداد، ۱۹۸۳ م
عین القضات همدانی، نامەها، عفیف عسیران، علینقی منزوی، ج ۱، بنیاد فرهنگ ایران،

تهران، ۱۳٦۸ / ج ۲، ۱۳٥۰
العزاوي، عباس، الكاكائية في التاريخ، الشركة المحدودة، بغداد، ۱۹٤۹ م

ف

فانی، میرزا باقر، یادداشت خطی، کتابخانه مؤلف
فضل الله، رشیدالدین، جامع التواریخ رشیدی، بکوشش محمد تقی دانش پژوه و محمد مدرسی، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران، ۱۳٥٦
فوریه، سه سال در دربار ایران (خاطرات دکتر فوریه)، ترجمه‌ی عباس اقبال آشتیانی، بکوشش همایون شهیدی، تهران، ۱۳

ق

قاضی اورامی، محمد، تاریخ اورامان، نسخه خطی، کتابخانه مؤلف
قبادیانی، ناصرخسرو، جامع الحکمتین در شرح قصیده ابی الهیثم السجستانی، تحقیق؛ هنری کُربن، محمد معین، تهران، ۱۹٥۳م
قزوینی، محمد، دیوان حافظ، باهتمام رحیم ذوالنور، انتشارات زوار، تهران، ۱۳٦۹
قمی، قاضی احمد بن شرف الدین الحسین الحسینی، خلاص التواریخ، تصحیح دکتر احسان اشراقی، انتشارات، دانشگاه تهران، ۱۳٥۹

ک

کاشانی، ابوالقاسم، تاریخ اولجایتو، مهین همبلی، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران، ۱۳٤۸
کسروی، احمد، تاریخ پانصد ساله‌ی خوزستان، کتیبه، تهران، ۱۳٥٥
کسروی، احمد، شیخ صفی و تبارش، کتیبه، تهران، ۱۳٥٥
کیا، صادق، نقطویان یاپسیخانیان، تهران، ۱۳۲۰
کیخسرو اسفندیار، دبستان المذاهب، رحیم رضازاده‌ی ملک، کتابخانه طهوری، تهران، چاپ اول، ۱۳٦۲
کیهان، مسعود، جغرافیای سیاسی، تهران، ۱۳۱۰

گ

گولپینارلی، عبدالباقی، فهرست ستون حروفیه، ترجمه‌ی توفیق سبحانی، سازمان چاپ و انتشارات وزارت ارشاد اسلامی، تهران، چاپ اول، ۱۳۷٤

م
محدث ارموی،؟ تاریخ قزلباشان، تهران،
محلاتی، حاج سیاح، خاطرات حاج سیاح، باهتمام حمید سیاح، انتشارات زوار، تهران.
مودەڕس، عەبدولكەریم، بنەماڵەی زانیاران، بەغداد، چاپی یەكەم، ١٤٠٤ ک. م
مدرسی چهاردهی، نورالدین، خاکسار و اهل حق، تهران، چاپ اول، ١٣٨٥
مرتضوی، منوچهر، مسائل عصر ایلخانان، انتشارات آگاه تهران، چاپ دوم، ١٣٧٠
مردوخ، محمد، تاریخ کردستان، تهران، چاپ دوم، ١٣٥١
مروی، محمد کاظم، عالم آرای نادری، باهتمام محمدامین ریاحی، نشر علم، تهران، چاپ دوم، ١٣٦٩
مستوفی، حمدالله، نزهت القلوب، باهتمام محمد دبیر سیاقی، کتابخانه طهوری، تهران، ١٣٣٦
مسعودی، ابو الحسن علی بن حسین مسعودی، مروج الذهب و معادن الجوهر، مترجم ابوالقاسم پاینده، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران، ١٣٤٧
مصطفوی، محمد تقی، هگمتانه، تهران، ١٣٣٢
مصنف چوری، ابوبکر، سراج الطریق، نسخه خطی، کتابخانه مؤلف
معصوم علیشاه، محمد معصوم شیرازی، طرائق الحقایق، با تصحیح محمد جعفر محجوب، انتشارات سنایی، تهران، ١٣٥٠
مغربی، شمس، دیوان کامل شمس مغربی، ابوطالب میرعابدینی، انتشارات زوار، تهران، چاپ اول، ١٣٥٨
میرخواند، محمد بن خاوندشاه، روضه الصفا، ج٦، انتشارات خیام، تهران، ١٣٣٨

ن
نطنزی، محمود بن هدایت الله، نقاوة الآثار في ذکر الاخبار در تاریخ صفویة، دکتر احسان اشراقي
نظام الدین، ظفرنامة، باهتمام محمد عباسي، تهران، امیرکبیر، ١٣٦٢
نظام الملك ابوعلي حسن بن اسحاق، سیاستنامة، باهتمام اقبال آشتیاني، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٩
نفیسی، سعید، تاریخ نظم و نثر فارسی، انتشارات بنیاد، تهران، چاپ هشتم، ١٣٤٤
نوروز سورانی، دفتر، نسخه خطی (کتابخانه مؤلف)

نیشابوري، عطار، تذکر الاولیاء، باهتمام محمد استعلامي، انتشارات زوار، تهران.

و

و. نیکیتین، کُرد و کردستان، مترجم محمد قاضی، انتشارات نیلوفر، تهران، ١٣٦٦
وهبی، توفیق، بررسی مختصر از تاریخ ادیان کُردان، مترجم سید جمال الدین حسینی، انتشارات سیدیان، مهاباد، ١٣٦١

هـ

هاکوپیان، تکوپف، گ. ب، کردان گوران و... ، ترجمه‌ی سیروس ایزدی، انتشارات هیرمند، تهران، چاپ اول، ١٣٧٦
همدانی، فریدالملک، خاطرات فرید، باهتمام مسعود فرید، انتشارات زوار، تهران، ١٣٥٤
هینتس، والتر، دولتهای ملی در ایران، ترجمه کیکاووس جهانداری، انتشارات خوارزمی، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٢
هینتس، والتر، شاه اسماعیل دوم صفوی، ترجمه‌ی کیکاووس جهانداری، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، چاپ اول، ١٣٧١

ی

یاراحمدی، مریم، دین و مذهب در عصر صفوی، انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٦٣
یعقوبی، احمد بن ابی یعقوب، البلدان، دکتر محمد ابراهیم آیتی، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران، ١٣٥٦
یوسف جمالی، محمد کریم، تشکیل دولت صفوی و...، انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٧٢

پێڕست


ئامـاژە ........ 5
عەلەوییەکانی زاگرۆس، شا ئیسماعیل سەفەری و یەزیدییەکان ........ 10
سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی ـ ئەهلی حەق ـ لە وڵاتی میسر ........ 20
شا ئیسماعیلی سەفەوی و موشەعشەعییەکانی خووزستان ........ 22
بزووتنەوەی شا ئیسماعیل سەفەوی و نەقشبەندییەکان ........ 28
هەڵسوکەوتی شا ئیسماعیل لەگەڵ هاوپەیمانە عەلەوییەکانی زنجیرەی سەفەوییە ........ 32
سەرهەڵدانی شاوەیس قولی دژی خەلیفەی عوسمانی ........ 34
سەردەمی شا تەهماسب و چوونی عەلەوییەکان بۆ هیند و کاریگەرییان لە سەر... ........ 54
خەباتی عەلەوییە توندڕۆکان = ئالی حەق لە سەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم ........ 60
چەواشەکارییە مێژووییەکان لە بە دیارکەوتنی ناودارانی عەلەوییە... ........ 68
سەرهەڵدان لە خوراسان و ئەفغانستان (قەندەهار) ........ 71
سەرهەڵدانی شا قەلەندەری لوڕ لە چوار مەحاڵ و خووزستان و... ........ 74
سەرهەڵدان و ئاشکرابوون لە دینەوەر و هەمەدان ........ 78
بزووتنەوەی نوقتەوەییەکان لە سەردەمی شا عەباسی سەفەوی... ........ 84
سەرهەڵدانی دەروێش ڕەزا عەلەوی لە سەردەمی شا سەفی... ........ 96
پێوەندیی پێکهاتەیی و ئاینی عەلەوییە توندڕۆکان = ئالی حەق لە کوردستان لە... ........ 102
ڕووداوی قەڵای پاڵنگان ........ 128
سوڵتان سەید ئەحمەد عەلەوی (بابا یادگار) لە بەڵگە مێژووییەکان و... ........ 135
دەسەڵاتی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بەپێی مێژووی سەفەوییە ........ 145
دەسەڵاتی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بە وتەی مێژووی سەفەوییە ........ 145
ڕووداوی پاڵنگان ........ 146
داگیرکردنی هەورامان ........ 147
پێکدادانی یەنی چەرییەکان و لایەنگرانی دەسەڵاتی عوسمانی ........ 147
داگیرکردنی موسڵ وەکو دووەمین پێگەی عەلەوییە توندڕۆکان ........ 147
سەرهەڵدانی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان لە دژی سەفەوییە ........ 152
عەلەوییە توندڕەوەکان (ئەهلی حەق) ئالی حەق لە سەردەمی ئەفشارییە و... ........ 157

سەرهەڵدانی جەنابی تەیموور بانیارانی و ئاغا تەیمووری دووەم ........ 161
درێژەدانی بزووتنەوەی تەیمووری ........ 174
سەرهەڵدانی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەریی گۆران ........ 178
سەرهەڵدانی سەید محەمەدی کەلاردەشتی (موشەعشەعی ـ ئاتەش بەگی) ........ 189
بزووتنەوەی حەقە لە کەرکووکی عێراق باشووری کوردستان ........ 197
چۆنیەتیی بەدیار کەوتنی بزووتنەوەی حەقە ........ 205
پەرەسەندن و هەڵکشانی بزووتنەوەی (حەقە) و دەستبەسەرکردن... ........ 207
بزووتنەوەی حەقە و جوولانەوەکانی دژی داگیرکاری لە ناوچەکەدا ........ 209
بزووتنەوەی حەقە پاش مردنی شێخ عەبدولکەریم ........ 210
بانگەشەچییانی بزووتنەوەی حەقە ........ 221
تێڕوانینی کۆمەڵایەتی لە بزووتنەوەی حەقە ........ 222
بزووتنەوەی حەقە و ڕیشە ئاینییەکەی ........ 224
دەستبەسەرکردنی مامە ڕەزا و دژکردەوەی پێڕەوانی حەقە و ئاکامی هەوڵدانەکان ... 225
کۆچی دواییی مامە ڕەزا و درێژەپێدانی بزووتنەوەی حەقە ........ 234
سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی دەرسیم (تورکیا) ........ 235
سەرچاوەکان (کوردی، فارسی، عەرەبی) ........ 242